

## غەفوور مەخمووری

# هزر و رامان

کوردستان ٢٠١٩

# هزر و رامان

غەفوور مەخمووری

کوردستان، هەولێر
٢٠١٩

ناوی کتێب: **هزر و رامان**

نووسینی: **غەفوور مەخمووری**

گرافیك و دیزاین: **لوقمان رەشیدی**

ساڵی چاپ: **٢٠١٩**

نۆرەی چاپ: **یەکەم**

چاپخانە: **رۆژهەڵات**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٣٦٧) ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........ ٥
دوور لە ناڕاستی بوون و نزیک لە بابەتی بوون ........ ٩
لە حەوتەم ساڵیادی لەدایکبوونی YNDKدا: کوردایەتی ئامانجمانە ........ ١٥
ئەگەری لێدانی ئێراق: گۆڕانکاری بەڕێوەیە باخۆمانی بۆ ئامادەبکەین ........ ٢١
دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە ........ ٢٥
لە هەشتەم ساڵیادی لەدایکبوونی YNDKدا: YNDK و هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ........ ٢٩
لە نۆیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDKدا: یەکڕیزی و یەدەنگی دەمانگەیەنێتە ئامانج ........ ٣٩
کۆنگرەیەکی نیشتمانی کوردستانی چارەسەری دۆزی کورد دەکات نەك کۆنگرەی نیشتمانی ئێراق! ........ ٤٦
شێخی کەباب خۆر ........ ٥٣
سەرنجەکانم لەسەر ڕەشنووسی دەستووری ئێراق ........ ٥٩
چیا ژانی گرت مشکێکی بوو ........ ٦٥
لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا نابێ یەکتر لەبیربکەین ........ ٧٧
پێشنیاری ستیڤان دیمستۆرا بۆ ماددەی ٢٤ فێڵێکی دیکەیە لە گەلی کوردستان ........ ٨٥
گۆڕینی دیموگرافیای قەڵای هەولێر لەلایەن بەعس زوڵمێك بوو لە قەڵا و خەڵکی هەولێر کرا ........ ٩٣
سوپای تونس .. سوپای شۆڕش و گەل ........ ٩٧

بیستەمینساڵیادی راپەڕین و چەند سەرنجێك ..... ١٠١
بەستنی كۆنگرەی نەتەوەیی زامنی پێشڤەچوون و سەركەوتنمانە ..... ١١١
میدیا و خەمی خاك و خەڵك ..... ١١٧
كۆنگرەی نەتەوەیی ... هەنگاو بەرەو یەكێتی كوردان و ئایندەیەكی گەش ..... ١٢٣
ئەركە هەنووكەییەكانی كۆنگرەی نەتەوەیی كورد لەسەر ئاستی كوردستانی مەزن ..... ١٣٣
كورد لەم رەوشەی ئێستای ئێراقدا پێویستە چی بكات؟ ..... ١٣٩
بەستنی كۆنگرەی نەتەوەیی دەردی كورد دەرمان دەكات ..... ١٤٧
كۆڵەگەی سەرەكی هەر دەسەڵاتێك عەدالەتە ..... ١٥٣
پێكهێنانی (ئەنجوومەنی سیاسی كوردستان) كێشەكانمان چارەسەر دەكات ..... ١٥٧
دوای سەد ساڵ با كۆتایی بە (سایكس ـ پیكۆ) بێنین ..... ١٦١
كاركردن بۆ سەربەخۆیی كوردستان ئەركی هەموو لایەكمانە ..... ١٦٥
پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی كارێكی نیشتمانییە با نەكرێتە كارێكی حزبی ..... ١٦٩
كورد دەبووا لە ساڵی (١٩٢٠)ەوە ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی ..... ١٨١
تەنیا چیاكان دۆستی گەلی كوردستانن ..... ١٨٩
پێویستە لەسەر هەموو ئاستەكان بەخۆماندابچینەوە ..... ١٩٩
ئەو خیانەتەی لەپرۆسەی ریفراندم كراو ..... ٢٠٩
گەڕانەوە بۆ بەغدا و كای كۆن بەباكردن ..... ٢١٧
با رەچاوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بكەین ..... ٢٢٣

# پێشەکی

گـــەلی کوردســـتان بـــە درێژایـــی مێـــژوو لـــە دژی زوڵـــم و چەوســـانەوە لـــە خەبـات و بەرخودانـدا بـووە، ئـەو زوڵمـەی داگیرکـەران لـە کوردسـتانیان کـردووەو ئـەو رووداوانـەی بەسـەر کوردسـتاندا هاتـوون مایـەی هەڵوەسـتە لەسـەر کـردن و رامـانی وردن، زۆر جـار مـرۆڤ کـە سـەیری رووداوەکانی دەوروبـەری خـۆی دەکات و لێـی وردەبێتـەوە و شرۆڤـەی دەکات، روانینێکـی تایبـەتی لا دروسـت دەبێـت، زۆر جاریـش کـە سـەیری واقیعەکـە دەکات دەکەوێتـە نێـوان دوو حاڵـەت (ڤیـان و شـیان) واتـەی ئـەوەی دەیخوازێـت و ئـەوەی دەیتوانێـت، زۆر جاریـش وا رێکدەکەوێـت ئـەوەی مـرۆڤ دەیخوازێـت توانـای بەجێهێنـانی نییـە.

ئێمـەی کـورد لـە نێـوان (ڤیـان و شـیان)دا؛ زۆر جـار خـەم و خولیـا و ڤیـانی کاری مەزنمـان هەبـووە بـەڵام نەشـیاینەی بەجێیـان بهێنیـن، ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ درندەیـی داگیـرانی کوردسـتان و ئـەو نەخۆشـییە درێژخایەنـەی کـەوا سـەرکردایەتی سـیاسی کوردسـتان تـووشی بـووە، کـە ئەویـش نەخـۆشی (یەکـتر قبوڵنەکـردن و گـوێ لەیەکـتر نەگرتـن)ە، بەداخـەوە ئـەم نەخۆشـییە درێژخایەنـەی کـوردان تـا ئێسـتاش بێچارەسـەر ماوەتـەوە، ئەگـەر سـەرکردایەتی سـیاسی کوردسـتان یەکڕیـزو

یەکدەنــگ و هاوهەڵوێســت بــووا، ئــەوا کاردانــەوەی پۆزەتیڤــی دەبــوو بــۆ دروســتبوونی یەکڕیــزی گــەلی کوردســتانیش، ناکۆکــی و ململانێــی ناتەندروســتی نێــوان لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان ڕەنگدانــەوەی نێگەتیفــی هەبــووە لەســەر کۆمەڵــگای کوردســتان و وایکــردووە ئــەو ململانــێ و ناکۆکییانــە شــۆڕببنەوە بــۆ نــاو چینــەکانی کۆمەڵــگای کوردســتان، ئەگــەر ئــەم نەخۆشــییە چارەســەر نەکەیــن لــە داهاتــوودا کاریگەرییەکــی خراپــتری دەبێــت.

ئــەم کتێبــەی بەردەســتتان (هــزر و رامــان)؛ کۆمەڵــێ وتــاری سیاسی و هزرییــە، رامــان و خوێندنەوەیەکــی واقیعبینانەیــە بــۆ ئــەو ڕووداو و بویەرانــەی کــە لــە چەنــد ســاڵی رابــردوودا لــە کوردســتاندا ڕوویانــداوە، لەهەمــان کاتــدا هەوڵێکــە بــۆ هێنانــەدی یەکڕیــزی و یەکدەنگــی کــوردان لەســەر ئاســتی نەتەوەیــی، بۆئــەوەی بتوانیــن لــە بەرامبــەر ڕووداو پێشــهات و ئەگەرەکانــدا خوێندنەوەیەکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی دروســتمان هەبێــت و وەک کــورد و وەک کوردســتانییەک بــۆ پرســەکان بڕوانیــن.

خوێنــەری ئازیــز؛ کــە ئــەم کتێبــە دەخوێنیتــەوە بــۆت ڕووندەبێتــەوە کــەوا زۆربــەی پێشــبینییەکانمان بــۆ ڕووداوەکان ڕاســت دەرچــوون، ئــەو چارەســەرییانەی کــە بــۆ کێشــە و گرفتــە سیاســییەکان خســتوومانەتەڕوو چارەســەری گونجــاوی کێشــەو گرفتــەکان بــوون، بــەڵام لایــەنی بڕیــار بەدەســتی کوردســتان لەبــەر ململانێــی ســیاسی وەک پێویســت کاری لەســەر نەکــردوون، ئەمــەش وایکــردووە کێشــەکان زیاتــر قوڵببنــەوە، بۆیــە پێویســتە ســەرکردایەتی سیاســیی کوردســتان لەمــەودوا رامــان و بۆچــوونی کەســانی دڵســۆز و شــارەزا بــۆ چارەســەری کێشــە سیاســییەکان بەهەنــد وەربگرێــت و کاریــان لەســەر بــکات.

ئێمــە لەســەر هەمــوو ئاســتەکاندا پێویســتیمان بــە بەخۆداچوونەوەیــە بــۆ چۆنییــەتی مامەڵەکــردن لەگــەڵ یەکــتر و لەگــەڵ بوویــەر و ڕووداوەکانــدا،

پێویستە رەخنە لە شێوازی کاری رابردوومان بگرین و، رەخنە وەک میکانیزمی پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر بکەین، کە راشکاوانە رەخنەمان گرت کێشە و ناتەواوییەکان دەبینین، کە کێشە و ناتەواوییەکانمان بینی بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین، بەمەش دەتوانین پەیوەندییەکی تەندروست و کۆمەڵگایەکی تەندروست بینا بکەین، ئەم کتێبەمان هەوڵێکە بەم ئاراستەیە و لە دیدگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی شرۆڤەی پرسەکانمان کردووە، ئومێد دەکەین هەنگاوێک بێت بۆ راستە رێی یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان و زیاتر قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و بەیەکەوە ژیان و یەکتر قبوڵکردن و گوێ لەیەکترگرتن.

**غەفوور مەخمووری**

٢٠ / ٣ / ٢٠١٩

# دوور لە ناڕاستی بوون و نزیک لە بابەتی بوون

داگیرکەرانــی کوردســتان بــە هەمــوو شــێوەیەک دژایەتــی نەتــەوەی کوردیــان کــردووە، هەوڵیانــداوە تایبەتمەندییــە نەتەوەییەکانــی کــورد وەک نەتەوەیــەک و کوردســتان وەک نیشــتمانی ئــەو نەتەوەیــە بســڕنەوە، بــۆ ئەمــەش پەنایــان بــۆ جۆرەهــا سیاســەت و پیلانــی گڵاو بــردووە، بــەر لەهــەر شــتێک کاریــان کــردووە کــە مرۆڤــی کــورد وەکــو هاوڵاتییەکــی ئــەو وڵاتــە داگیرکــەرە خــۆی دابنێــت و بیربکاتــەوەو کوردســتانیش بــە بەشــێک لــە خاکــی ئــەو وڵاتــە داگیرکــەرە بزانێــت.

جگــە لــە رووە سیاســییەکەی داگیرکــردن و پێوەلکاندنــی خاکــی کوردســتان بــەو دەوڵەتانــە (ئێــراق، ئێــران، تورکیــا، ســوریا)، لــە رووی جڤاکیشــەوە نەتــەوەی کــورد تێکــەڵ و دابەشــی ســەر ســێ نەتــەوەی جیــاوازی رۆژهــەڵات (عــەرەب، تــورک، فــارس) کــراوە، ئــەم نەتــەوە سەردەســتانەش بــەردەوام هەوڵیانــداوە کلتــوری خۆیــان بســەپێننە ســەر نەتەوەکەمــان، ئەمــەش وایکــردووە لــە رووی جڤاکــی و کلتوریــدا ســێ واقیعــی جیــا بەســەر نەتەوەکەمانــدا بســەپێت، بــۆ نموونــە لــە باشــوورو رۆژئــاوای کوردســتاندا کاریگــەری زمــان و کلتــور و داب و نەریتــە کۆمەڵایەتییەکانــی عــەرەب لەســەر رۆڵەکانــی نەتەوەکەمــان بــە ئاشــکرا دیــارە،

هەروەها لە رۆژهەڵات هی فارس و لە باکووریش هی تورک، ئەم کاریگەرییە وایکردووە کە زۆر لە کوردان هەمان دانە فەرهەنگی و زمانییەکانی ئەم نەتەوانە بەکار بهێنن ئەگەر بە زیانی نەتەوەو کلتورەکەشمان تەواوبێت.

ئەم چەند دێرەم وەک دەستپێکی بابەتێکی گرنگ نووسی کە ئەویش بەکارهێنانی دەستەواژەی (کوردستانی ئێراق، کوردستانی ئێران، کوردستانی تورکیا، کوردستانی سوریا)یە، هاوینی ١٩٩٨ بۆ چارەسەری قاچم لە سوریا لە (شام) بووم، ئێوارەیەکیان هۆزانڤانی کورد خانم (دیا جوان) لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیکەدا بەمەبەستی هەواڵپرسین سەردانیان کردم، لەوێدا کە باسی رەوشی سیاسی کوردستانم بۆ کردن، باسی باکوور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستانم بۆ کردن، لە کاتی قسەکردنمدا بەردەوام دەمگوت (باشوری کوردستان، باکووری کوردستان، رۆژهەڵاتی کوردستان و رۆژئاوای کوردستان)، بەم شێوەیە باسی هەر یەک لە بەشەکانی کوردستانم بۆ کردن، ئەوانەی لەگەڵ خانم (دیا جوان) بوون زیاتر دەستەواژەی (کوردستانی عێراق، کوردستانی ئێران، کوردستانی تورکیا و کوردستان سوریا) یان بەکار دەهێنا، ئەمە وایکرد کە بابەتەکەم بگۆڕم و بێمە سەر ئەو جۆرە ناوهێنانەی بەشەکانی کوردستان و بە ناوهێنانێکی نادروستی دابنێم و، پێمگوتن باشە ئەگەر کوردستان هی (ئێراق و ئێرا و تورکیا و سوریا) بێت کە چوار داگیرکەری کوردستانن ئەی کوا کوردستانی کوردان ؟! دوای گفتوگۆ لەگەڵ ئەم بەڕێزانەی رۆژئاوای کوردستان، لە ئەنجامدا ئەوانیش هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێت بگوترێت باکوورو باشوو و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان.

دیارە لە دووەم دابەشکردنەوەی کوردستان کە بە پێی رێککەوتنامەی شوومی (سایکس _ پیکو) دابەشکرایەوە سەر داگیرکەرانی کوردستان، بەبێ




خواستی کورد بەشێکی کوردستان بە هەر یەک لە (ئێراق و ئێران و تورکیا و سوریا) وە لکێنرا و ئەوانیش داگیریانکرد و بۆ درێژەدان بەو داگیرکارییە و دەستبەسەرداگرتنی خێرو بێری کوردستان تا ئێستاش بە بەردەوام بە جۆرەها رەفتاری شۆڤێنی و تیرۆریستیانە کەوتوونەتە دژایەتیکردن و سەرکوتکردنی نەتەوەکەمان.

بێگومان ناوهێنانی بەشەکانی کوردستانیش بە (کوردسیتانی ئێراق و کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیا و کوردستانی سوریا) جەختکردنەوەیە لەسەر پێوەلکاندنی کوردستان بەو وڵاتانە و، ئەو دەستەواژانە دانەی فەرهەنگی داگیرکەرانی کوردستانن و دەبێ کورد خۆی لە بەکارهێنانیان بە

دوور بگرێــت، لەبەرئــەوەی هیــچ کاتێــک خاکــی کوردســتان بەشــێک نەبــووەو نییــە و لــە خاکــی ئــەو وڵاتــە داتــاشراوە داگیرکەرانــەی کوردســتان و بەکارهێنانــی ئــەو دەســتەواژانەش بەکارهێنانێکــی نادروســتەو لەجێــی خۆیــدا نییــە و، ئەگــەر رۆشــنبیرانمان نــاوی کوردســتان بــەم شــێوەیە بهێنــن ئــەوا جارێکــی دیکەکوردســتان بــەم وڵاتانــەوە دەلکێنــن کــە چەندیــن ســاڵە وڵاتەکەمانیــان داگیرکــردووە.

بەکارهێنانــی دروســت ئەوەیــە کــە لــە بــری (کوردســتانی ئێــراق – باشــووری کوردســـتان، کوردســـتانی ئێـــران – رۆژهەڵاتـــی کوردســـتان، کوردســـتانی تورکیـــا – باکــووری کوردســتان، کوردســتانی ســوریا – رۆژئــاوای کوردســتان) بــەکار بهێنرێــت، شــایانی باســە زۆر جــار لێــرەو لــەوێ بەکارهێنانــی دەســتەواژەی (کوردســتانی باشــوور و کوردســتانی باکــوور و .. تــد) دەبیســتین و دەبینیــن، بــە بــاوەڕی مــن ئەمەشــیان هــەر هەڵەیــە، دروســترین بەکارهێنــان (باشــووری کوردســتان، باکــووری کوردســتان .. تــد)ە.

ئەگــەر ســەیر بکەیــن برایانمــان لــە یەکێتــی ســۆڤیەتی پێشــوو هیــچ جارێــک (کوردســـتانی ســـۆڤیەت)یان بەکارنەهێنـــاوە و بـــەردەوام (کوردســـتانی ســـۆر)یان بەکارهێنـــاوە، لەمەشـــدا پشـــتیان بـــە هـــۆکاری جوگرافـــی خاکـــی ئـــەو بەشـــەی کوردســـتان بەســـتووە، کـــە وەک باســـدەکرێ ئـــەم بەشـــەی کوردســـتان رەگـــی خاکەکــەی ســوورە، نــەک بــە مەبەســتی ئــەوەی کــە ئــەو بەشــەی کوردســتان لەژێــر دەســتی کۆمۆنیســتەکاندا بــووە ئــەم نــاوەی بەســەردا براپێــت، ســووراتییەکەی لــە رەنگــی خاکەکــەی هاتــووە نــەک لــە کۆمۆنیســتییەوە.

لەســەر هەمــوو لایەکــمان پیویســتە لەمــەودوا هەوڵبدەیــن ئــەو دەســتەواژەو دانــە فەرهەنگییانــەی کــە لــە لایــەن داگیرکەرانــی کوردســتان بەکارهێــنراون خۆمانیــان لــێ بــەدوور بگریــن و دانــەی فەرهەنگــی و دەســتەواژەی خۆماڵــی و کوردانــە و هەڵقــوڵاوی نێــو زمانەکەمــان بەکاربهێنیــن، ئــەم کارەشــمان دەبێتــە

پێنگاڤێـک بـۆ بنیاتنانـەوەی فەرهەنگـی کـوردی و پاککردنـەوەی زمانەکەمـان لـە دەسـتەواژەی داتـاشراوی داگیرکەرانـی کوردسـتان، پیویسـتە نـەوەی داهاتوومـان بـەم شـێوەیە پـەروەردە بکەیـن بۆئـەوەی لـە داهاتـوودا چیـتر پەنـا نەبەنـە بـەر فەرهەنگـی داتـاشراوی داگیرکەرانـی کوردسـتان.

لـە کۆتاییـدا؛ دووبـارەی دەکەینـەوە کـە خاکـی کوردسـتان بـە هیـچ شـێوەیەک بەشـێک نەبـووە لـە خاکـی (ئێـراق و ئێـران و تورکیـا و سـوریا) و، ئەوانـە دەوڵەتـی داتـاشراون و خاکـی وڵاتەکەمانیـان پێوەلکێـنراوە و بـەزۆر داگیرکـردووە، بۆیـە مافێکـی رەوای خۆمانـە کـە لەپێنـاو رزگارکردنـی وڵاتەکەمـان لەژێـر دەسـەڵاتی ئـەم داگیرکەرانـە پـەرە بـە خەبـات و بەرخودانـی رەوای خۆمـان بدەیـن تـا وەدەسـتهێنانی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ و ئـازاد و یەکگرتـوو و دیموکـرات.

***

**تێبینـی:** ئـەم وتـارە لـە گۆڤـاری (سـەرخۆبوون)، لـە ژمـارە (٧ و ٨)ی هاویـن و پایـزی ٢٧٠١ ی کـوردی، ٢٠٠١ ی زاینییـدا بڵاوبۆتـەوە.

له حەوتەمساڵیادی لەدایکبوونی YNDKدا:

# کوردایەتی ئامانجمانە

حــەوت ســاڵ بــەر لــە ئەمــڕۆ YNDK وەك ڕێکخراوێکــی نەتەوەیــی ســەربەخۆ خــوازو، وەك پێویســتییەکی دیرۆکــی و بابەتــی لەدایکبــوو، لەدایکبوونــی YNDK لــە ١٩٩٥ /٣/٢١ لەکاتێکــدا بــوو کــە شــەڕی ناوخــۆ لــە گەرمــەی دابــوو، ئەزموونەکەمــان کەوتبــووە بــەر هەڕەشــەی لەناوچــوون و جەمــاوەری کوردســتان تاڕادەیــەك بێئومێــد و نیگــەران بــوون لــە بارودۆخەکــە.

هــەر لــەو کاتــەدا وڵاتانــی داگیرکەرانــی کوردســتانیش بــەردەوام دژاریەتــی ئەزموونــی دیموکراتــی باشــووری کوردســتانیان دەکــرد و لــە پیــلان دانــان بــوون بــۆ لەناوبردنــی، بۆیــە دوای لێکۆڵینەوەیەکــی وردی بارودۆخەکــە و هەســتکردن بــە گەورەیــی هەڕەشــەکان و بەرگرتــن لــە شــەڕی ناوخــۆ و هەڕەشــەکانی ســەر ئەزموونەکەمــان و ئومێــد بەخشــین بــە جەمــاوەری کوردســتان YNDK لەدایکبــوو.

YNDK بــۆ ئــەوە لەدایکبــوو کــە وەك یەکێتییەکــی ئارەزوومەندانــە زۆربــەی هــەرە زۆری کەســانی نەتەوەیــی و وڵاتپارێــز لــە چوارچێــوەی خۆیــدا کۆبکاتــەوەو ئاراســتەی کار و خەباتیــان بــکات، بــۆ ئــەم مەبەســتەش هــەر لەســەرەتاوە

کەوتینــە پەیوەندیکــردن بــە کەســایەتییە وڵاتپارێــزەکان و کــۆڕ و کۆبوونــەوەی جەمــاوەری، کــە هەفتانــە کۆڕێکــی جەماوەریــمان بــۆ جەمــاوەر ســازدەدا و گفتوگۆمــان لەســەر رەوشــی سیاســی دەکــرد و گەورەیــی مەترســییەکانمان بــۆ روون دەکردنــەوەو چەنــد رێپێوانێکــی جەماوەریشــمان دژ بــە شــەڕی ناوخــۆ و لەشکرکێشــی داگیرکەرانــی کوردســتان ئەنجامــدا کــە لــە دواخۆپیشــاندان لەلایــەن دەســەڵاتدارانی ئــەو کات بــە چــەك و گوللــە وەڵام دراینــەوە.

YNDK دژ بــە شــەڕی ناوخــۆ بــۆ بەرگرتــن لــەم شــەڕە لەدایکبــوو بۆیــە هیــچ کاتێــك نەبۆتــە لایەنگــری لایەنــە بەشــەڕهاتووەکان و بەڵکــو تاکــە لایــەن بــووە بەوپــەڕی بوێرییــەوە راســتییەکانی خســتۆتەڕوو و کــێ دەســتدرێژیکەر بــووە لــەم شــەڕەدا راســتگۆیانە ئامــاژەی پێــداوە، بێگومــان YNDKباجــی راســتگۆیی و بوێــری خۆشــی داوە.

پرســی ئاشــتی و رێکخســتنەوە و یەکخســتنەوەی نێــو ماڵــی کــوردی و بوونــی وتارێکــی سیاســی یەکگرتــووی کــوردی هەمیشــە لەکارنامــەی YNDK دابوونــە و کاریــان بــۆ کــراوە و لەهــەر چــوار کۆنگــرەدا:

- کۆنگرەی یەکەم ١٦- ١٩٩٥/٣/١٨ لە عەنکاوە
- کۆنگرەی دووەم ٥-١٩٩٦/٥/٧ لە شەقڵاوە
- کۆنگرەی سێیەم ١٠- ١/١٢/ ١٩٩٩ لە هەولێر
- کۆنگرەی چوارەم ١٠- ٢٠٠٢/٢/١١ لە هەولێر

جەختیان لەسەر کراوەتەوە و وەك ئەرکێکی بنچینەیی YNDK دانراون.

YNDK هیــچ کاتێــك حزبایەتــی تەســکبینانەی نەکــردووە و بگــرە بــەردەوام کوردایەتــی کــردووە و کردوویەتیــە رێبــازی کارکردنــی خــۆی و بەرژەوەندییــە نەتەوەییــەکان و پاراســتی ئاسایشــی نەتەوەیــی کوردســتانی خســتۆتە ســەرووی هەمــوو شــتێکەوە و بــاوەڕی تــەواوی بــە دیالــۆگ بــووە بــۆ یەکلاییکردنــەوەی

کێشـــەکان و ئەندامانـــی خـــۆی لەســـەر ئـــەم بنەمایـــە پـــەروەردە کـــردووەو ئاراســـتەی کار و خەباتـــی کـــردوون.

هــەر ئــەم ڕێبــازەش بــووە کــە دوژمنــان و ناحەزانــی کــورد و YNDK بــەردەوام لــە پیلاندانــان بــن دژ بــە YNDK ، هــەر لــە هەوڵــدان بــۆ تیرۆرکردنــی ســکرتێری گشــتی YNDK لەشــەوی ٢٠ لەســەر ١٩٩٥/١٠/٢١ و گرتــن و ڕاوەدوونانــی ئەنــدام و هەوادارانــی YNDK تــا دەگاتــە شــەهیدکردنی هەڤــاڵ و بــرای تێکۆشــەرمان (شــەهید سەربەســت مەحمــوود- ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی YNDK وسەرنووســەری ڕۆژنامــەی میدیــا)، بــەڵام ئەمانــە هەموویــان نەیانتوانیــوە YNDK لــە کار و خەبــات ســارد بکەنــەوە و لەڕێبازەکــەی لایبــدەن، بەڵکــو ســوورتریان کــردووە بــۆ بەردەوامبــوون لەســەر بەرخــۆدان و ڕێبازەکــەی.

YNDK زۆر راشــکاوانە ســتراتیژییەتی (کوردســتانێکی ســەربەخۆ و ئــازادی و یەکگرتــوو و دیموکــرات)ی بــە هەمــوو لایــەك راگەیانــدووەو شــێلگیرانە کار بــۆ رزگاری و ســەرخۆبوونی خاکــی کوردســتان و ئــازادی گەلــی کوردســتان و یەکگرتنــەوەی خاکــی پارچەکــراوی کوردســتان و هێنانەکایــەی کۆمەڵگەیەکــی دیموکــرات دەکات، لەهەمــان کاتــدا بــاوەڕی تەواویشــی بــە قۆناخبەنــدی هەیــە لــەکار و خەباتــدا و لەســەر ئــەم بنچینەیــەش پشــتگیری تــەواوی پەرلەمــان و حکومەتــی کوردســتانی کــردووەو دەکات وەك دوو دەســکەوتی نەتەوەیــی و هەنگاوێــك بــەرەو کوردســتانێکی ســەربەخۆ و ئــازاد و یەکگرتــوو و دیموکــرات، بێگومــان پاراســتن و چەســپاندنی پەرلەمــان و حکومەتــی کوردســتان یەکێکــە لەئەرکــە ســەرەکییەکانی YNDK و لــەم پێناوەشــدا کارمــان کــردووە و کاریــش دەکەیــن.

YNDK لەمــاوەی حــەوت ســاڵەی کار و خەباتــی خۆیــدا کاریگــەری خــۆی لــە گۆڕەپانــی سیاســی کوردســتان خســتۆتە ڕوو و، بۆتــە لایەنێکــی حســاب بــۆ کــراو

چ لەلایــەن دۆســت و چ لەلایــەن دوژمنــەوە، بێگومــان سیاســەتی دروســت و هەڵوێســتە نەتەوەییەکانــی YNDK ، YNDKی کردۆتــە ئــەو لایەنــە کاریگــەر و حسـاب بـۆ کـراوە.

YNDK تــا ئێســتا توانیویەتــی جەماوەرێکــی بــاش لــە دەوری خۆیــدا کۆبکاتــەوە و پەیوەندییەکــی برایانــە لەگــەڵ زۆربــەی هــەرە زۆری هێــزو لایەنــە سیاسـییەکان و رۆشـنبیران لەسـەر ئاسـتی هـەر چـوار بـەشی کوردسـتان و دەرەوە لەسـەر بنەمـای رێزگرتنـی وەك یـەك وبەرژهوەنـدی هاوبـەش بنیـات بنـێ.

لــەرووی راگەیاندنیشــەوە بــاوەڕی تــەواوی بــە وشــیارکردنەوەی جەمــاوەر لەســەر بنچینەیەکــی نەتەوەیــی هەبــووە و، هەوڵمانــداوە وشــیارییەکی نەتەوەیــی لەنــاو جەمــاوەردا بڵاوبکەینــەوە، لــەم بــوارەدا رۆژنامــەی میدیــا رۆڵێکــی کاریگــەر و بەرچــاوی بینیــوە چ بــە بڵاوکردنــەوەی بابەتــی جۆراوجــۆر لــەم بــوارەدا و چ بــە چــاپ و بڵاوکردنــەوەی کتێبــی بەســوود بێــت.

هــەر لــەم رووەوە YNDK زۆر پــرۆژەی دیکــەی هەبــووە وەك دانانــی ئێزگەیەکــی رادیۆیــی و کەناڵێکــی تەلەفزیۆنــی کــە بەداخــەوە لەبــەر دەســت کورتــی و کــەم دەرامەتــی نەمانتوانیــوە ئــەم پرۆژانــە جێبەجێبکەیــن، بــەڵام بــەردەوام کاریــان بــۆ دەکەیــن، لەبەرئــەوەی باوەڕمــان وایــە کــە نەتەوەکەمــان پێویســتی بــە شۆڕشــێکی رۆشــنبیری هەیــە بــۆ وشــیارکردنەوەی بــە وشــیارییەکی نەتەوەیــی، ئەگــەر دوژمــن و داگیرکەرانــی کوردســتان چەندیــن ســاڵ هەوڵــی شــێواندنی کەســایەتی تاکــی کوردیــان دابێــت، دەبــێ ئێمــەش بەرنامەمــان هەبێــت و هــەوڵ بدەیــن ســەر لەنــوێ کەســایەتی تاکــی کــورد لەســەر بنەمایەکــی وڵات پارێزانــە و نەتەوەییانــە بنیــات بنێینــەوە، ئێمــە لــە YNDK دا ئەمــە بــە ئەرکێکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی خۆمــان دەزانیــن و بەرنامەمــان بــۆی هەیــە وکاری بــۆ دەکەیــن، داوا لــە نووســەر و رۆشــنبیرانیش

دەکەیـــن کـــە لـــەم بـــوارەدا هاوکارمـــان بـــن و بـــە ئەرکـــی وڵاتپارێزانـــەی خۆیـــان رابـــن.

لـــە حەوتـــەم ســـاڵیادی لەدایکبوونـــی YNDK جەختدەکەینـــەوە ســـەر رێبـــازی نەتەوەیـــی و کوردانـــەی YNDK وەدەســـت ناگریـــن بـــە چوارچێـــوەی تەســـکی حزبایەتـــی و چـــی لـــە بەرژەوەنـــدی نەتەوەکەمانـــدا بێـــت ئـــەوە دەخەینـــە ســـەرووی هەمووشـــتێکەوە و کاری بـــۆ دەکەیـــن، بـــە شـــێوازێکی ســـەردەمانە و گونجـــاو لەگـــەڵ بەرژەوەندییـــە نەتەوەییەکانمـــان درێـــژە بـــە کارو خەباتـــی خۆمـــان دەدەیـــن و کار دەکەیـــن بۆئـــەوەی زیاتـــر وەک وڵاتپارێزێـــك هەڵســـوکەوت بکەیـــن نـــەك وەك حزبییـــەك، لەبەرئـــەوەی بـــە بـــاوەڕی ئێمـــە دەبێـــت کوردایەتـــی ئامانـــج و حزبایەتیـــش هـــۆکار بێـــت.

لەســـەردەمی ئەمڕۆمانـــدا تـــەواوی نەتەوەکانـــی دیکـــە بیـــر لـــە بەرژەوەندییـــە نەتەوەییەکانیـــان دەکەنـــەوە و لـــەم پێنـــاوەدا ئـــەوەی لـــە دەســـتیان بێـــت ئەنجامـــی دەدەن، دەبێـــت ئێمـــەی کوردیـــش زیاتـــر بـــەدوای بەرژەوەندییـــە نەتەوەییەکانمانـــدا بگەڕێیـــن و کاریـــان بـــۆ بکەیـــن، ئەگەرنـــا ئـــەوە هەمیشـــە لـــەدواوەی نەتەوەکانـــی دیکـــەدا دەبیـــن.

لێـــرەوە وەک هەمیشـــە دەڵێیـــن بـــا هەمـــوو لایەکـــمان بەرگـــی تەســـکی حزبایەتـــی لەبـــەر خۆمـــان دابکەنیـــن و بەرگـــی کوردایەتـــی لەبەربکەیـــن و وەك کـــورد هەڵســـوکەوت بکەیـــن نـــەك وەك حزبییەکـــی دەمارگیـــر، بـــا کوردایەتـــی بکەیـــن و بـــۆ کـــورد و کوردســـتانیان کار بکەیـــن.

***

**تێبینـــی:** ئـــەم وتـــارە لـــە ژمـــارە (١١٩)ی ڕۆژی یەکشـــەممە، ٢٠٠٢/٣/١٧ی رۆژنامـــەی (میدیـــا)دا بڵاوبۆتـــەوە.

ئەگەری لێدانی ئێراق

# گۆڕانکاری بەڕێوەیە باخۆمانی بۆ ئامادەبکەین

رۆژی ٢٠٠٢/٧/٩ جـۆرج W بـۆش سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا لــە کۆنگرەیــەکی رۆژنامەوانیــدا، جارێــکی دیکــە جەختیکــردەوە ســەر گۆڕینــی رژێمـی ئێسـتای ئێـراق و گـوتی لـەم پێنـاوەدا هەمـوو رێگایـەك دەگرینەبـەر، ئـەم لێدوانــەی بــۆش لەکاتێکدایــە کــە ماوەیەکــە ئۆپۆزســیۆنی ئێراقیــش بەردەوامــە لەســەر کۆبوونــەوە ســەربازی و سیاســییەکانی بــۆ دانــانی دەســەڵاتێك بــۆ ئێراقــی ئاینـــدە، هـــاوکات وتووێـــژەکانی نێـــوان ئێـــراق و نەتـــەوە یەکگرتووەکانیـــش نشوســتی هێنــاو بەهیــچ ئەنجامێــك نەگەیشــت، ئاژانســەکانی چاودێــری چــەکی ئەتۆمیــش بــەردەوام جەختدەکەنــەوە ســەر ئــەوەی کــە ئێــراق چــەکی کۆکــوژی مــاوەو بەردەوامــە لەســەر بەرهــەم هێنانیــدا.

بێگومـــان تـــا ئێـــراق چـــەکی ئەتۆمـــی بمێنـــێ و بـــەردەوام بێـــت لـــە بەرهەمهێنانیـــدا ئـــەوا هەرەشـــەیەکی بـــەردەوام دەبێـــت لـــە ناوچەکـــەدا لەبەرامبــەر گــەلانی ئێــراق و وڵاتــانی ناوچەکــە لەلایــەك و بەرژەوەندییــەکانی ئەمریــکا لــە ناوچەکــەدا لەلایــەکی دیکــە، ســەرەڕای ئەمانــەش ئێــراق خــودان تۆمارێـکی رەشـە لـە جینۆسـاید و تـیرۆر و تۆقاندنـدا، ئەمریـکاش؛ کـە شـەڕی دژە

تـــیرۆری راگەیانـــدووەو بـــە شـــەڕێکی درێژخایەنیـــشی دانـــاوە، بـــۆ ســـەرکەوتنی بەســـەر تـــیرۆردا دەبێـــت لەهەوڵـــی خۆیـــدا بـــەردەوام بێـــت لەدژایەتیکـــردن و لەناوبـــردنی پێگـــەو ســـەرچاوەکانی تـــیرۆر، بـــەو پێیـــەش ئێـــراق دەبێتـــە یەکێـــك لـــە ئامانجـــەکانی ئـــەو شـــەڕەی ئەمریـــکا.

ئەگـــەر ســـەرنج بدەیـــن دەبینـــین ئاراســـتەی رووداو و ئامادەکارییـــەکان بـــەڕوونی ئامـــاژە بـــەوە دەکـــەن کـــە زەروورەتی لێـــدان و گۆڕینـــی رژێمـــی ئێـــستای ئێـــراق نزیـــك بۆتـــەوەو بۆتـــە راســـتییەك کـــە دەبـــێ ئـــەو رژێمـــە بڕوخـــێ! بەڕووخـــانی رژێمـــی ئێـــستای ئێـــراق بارودۆخێـــکی دیکـــەی نێودەوڵـــەتی و ناوچەیـــی دێتـــە ئـــاراوە، لەســـەر ئێمـــەی کـــورد پێویســـتە کـــە زۆر بـــە وریاییـــەوە چاودێـــری پێشـــهاتە ساســـییەکان بکەیـــن و لەگـــەڵ رووداوەکانـــدا هەنـــگاو بنێـــین، بـــەر لەهەرشـــتێك یەکخســـتنی گوتـــاری ســـیاسی کـــورد بـــۆ چارەســـەری پـــرسی کـــورد لـــە ئێراقـــی ئاینـــدەدا ئەرکێـــکی بەپەلـــەی ئـــەم قۆناخـــەی بزاڤـــی رزگاریخـــوازی نیشـــتمانی کوردســـتانە و دەبـــێ هەمـــوو لایەکـــمان کاری بـــۆ بکەیـــن و هەمـــوو لایەکـــمان یەکدەنـــگ بـــین لەســـەر چەســـپاندنی فیدرالیـــزم وەك دروشـــمی ئـــەم قۆناخـــەی خەبـــاتی نەتەوەیـــی و نیشـــتمانیمان، کـــە ئـــەوەش دەبێتـــە پێنگاڤێـــك بـــەرەو کوردســـتانێکی ســـەربەخۆو ئـــازادو یەکگرتـــوو و دیموکـــرات، ئـــەم قۆناخـــە کـــە قۆناخێـــکی زۆر ناســـکە لەهەمـــوو لایەکـــمان دەخـــوازێ کـــە نێوماڵـــی کـــورد رێکبخەینـــەوەو یەکدەنـــگ و یەکڕیزبـــین.

بـــۆ حوکمـــی ئاینـــدەی ئێـــراق دەکـــرێ پڕۆژەیـــەکی دەوڵەمەنـــدی کوردســـتانیمان هەبـــێ و بەبنچینـــەی بگریـــن و بیکەینـــە ئەمـــری واقیـــع، کـــە پرۆژەیـــەکی هەمـــە لایـــەن و نیشـــتمانی بێـــت و چارەســـەری پـــرسی نەتەوەیـــی و پـــرسی دەســـەڵات و پـــرسی دیموکراتیزەکـــردنی کۆمەڵـــگا و سیســـتمی حوکمـــی ئێراقـــی لەخۆگرتبێـــت، لەبەرئـــەوەی ئێـــراق یەکەیـــەکی داتـــاشراوەو بـــەزۆر باشـــووری

کوردســـتانی پێـــوە لکێـــنراوە، ئەگـــەری ئـــەوە هەیـــە کـــە گۆڕینـــی ئـــەو یەکـــە داتـــاشراوە بێتـــە بەربـــاس و لێکۆڵینـــەوە، بێگومـــان ئامـــاژە ســـیاسی و ســـتراتیژییەکان وا نیشـــان دەدەن کـــە گۆڕانـــکاری بەڕێوەیـــە، بـــا ئێمەیـــش خۆمـــانی بـــۆ ئامـــادە بکەیـــن.

٢٠٠٢/٧/١٤

هەولێر _ کوردستان

***

**تێبینـی:** ئـەم وتـارە لـە ژمـارە (١٢٧)ی ڕۆژی دووشـەممە، ڕێکـەوتی ٢٠٠٢/٧/١٥ ی ڕۆژنامـەی (میدیـا)دا بڵاوبۆتـەوە، چیـم پێشـبینی کـردووە وادەرچـوو.

# دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان
# لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە

نــاوه نــاوه وڵاتــانی ناوچەکــە رایدەگەیەنــن کــە دژی دامەزرانــدنی دەوڵــەتی کوردســتانین و، هەنــدێ جاریــش لــەوەش زیاتــر؛ دەڵێــن دژی هــەر شــتێکین بــۆ کــورد جێبەجــێ بێــت جــا بــا لــە بەرازیلیــش بێــت !!

دژایــەتی وڵاتــانی ناوچەکــە لــە بەرامبــەر بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان شــتێکی نــوێ نییــە و، لــەو کاتــەوەی کــورد کەوتۆتــە جولــە بــۆ پســاندنی کــۆتی دیلێتــی ئــەو دژایەتییــە ســەری هەڵــداوەو بەردەوامــە، ئــەوەش دەگەڕێتــەوە بۆئــەوەی کــە هەریــەك لــەو وڵاتانــە داتــاشراوو ناسروشــتین و لەســەر حیســابی نەتــەوەی دیکــە دروســتکراون و بــەردەوام ئەگــەری هەڵوەشــاندنەوەیان لەئارادایــە، بۆیــە لەپێنــاو مانــەوەی خۆیانــدا ســڵ لەهیــچ شــتێك ناکەنــەوەو، پەنــا دەبەنــە بــەر جۆرەهــا کاری نامرۆڤانــەو هۆڤانــە.

کــورد؛ وەك نەتەوەیــەك بەدرێژایــی مێــژوو زوڵمــی لێکــراوەو لێیدەکرێــت و، لەهەمــوو لایەکــەوە دەنگــی کــپ دەکرێــت و خواســتە رەواکانی پشــت گــوێ دەخرێــت، کــورد هــاوکاری نەتــەوەکانی ناوچەکــە (عــەرەب، فــارس، تــورك) ی کــردووە بــۆ پێکهێنــانی قــەوارەی نەتەوەیــی بــۆ هەریــەك لــەو نەتەوانــە

و هەریەك لەو نەتەوانە لە رابردوودا بە هاوپەیمانێتی کورد توانیویانە قەوارەی نەتەوەیی خۆیان پێکبهێنن و ببنە خودان کیان و دەسەڵات، بۆیە هەریەك لە (عەرەب و فارس و تورك) لەڕووی دیرۆکی و سیاسییەوە قەرزاری کوردن و کورد نەبوا ئەو کوڕەی ئەمڕۆ نەدەبوون، کەچی لەجیاتی ئەوەی هاوکاری کورد بکەن بۆ پێکهێنانی کیان و دەسەڵاتی کوردی، کەوتوونەتە دژایەتیکردنی کورد و، بە دژایەتیکردنی کورد چاکەو پیاوەتی کورد دەدەنەوە!! کە دەبوا بۆئەوەی لە ناوچەکەدا گرفت بۆ خۆیان دروستنەکەن و هاوپەیمانێکی دیرۆکی بەهێز بۆخۆیان دروستبکەن هەموو لایەك پشتگیری کوردیان کردبووا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، لەبەرئەوەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یەکگرتوو لە ناوچەکەدا پاڵپشتێکی بەهێزدەبێت بۆ هەریەك لە وڵاتانی ناوچەکەو؛ ناوچەکەش هێمنی و ئارامییەکی تەواو بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام ئەگەر بێت ئەو دژایەتیکردنەی وڵاتانی ناوچەکە لە بەرامبەر پرسی کورد بەردەوام بێت، ئەوا ناوچەکە ئارامی بەخۆیەوە نابینێت و هەرکاتێ دەسەڵاتی کوردیش دامەزرا ئەوا حیسابێکی دیکە دێتە پێش، لەبەرئەوەی کورد نەتەوەیەکە نە چاکەو نە خراپەی هیچ لایەك لەبیر ناکات.

بێگومان دونیای ئەمڕۆش دونیای دوێنێ نییە و زۆربەی هەرە زۆری چەمك و دیدگا سیاسی و ستراتیژییەکانی گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو تێگەیشتنی دیکەیان بۆ دروست بووە، لە سەروبەندی ئەو پێشڤەچوونانەی جیهاندا کوردیش بۆتە بەشێکی هەستیاری هاوکێشە سیاسییەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ئەوانەی دژایەتی کورد دەکەن بیانەوێ و نەیانەوێ کورد لەم سەددەیەدا دەبێتە خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆی، زۆربەی زۆری هێماو ئاماژە سیاسییەکان روو لەو ئاراستەیەن، بۆیە وڵاتانی ناوچەکەش

لەبەرامبــەر كــورددا دەبــێ چــاو بــە سیاســەتی خۆیانــدا بخشــێننەوەو چیــتر دژایــەتی كــورد نەكــەن، لەبــری دژایەتیكــردن دەســتی هــاوكاری بــۆ كــورد درێژبكــەن و هاوكاربــن لەبیناكــردنی دەســەڵاتی كوردیــدا، بەمــەش تاڕادەیــەك دەتوانــن پــردی متمانــە لەنێــوان كــورد و خۆیانــدا دروســتبكەن، دەبــێ بــاش لــەوە بگــەن كــە دامەزرانــدنی دەوڵــەتی كــوردی دژایەتیكــردنی هیــچ لایــەك نییــەو كوردیــش وەك هــەر نەتەوەیــەكی دیكــە دوای ئــەو هەمــوو ســاڵە بەرخــودان وماڵوێرانییــە بــۆی هەیــە لەســەر خــاكی خــۆی بــە ئــازادی بژیــت و ببێتــە خــودان دەوڵــەتی خــۆی، لەبەرئــەوەی چارەســەری ریشــەیی پــرسی كــورد تەنهــا و تەنهــا دامەزرانــدنی كوردســتانێكی ســەربەخۆ و ئــازاد و یەكگرتــوو و دیموكراتــە، ئەمــەش لەبەرژەوەنــدی هەمــوو لایەكدایــەو، دەبــێ هەمــوو لایەكــمان كاری بــۆ بكەیــن.

٢٠٠٣/١/١

هەولێر _ كوردستان

***

**تێبینــی:** ئــەم وتــارە لــە ژمــارە (١٣٩)ی ڕۆژی چوارشــەممە، رێكــەوتی ٢٠٠٣/١/١ ی رۆژنامــەی (میدیــا)دا بڵاوبۆتــەوە.

له هەشتەم ساڵیادی لەدایکبوونی YNDK دا

# YNDK و

# هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی

هەشــتەم ســاڵیادی لەدایكبوونــی YNDK هاوكاتــە لەگــەڵ پێشــهات و گۆڕانكارییــە سیاســییە گەرمەكانــی جیهــان و، لــە كاتێكدایــە كــە كوردســتان و ناوچەكــە لەڕهوشــێكی زۆر ناســك و هەســتیاردان، لــەو كاتەدایــە كــە رژێمــی داگیركــەری ئێــراق بەهــۆی ســەرەڕۆیی و لاســارییەكانی لــە بەرامبــەر كۆمەڵگــەی نێودەوڵەتیــدا كێشــەی ئێراقــی گەیاندۆتــە بنبەســت و ئەگــەری بەكارهێنانــی هێــز بــۆ یەكلاییكردنــەوەی كێشــەكە لەهــەر ئەگەرێكــی تــر زیاتــرە، بێگومــان وەشــاندنی هــەر گورزێكــی ســەربازی لــە رژێمــی ئێــراق كاریگەرییێكــی زۆری دەبێــت بــۆ ســەر كوردســتان و، ناوچەكــە بــەرەو رووی گــۆڕان و بارێكــی دیكــە دەكاتــەوە، بۆیــە دەبــێ ئێســتا لــە هــەر كاتێكــی دیكــە زیاتــر یەكگرتــوو و یەكدەنــگ بیــن.

■ **YNDK و وەستان لەبەرامبەر داگیركەرانی كوردستاندا**

YNDK هــەر زوو هەســتی بــە هەســتیاری بارودۆخــە سیاســییەكە كــردووە و كاری بــۆ كــردووە و لەگــەڵ هێــز و لایەنــی دیكەشــدا لــەم بارەیــەوە بیــروڕای گۆڕیوەتــەوە، لــە ٢٠٠٢/٩/٧ بانگهێشــتی ١٧ حــزب و لایەنــە سیاســی كوردســتانی

کـرد بـۆ گفنتوگـۆ کـردن لەسـەر ڕەوشـی سیاسـی کوردسـتان و هەڕەشـەکانی وڵاتانـی ناوچەکـە لەسـەر ئەزموونەکەمـان، بەتایبـەت هەڕەشـەکانی تورکیـای داگیرکـەر، ئـەوە بـوو ڕاگەیاندنێکـی هاوبـەش لـە کۆبوونەوەکـەدا ڕاگەیانـدرا.

دیـارە پێشـبینییەکانی YNDK بـۆ دەسـتدرێژییەکانی تورکیـا ڕاسـت دەرچـوون، ئەوەتـا ڕژێمـی داگیرکـەری تورکیـا ئێسـتا زۆر ڕاشـکاوانە هەڕەشـەی هاتنـە نـاوەوەی کوردسـتان دەکات، بۆیـە بـۆ پرۆتسـتۆکردن و ڕیسـواکردنی ئـەو سیاسـەتەی تورکیـا جارێکـی دیکـە سـەرکردایەتی YNDK لـە ٢٠٠٣/٢/٢٣ دا بانگهێشـتی حزبـە کوردسـتانی و عێراقییـەکانی کـردو، ئـەوە بـوو ٢٣ حـزب و لایەنـی وڵاتپارێـز لـە کۆبوونەوەکـەدا ئامـادە بـوون، YNDK بارودۆخـی سیاسـی و هەڕەشـەکانی تورکیـای بـۆ ئامادەبـووان شـیکردەوە و خسـتەڕوو، داواکاربـوو کـە لـەم ڕەوشـە ناسـکەدا هەمـوو لایـەك هاوهەڵوێسـت و هاودەنـگ بـن، ئـەوە بـوو دواتـر ڕاگەیاندنـی هاوبەشـی ٢٣ حـزب و لایەنـە وڵاتپارێـزەکان ڕاگەیەنـراو یـەك هەڵوێسـتی هاوبـەش لـەدژی هەڕەشـەکانی تورکیـا وەرگیـرا.

YNDK لەبەرامبـەر داگیرکەرانـی کوردسـتاندا هەمیشـە خـودان هەڵوێسـتی بوێرانـەی خـۆی بـووە و پێشـووتریش لـەدژی لەشکرکێشـی داگیرکـەران بێدەنـگ نەبـووە، (سـەیری مانشـیتی ژمـارە«٥، ٦»ی ڕۆژنامـەی میدیـای سـاڵی ١٩٩٦ بکـەن) کـە چـۆن ئیدانـەی لەشکرکێشـی تورکیـا و ئێرانـی بـۆ کوردسـتان کـردووە و داوی لـە گەلـی کوردسـتان کـردووە کـە هاوهەڵوێسـت و یەکڕیزبـن بـۆ بەرگریکـردن لـە خاکـی کوردسـتان و دەسـتکەوتەکانی ڕاپەڕیـن.

بێگومـان هاتنـی لەشـکری داگیرکـەران بـۆ نـاو خاکـی کوردسـتان دەبێتـە هـۆی تێکچوونـی هاوسـەنگی هێـز لەناوچەکـەدا؛ تـەواوی ناوچەکـەش

لەســەر هاوســەنگی هێــز راوەســتاوە، لــە حاڵەتــی تێکچوونــی هاوســەنگی هێــز کوردیــش ناچــار دەبێــت بــۆ هاوســەنگکردنەوەی هێــز هاوپەیمانێتــی نــوێ لەگــەڵ خەڵکــی دیکــەدا دروســت بــکات، ئــەوەش دەبێتــە هــۆی دواخســتن و لەباربردنــی پــلان و نەخشــەی ولاتانــی زلهێــز، بۆیــە زلهێــزەکان بەتایبەتــی ئەمریــکا دەبێــت رێگــر بێــت لــە هــەر لەشکرکێشــیەکی تورکیــا یــا هــەر داگیرکەرێکــی دیکــە کــە بیــەوی دەســتبخاتە کوردســتان.

کــورد وەك نەتەوەیەکــی چــل ملیۆنــی بــەردەوام لەژێــر هەڕەشــەی قڕکــردن و بێمافکــردن دابــووەو بــەردەوام لەســەنگەری بەرخوداندایــە، ئێســتاش ئامادەیــە بەرەڤانــی لــە خــاك و دەســتکەوتەکانی بــکات و دژی زوڵمــی داگیرکــەران بوەســتێتەوە، خۆپیشــاندانەکانی ئــەم دواییــەی گەلــی کوردســتان چ لــە ناوخــۆی وڵات و چ دەرەوە یەکدەنگــی و یەکهەڵوێســتی کــورد لەبەرامبــەر داگیرکەرانــی کوردســتان نیشــاندەدات و پەیامێکــە بــۆ داگیرکەرانــی کوردســتان و رای گشــتی هەمــوو جیهــان کــە کــورد لــە دژی هەڕەشــەکاندا یەکدەنــگ و یەکڕیــزەو ئامــادەی هــەر جــۆرە قوربانیدانێکیشــە لەپێنــاو پاراســتنی بــوون و خاکەکەیــدا، لیــرەوە وەك YNDK سوپاســی هەمــوو ئــەو خۆپیشــاندەرە وڵاتپارێزانــە دەکەیــن کــە بــە یەکدەنــگ وتیــان: (کوردســتان دەکەینــە گۆڕســتان بــۆ داگیرکــەران).

YNDK لــە مــاوەی هەشــت ســاڵ تەمەنــی خۆیــدا بــەردەوام لەبەرامبــەر داگیرکەرانــی کوردســتان وەك قەڵایــەك وەســتاوەتەوە و خــودان هەڵوێســت و تێڕوانینــی تایبەتــی خــۆی بــووە، باجــی ئــەو خۆراگرییەشــی داوە، YNDK لــە پێشــەوەی ئــەو حزبانــە بــووە لەگــەڵ داگیرکــەران کوردســتاندا نەبــووەو نییــە.

**■ YNDK و هاوخەباتی لە سەر ئاستی کوردستانی مەزندا**

YNDK لەگــەڵ ڕەچاوکردنـــی تایبەتمەنـــدی هـــەر بەشــێکی کوردســـتاندا، هەمیشـــە بـــاوەڕی بـــە هاوخەباتـــی تـــەواوی هێـــز و لایەنـــە سیاســـییەکانی کوردســـتان لـــە هـــەر چـــوار بـــەشی کوردســـتاندا هەبـــووە، لـــەم پێناوەشـــدا بـــەردەوام هەوڵیـــداوە پەیوەنـــدی هاوخەباتـــی و برایانـــە لەگـــەڵ هێـــزو لایەنـــە وڵاتپارێزەکانـــی کوردســـتان لـــە هـــەر چـــوار بـــەشی کوردســـتاندا بنیـــات بنێـــت، ئێســـتاش پەیوەندییەکانـــی برایانـــە و هاوخەباتیانـــەی لەگـــەڵ زۆربـــەی هێـــزو لایەنـــە سیاســـییەکانی (باشـــوور و ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئـــاوا و باکـــوور)دا هەیـــە و دەخوازێـــت ئـــەو پەیوەندییانـــە بـــەرەو پێـــش ببـــات.

ئەگـــەر ســـەرنج بدەینـــە ڕاگەیاندنـــی YNDKبەتایبەتـــی ڕۆژنامـــەی میدیـــا زۆر بـــاش هەســـت بـــەو تێکەڵـــی و پەیوەندییانـــە دەکرێـــت و، میدیـــا وەك تریبۆنێکـــی نەتەوەیـــی دەنگوبـــاس و چالاکـــی سیاســـی و کلتـــووری و جڤاکـــی هـــەر چـــوار بەشـــی کوردســـتان بەخوێنـــەران دەگەیەنێـــت و لەهـــەر چـــوار لاوەش خوێنـــەری خـــۆی هەیـــە.

YNDK لەتـــەواوی کۆبوونەوەکانـــی خۆیـــدا لەســـەر ئاســـتی هەرێمـــەکان و ســـتافە ناوەندییـــەکان و ســـەرکردایەتیدا بەجیـــا گفتوگـــۆ لەســـەر ڕەوشـــی کوردســـتان دەکات و لەڕاگەیاندنـــی کۆتایـــی کۆبوونەوەکانیشـــدا هەڵوێســـتی خـــۆی لـــە بارەیانـــەوە دەخاتـــەڕوو، جگـــە لـــە لایەنـــە سیاســـییەکان YNDK لەگـــەڵ زۆربـــەی ناوەنـــدە کلتـــووری و هونەرییـــەکان و ڕۆشـــنبیرانی تـــەواوی کوردســـتان لـــە پەیوەندیدایـــە و هەوڵـــدەدات ئەوەنـــدەی لـــە دەســـەڵاتیدایە پشـــتگیریان بـــکات.

لێـــرەوە جاریکـــی دیکـــە جەخـــت دەکەینـــەوە ســـەر پتەوکردنـــی ئـــەو پەیوەندییانـــە و دەســـتی دۆســـتایەتی و هاوخەباتـــی بـــۆ تـــەواوی




لایەنەسیاسییەکان و وڵاتپارێزەکانی کوردستان درێژ دەکەین، لەبەر ئەوەی تا چەند لەیەکدی نزیکبین و یەکگرتووبین ئەوەندەش لەسەرکەوتن نزیکدەبینەوە، داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە بە جیاوازی بۆچوونیشیانەوە لەسەر لێدان و قڕکردنی کورد یەکدەنگن و کۆکن، ئەی باشە بۆ ئێمەی کورد بۆ خۆ پاراستن و بەرگریکردن لە بوونمان یەکدەنگ و یەکڕیز نەبین؟! دەبا یەکگرتووبین بۆ بەرەڤانی کردن لە بوون و خاك و چارەنووسمان.

■ **کوردایەتی نەك حزبایەتی**

ئەم قۆناغەی خەبات لە هەموو لایەکمان دەخوازێت کە خۆمان لە جوغزی بەرتەسکی حزبایەتی دەربهێنین و لەژێر رەشماڵی کوردایەتیدا کۆببینەوە، واتە جلی حزبایەتی دابکەنین و جلی کوردایەتی بپۆشین و کوردایەتی بکەین، بۆ ئەمەش دەبێت بە ئاراستەیەکی دیکە کاربکەین

کــە ئەویــش ئاراســتەی نەتەوەییــەن ئەگــەر ئــەوە نەکەیــن ئــەوا لــەدوای خەڵکــەوە دەبیــن، بۆیــە دەبێــت لــە ئێســتاوە (هــەر چەنــدە زۆر درەنگیشــە!!) ئــەو کارانــە بکەیــن:

ـ تێکەڵکردنــەوەی ئیــدارەی ســلێمانی لەگــەڵ حکومەتــی کوردســتان و فراوانکردنــی بنکــەی حکومــەت کــە نوێنەرانــی هــەرە زۆری لایەنــە وڵاتپارێــزەکان بگرێتەخــۆ و رەنگدانــەوەی واقعــی سیاســی و نەتەوەیــی کوردســتان بێــت.

ـ خورتکردنــی بزاڤــی دبلۆماســیەتی کــوردی و خســتەگەڕی کەســانی وڵاتپارێــز و نیشــتمانی لــەم بــوارەدا.

ـ بەســتنی کۆنگرەیەکــی نەتەوەیــی نیشــتمانی بــۆ تــەواوی هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان بــۆ دارشــتنی کارنامەیــەك بــۆ ئــەو قۆناخــەی ئێســتای خەباتمــان و دانانــی ســتراتیژێکی یەکگرتــوو بــۆ بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان و یەکخســتنی وتــاری سیاســیی کــورد.

ـ گۆڕینــی ســەرلەبەری پرۆگرامــی خوێنــدن (لــە ســەرەتاییەوە تــا زانکــۆ) بــە پرۆگرامێکــی هاوچــەرخ و گونجــاو لەگــەڵ واقعــی سیاســی و دیــرۆك و جوگرافیــا و کلتــوور و جڤاکــی کوردســتاندا، ببێتــە بنەمایــەك بــۆ پەروەردەکــردن و بیناکردنــەوەی کەســایەتی کــورد لەســەر بنچینــەی باوەڕبەخۆبــوون بــۆ ئــەوەی بتوانیــن نەوەیەکــی بەتوانــاو بەهرەمەنــد پێگەیەنیــن.

ـ هەمــوو رێکخــراوە پیشــەیی و جەماوەرییــە هــاو ئامانجــەکان بــە فدراســیۆنی هاوبــەش لــە یەکــدی نزیکبکرینــەوەو دواتــر بکریــن بەیــەك.

ئەوانــەی باســمان کــردن چەنــد هەنگاوێکــی ســەرەتایین بــۆ ئــەم قۆناغــەی خەباتــی بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان و دەکــرێ کاریــان لەســەربکرێت و بکرێتــە بنەمایــەك بــۆ کاری هاوبــەش بــەرەو یەکگرتــن و یەدەنگــی کــورد و گەلــی کوردســتان.

■ **تێڕوانینی YNDK بۆ نەتەوەکانی کوردستان**

هەمــوو ئەوانــەی لەســەر خاکــی کوردســتان دەژیــن هاوڵاتــی کوردســتانن و دەبــی لــە ئــەرك و مافــدا یەکســان بــن و، ئــازاد بــن لــەکاری سیاســی و کلتــووری و ... هتــد، بەزمانــی خۆیــان بخوێنــن و لەبەڕێوەبردنــی کوردســتاندا بەشــداربن و لەچوارچێــوەی یاســاکانی کوردســتاندا هەڵســوکەوت بکــەن و رێ بەهیــچ کەســێك نەدریــت لەیاســا دەربچێــت و گــوێ بەیاســا نــەدات، دەکرێــت ئــەم شــێوە مامەڵەیــەی ئەمــڕۆی حکومەتــی کوردســتان لەگــەڵ نەتەوەکانــی کوردســتاندا بکرێتــە نموونــە بــۆ ئاینــدە و ئــەو شــیوەیەی ئەمــڕۆ پێشــبخرێت و لەســەر ئــەو بنەمایــە مامەڵەیــان لەگەڵــدا بکرێــت، واتــە لــەڕووی یاســایی و دەســتوورییەوە هەموومــان یەکســان بیــن و هاوڵاتــی کوردســتان بیــن.

■ YNDK و بەگژداچوونەوەی ئایدۆلۆژیا هاوردەکان

YNDK هەمیشــە لەبەرامبــەر ئایدۆلۆژیــا هــاوردە و نامــۆکان بــە کۆمەڵگانــی کوردســتان لەســەنگەردا بــووە و بەرپەچــی ئــەو ئایدۆلۆژیــا هــاوردە و نامۆیانــەی داوتــەوە و راســتییەکانی بــۆ خەڵکــی کوردســتان خســتۆتەڕوو، پێــی وابــووە ئەوانــە هۆکارێکــی ســەرەکی بوونــە بــۆ شــێواندنی کەســایەتی کــوردو نامۆکردنــی بــە کلتوورەکــەی، نووســینەکانی شــەهیدی رێبــازی کوردایەتــی شــەهیدی ســەرکردە (سەربەســت مەحمــود) گەواهیــدەری ئــەو راســتییەن.

YNDK بــەردەوام هەوڵیــداوە هەڤاڵانــی خــۆی بــە بیــری کوردایەتــی گــۆش بــکات و ســەرلەنوێ کەســایەتی شــێواوی کــورد لەســەر بنەمــای باوەڕبەخۆبــوون و پابەندبــوون بــە کلتوورەکــەی دروســت بکاتــەوە، بــۆ ئەمــەش پرۆگرامــی تایبــەت بــە خــۆی هەبــووە چ بــە نووســین و شرۆڤــە سیاســییەکان لــە هۆیەکانــی راگەیاندنــی خۆیــدا و چ بەچاپکردنــی کتێــب و

نامیلکــەی نەتەوەیــی و نیشــتمانی لــەم بــوارەدا کاری خــۆی کــردووە.

**■ YNDK و بەرەنگاربوونەوەی پیلانی بەعەرەبکردنی کوردستان**

پیلانـی بەعەرەبکردنـی کوردسـتان کـە لەلایـەن هەریـەك لـە رژێمـی داگیرکـەری عێـراق و سـووریاوە لـەدژی نەتەوەکەمـان جێبەجێدەکریـت، پیلانێکـە بـۆ سـڕینەوەو نەهێشـتنی کـورد بـە خـاک و خەڵکـەوە، YNDK زۆر بوێرانـە و بـە بەرنامـە دژ بـەو پیلانــەی داگیرکــەران وەســتاوەتەوە و لەقاویــداوە و، بــە بەردەوامــی لــە هۆیەکانــی راگەیاندنـی خۆیـدا ئـەو پیلانـەی داگیرکەرانـی ریسـوا کـردووە و لەسـەری نووسـیوە، لــەم بــوارەدا کــەس ناتوانێــت ئینــکاری رۆڵــی رۆژنامــەی میدیــا بــکات، هەروەهــا گۆڤـاری سـەرخۆبوون و گۆڤـاری قەرەچـوغ ـ یـش رۆڵـی خۆیـان بینیـوە.

جگــە لەوانــە چەنــد کتێبێــك لەلایــەن رۆژنامــەی میدیایــەوە لەســەر بەعەرەبکــردنی کوردســتان بەچــاپ گەیەنــراون و بڵاوکراونەتــەوە، لــە دامەزراندنــی (لیژنــەی بــاڵای بەرەنگاربوونــەوەی بەعەرەبکــردنی کوردستان)یشــدا YNDK رۆڵــی بەرچــاوی خــۆی هەبــووەو بــە هــاوکاری لایەنەکانــی دیکــە لــەم لیژنەیــەدا بــەردەوام بیــرو بۆچوونەکانــی خــۆی خســتۆتەڕوو.

هەروەهــا YNDK هەوڵیــداوە هاوهەڵوێســتییەکی تــەواو لەســەر ریســواکردنی سیاســەتی بەعەرەبکردنــی کوردســتان دروســت بــکات، بــۆ ئــەم مەبەســتە بانگهێشــتی حزبەکانــی کوردســتانی کــردووە و لــە رۆژی ٧/ ٩/ ٢٠٠٢ لــە بــارەگای مەکتەبــی سیاســی YNDK دا کۆبوونەوەیەکــی رێکخســتووە بــۆ گفتوگۆکــردن لەســەر دوو خــاڵ، هەڕەشــەکانی تورکیــا و پیلانــی بەعەرەبکردنــی کوردســتان لــەم کۆبوونەوەیــەدا ١٧ حــزب و لایەنــی کوردســتان بەیەکــەوە ئیدانــەی سیاســەتی بەعەرەبکردنــی کوردســتانیان کــردووەو راگەندنێکــی هاوبەشــیان لــەو بارەیــەوە راگەیانــدووە، هەروەهــا لــە چەندنیــن کۆبوونــەوەی جەماوەریشــدا بەشــداربووە و هانــی خەڵکــی داوە بــۆ گەڕاندنەوەیــان بــۆ ســەر زێــدی بــاب و باپیرانیــان.

ئەوانـــەی لـــە پێشـــەوەدا باســـمان کـــردن چەنـــد ســـەرە قەڵەمێـــك بـــوون لـــە هەڵوێســـتە نەتەوەیـــی و نیشـــتمانییەکانی YNDK و بـــە پێویســـتمان زانـــی وەبیـــر خوێنـــەران و هەڤاڵانـــی بهێنینـــەوە بـــۆ ئـــەوەی لـــە هەشـــتەم ساڵیادی لەدایکبوونـــی YNDKدا جارێکـــی دیکـــە کاریـــان لەســـەر بکەیـــن و بیانکەینـــە ســـەر مەشـــقی خەباتـــی داهاتوومـــان، کـــە بێگومـــان خەباتـــی داهاتووشـــمان، خەباتـــی کوردایەتییـــە و خـــۆ دوور گرتنـــە لەجوغـــزی بەرتەســـکی حزبایەتـــی و کۆبوونەوەمانـــە لـــە ژێـــر رەشـــماڵی گـــەورەی کوردایەتـــی، کارکردنمـــان بـــەم ئاراســـتەیەش دەمانگەیەنێتـــە کوردســـتانیکی ســـەربەخۆو ئـــازادو یەکگرتـــووو دیموکـــرات.

***

**تێبینـــی:** ئـــەم وتـــارە لـــە ژمـــارە (١٤٣)ی ڕۆژی دووشـــەممە، ٢٠٠٣/٣/١٧ ی ڕۆژنامـــەی (میدیـــا)دا بڵاوبۆتـــەوە.

لە نۆیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دا:

# یەکڕیزی و
# یەدەنگی دەمانگەیەنێتە ئامانج

نۆیــەم ســاڵیادی دامەزراندنــی YNDK هاوکاتــە لەگــەڵ هاتنــە پێشــەوەی کۆمەڵــێ رووداوی گرنــگ، کــە پێویســتە هەڵوەســتەیان لەســەر بکرێــت.

ســاڵی پــار لەهەشــتەم ســاڵیادی دامەزرانــدنی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکــراتی کوردســتان YNDK دا، رێــك لــە ٢٠٠٣/٣/٢٠دا هێــزی هاوپەیمانــان هێرشــی کــردە ســەر ئێــراق و ئەوەبــوو لــە ماوەیەکــی کەمــدا رژێمــی دیکتاتــۆری ئێراقــی رووخانــد و، گەلــی کوردســتان و گەلــی ئێــراق بەخۆشــحاڵییەوە پێشــوازییان لــەو قۆناغــە نوێیەکــردو، کەوتنــە خــۆ ئامادەکــردن بــۆ بەرنامەرێژکــردنی ئــەو قۆناخــە تازەیــە.

YNDK وەك هێزێکــی سیاســی ســەر گۆڕەپانەکــە؛ لــە ئاســت رووداوەکانــدا هەمیشــە خــودان هەڵوێســتی نەتەوەییانــە و راشــکانەوەی خــۆی بــووە و لەڕوانگەیەکــی نەتەوەییــەوە بویەرەکانــی شــیکردۆتەوە، لــەم یادەشــدا بــە پێویســتی دەزانــم هەڵوەســتە لەســەر چەنــد رووداوێکــی گرنــگ بکــەم، کــە لــەم ســاڵەدا هاتوونەتــە پێشــەوە وەك (ئیمزاکردنــی یاســای بەڕێوەبردنــی دەوڵەتــی ئێــراق، شــەڕی تیــرۆر، کارەســاتی قامشــلۆ ...).

## ■ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئێراق

لەگـەڵ کەوتنـی بەغـدا و رژێمـی دیکتاتـۆری ئێـراق، ئێراقیـش وەکـو دەوڵـەت هەڵوەشـایەوە و، هەڵێکـی لەبـار بـۆ گەلـی کوردسـتان هەڵکـەوت بۆئـەوەی خەونـی چەندیـن سـاڵەی کـە بیناکردنـی دەوڵەتـی کوردسـتانە بێتـەدی.

ئەگـەر هەمـوو لایەکـمان بـەو ئاراسـتەیەدا کارمـان بکردایـە ئـەوا کێشـەی کوردسـتان زۆر پێشـدەکەوت و دەمانتوانـی ببینـە هۆکارێـك بـۆ چەسـپاندن و وەدەسـتهێنانی زیاتـری مافەکانمـان، بـەڵام لـە جیاتـی ئـەوە کاری دیکـە کـرا، کـە هەوڵـدان بـوو بـۆ دروسـتکردنەوەی ئێـراق بەرەنجامەکانیشـمان بینـی چـی بـوو ! شـتێکی ئاسـاییە کـە تـۆ لەمـافی خـۆت کەمـتر داوا بکـەی شـتی هنـدک وەدەسـت دەهێنـی، بـەڵام تـۆ داوای تـەواوی مافـی خـۆت بکەیـت هاوکێشـەکە دەگۆڕێـت، بێگومـان مافـی گەلـی کوردسـتان سـەرخۆبوونی کوردسـتانە، کـە تـۆ داوای سـەربەخۆبوون بکەیـت ئـەوا فیدراڵـی یـا کۆنفیدراڵـی وەدسـتدەهێنی، بـەڵام داوای فیدراڵـی بکەێـت لـە فیدراڵـی کەمـتر وەدەسـتدەهێنی یـان فیدراڵیەتێکـی وادەبێـت کـە بـە خواسـتی تـۆ نەبێـت، واتـە وەك ئـەوەی کـە لـە یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـی ئێراقـدا بـۆ کـورد وەدەسـتهاتووە.

یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـی ئێـراق، بنەمایەکـە بـۆ ئیدارەکردنـی ئێـراق لـە مـاوەی گواسـتنەوەدا و یاسـاکەش کاتییـەو دوای ئـەو دەسـتوور دادەنرێـت و دەخرێتە راپرسـییەوە، لەسـەر بنەمـای دەسـتووریش یاسـاکانی دیکـەی ئێـراق دادەڕێژرێـن، تـا دەسـتوور تـا چەنـد گشـتگیر بێـت ئەوەنـدەش دەبێتـە جێـی بـاوەڕی خەڵـك.

ئـەو یاسـایەی کـە ئیمـڕۆ گەلـی کوردسـتان دڵـی پێخۆشـە، ئـەوەی گەلـی کوردسـتان دەیخواسـت لەیاسـاکەدا نەچەسـپاوە ئـەو فیدراڵیـەی دانـی پیانـراوە ئـەو فیدراڵییـە نیـە کـە گەلـی کوردسـتان داوای دەکات.

فیدراڵـی بـێ (کەرکـوك، موسـڵ، مەخمـوور، خانەقیـن، دیالـە، شـنگال و بـێ

دیاریکردنـی سـنووری باشـووری کوردسـتان) هـی ئـەوە نییـە بمانهێنیتـە سـەر شـەقام و دڵخۆشـمان بـکات، بـەڵام ئەگـەر لەگـەڵ کەوتنـی ئێـراق داوای سـەرخۆبوون یـان کۆنفیدراڵیـمان بـۆ کوردسـتان بکردبوایـە ئـەوا ئـەو فیدراڵیـەی دەمانویسـت ئـەو دەبـوو نـەك ئـەوەی ئێسـتا، کـە زۆربـەی زۆری گەلـی ئێراقیـش دژیەتـی ! دواخسـتنی کێشـەی کەرکـووك و موسـڵ و مەخمـوور .. و، شـارەکانی دیکـە لەبەرژەوەنـدی کـوردا نییـە و لـەم بارەیەشـەوە ئەزموونمـان زۆرە، شـتێکی ئاسـاییە کـە ئێـراق کەوتـەوە سـەرپێی خـۆی هەڵوێسـتێکی دیکـە وەربگرێـت کـە دژی خواسـتەکانی گـەلی کوردسـتان بێـت.

لـەم قۆناخـەدا سـەرەڕای هەمـوو کـەم و کوڕییەکانیـش دەبـێ دەسـت بـەم یاسـایەوە بگریـن لەبەرئـەوەی لـەو زیاتـر شـتێکی دیکـە نییـە، لەهەمـان کاتـدا دەبـێ ئـەوەش بـە دەسـەڵاتدارانی ئێـراق بگوتـرێ کـە ئـەوە تـەواوی خواسـتەکانی کـورد نییـە و، بگـرە کەمتریـن ئـەو مافانەیـە کـە داوای دەکات.

■ **شەڕی تیرۆر**

کـورد لەوەتـەی هەیـە شـەڕی تیـرۆر دەکات و، کوردیـش گەورەتریـن زیانمەنـدی دەسـتی تیـرۆرە، لـە دووەم دابەشـکردنی کوردسـتاندا، کوردسـتان خرایـە سـەر چـوار دەوڵەتـی تیرۆریسـت و، هەریـەك لـەو دەوڵەتانـە بـە جۆرەهـا شـێواز و لـە هەمـوو روویەکـەوە کەوتوونەتـە تیرۆرکردنـی کـورد وەك نەتەوەیـەك.

ئـەو تیـرۆرەی لـە ئێـراق و تورکیـا و ئیـران و سـوریا دەرهـەق بـە کـورد کـراوە بـێ نموونەیـە، بـەڵام لـە هەمـووی ترسـناکتر ئـەو شـاڵاوە تیرۆریسـتانەی ئـەم دواییەیـە کـە لەگـەڵ روخانـی رژێمـی بەعسـدا رۆژ بـە رۆژ لەزیادبووندایـە، ئـەو شـاڵاوی تیرۆریسـتیەش زادەی عەقڵیەتـی پاشـڤەڕۆ و تاڵانچـی عەرەبـە.

لەبەرئـەوەی کلتـووری عـەرەب لەسـەر (هێرشـبردن و تاڵانکـردن و قڕکـردن) بیناکـراوە، بەدرێژایـی مێـژوو عـەرەب لـەدژی خەڵکـی دیکـە لەشـەڕدا بـووە و

هێرشــی بردۆتــە ســەر خەڵکــی غەیــرە عــەرەب و مــاڵ و ســامانی خەڵکەکــەی تاڵانکــردووە و خەڵکەکەشــی قەتڵوعــام کــردووە، بێگومــان ئــەم مێــژووە پــڕ شــەرمەزارییەی عــەرەب لای عــەرەب شــانازیشی پێوەدەکرێــت، بۆیــە ئەگــەر ســەیر بکەیــن قۆنــاخ بــە قۆنــاخ و بــە شــێوازی جیاجیــا درێــژەی هەیــە، کارەســاتێکی جەرگبــڕی وەک (١)ــی شــوبات لــە هەولێــر ئەگــەر زادەی ئــەم عەقڵیەتــە بۆگەنــە نەبێــت زادەی چییــە ؟ چ عەقڵیەتێــك ئــەوە بــە ڕەوا دەزانــێ لــەڕۆژی جەژنــدا کۆمەڵــێ روحــی پــاك و بێگونــاە بــەو کارەســاتە ببــات ئەگــەر عەقڵــی (هیــرش و تــاڵان و قرکــردن) نەبێــت !

بێگومـان کارەسـاتی (١)ــی شـوبات کارەسـاتێکی گـەورەی نەتەوەکەمانـەو وەکـو پێویســت (بــرا چــاو ڕەشــەکانمان هاوخــمان نەبــوون، بگــرە لــە هەنــدێ شــوێندا تەقــەی خۆشــیان کــردو شــیرینییان بەخشــییەوە، ئــەوە چ عەقڵیەتێکــە بەڕژانــی خوێنــی مــرۆڤ دڵخــۆش بێــت بێگومــان عەقڵیەتــی پاشــڤەڕۆی عەرەبــە).

لەســەر هەمــوو لایەکمانــە بــۆ بەرگرتــن بــەم شــاڵاوانە یەکریــز و لەیــەك ســەنگەردابین، ئــەم شــاڵاوانە هەڕەشــێکی گــەورەن بــۆ ســەر هەمــوو لایەکــمان و رووبەڕووبوونەوەشــی ئەرکــی هەمــوو لایەکمانــە.

■ **کارەساتی رۆژئاوای کوردستان**

رۆژی ١٢/ ٢٠٠٤/٣ رژێمــی فاشــی و داگیرکــەری ســوریا بەپێــی بەرنامەیەکــی دارێــژراو کەوتــە هێرشــکردن بــۆ ســەر خەڵکــی شــاری قامشــلۆی خۆڕاگــر و خەڵتانــی خوێنــی کــردن و دواتــر هێرشــەکانی ســوپای ســوریای داگیرکــەر شــارەکانی دیکــەی رۆژئــاوای کوردســتانی گرتــووە (حەســەکە، ترباســپی، کۆبانــی، ئامــودا، دێــرك، ســەرێ کانــی، عفریــن) و گەلــێ شــوێنی دیکــەش، دواتــر کوردەکانــی شــام و حەلەبیشــی گرتــەوە و پــاش ئــەو هێرشــانە دەســتکراوە بــە تاڵانکردنــی دوکان و ماڵــی کــوردان و عەشــایەری عەرەبیــش لــەو هێــرش و تاڵانییــەدا بەشــداربوون و تــا ئێســتاش درێــژەی

هەیـە، لـە بەرامبـەر ئەوەشـدا کـورد بـێ چەکـەو چـەك بەدەسـت عەرەبەوەیـە.

رژێمـی داگیرکـەری سـوریا بـە بەرچـاوی هەمـوو دونیـا کەوتـە قەتڵوعامـی خەڵکەکـەو تاڵانکردنـی، هێشـتاش خـۆی لەسـەر هـەق دەبینـێ و بـاس لـەوە دەکات کـە کـورد بـە فەرمانـی خەڵکانـی دیکـە هەڵسـاوەتە سـەر پـێ، ئەوەیـە دەڵـێ: (تـا خـاوەن مـاڵ دزی گـرت، دز خـاوەن ماڵـی گـرت).

ئـەو رووداوانـەی رۆژئـاوای کوردسـتان خاڵـی وەرچەرخانـن و دەبـێ دووربینانـە مامەڵـەی لەگەڵـدا بکەیـن و بیکەینـە هۆکارێـك بـۆ پێشـڤەبردنی کێشـەی کـورد لـە رۆژئـاوای کوردسـتاندا.

ئەگـەر سـەیری بکەیـن میللـەت لـە رۆژئـاوادا یـەك دەنگـە دژی ئـەو شـاڵاوەی سـوریا و تـەواوی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان (باکـوور، باشـوور، رۆژهـەڵات) هاوسـۆزن لەگـەڵ براکانیـان لـە رۆژئـاوادا، دروسـتبوونی ئـەم یەکدەنگییـەی شـەقامی کـوردی فاکتەرێکـە بـۆ دروسـتبوونی هەڵوێسـتێکی یەکگرتـووی سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد و دەبـێ کاری لەسـەر بکرێـت.

ئەگـەر رۆژئـاوای کوردسـتان تـا ئێسـتا خرابـووە پەراوێـزەوە ئـەوا دەبـێ ئێسـتا بیکەینـە سـەر دەفتـەر و کاری بـۆ بکەیـن، بەتایبـەت ئێسـتا کـە گۆڕانـکاری گـەورە لەناوچەکـەدا بەڕێوەیـە، دەبـێ خۆمـان ئامـادە بکەیـن بـۆ پێشـوازی ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە دێنـە پێشـەوە، لەسـەر رەڤەنـدی کوردیشـە لـە دەرەوەی وڵاتـدا جموجۆڵـی خۆیـان کاراتـر بکـەن بـۆ ناساندنی زیاتـری کێشـەی رۆژئـاوای کوردسـتان بـە کەناڵـە بڕیـار بەدەسـتەکانی جیهـان.

ئێمـە وەکـو YNDK جاریکـی تـر زۆر بـە تونـدی ئەنجامدەرانـی تـاوان و کارەسـاتی رۆژئـاوای کوردسـتان ئیدانـە مەحکـوم دەکەیـن و هاوخەمـی خۆشـمان بـۆ قوربانیانـی کارەسـاتەکە دووبـارە دەکەینـەوەو ئامادەیـی خۆشـمان بـۆ هـەر جـۆرە پشـتگیری و هاوکارییـەك رادەگەیەنیـن.

■ **کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردایە، ئەو قۆتاغەش یەکدەنگی و یەکڕیزیمان لێدەخوازێت، بۆ دورستکردنی ئەو یەکدەنگی و یەکڕێزییە، داوا لە سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان و حکومەتی کوردستان دەکەین کە کار بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی سەرەتاسەی بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکات، ئێستاش رەوشی باشووری کوردستان لە پارچەکانی دیکە لەبارترەو بەراورد ناکرێت.

بۆیە وەکو بەرپرسیارێتیەتی مێژوویی دەبێ بەم ئەرکە رابین، پێویستە لە کۆنگرەکەدا ستراتیژییەتێکی یەکگرتووی هاوبەش بۆ تەواوی پرسی کورد لەسەر ئاستی کوردستان مەزندا دابڕێژرێت، لەگەڵ ئەمەدا رەچاوی تایبەتمەندی هەریەك لە بەشەکانی کوردستان بکرێت و لەبەرچاو بگیرێت و، هەر پارچەیەك بۆ ئەم قۆناخە چی دەخوازێت و چی مومکین دەبێت کار بۆ ئەوە بکات، لەهەمان کاتدا لەم کۆنگرەیەدا پەیماننامەیەکی نەتەوەیی لە نێوان هەموو لایەنەکاندا ئیمزا بکرێت، بۆ خۆ دوورگرتن لە هەر کێشەو ناکۆکییەکی ناوخۆ، بەستنی ئەم کۆنگرەیە ئەرکێکی بەپەلەی ئەم قۆناخەی خەباتمانەو لەسەر هەموو لایەکمانە کاری بۆ بکەین و ئەو یەکدەنگی و یەکڕیزییەی شەقامی کوردی بگوازینەوە بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان.

■ **نۆیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK**

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDKلە ٢١/ ٣/ ١٩٩٥ دامەزراو کەوتە کارو خەباتی نەتەوەییانەی خۆی و زۆر راشکاوانە و بوێرانە دروشمی (کوردستانێکی سەربەخۆو ئازاد و یەکگرتوو دیموکرات)ی بەرزکردەوە و کەوتە خەبات لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەو، پرەنسیپە نەتەوەییەکانی YNDK، YNDKی بە کۆمەڵێ شتەوە پەیوەست کردووە لە سەرڕووی

هەموویانــەوە داکۆکیکــردن لــە تــەواوی خاکــی کوردســتان و ســەیرکردنی کوردســتان وەك یەکەیەکــی لێکدانەبــڕاو، هەروەهــا هــەر چــوار داگیرکــەری کوردســتانیش بــە دوژمنــی ســەرەکی کــورد و خــۆی دەزانێــت.

بۆیــە ســەربەرزانە تــا ئێســتا هیــچ پەیوەندییەکــی لەگــەڵ داگیرکەرانــی کوردســتاندا نییــە، لەســەروبەندی کێشــەی فایلدارەکانیشــدا YNDK پەرێــزی پاکژبــوو، هیــچ ئەندامێکــی YNDK نەخرابــووە نــاو دەزگا ســەرکوتکەرکانی ئێــراق ئــەوەش شــانازییەکی گەورەیــە بــۆ YNDK.

YNDK لــە ئاســت کێشــە چارەنووســازەکاندا راشــکاوانە هەڵوێســتی خــۆی خســتۆتەڕوو، ئێســتاش نۆیــەم ســاڵیادی YNDK کــە هاوکاتــە لەگــەڵ کارەســاتی جەرگبــڕی رۆژئــاوای کوردســتان، بۆیــە بڕیارمانــداوە تــەواوی مەراســیمەکانی نۆیــەم ســاڵیادی YNDK رابگریــن و ماتەمــی خۆمــان لەگــەڵ برایانــی رۆژئــاوا راگەیانــدووە و لــە ماتەمدایــن، ئــەم بڕیارەشــمان بــۆ رێزگرتــن لــە گیانــی پاکــی شــەهیدانی کارەســاتی رۆژئــاوای کوردســتانە و بــە شــەهیدانی گەلــی کوردســتانیان دەزانیــن.

لەکۆتاییــدا بەبۆنــەی جەژنــی نــەورۆزو ســەری ساڵی کــوردی و نۆیــەم ســاڵیادی دامەزراندنــی YNDK پیرۆزباییەکــی گــەرم ئاراســتەی هەڤــاڵان و ئەنــدام و دۆســت و لایەنگرانــی YNDK و کەســوکاری شــەهیدانی رێــی ســەرخۆبوون و ئــازادی کوردســتان و بنەماڵــەی بــراو هەڤاڵــمان شــەهید (سەربەســت مەحمــوود) و تــەواوی گەلــی کوردســتان دەکەیــن و ســڵاو دەنێریــن بــۆ تــەواوی زیندانییــە سیاســییەکانی نێــو زیندانەکانــی داگیرکەرانــی کوردســتان و هیوادارییــن نــەورۆزی ئەمســاڵمان ســەرفرازی بــۆ کوردســتان بــەدوای خۆییــدا بهێنــێ.

***

**تێبینــی:** ئــەم وتــارە لــە ژمــارە (١٥٨)ی ڕۆژی یەکشــەممە، ٢٠٠٤/٣/٢١ ی رۆژنامــەی (میدیــا)دا بڵاوبۆتــەوە.

# کۆنگرەیەکی نیشتمانی کوردستانی چارەسەری دۆزی کورد دەکات نەك کۆنگرەی نیشتمانی ئێراق!

(کۆنگـرەی نیشـتمانی ئێـراق) لەڕۆژانـی ١٥و ١٦و ١٧ و ١٨/ ٨/ ٢٠٠٤ لـە هۆڵـی کۆشـــکی کۆنگـــرەکان لـــە بەغـــدادی پایتەختـــی ئێـــراق بـــە بەشـــداری نزیکـــەی (١٣٠٠) ئەنـــدام بەســـترا، رۆژی یەکـــەم و دووەمـــی کۆنگرەکـــە زیاتـــر تەرخـــان کـــرا بـــۆ هەڵســـەنگاندنی رەوشـــی نەجـــەف و ئاژاوەگێرییەکانـــی موقتـــەدا ســـەدر و دانـــی یاداشـــت بـــە حکومەتـــی ئێـــراق و پاشـــان ناردنـــی شـــاندێك بـــۆ نەجـــەف بـــە یاداشـــتێکەوە بـــۆ لای موقتـــەدا ســـەدر کـــە پێشـــوازی نەکـــران و بەرێـــی خۆیانـــدا گەڕانـــەوە.

دوو رۆژی دواتـــر (١٧، ٨/١٨) کـــە درێژکردنـــەوەی کۆنگرەکـــە بـــوو، لـــەم دوو رۆژەدا زیاتـــر کارکـــردن بـــوو بـــۆ لیســـت و لیســـتکاری جگـــە لـــە خوێندنـــەوەی راپۆرتـــی لیژنەکانـــی بەرنامـــەی کاری سیاســـی، بەرنامـــەی کاری فایلـــی ئەمنـــی و رێکارەکانـــی چارەســـەرکردنی بەرنامـــەی کاری ئاوەدانکردنـــەوەو بەرنامـــەی کار دەربـــارەی پاراســـتنی مافـــەکانی مـــرۆڤ و دادپـــەروەری لـــە قۆناغەکانـــی گواســـتنەوەدا.

لـــەو چـــوار رۆژەی کۆنگرەکـــەدا گفتوگـــۆ و هەڵچوونێکـــی تونـــد لەنێـــو

ئەندامانــی کۆنگرەکــەدا هەبــوو بەتایبەتــی نوێنەرانــی پارێزگاکانــی باشــووری ئێــراق، بێدەنگتریــن ئەندامانیــش ئەندامەکانــی گروپــی کوردســتان بــوون لــە کۆنگرەکــەدا.

بەشــداربووان زۆر بەڕوونــی هەســتیان بــەوە دەکــرد، کــە ئێمــە گەلێکیــن و عەرەبیــش گەلێکــی دیکــە واتــە گەلــی کوردســتان و گەلــی ئێــراق دوو شــتی لەیەکجیــان و بــەزۆر تێکەڵــی یەکــتر کــراون، ئــەوەی ئــەو راستییەشــی نەزانیبێــت لــەم کۆنگرەیــەدا زانــی، هەروەهــا گەیشــتمە ئــەو بــاوەڕەی کــە بــەلای کــەم ئێمــە نزیکــەی (٥٠٠) ســاڵێك لــە پێــش ئەواندایــن.

رۆشــنبیرەکانیان تــا ئێســتا هــەر بــە عەقڵــی زەمانــی حوشــتر و گاڕان بیردەکەنــەوە جــا دەبــێ حاڵــی خەڵکەکــەی دیکــە چــی بێــت؟ لــە هەهــووی ســەیرتر چەنــد کەســێك لــە دوارۆژی کۆنگرەکــەدا زۆر بــە ئاشــکرا لــە پێــش هەمــوو ئەندامانــی کۆنگــرەی کۆمەڵــەی نیشــتمانی ئێراقــی نــوێ! هاواریــان دەکــرد: (بــژی بــا بــژی حزبــی بەعســی عەرەبــی ئیشــتراکی)!!

بەڕاســتی گوناهێکــی گەورەیــە جاریکــی تــر لەگــەڵ ئــەو خەڵکانەمــان تێکەڵکەنــەوە، هەمــوو جیهــان لــەم ســەردەمەدا زمانــی دیاڵــۆگ بــە شــیوازێکی هاوچــەرخ دادەنێــن بــۆ یەکلاییکردنــەوەی کێشــە ئاڵــۆزەکان، بــەڵام ئــەوەی تێبینیمــم کــرد عەرەبــی ئێــراق هێشــتاش زۆری مــاوە لــەم زمانــە بــگات، تائێســتاش لــە ژێــر کاریگــەری گوتــاری خێڵەکــی دایــەو بــە عەقڵــی ســەد ســاڵ بــەر لەئەمــڕۆ بیــر دەکاتــەوە، زۆرجــار کــە تێکبەردەبــوون دەبــووە بەزمیکــی وا کــەس گوێــی لــە کــەس نەدەگــرت و ئێمــەی کوردیــش ســەیرمان دەکــردن و پێیــان پێدەکەنیــن کــە زۆریــان پێناخــۆش بــوو، ئیرەییــان بــە گروپــی کوردســتان دەبــرد کــەوا یەکدەنــگ و یــەك هەڵوێســت بــوون (خۆزیــا ئــەو یەکدەنگــی و یــەك هەڵوێســتییەمان لــە هەمــوو شــتێکدا هەبووایــە)، ئافرەتێــك لەرێــزی

پێشـەوەی ئێمـە دانیشـتبوو نـاوی (د. سـەلامە خەفاجـی) بـوو گوتـی: ئـەوا چـوار ڕۆژە ئێـوەی کـورد پێـمان پیدەکەنـن؟ منیـش گوتـم: خانـم ئـەوە نزیکـەی سـەد سـاڵە ئێـوە یاریـمان پێدەکـەن و پێـمان پێدەکەنـن بـا ئێمـەش ئـەو چـوار ڕۆژە پێتـان پێبکەنیـن!

لەڕاسـتیدا کۆنگرەکـە بەرووکـەش نـاوی کۆنگرەبـوو ئەگەرنـا خۆشـترین شـانۆگەری سیاسـی کۆمێـدی بـوو، لـەوە دەچـوو تـۆ لـە هۆڵـی شـانۆگەرییەك ئامادەبـوو بێـت نـەك لـە کۆنگرەیەکـدا ! دوا ڕۆژی کۆنگرەکـەش دوو لیسـت ئامادەکـران (قائمـة الوحـدة الوطنيـة العراقيـة) و (قائمـة المتلقـى الديمقراطـي)، لیسـتی یەکـەم لیسـتێکی تەوافوقـی بـوو لـە نێـوان ئـەو حزبانـەی کـە پێشـتر لـە ئەنجوومەنـی فەرمانڕەوایـی (ڕەحمەتیـدا) بەشـداربوون و، لیسـتی دووەمیـش لیسـتی کۆمەڵـێ کەسـایەتی بـوو جگـە لەنوێنـەری چەنـد حزبێـك، ئـەو لیسـتەیان کۆمەڵـێ گرفتـی بـۆ دروسـتکراو ناچارکـرا بکشـێتەوەو تەنهـا لیسـتی یەکـەم مایـەوە بـە شـێوازی (کـێ لەگەڵـە!) واتـە دەسـت بەرزکردنـەوە دانـران (نـەك هەڵبـژاردن) ئـەو کۆنگرەیـە پەندێکـی بـاش بـوو بـۆ زۆر لایـەن و کەسـایەتی کـە بزانـن شـەقامی ئێـراق چییـە و چـۆن بیردەکاتـەوە؟ ئـەو کۆنگرەیـە ئاماژەیـەك بـوو بـۆ ئـەوەی لـە ئێسـتاوە ئێمـە کاری خۆمـان بکەیـن و نێوماڵـی خۆمـان ڕێکبخەینـەوە و پێگـەی خۆمـان زیاتـر قایـم بکەیـن، بـۆ ئـەوەی هـەر کاتـێ ئـەوەی داوای دەکەیـن جێبەجـێ نەبـوو بـەو (بـرا چاوڕەشـانە!) بڵێیـن ئێمـە ماڵـی خۆمـان دەکەیـن و هـەر کـەس لەماڵـی خـۆی، بێگومـان ئـەوە باشـترین چارەسـەرەو وەفادارییەکـی گەورەشـە بـۆ خوێنـی شـەهیدانمان، لەبـەر ئـەوەی زۆر زەحمەتـە ئێمـە بتوانیـن لەگـەڵ ئـەو خەڵکـە بژیـن کـە تائێسـتا لەسـەر شـەقامن و تەنەکەیەکیشـیان لەژێردانییـە و هیـچ شـتێك بـە کـورد ڕەوا نابینـن ! ئێسـتاش کاتـی ئـەوە هاتـووە



ئــەو یەکدەنگــی و یەکڕێزییــەی گروپــی کــوردی لەکۆنگرەکــەدا بگوازینــەوە شــەقامی کوردســتان و کار بــۆ خواســت و ئامانجــە ڕەواکانمــان بکەیــن، بەمــەش بــاوەڕو متمانــەی گەلــی کوردســتان بــۆ خۆمــان کێــش دەکەیــن و خزمەتێکــی گــەورەش پێشــکەش بــە گەلــی کوردســتان دەکەیــن، نــە ئــەو کۆنگرەیــە و نــە دەیــان کۆنگــرەی تریــش لەگــەڵ ئــەو خەڵکــەدا کێشــەمان چارەســەر ناکــەن و مافەکانمــان زامــن ناکــەن و، جگــە لــە کات بــە فیــڕۆدان شــتێکی تــری لــە شــوێندا ناڕوێــت ! ئەگــەر ئومێدمــان بــەم جــۆرە کارانــە هەبێــت شــتێکمان بــۆ بکــەن ئــەوە بــە هەڵەداچوویــن و کاتیــش جێماندێڵیــت، بۆیــە دەبــێ بیــر لــە حاڵــی خۆمــان بکەینــەوەو بەزووتریــن کات کۆنگرەیەکــی کوردســتانی

ببەستین و لەوێدا هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمان رابگەیەنین و هەمووممان لەسەر یەك ستراتیژ بۆ چارەسەری ریشەیی دۆزی گەلی کوردستان هاودەنگ و هاوهەولوێست بین، ئێمە بەوە لە ئامانجەکانمان نزیکدەبینەوە نەك بە کۆنگرەی نیشتمانی ئێراق !

***

**تێبینی:** ئەم وتارە لە ژمارە (١٦٩)ی ڕۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ٢٠٠٤/٩/١ ی رۆژنامەی (میدیا)دا؛ بڵاوبۆتەوە.

# شێخی کەباب خۆر

رۆژانی ١٧ _ ٢٠٠٤/٩/٢٠ (کۆمەڵـەی دۆسـتایەتی کـوردی _ عـەرەبی) لـە هوتێـلی خانــزادی نزیــك شــاری هەولێــر، بەیەکترگەیشــتنێکی بــۆ رۆشــنبیرانی کــورد و عــەرەب لەژێــر نــاوی (جڤانــا رۆشـنبیری کـوردی _ عـەرەبی) رێکخســت، شـتێکی ئاســاییە کاربکرێــت بــۆ پتەوکــردنی دۆســتایەتی لەگــەڵ هــەر نەتەوەیــەك و، ئــەو جــۆرە بەیەکترگەیشــتنانە زەمینەســازییەکن بــۆ ئــەو لەیەکــتر نزیــکی و دۆســتایەتییە، کوردیــش وەك نەتەوەیــەك زیاتــر لــە هەشــتا ســاڵە لەژێــر دەســەڵاتی نەتــەوەی عــەرەب (لــە مێــژووی خۆیــدا) دەچەوســێتەوە، دەســەڵاتی عــەرەبی ئــەوەی لەدەســتی هاتبــێ بــۆ لەناوبــردنی کــورد درێخــی نەکــردووە! کارێـکی باشـە کـە رۆشـنبیرانی عـەرەب بانگبکرێـن و پێیـان بگوترێـت ئـەو زوڵمـەی دەسـەڵاتدارانی ئێـوە لـە کـوردی کـردووە غەدرێـکی مێژوویـە و برینێـکی قوڵـی لــە جەســتەی دۆســتایەتیماندا دروســت کــردووە بەپلــەی یەکــەم ئــەرکی ســەر شــانی ئێوەیــە ئــەم برینــە ســارێژ بکــەن.

لەدانیشــتنی یەکەمــی ئــەو بەیەکترگەیشــتنەدا بــرای بەڕێزمــان کاك مەســعود بــارزانی رێبــەری بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان لــە

وتارەکەیــدا زۆر راشــکاوانە راســتییە مێژوویــیەکانی بــۆ ئامادەبــووان خســتەڕوو، بەواتایــەکی تــر دەتوانــین بڵێــین وتارەکەیــان پەیامێــکی کوردانــە بــوو بــۆ شــەقامی عــەرەبی و، پتەوکــردنی دۆســتایەتی هــەردوو نەتــەوەی گەڕانــدەوە بــۆ یەکترقبوڵکــردن و داننــان بەمــافی رەوای یەکــتر، ئەمــەش خاڵێــکی جەوهەرییــە لەبیناکــردنی هــەر دۆســتایەتییەکدا، ماوەیــەکی زۆرە و لەتــەواوی شۆڕشــەکانی کوردســتاندا هەوڵــدراوە پــرسی کــورد نەبێتــە کێشــەی نێــوان کــورد و عــەرەب و پارێــزگاری لــە دۆســتایەتی نێــوان هــەردوو نەتــەوە کــراوە (لەلایــەن کــوردەوە) و، بــارزانی نەمــر رێبــەری شــۆڕشی ئەیلــول بــەردەوام جەختــی لەســەر ئــەم پرســە (دۆســتایەتی کــورد و عــەرەب) کردۆتــەوە، دواتریــش ســەرکردایەتی ســیاسی کــورد بــەم ئاراســتەیەدا کاری کــردووە، بــەڵام نەتــەوەی بەرامبــەر کــە عەرەبــە نیــو هێنــدەی کــورد لەخەمــی ئــەو دۆســتایەتییەدا نەبــووە و، ئەوانــەی کاریشــیان بــۆ کــردووە کەســانی بێدەســەڵات و بێکاریگــەری بوونــە لەناوەنــدی ســیاسی و رۆشــنبیری عەرەبیــدا.

لــە ئایــاری ١٩٩٨ کــە یەکــەم گــەڕی دیالۆگــی کــوردی _ عــەرەبی لــە قاهــیرەی پایتەختــی میــسر بەســترا، (کۆمیتــەی هاریــکاری میــسری) کــە دیالۆگەکــەی رێکخســتبوو بــۆ مەسروفــاتی رۆژانــەی کۆنگرەکــە هەریەکــەو (٥٠٠٠) پێنــج هــەزار دۆلاری لــە ســەرکردایەتی پــارتی دیموکــراتی کوردســتان و یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان ســەندبوو، جگــە لــەوەی مەسروفــاتی هاتــن و چــوون و مانــەوەی شــاندی کوردیــش هــەر پــارتی و یەکێتــی خۆیــان کردیــان، لەمــاوەی رابردووشــدا چەنــد کۆنگــرە و کۆبوونەوەیــەکی لــەو جــۆرە لەســەر کیســەی کــورد ئەنجامــدراوە، بێئــەوەی هیــچ ئەنجامێــکی ئەوتۆیــان هەبێــت، لەهەمــووشی ســەیرتر زۆر جــاران ئێمــە وەکــو کــورد لــەو کۆنگــرەو بەیەکترگەیشــتنانەدا لەگــەڵ هاوشــان و ئاســتی زۆر لەخۆمــان نزمــتر دادەنیشــین، لەهەمــوو دنیــادا وابــاوە ئەوانــەی

دانوستاندن لەگەڵ یەك دەکەن لەئاستی یەکتردابن (یاخود ئاستی لاکەی تر نزیکی ئاستی بەرامبەر بێت)، بەڵام لە کوردستان ئەمە رەچاو ناکرێت، هەتا کە چووین بۆ میسریش ئەوە نەکرا، دەسەڵات و سەرکردایەتی کورد چووین لەگەڵ رۆشنبیرانی عەرەب لە قاهیرە بەیەکترگەیشتین، لە کوردستانیش بەهەمان شێوە دەسەڵات و سەرکردایەتی کورد رۆشنبیرانی عەرەب بانگهێشت دەکات، لەڕاستیدا دەبێ دەسەڵات و سەرکردایەتی کورد لەگەڵ دەسەڵات و سەرکردایەتی عەرەب لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان دیالۆگ و دانوستاندن بکەن، ئەگەر دەسەڵاتی عەرەبی ئامادەی ئەو دیالۆگانە نەبێت با رۆشنبیرانی کورد لەگەڵ رۆشنبیرانی عەرەب گفتوگۆ لەسەر دوارۆژی ئەو دۆستایەتییە بکەن، هەندێ جار ئاستی ئامادەبوونی عەرەب لەم بەیەکترگەیشتنانەدا هێندە نزمە مرۆڤ نیگەران دەکات هەروەك ئەوانەی کە بۆ (جڤانا رۆشنبیری کوردی _ عەرەبی) بانگهێشتکرابوون، بێجگە لە چەند کەسایەتییەك، کۆمەڵێ عەگال بەسەری عەرەب بانگکرابوون کە هەر خوێندەواریشیان نەبوو، ئێ باشە ئەوان بۆچی بانگکراون؟! بێگومان بۆ هۆڵ پڕکردنەوەو دیکۆرو هیچی تر.

حەزدەکەم لێرەدا وێنەیەکی زیندووی شێخێکی عەگال بەسەری عەرەبستانتان بۆ باس بکەم، دوای تەواوبوونی دانیشتنی یەکەم کە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دەچووین دوو شێخی عەرەب بەیەکەوە دەڕۆیشتن و یەك لە کەناڵەکانی راگەیاندن مایکەکەی بردە بەردەم شێخ و گوتی رای خۆت لەسەر ئەم بەیەکترگەیشتنە کوردی _ عەرەبییە بڵێ، شێخیش چەند قسەیەکی بۆ کردو وتی: کارێکی باشەو هیوادارم زوو زوو ئەو جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانە سازبکرێن، کە تەواو بوو شێخەکەی تر کە لەگەڵیدا بوو وتی: بۆ دەڵێی زوو زوو ئەو (کۆبوونەوانە) بکرێن، کێ دەتوانی لەو

بارودۆخــە ناخۆشــەدا زوو زوو بێتــە ئێــرە و بگەڕێتــەوە، شــێخی قســەکەریش وەڵامــی دایــەوەو وتی: دە وازبێنــە (کۆنگــرەی)ی چــی و حاڵــی چــی، ئێمــە کــە زوو زوو بێینــە ئێــرە بۆخۆمــان تێــر کەبابــان دەخۆیــن، تێــر مــۆزان دەخۆیــن و، ئــەو بەرپرســەی حــەز بکەیــن دەیبینــین و هــەر جــارێ شــتێ پارەشــمان دەدەنــێ، چیــمان زەرەر کــردووە؟! بەڵــێ ئەمــە گفتوگــۆی نێــوان دوو شــێخی ئەندامــی (جڤانــا رۆشــنبیری کــوردی _ عــەرەبی) بــوو، کــە هــەر بــۆ خــۆشی و زانینــی نیــەتی ئــەم دوو ئەندامــەی (جڤانــا کەبــاب خارنــێ) بەدوایانــدا رۆیشــتم تــا شــوێنی نانخــواردن، قاپــی خۆیــان پــڕ کەبــاب و شــتی تــر کــردو منیــش وازم لێهێنــان و لێیــان دوورکەوتمــەوە و گەڕامــەوە مــاڵ و بــۆ یــەك دانیشــتنی تــر نەگەڕامــەوە نێــو هۆڵەکــە.

باشــە لەگــەڵ شــێخی کەبــاب خــۆر چ جــۆرە پرۆگرامێــك بــۆ دۆســتایەتی کــوردی _ عــەرەبی دادەنرێــت؟! کێشــەی ئــەو کەبــاب خواردنــە، کێشــەی منیــش مــافی گــەلی کوردســتان و دەوڵــەتی کوردســتانە.

هەقــە کۆمیتــەی ئامــادەکاری ئــەو کۆنفرانــس و بەیەکترگەیشــتنانە و ئــەو کارانــە بزانــن کــە کــێ بانگهێشــت دەکــەن، کەســێك بانگبکــەن دوو بۆچــوونی بــاشی پێبێــت، نــەك کەبــاب خۆرێــك کــە گاڵتــە بەهەمــوو شــتێك بــکات، خــۆ دەکــرێ ماوەیــەك چــاوەڕێ بکەیــن کــە عــەرەب خۆیــان بەیەکترگەیشــتنێکی لــەو جــۆرە رێکبخــەن (کــە زەحمەتــە رێکیبخــەن)، بــا جارێکیــش ئــەوان دەســتی دۆســتایەتیمان بــۆ درێژبکــەن.

عەقڵییــەتی زاڵــی عــەرەب تائێســتاش خــۆی لەســەرووی خەڵــکی تــردا دەبینێتــەوە، عەقڵیەتێکــە پەیوەســت بــە مێــژوو و کلتــوری عــەرەب، ئــەو کلتــورەش لەســەر ســێ ســتوون وەســتاوە: (هێــرش، تــاڵان، قڕکــردن)، جــا عەقڵیەتێــك پەیوەســتی کلتــوری (هێرشــبردن و تاڵانکــردن و قڕکــردن) بێــت زۆر

زەحمەتــە بتوانرێــت مامەڵــەی لەگەڵــدا بکرێــت، ســەیرکەن ئــەو کاتــەی کــورد لــە هەولێــر بانگهێشــتی عــەرەبی کردبــوو بــۆ پتەوکــردنی دۆســتایەتی، ئــا لــەو کاتــەدا عەرەبیــش لــە تکریــت ســەری ســێ لاوی کــوردی زاخۆیــان بــڕی، ئێمــە داوای دۆســتایەتییان لێدەکەیــن ئەوانیــش ســەرمان دەبــڕن!! دکتــۆری عــەرەب بەپــارە ســەرە بڕاوەکانمــان بــۆ لــە جەســتەکانمان دەدروونــەوەو ئێمــەش لێــرە کەبابیــان دەرخــوارد دەدەیــن و لــە هۆتێــلی پێنــج ئەســتێرەدا دەیانخەوێنــین، زۆر زەحمەتــە ئــەوەی خــودانی ئــەم کلتــورە بێــت دۆســتایەتی خەڵــکی دیکــە قبــوڵ بــکات، واتــە بیناکــردنی دۆســتایەتییەکی راســتەقینە لەنێــوان کــورد و عەرەبــدا شــتێکی هــەروا ئاســان نییــە، لەبەرئــەوەی کلتــوری کــورد و کلتــوری عــەرەب دوو شــتی زۆر لێکجیــان و تــەواو پێچەوانــەی یەکــترن.

مێــژوو و کلتــوری کــورد لەســەر ســێ ســتوون بیناکــراوە: (بەرگــری، بەرخــودان، لێبوردەیــی)، ئــەو دوو کلتــورە بەدرێژایــی مێــژوو لــە کێشــەدا بوونــە و زۆر زەحمەتــە بتوانرێــت لەیەکــەوە نزیکبکرێنــەوەو بەیەکــەوە هەڵبکــەن، بۆیــە لەجیــاتی ئــەوەی خەریــکی ئــەو کارە بێئەنجامانــە بــین دەبــێ خەریــکی خۆڕێکخســتنەوەو یەکخســتنی نێومالــی کــوردی بــین و برایــەتی خۆمــان بەهێزبکەیــن و، رەچــاوی بەرژەوەنــدی بــالای گــەلی کوردســتان بکەیــن و بیخەینــە ســەرووی هەمــوو بەرژەوەندییــەکی دیکــە، بەتایبــەت ئێســتا کــە لــە قۆناخێــکی هەســتیارو چارەنووســازداین، بــا لەجیــاتی ئــەوەی مجامەلــەی شــێخی کەبــاب خــۆر بکەیــن، دەســت لەنــاو دەســتی یەکــتر بنێــین و رووەو ئاســۆیەکی گــەش و ئــازاد هەنــگاو بنێــین!

***

**تێبینــی:** ئـەم وتـارە لـە ژمـارە (١٧١)ی رۆژی پێنجشـەممە، رێکـەوتی ٢٠٠٤/٩/٣٠ ی رۆژنامـەی (میدیـا)،دا بڵاوبۆتـەوە.

# سەرنجەکانم لەسەر
# رەشنووسی دەستووری ئێراق

**(لە دەستووری ئێراق هیچ ماددەیەك نییە ئاماژە بەوە بکات**
**عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی و دوو نیشتمان پێکهاتووە)**

میدیاـ هەولێـر/ لـە دانیشـتنی ژمـارە (٢)ـــی نائاسـایی پەرلەمانـی کوردسـتان لـە رۆژی ٢٠٠٥/٨/٢٤ دا کـە تایبـەت بـوو بـە گفتوگۆکـردن لەسـەر دەسـتووری عێـراق، غەفـوور مەخمـووری ئەندامـی پەرلەمانـی کوردسـتان لـە موداخەلەیەکـدا کۆمەڵێـك سـەرنج و پێشـنیاری لەسـەر دەسـتوور خسـتەڕوو، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی وەکـو پێویسـت بـوو بـواری قسـەکردنی پێـی نـەدرا دووجـار قسـەی پێبـڕدراو و نەیتوانـی تـەواو سـەرنجەکانی بخاتـەڕوو بۆیـە بـە پێویسـتمانی زانـی دەقـی سـەرنج و پیشـنیارەکانی لێـرەدا بڵاوبکەینـەوە.

بەناوی خوای گەورەو میهربان

سـەرەتا سوپاسـی هـەوڵ و تێکۆشـانی شـاندی سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان دەکـەم و بێگومانـم لـەوەی کـە بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە کاریـان کـردووە، بـۆ وەدەسـتهێنانی مافەکانـی گەلـی کوردسـتان و کەسـیش نییـە گومـان لـە دڵسـۆزییان بـکات، لەبەرئـەوەی خـودان ئەزمـوون و خەباتێکـی بەرچـاون لـەم بـوارەدا.

لێـرەوە دەمـەوێ سـەرنج و تێبینییەکانـم لەسـەر رەشنووسـی دەسـتووری

ئێــراق بخەمــەڕوو:

١. (لەدەســتوورەکەدا مافــی چارنــووس) بەڕوونــی دیــار نییــەو ئــەوەی هەیــە هــەر کەســێك دەتوانــی بــە شــێوەیەك لــە شــێوەکان شرۆڤــەی بــکات، کــە دەبــووا ئــەم خاڵــە زۆر بەڕوونــی وەك مادەییــەك لــە دەســتوورەکەدا هاتبــا، جگــە لەمــە گرەتنــی چییــە کــە حکومەتــی ئێــراق بــووە خــاوەن دەســەڵات لەســەر بەڵێنەکانــی خــۆی بمێنــێ لەمــەدا مێژوویەکــی تراژیــدی دوورو درێژمــان هەیــە و هەقــە پەنــد لــە ڕابــروو وەربگریــن و نەکەوینــە ژێــر کاریگــەری ســوزەوە، بگــرە دەبــێ هەوڵبدەیــن زۆر وردبینانــە و عاقڵانــە مامەڵــە لەگــەڵ ئــەم پرســەدا بکەیــن و پێدابگریــن لەســەر ئــەوەی کــە دەبــێ مافــی بریاڕدانــی چارەنــووس لــە دەســتووردا بــە ماددەیــەک دیــاری بکرێــت.

٢. لــە دەســتوورەکەدا هیــچ ماددەیــەك نییەکــە ئامــاژە بــەوە بــکات ئێــراق لــە دوو نەتــەوەی ســەرەکی و دوو نیشــتمان پێکهاتــووە، هەروەهــا وشــەی (کوردســتان) لــە دیباجەکــەدا نەهاتــووە، کــە دەبــێ وشــەی کوردســتان بخرێتــە دیباجەکــەوە و دیباجەکــەش ســەر نــوێ دابڕیژرێتــەوە.

٣. ســنووری کوردســتان لــە دەســتوورەکەدا دیــاری نەکــراوە، کــە ئەمــەش بەنســبەت کــورد خاڵێکــی گرنگــە، بۆیــە دەبــێ هەوڵبدەیــن ســنووری باشــووری کوردســتان، واتــە ئــەو بەشــەی کــە بــە ئێراقــەوە لێنکــراوە زۆر بەڕوونــی دیــاری بکرێــت.

٤. دابەشــکردنی ســامانی سروشــتی روون نییــە و، ئــەو مادەیــەی کــە بــاس لــەم خاڵــە دەکات تەمومژاوییــە و پێویســتە روونیەکــی تێدابێــت.

٥. لــە پرســی کەرکــووك؛ نابــووا چارەســەرەکەی وا دوور دابنرابایــە، لەبەرئــەوەی دوو ســاڵ زۆرە و زەحمەتــە حکومەتــی داهاتــووی ئێراقیــش هەنــگاوی جــدی لــەم بــوارەدا بهــاوێ، پێشــتر حکومەتــی عەلــلاوی دەبــوا کار




بـۆ ئـەم پرسـە بـكات نەیكـرد، دوای ئـەو جەعفەریـش هـەر هیچـی نەكـرد، جـا تـۆ وەرە چاوەڕوانـی حكومەتـی داهاتـووی عێـراق بكەیـت دەبـێ ئـەو چیـت بـۆ بـكات ؟! بۆیـە دەبـێ كار بكـرێ ئـەو دوو سـاڵە لانیكـەم بكرێتـە سـاڵێك.

٦. پرسـی فیدراڵـی و یەکێتـی ئارەزووەمەندانـە باسـیان لێـوە نەکـراوە و نـاوی ئێراقیـش هـەر وەك خـۆی (کۆمـاری ئێـراق) ماوەتـەوە، دەقـی ئـەو ماددانـەی کـە بـەلای فیدراڵـی دادەچـن زیاتـر دەقێکـن کـە شرۆڤەییـن و هـەر کەسـێك دەتوانـێ بەپێـی ویسـتی خـۆی شرۆڤـەی بـکات.

٧. پرسـی پێشـمەرگە ؛ نـاوی پیـرۆزی پێشـمەرگە گـۆڕاوە و کراوەتـە (پاسـەوانی هەرێـم)، ئـەم خاڵـەش پێویسـتە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکرێـت.

٨. لـە دەسـتوورەکەدا تەبەنـی جاڕنامـەی گەردوونـی مافـی مـرۆڤ نەکـراوە، هـەر وڵاتێکیـش تەنەبـی جاڕنامـەی گەردوونـی مافـی مـرۆڤ نـەکات، پابەنـد نابێـت بـە پاراسـتنی ئـەو مافانـە، بۆیـە دەبـوا ئـەم پرسـە وەك ماددەیـەك لـە دەسـتوورەکەدا جێگیـر بکرابووایـە.

٩. لـە دەسـتوورەکەدا ماددەیـەك هەیـە دەڵـێ نابـێ هیـچ یاسـاییەك لـە هەرێمـەکان دەربچێـت کـە لەگـەڵ ئـەم دەسـتوورەدا ناکـۆك بێـت، ئـەوەش دەسـتگرتنی پەرلەمانـی کوردسـتانە لـە دەرکردنـی هەنـدێ یاسـادا، هەروەهـا دەڵـێ ئـەو یاسـایانەی کـە لەلایـەن پەرلەمـانی کوردسـتانەوەوە دەرچـوون کاریـان پێدەکرێـت بـە مەرجێـك کـە لەگـەڵ بەندەکانـی ئـەم دەسـتوورەدا ناکـۆك نەبـن.

١٠. مەسـەلەی دیـن و دەوڵـەت ؛ ئـەو مـاددە و خاڵانـەی لـەم بـوارەدا هاتـوون زیاتـر لەژێـر کاریگـەری رەوتـە ئایینـەکان داڕێـژراون و جێگیرکـراون، لـەم پرسـەدا هاودژییـەك دەبینیـن کـە دەڵـێ نابـێ هیـچ یاسـایەك دەربکرێـت کـە ناکـۆك بێـت لەگـەڵ سـەوابیتەکانی ئیسـلام، لەهەمـان کاتـدا دەڵـێ نابـێ هیـچ یاسـایەك دەربچێـت کـە ناکـۆك بێـت لەگـەڵ بنەمـا دیموکراتییـەکان مـن وای دەبینـم کـە دژیەکییـەك لەمـەدا هەیـە.

پێویسـتە ئـەم پرسـانە لەنـاو دەسـتووردا چارەسـەرییان بـۆ بدۆزریتـەوە،

ئێنجــا دەســتوورەکە پەســەند بکرێــت لەبەرئــەوەی ئەمانــەی کــە باســمانکردن خاڵــی زۆر جەوهەریــن ناکــرێ دەســتبەردارییان بیــن.

***

**تێبینـــی:** ئــەم وتــارە لــە ژمــارە (٢٠٦)ی ڕۆژی سێشــەممە، ٢٠٠٥/٨/٣٠ ی ڕۆژنامــەی (میدیــا)دا بڵاوبۆتــەوە.

# چیا ژانی گرت
# مشکێکی بوو

(خوێندنەوەیەکی کوردانە بۆ راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن)

رۆژی ٦-١٢-٢٠٠٦ کــەوادەی پێشکەشــکردنی راپۆرتــی (لیژنــەی تۆژینــەوەی ئێــراق – The Iraq Study Group) بــوو کــە بــە لیژنــەی (بیکــەر- هاملتــۆن) نــاو دەبرێــت بــە جــۆرج بۆشــی ســەرۆکی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا، گەلــی ئێــراق و ئەمریــکا بەگشــتی و گەلــی کوردســتان بەتایبەتــی و خەڵکانــی تریــش لــە چاوەروانــی راگەیاندنــی راپۆرتەکــەدا بــوون بــۆ ئــەوەی بزانــن ئــەم لیژنەیــە بــۆ دەربازکردنــی ئێــراق لــەم رەوشــە خراپــە و سەرخســتنی پــرۆژەی ئەمریــکا لــە ئێــراق و رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا چ راســپاردە و ئەنجامێــك بەدەســتەوە دەدات.

بێگومــان لای هەمــوو لایەکــمان روونــە کــە ئەمریــکا لــە ئێراقــدا توشــی تەنگژەیەکــی گــەورە بۆتــەوە و لــە هەوڵــی ئەوەدایــە کــە خــۆی لــەم تەنگژەیــە دەربــاز بــکات، بــۆ ئــەم مەبەســتەش (لیژنــەی تۆژینــەوەی عێــراق)ی بەســەرۆکایەتی جێمــس بیکــەر- وەزیــری دەرەوەی پێشــووتری ئەمریــکاو لــی هاملتــۆن- بەرپرســی کۆمیتــەی کاروبــاری دەرەوەی ئەنجومەنــی نوێنــەران پێکهێنــا، بۆئــەوەی رەوشــی عێــراق شرۆڤــە بکــەن و میکانیزمێــك دابنێــن بــۆ دەربازبوونــی ئەمریــکا و ئێــراق لــەم رەوشــەی ئێســتایاندا، ئەوەبــوو لیژنەکــە لەمــاوەی رابــردوودا ســەردانی

ئێراقیـان کـرد و بەرپرسـانی ئێراقیـان (جگـە لـە کـورد) بینـی و سـەبارەت بـە چۆنیەتـی چارەسـەرکردنی رەوشـی ئێـراق و دەربازکردنـی ئەمریـکا لـەو تەنگژەیـەی کـە لـە ئێراقـدا تێیکەوتـووە بیروڕایـان ئاڵوگـۆڕ کـرد، بـەڵام هـەر لەسـەرەتاوە گەلـی کوردسـتان بـە نیگەرانیـەوە چاوەڕوانـی ئەنجامـی راپۆرتـی (ISG)ی دەکـرد لەبەرئـەوەی لیژنەکـە لەسـەردانەکانیدا بـۆ ئێـراق سـەردانی کوردسـتانی نەکـرد و سـەرکردایەتی سیاسـیی گەلـی کوردسـتانیان نەبینـی بۆئـەوەی بزانـن تێڕوانینـی سـەرکردایەتی کوردسـتان بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـەکان چییـە، لەراسـتیدا نەهاتنـی (ISG) بـۆ کوردسـتان هەڵەیەکـی گـەورە بـوو لەلایـەن ئەمریـکاوە هەربۆیەشـە گەلـی کوردسـتان بـە نیگەرانـی و بەگومانـەوە چاوەروانـی ئەنجامـی راپۆراتـی (ISG) بـوون، کـە لیژنەکـەش راپۆرتەکـەی پێشـکەش بـە جـۆرج بۆشـی سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا کـرد زیاتـر گەلـی کوردسـتانی نیگـەران کـرد بۆیـە سـەرکردایەتی کوردسـتان مافـی خۆیەتـی کـە نـەك بەچـاوی گومانـەوە بەڵکـو وەك مەترسـی و هەرەشـەیەك سـەیری راپۆرتەکـە بـکات ومامەڵـەی لەگەڵـدا بـکات، لەبەرئـەوەی لـە راپۆرتەکـەدا رەچـاوی بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتان نەکـراوەو بگـرە هەنـدێ راسـپاردەی وای تێـدا هاتـووە کـە بـەدژی خواسـتەکانی گەلـی کوردسـتان تـەواو دەبێـت.

راپۆرتەکـە جگـە لەشـیکردنەوەی رەوشـی عێـراق ۷۹ راسـپاردەی لـە خـۆ گرتـووە هـەر لەسـەرەتاوە بـاس لـەوەدەکات کـە رەوشـی عێـراق زۆر ترسـناکە و هیـچ رێگایەکـی سـیحری نییـە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم رەوشـە بـەڵام دەبـێ کاریـش بکرێـت بـۆ چارەسـەری رەوشـەکە، لێـرەدا بەپێویسـتی دەزانـم کـە خوێندنەوەیەکـی ورد بـۆ ئـەو خـاڵ و راسـپاردانە بکـەم کـە لەراپۆرتەکـەدا هاتـوون و کاریگەرییـان لەسـەر رەوشـی سیاسـی کوردسـتان و پرسـە نەتەوەییەکانـی کـورد هەیـە.

**■ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ناونەهێنانـی کێشـەی ڕەوای گەلـی کوردسـتان وەك کێشـەیەکی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت!!**

راپۆرتەکـە ١٧ راسـپاردەی سـەبارەت بـە هێنانـەدی ئاشـتییەکی سەرتاسـەری لـە ناوچەکـەدا تێدایـە، بـەڵام نـاوی چارەسـەرکردنی کێشـەی گەلـی کوردسـتان وەك کێشـەیەکی سیاسـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نەهاتـووە، کـە هەمـوو لایەکیـش بـاش ئـەوە دەزانـن کـە بـێ چارەسـەرکردنی کێشـەی گەلێکـی ٥٠ ملیۆنـی زۆر زەحمەتـە رۆژهەڵاتـی ناڤیـن ئـەو هێمنـی و ئارامییـە بەخۆییـەوە ببینـێ کـە کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی خوازیاریەتـی.

راپۆرتەکـە لـە راسـپاردەی ١٢دا ئامـاژە بـەوە دەکات کـە دەبـێ ئەمریـکا بـەردەوام بێـت لـە هەوڵەکانـی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی (عـەرەب - ئیسرائیـل) و بەناویـش نـاوی (لوبنـان و سـوریا و فەلەسـتین) دێنێـت و لـە راسـپاردەکانی ١٣ و ١٥ و ١٦ و ١٧ شـدا جەخـت دەکاتـەوە سـەر ئـەم پرسـە و پێداگیـری دەکات لەسـەر چارەسـەرکردنی، بـەڵام بـاس لەکێشـەی گەلـی کوردسـتان نـاکات کـە گەورەتریـن کێشـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە، لەراسـتیدا ئـەم لیژنەیـە لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی و لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مەزنـدا زوڵمێکـی زۆری لـە کـورد و خەڵکـی کوردسـتان کـردووە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ناعەدالەتـی لیژنەکـە لـە تێڕوانینیـان بـۆ کێشـەکانی رۆژهەڵاتـی ناڤیـن، لـەم رووەوە خوێندنەوەیەکـی ناواقیعیانەیـان بـۆ پرسـە سیاسـییەکانی رۆژهەڵاتـی ناڤیـن کـردووەو ئـەوە نیشـان دەدات کـە چارەسـەری کێشـەی کوردسـتان وەك کێشـەیەکی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە ئەجێنـدای ئەمریـکادا نییـە!!

■ **رۆڵدان بە وڵاتانی ناوچەکە**

لیژنەکــە زۆر جەخــت دەکاتــەوە ســەر ئــەوەی کــە دەبێــت ئەمریــکا داوای هــاوکاری لەوڵاتانــی ناوچەکــە بەتایبــەت (ئێــران و ســوریا) بــکات بــۆ ئاسـاییکردنەوەی رەوشـی ئێـراق، وەك لـە راسـپاردەکانی ٨ و ٩ و ١١ و ١٢دا هاتـووە، ئــەوەش روونــە کــە ئــەو دوو وڵاتــە دژی خواســتەکانی کــوردن و بەهەمــوو شـێوەیەك هەوڵـدەدەن کـە لـە بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان بـدەن و لاوازی بکــەن.

لــەم روانگەیــەوە ئەگــەر بێنــە نــاو پرۆســەی ئاسـاییکردنەوەی رەوشـی ئێـراق یەکـەم کاریـان ئـەوە دەبێـت کـە دەسـتکەوتەکانی کـورد لـە بەیـن ببـەن، بۆیـە دەبـێ گەلـی کوردسـتان بەهیـچ شـێوەیەك ئەمـە قبـول نـەکات و زۆر بـە تونـدی دژی ئـەم راسـپاردانە بوەسـتێتەوە کـە لەراسـتیدا دەسـتوەردانە لەکاروبـاری ناوخـۆی ئێـراق و لەجیاتـی ئـەوەی رەوشـەکە ئاسـایی بکاتـەوە زیاتـر ئاڵـۆزی دەکات.

زۆر واقیعیانەتــر بــوو ئەگــەر لیژنەکــە داوای لــەو دوو وڵاتــە بکردبووایــە کــە دەســت لەکاروبــاری ئێــراق وەرنــەدەن و ســنوورەکانیان لەگــەڵ ئێراقــدا کۆنــترۆڵ بکـەن و رێ نـەدەن تیرۆریسـتان لەلایـەن ئـەوان دزە بکەنـە نـاو ئێـراق، نـەك داوا بکرێــت دەســت لەکاروبــاری ئێــراق وەربــدەن.

ســەرەرای وڵاتانــی ناوچەکــە لیژنەکــە داوا دەکات کــە ئەمریــکا راســتەوخۆ گفتوگـۆ لەگـەڵ سیسـتانی و (مقتـدی الصـدر) و سـەرکردەی میلیشـیا و سـەرۆکی گروپـە یاخیبـووەکان بـکات وەك ئـەوەی لـە راسـپاردەی ٢٣دا هاتـووە، لەڕاسـتیدا ئەمــەش دەبێتــە هــۆی گەورەکردنــی ئەوانــەو لەوانەشــە لــە گفتوگۆکانیانــدا مەرجــی خۆیــان هەبێــت، هەمووشــمان دەزانیــن کــە ئەوانــە بەرامبــەر کێشــەی رەوای گەلــی کوردســتان هەڵوێســتیان چۆنــە ئەگــەر لــەم راســپاردەیە وردبینــەوە دەبینیــن (ISG) حیســابی بــۆ هەرزەکارێکــی وەك (مقتــدی الصــدر) و هەمــوو

لایـەك كـردووە تەنهـا حیسـابی بـۆ كـورد نەكـردووە ئەمـەش گەورەتریـن ناهەقیـە بەرامبــەر گەلــی كوردســتان.

■ **گەڕانەوە بۆ دیكتاتۆریەت بەشێوازی ئەمریكی**

لەراپۆرتەكــەدا جەخــت كراوەتــەوە ســەر ئــەوەی كەدەبــێ دەســەڵاتی ناوەنــد بەهێــز بكرێــت و دەســەڵاتی هەرێمەكانیــش ســنووردار بێــت، لەراســتیدا ئەمەیــان گەڕانەوەیـە بـۆ شـێوازێكی دیكتاتۆریانـە و پێچەوانـەی ئـەو چەمـك و پرەنسـیپانەیە كــە ئەمریــكا لەســەرەتای رووخانــی رژێمــی بەعــس بانگەشــەی بــۆ دەكــردن، ئەگـەر ئەمریـكا دەیەوێـت ئێـراق دیموكراتیـزە بـكات نابێـت هەوڵـی ئـەوە بـدات ناوەنـد بەهێـز بـكات و هەرێمەكانیـش بێدەسـەڵات.

دواتــر سیســتەمی فیدرالــی لەزۆربــەی ئــەو ولاتانــەی كــە فیدرالیــن لــە خــۆ بەڕێوەبردنـــدا دەســـەڵاتی بـــە هەرێمـــەكان داوە ناكرێـــت فیدرالیەتـــی عێـــراق شـتێكی جیـا بێـت لـە فیدرالیەتـی وڵاتانـی دیكـە، بۆیـە دەبێـت بەهەموولایەكمان دژی بەهێزكردنـی دەسـەڵاتی ناوەنـد بوەسـتینەوە لەبەرئـەوەی هەموومـان بینیـمان لەرابـردوودا دەسـەڵاتی بەهێـزی ناوەنـد چـی بەسـەر هێنایـن.

هەرلــەم پێنــاوەدا (ISG) دەیەوێــت كۆنــە بەعســی و ســەددامییەكان بێنێتــەوە نــاو دەســەڵات، ئەوەتــا زۆر راشــكاوانە لــە راســپاردەی ٢٧دا هاتــووە ئاشــتبوونەوەی نیشـــتمانی ئـــەوە دەخوازێـــت كـــە بەعســـییەكان و ناسیۆنالیســـتە عەرەبـــەكان و بەشــێك لەســەرانی رژێمــی ســەددام بگەڕێندرێنــەوە نــاو دەســەڵات و داوا لــە ئەمریــكا دەكــەن كــە ئەمــە بــكات.

لـــەوەش خراپـــتر لەراســـپاردەی ٣٥دا (ISG) داوا دەكات كـــە هەمـــوو لایەنـــە ئێراقییــەكان جگــە لــە رێكخــراوی (القاعــدە) لــە دەســەڵاتدا بەشــدار بكرێــن ئــەم خاڵــە رێكخــراوە تیرۆریســـت و یاخیبووەكانیــش دەگرێتــەوە، لەراســتیدا ئــەم دوو خاڵــەش راســتەوخۆ كاریگەریــان لەســەر بەرژەوەندییەكانــی كوردســتان هەیــەو

هەموومــان دەزانیــن کــە ئەوانــە دژی خواســتەکانی کــوردن و نایانەوێــت هیــچ شــتێك بــۆ کــورد بێتــەدی، بۆیــە دەبێــت بەوپــەڕی بەرپرســیارێتیەوە مامەڵــە لەگــەڵ ئــەم دوو خالــە (٢٧ و ٣٥) بکەیــن و دژیــان بوەســتینەوە، لەبەرئــەوەی دوو راســپاردەی زۆر نابەجــێ و ناواقیعیــن و هــەر ئەوانــەش بــوون لــە رابــردوودا ئێــراق و کوردســتانیان بــەم حاڵــەی ئێســتا گەیانــد، دەبــێ لــە ئەمریــکاش بگەیەنرێــت کــە چارەســەری هەڵــە بــە هەڵــە ناکرێــت و ئەگــەر وابێــت باجەکــەی قــورس تــر دەبێــت.

**■ راسپاردەکانی لیژنەکە و کاریگەریان لەسەر ئەزموونی باشووری کوردستان**

ئەگــەر وردتــر ســەیری راپۆرتــی (ISG) بکەیــن دەبینیــن چەنــد راســپاردەیەکی تێدایــە کــە کاریگــەری زۆر نیگەتیڤانــە دەکەنــە ســەر ئەزموونــی باشــووری کوردســتان کــە جێــی خۆیەتــی لێــرەدا بــە وردی لەســەریان بوەســتین.

یەکــەم: راســپاردەی ٢٦ پێداچوونــەوەی دەســتور، لیژنەکــە پێداچوونــەوەی دەســتووری ئێــراق بەئەرکێکــی بەپەلــە و کارێکــی جەوهــەری دادەنێــت بــۆ گەیشــتن بەئاشــتبوونەوەی نیشــتمانی و، داوا دەکات پەلــە بکرێــت لــە راپەڕاندنــی ئــەم کارە و UN یــش رۆڵــی بەرچــاوی پێبدرێــت، بــەر لەهەمــوو شــتێك ئــەم راســپادەیە بــۆ رازیکردنــی ســوننەکانی ئێراقــە لەبەرئــەوەی ئــەوان دژی دەســتووری ئێــراق دەنگیــان داو ئاشکراشــە بــۆ دژی دەســتوور دەنگیانــدا، لەبەرئــەوەی بەشــێك لەخواســتەکانی گەلــی کوردســتان لەدەســتووری ئێراقــدا جێگیــر کرابــوون ئەوانیــش لــە دژی وەســتانەوە، کــە ئێســتاش (ISG) داوای پێداچوونــەوەی دەســتووری ئێــراق دەکات بەپلــەی یــەك گەلــی کوردســتان تێیــدا زەرەرمەنــد دەبێــت، بۆیــە دەبێــت هەمــوو لایەکــمان دژی هــەر جــۆرە هەموارکردنێکــی دەســتووری ئێــراق بووەســتینەوە کــە لــە دەرەوەی ئــەو میکانیزمــە بێــت کــە لەدەســتووردا بــۆ هەموارکردنــی دەســتوور هاتــووە، ئەگــەر بــەم شــێوازە نەبێــت ئــەوەی بەدەســتمان

هێنـاوە لەدەسـتی دەدەیـن.

دووەم: راسـپاردەی ٢٨ دابەشـکردنی داهاتـی نـەوت، لـەم راسـپاردەیەدا هاتـووە کـە داهاتـی نـەوت دەگەڕێتـەوە بـۆ حکومەتـی ناوەنـدی و داهاتەکـەش بەپێـی ژمـارەی دانیشـتووان دابەشـدەکرێت، هەروەهـا کۆنترۆڵکردنـی کێڵگـە نەوتییـەکان نادرێتـە هەرێمـەکان و ناوەنـد بەسـەریاندا دەسـەڵاتدار دەبێـت، ئـەم خاڵـە لەگـەڵ دەسـتووری ئێراقـدا ناکۆکـە و بەپلـەی یەکـەم گەلـی کوردسـتان تێیـدا زەرەرمەنـد دەبێـت، بۆیـە دەبێـت دژی ئـەم راسـپاردەیە بوەسـتینەوە و رەتیبکەینـەوە و بەهێڵـی سـووری دابنێیـن.

سـێیەم: راسـپاردەی ٢٩ کـە تایبەتـە بەهەڵبژاردنـی پارێـزگاکان و دەڵـێ دەبـێ بەزووتریـن کات ئەنجـام بدرێـت، ئەمـەش بەشـێوەیەکی گشـتی هاتـووە و رەچـاوی تایبەتمەندییەکانـی کوردسـتان نەکـراوە دیـارە ئەمـەش بـۆ چییـە، بـۆ کەمکردنـەوەی رۆڵ ودەسـەڵاتی (هەرێمـی کوردسـتان)ە، بـۆ ئـەوەی وردە وردە رۆڵـی پارێـزگاکان زیـاد بکرێـت و هەرێمیـش ئێسـتا تەنهـا هەرێمـی کوردسـتان هـەس، سیاسـەتی ئەمریـکاش لەسـەرەتادا ئـەوە بـوو کـە فیدرالیەتـی پارێـزگاکان لـە ئێراقـدا بچەسـپێنێت، ئەمـەش ناڕاسـتەوخۆ هەوڵێکـە بـۆ ئـەم مەبەسـتەو ئەگـەر کاردانـەوەی گەلـی کوردسـتان نەبێـت ئەمریـکا کارەکـە بـەم ئاقـارە دەبـات و دەیسـەپێنێتە سـەر هەمـوو لایـەك، بۆیـە لـەم رووەوە دەبێـت داوای ئـەوە بکەیـن کـە رەچـاوی تایبەتمەنـدی پارێزگاکانـی کوردسـتان بکرێـت.

چـوارەم: راسـپاردەی ٣٠ کـە تایبەتـە بـە رەوشـی کەرکـوك و جێبەجێکردنـی مـادەی ١٤٠ی دەسـتووری ئێـراق، ئـەم راسـپاردەیان لـە هەمـوو راسـپاردەکانی دیکـە مەترسـیدارترە و گەمـە کردنـە بەهەسـتی کـورد، لـەم راسـپاردەیەدا (ISG) داوا دەکات ئـەم پرسـە دوا بخرێـت و ئـەو ریفراندۆمـەی کـە بڕیـارە لـە کۆتایـی ٢٠٠٧دا بکرێـت بـۆ یەکلاییکردنـەوەی پرسـی کەرکـوك نەکرێـت و پاشـتر داوا دەکات

لەڕێــی لیژنەیەکــی نێودەوڵەتــی ئــەم پرســە یەکلاییبکرێتــەوە بەهانەشــی ئەوەیــە کــە ئەگــەر ئــەم ماددەیــە جێبەجــێ بکرێــت رەوشــەکە دەتەقێتــەوە، کــە لەراســتیدا پێچەوانــەی ئەمــە راســتە کــە ئەگــەر پرســی کەرکــوك یەکلایــی نەکرێتــەوەو دوابخرێــت رەوشــەکەش زیاتــر ئالــۆز دەبێــت و دەتەقێتــەوە و شــەڕێکی گــەورە دەقەومێــت، ئــەم راسپاردەیە راستەوخۆ دژی خواســت و بەرژەوەندییەکانــی گەلــی کوردســتانە و بەدرێژایــی مێــژووی دەســەڵاتە یــەك لــەدوای یەکەکانــی ئێــراق ئــەم پرســە ئالۆزتریــن پــرس بــووە و یەکێــك بــووە لــەو هۆکارانــەی کــە ئێــراق هێمنــی و ئارامــی بەخۆیــەوە نەبینێــت، بۆیــە جێبەجــێ نەکردنــی مــاددەی ١٤٠ی دەســتووری ئێــراق کارەســاتی بەدوادادێــت و دەبــێ ســەرکردایەتی کوردســتان زۆر راشــکاوانە ئــەوە بــە ئەمریــکا و بەهەمــوو دونیــا رابگەیەنێــت و بەهێلــی ســووری دابنێــت و هیــچ جــۆرە سازشــێکی لەســەر نــەکات، لەبەرئــەوەی ئەگــەر بێــت و ئەمجــارە پرســی کەرکــوك دوا بخەیــن ئــەوا بــۆ هەتــا هەتــا کەرکــوك لەدەســت دەدەیــن و خۆشــمان رووڕەشــی مێــژوو و نــەوەی داهاتــوو دەکەیــن، بۆیــە دەبێــت ئەمجــارە هــەوڵ بدەیــن ئێمــە تەنگــژەی گەورەتــر دروســت بکەیــن کــە تــا ئێســتا دروســتمان نەکــردووە، لــەم حالەتــەدا دوای هەوڵــە دیبلۆماســییەکان تەنهــا بــە دروســتکردنی قەیــران بــۆ ئەمریــکا دەتوانیــن مەرجەکانــی خۆمــان بســەپێنین، لەبەرئــەوەی لــە رابــردوودا ئەزموونێکــی تاڵــمان لەگــەڵ ئەمریــکا هەیــە بەتایبــەت ئەزموونــی ١٩٧٥ بۆیــە دەبێــت بــە گومانــەوە ســەیری ئــەم راســپاردەیەی (٣٠) بکەیــن و نەیەڵیــن بەســەرماندا دەربازبێــت، ئێمــەی کــورد گەورەتریــن هەڵەمــان ئەوەیــە کــە تــا ئێســتا دۆســت و دوژمــن لەیــەك ناکەینــەوە و پێناســەیەکی دروســتمان بــۆ دۆســت و بــۆ دوژمــن نییــە، بــۆ نموونــە ئێمــە ئەمریــکا بــە دۆســت دەزانیــن کەچــی ئــاوا ســەیری پرســەکانمان دەکات، باشــە لــەم حاڵەتــدا ئەگــەر دۆســتی وەك ئەمریکامــان هەبێــت دوژمنــمان بــۆ چییــە ؟!

## ■ لەکۆتاییدا

خوێندنــەوەی راپۆرتــی (ISG) دەمانگەیەنێتــە ئــەو بڕوایــەی کــە ئــەو لیژنەیــە هەوڵیانــداوە لەســەر حیســابی بەرژەوەنــدی خەڵکانــی دیکــە و بەتایبــەت گەلــی کوردســتان ئەمریــکا لــەو تەنگژەیــەی ئێســتا دەربــاز بکــەن، ئەمــەش هۆکارێکــە بــۆ ئــەوەی ئەمریــکا متمانــەی کەمــتر بێتــەوەو ئــەو گەلانــەی لەناوچەکــەدا بەچــاوی هیــوا و ئومێــدەوە ســەیری ئەمریکایــان دەکــرد ئێســتا بــە چــاوی گومانــەوە ســەیری بکــەن، ئەمــەش گورزێکــی گەورەیــە بــەر سیاســەتی ئەمریــکا لــە رۆژهەڵاتــی ناڤیــن دەکەوێــت و دەمانگەڕێنێتــەوە بــۆ ئــەو پرەنســیپەی کــە لــە سیاســەتدا نــە دۆســتایەتی و نــە دوژمنایەتــی تــا ســەر نییــە و بەڵکــو بەرژەوەنــدی تاســەر هەیــە، ئەوەتــا ئەمریــکاش لەپێنــاو بەرژەوەنــدی خــۆی ئامادەیــە گەورەتریــن گــورز بوەشــێنێتە گەلــی کوردســتان، کــە نزیکتریــن دۆســتی بــوو لــە پرۆســەی ئازادکردنــی ئێــراق لەرژێمــی بەعــس، لێــرەدا دەبێــت ســەرکردایەتی سیاســی کوردســتان خاڵێــك دابنێــت و چــاو بــەو چەمــك پرەنســیپانەدا بخشــێنێتەوە کــە بــۆ دۆســتایەتی و هاوپەیمانێتــی هەیەتــی، کاتــی خۆشــییەتی کــە گەلــی کوردســتان بەهەمــوو چیــن و توێژێکــەوە بڕژێنــە ســەر شــەقامەکان و دژی ئــەم راســپاردانە بوەســتنەوە کــە خەونەکانــی کــورد دەزڕێنــن.

مایــەوە ســەر ئــەوەی کــە بڵێیــن کاردانــەوەی کوردســتانی و عێراقییەکانیــش لــەدژی راپۆرتــی (ISG) شــتی پۆزەتیــڤ و هەڵوێســتی بەجێــن، بــە تایبــەت هەڵوێســتی بەرێــز کاك مەســعود بارزانــی - ســەرۆکی کوردســتان کــە دەتوانیــن بڵێیــن هەڵوێســتێکی نیشــتمانی و نەتەوەییــە و پێویســتە هەمــوو لایەکــمان پشــتگیری بکەیــن و هــاوڕا و هاودەنگــی بەڕێزیــان بیــن، پشــتگیری بەڕێــز ســەرۆکی کۆمــاری ئێراقیــش بــۆ هەڵوێســتی بەڕێــز ســەرۆکی کوردســتان هاودەنگــی و هاوهەڵوێســتییە بــۆ یەکخســتنی شــەقامی کوردســتان لــە دژی راســپاردە ناواقیعــی و نابەجێکانــی



(ISG)، لەسەر ئاستی ئێراقیش چ مالیکی و چ الحکیم پابەند نەبوونی خۆیان بۆ راسپاردەکان راگەیاند، ئەمەش وادەکات لەسەر ئاستی ئێراقدا کۆدەنگییەك دژی راسپاردەکان دروست بێت، ئیدارەی ئەمریکاش لەسەروویانەوە بۆش راپۆرتەکەی بە توند وەسف کرد، هەروەها دژایەتی خۆییشی بۆ دانیشتنی راستەوخۆ لەگەڵ (سوریا و ئێران)دا راگەیاند.

لەهەمان کاتدا راپۆرتەکە دراوەتە وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بۆ زیاتر شرۆڤەکردن و گونجاندنی لەگەڵ رەوشی ئێراق و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی راسپاردەکان، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا وەك لەسەرەتادا باسمان کرد ئێمەی گەلی کوردستان دەبێت نەك

هــەر بەچــاوی گومــان بەڵکــو دەبــێ وەك مەترســی و هەڕەشــەیەکی گــەورە لەســەر ئاسایشــی نەتەوەیــی کوردســتان تەماشــای راپۆرتەکــە بکەیــن و خوێندنــەوە و ڕوانینــی وردترمــان بــۆی هەبێــت و رەتــی بکەینــەوە.

***

**تێبینــی:** ئــەم وتــارە لــە ژمــارە (٢٦٩)ی ڕۆژی سێشــەممە، ٢٠٠٦/١٢/١٢ ی رۆژنامــەی (میدیــا)دا بڵاوبۆتــەوە.

له پەراوێزی کۆبوونەوەی فراوانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا

# له خۆشی و ناخۆشییەکاندا نابێ یەکتر لەبیربکەین

لـەدوای راپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١ ی گەلـی کوردسـتان لـە باشـووری وڵاتـداو دواتر کـە لـە ١٩٩٢ هەڵبـژاردن ئەنجـام دراو پەرلەمـان و حکومەتـی کوردسـتان دامـەزران و گەلـی کوردسـتان بـووە خـاوەن دەسـەڵات و پێگـەی خـۆی لـە دەڤەرەکـەدا، وڵاتانـی داگیرکـەری کوردسـتان کەوتنـە خـۆ بـۆ لێـدان و دژایەتیکردنـی ئەزموونـی باشـووری کوردسـتان، ئەوەبـوو سـەرەتا لـە رێـی کۆبوونـەوەی وەزیرانـی دەرەوەیـان بـەردەوام لـە پیلانگێـران بـوون، پـاش ئـەو هەوڵانەیـان نـاوە نـاوە هەڕەشـەیان دەکـردو ناوچـە سـنوورییەکانیان تۆپبـاران دەکـرد، ئـەو هەڕەشـەو دژایەتییانەیـان بەردەوامـە و تائێسـتاش درێـژەی هەیـە، ماوەیـەك لەمەوبـەر دەوڵەتـی ئێـران سـنووری خـۆی لەگـەڵ باشـووری کوردسـتان داخسـت و ناوچـە سنوورییەکانیشـی بـە سـەختی بـۆ مـاوەی چەنـد رۆژێـك تۆپبارانکـرد، دوای هێوربوونـەوەی هەڕەشـەکانی ئێـران، تورکیـا کەوتـە هەڕەشـەی لەشکرکێشـی بـۆ سـەر باشـووری کوردسـتان و سـوریاش پشـتگیری خـۆی بـۆ راگەیانـد، ئەوەبـوو پەرلەمانـی تورکیـا لـە کۆبوونـەوەی رۆژی ١٧-١٠-٢٠٠٧ دەسـتووری بـە حکومەتـی تورکیـادا بـۆ مـاوەی سـاڵێك هەرکاتێـك بیەوێـت هێرشـی سـەربازی بکاتـە سـەر باشـووری کوردسـتان بـە بیانـووی بوونـی PKK لەناوچەکـەدا،

هەموولایەك ئەوە باش دەزانین کە ئامانجی تورکیا لەو لەشکرکێشییە بەتەنها PKK نییە و بەپلەی یەکەم ڕەوشی ئارام و سەقامگیری باشووری کوردستانە، لەبەرئەوەی باشووری کوردستان پێنگاڤی مەزنی هاوێشتووە و بۆتە جێی ئومێدی تەواوی گەلی کوردستان لەهەر چوار بەشی کوردستان و هەموو کوردستانییەك بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانێتە ئەزموونی باشووری کوردستان و، لە رووی نێودەوڵەتیشییەوە بۆتە ژمارەیەك لە نێو هاوکێشە سیاسییەکان و زۆر وڵاتیش لە رێی کرانەوەی کۆنسوڵخانەکانیان راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ حکومەتی کوردستان دەکەن و، هێمنی و ئارامی باشووری کوردستان وایکردووە ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمپانیا بیانییەکان روو لە باشووری کوردستان بکەن و خەریکی سەرمایەگوزەرانی و وەبەرهێنان بن، هاتنی ئەو کۆمپانیانەش کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاوەدانکردنەوە و بەرەو پێشەوەچوونی ڕەوشی ئابووری کوردستان و پەیدابوونی دۆستی زیاتر بۆ ئەزموونی کوردستان لەبەر ئەوەی لەو رێگەیەوە بەرژەوەندی خەڵکی دیکە دەکەوێتە کوردستان، بەشێك لەو کۆمپانیانەیش خاوەن پێگە و دەسەڵاتی ئابووری خۆیانن لەوڵاتەکانیاندا، بۆیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە کوردستاندا ناچار دەبن هەوڵبدەن پەیوەندی فەرمی لە نێوان باشووری کوردستان و وڵاتەکانیان دروستبکەن، لەم رووەوە کۆمپانیایەکی زۆری تورکیاش لێرە کار دەکەن و تەنها لەماوەی ساڵی رابردوودا دەستکەوتیان لە کوردستاندا چوار ملیار دۆلار بووە، ئەو قازانجەی تورکیا بەرهەمی ئەو هێمنی و ئارامییەیە کە لەباشووری کوردستاندا هەیە، بۆیە تێکچوونی ڕەوشی هێمنی و ئارامی کوردستان بە پلەی یەکەم زیان بە تورکیا دەگەیەنێت.

ئەگەر سەرنج بدەین ئەو پێشڤەچوونانەی باشووری کوردستان گەلی کوردستان و دۆستانی دڵخۆش دەکات و دوژمنانەنیشی نیگەران، بۆیە هەوڵدەدەن پیلان لەدژی ئەو ئەزموونە بگێڕن، بەڵام رابردوو سەلماندوویەتی گەلی کوردستان لە

هەڕەشـەکان مەزنـترە و وەك هەمیشـە پێشـمەرگەی سـەنگەری پێشـەوەی قوربانیـدان دەبێـت بـۆ پاراسـتنی سـەروەرییەکانی.

هەڕەشــەکانی ئەمجــارەی تورکیــا جارێکــی دیکــە خەڵکــی کوردســتانی بــە تــەواوی چیــن و توێــژەکان و بەســەرکردایەتی سیاســی و جەمــاوەرەوە یەکدەنــگ و یەکڕیــز کــردەوە، ئەمــەش ئــەوە دەردەخــات گەلــی کوردســتان لەهــەر پرسـێکی چارەنووســسازدا ناکۆکــی و ململانــێ و گلەیــی و گازانــدە وەلاوەدەنــێ و خــۆی بــۆ بەرخــودان و بەرگــری ئامــادە دەکات، ئەمــەش ســەرکردایەتی سیاســی کوردســتان و پەرلەمــان و حکومەتــی کوردســتان دەخاتــە بــەر ئەمــری واقیــع کــە زیاتــر گــوێ لــە گەلــی کوردســتان و هێــزو لایەنــە سیاسـییەکان بگــرن و خزمەتگــوزاری زیاتریــان پێشـکەش بکـەن و داخوازییەکانیـان بەجێبهێنـن، لەهەمـان کاتـدا دەبـی هـەر هەموو لایەکـمان تەواوکـەری یەکـتر بیـن و ئـەو راسـتییە بزانیـن کـە بەیەکـەوە هەیـن و بەهێزیـن.

لــەرووی جەماوەرییــەوە خۆپیشــاندانە جەماوەرییەکانــی شــارو شــارۆچکەکانی کوردســتان بــۆ پرۆتســتۆکردنی لەشکرکێشــی تورکیــا راســتی ئــەو بۆچوونــەی ســـەرەوەمان دەســـەڵمێنن.

لـەرووی سیاسـییەوە کۆبوونـەوەی هێـزو حیـزب و لایەنە سیاسـییەکانی کوردسـتان کــە رۆژی ٢١-١٠-٢٠٠٧ لەســەر بانگهێشــتی ســەرکردایەتی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK لــە بــارەگای مەکتەبــی سیاســی YNDK لــە شــاری هەولێـر ئەنجامـدرا و نوێنـەری ٢٢ بیسـت و دوو حیـزب و لایەنـی سیاسـی کوردسـتان لـە کـورد و تورکـمان و ئاشـووری و کلـدان ئامادەبـوون و بەیەکـەوە گفتوگۆیان لەسـەر هەڕەشــەی لەشکرکێشــی تورکیــا کــرد، هــەر هەمــوو لایــەك کــۆك بوویــن لەســەر ئــەوەی کــە دەبێــت یەکدەنــگ و یــەك هەلوێســت بیــن بــۆ رووبــەڕوو بوونــەوەی هەڕەشــەکان و لــە کاتــی پێویستیشــدا هەموومــان پێشــمەرگەی ســەنگەرەکانی

پێشـەوەی رووبـەڕوو بوونـەوەو بەرگریکـردن بیـن لەخاکـی کوردسـتان، راگەیاندنـی کۆتایـی کۆبوونـەوەی حیـزب و لایەنە سیاسـییەکان هەڵوێسـتی نیشـتمانی و نەتەوەیی و سیاسـی زۆر راشـکاوانە خسـتۆتەڕوو و پەیامێکـی راسـتگۆیانەیە بـۆ هەمـوو لایـەك بـۆ دۆسـت و دوژمـن، بـۆ زیاتـر زانیـاری دەقـی راگەیاندنەکـە و نـاوی حیـزب و لایەنـە بەشـداربووەکانی کۆبوونەوەکـە لەگـەڵ ئـەم نووسـینەماندا بڵاودەکەینـەوە.

بێگومـان ئەمـە جـاری یەکـەم نییـە کـە گەلـی کوردسـتان ئـاوا یەکدەنـگ و یەکڕیـز لـەرووی هەڕەشـەکان دەوەسـتێت، گەلێـك ئامـادە بێـت لـە ناخۆشـییەکانی هەمـوو کێشـەیەك وەلابنێـت و بچێتـە سـەنگەری بەرەڤانیکـردن لـە دەسـتکەوتەکان، هـەق نییـە ئـەو گەلـە لـە خۆشـییەکان لـە بیـر بکرێـت، حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان کـە لـە ناخۆشـییەکاندا بـۆ رووبـەڕوو بوونـەوەی هەڕەشـەکان ناکۆکـی و ململانێـی سیاسـی خۆیـان بخەنـە لاوەو یەکدەنـگ و یەکهەڵوێسـت لەگـەڵ سـەرکردایەتی سیاسـی و پەرلەمـان و حکومەتـی کوردسـتان بوەسـتن هـەق نییـە لـە خۆشـییەکان لـە بیـر بکرێـن و پەراوێـز بخرێـن!! هـەق نییـە لەسـەر بنەمـای میزاجـی شـەخسی مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکرێـت، ئـەم قۆناخـەی ئێسـتا لەهەموولایەکمان دەخوازێـت کار بکەیـن بـۆ فراوانکردنـی ئەنجوومەنـی سیاسـی کوردسـتان و بیکەینـە ئەنجوومەنێکـی وا کـەی نوێنەرایەتـی تـەواوی حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان و پێکهاتەکانـی کوردسـتان بـکات، لەبەرئـەوەی ناوەنـدی سیاسـی کوردسـتان پێویسـتی بـە رێکخسـتنەوە و یەکخسـتنەوە هەیـە و ئـەو ئالیەتـەی کـە ئێسـتا هەیـە جێگـەی گلەیـی زۆربـەی لایەنـە سیاسـییەکانە، هـەق وایـە سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان چـاو بـەو ئالیەتە بخشـێنێتەوە و ئەنجوومەنەکـە فراوانـتر بـکات، گـوێ بـەڕای زۆرینـەی حیـزب و لایەنە سیاسـییەکان بـدات بـۆ فراوانکردنـی ئەنجوومەنـی حیزبـەکان کـە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی زیاتـر قوڵکردنـەوەی گیانـی دیموکراسـی و بەیەکـەوە کارکـردن بـۆ بیناکردنـی داهاتوویەکـی گـەش بـۆ وڵاتەکەمـان.

### ■ راگەیاندنـی کۆتایـی کۆبوونـەوەی فراوانـی حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان

رۆژی یەکشـەممە رێکەوتـی ٢١-١٠-٢٠٠٧ لەسـەر بانگهێشـتی مەکتەبـی سیاسـی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەژێـر دروشـمی (نا بۆ چارەسـەری سـەربازی .. بەڵـێ بـۆ چارەسـەری دیپلۆماسـی) لەبـارەگای مەکتەبی سیاسـیی YNDK لەهەولێـر، ئێمـە نوێنـەری حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان بەمەبەسـتی خسـتنەڕوو و گفتوگۆکـردن لەمـەر هەڕەشـە و گوشـارەکانی دەوڵەتـی تورکیـا بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان کۆبووینـەوە، کـە ماوەیەکـە تورکیـا بـە بیانـووی جۆراوجـۆر زۆر بەتونـدی هەڕەشـەی لەشکرکێشـی بـۆ سـەر باشـووری کوردسـتان دەکات و رۆژانـە تۆپخانەکانی تورکیـا تۆپبارانـی ناوچـە سـنوورییەکان دەکـەن و بەهۆیـەوە سـەدان خێـزان لەسـەر مـاڵ و حاڵیـان دەربـەدەر بـوون و لـە ترسـی گیانیـان گوندەکانیـان جێهێشـتووە، ئـەم پێشـێلکارییانە دژی یاسـا و رێککەوتنامـە نێودەوڵەتییـەکان و بەزاندنـی سـەروەری و دژی بنەماکانـی مافـی مرۆڤـن کـە تورکیـا یەکێکـە لـەو دەوڵەتانـەی لەسـەر ئـەم رێکەوتنامـە نێونەتەوەییانـە واژۆی کـردووە، بەبـاوەڕی ئێمـە هەڕەشـەی بەکارهێنانـی هێـز بـۆ یەکلاییکردنـەوەی کێشـەکان چارەسـەر نییـە و هەڵگیرسـانی شـەڕ لەناوچەکـەدا هەلێکـی گـەورەو زێریـن دەداتـە دەسـت تیرۆریسـتان بـۆ زیاتـر ئاڵۆزکـردن و شـێواندنی ئاسایشـی ناوچەکـە، بۆیـە بڕیـاری ١٧-١٠-٢٠٠٧ی پەرلەمانـی تورکیـا نـە لـە بەرژەوەنـدی تورکیـا و نـە لـە بەرژەوەنـدی ناوچەکـەدا نییـە، دەبـووا پەرلەمانـی تورکیـا داوا بـکات لـە رێگـەی دیالـۆگ پرسـەکە چارەسـەر بـکات نـەك دەسـتووری شـەڕ بەسـوپای تورکیـا بـدات، لەبەرئـەوەی ئەزموونـی سـاڵانی رابـردوو سـەلماندوویەتی کەنـەك هـەر مەسـەلەی PKK بەڵکـو هیـچ کێشـەیەك لەرێـگای شـەڕ چارەسـەر نابێـت و، سـەردەمی ئەمـڕۆ سـەردەمی دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتنە و زۆربـەی کێشـە ئاڵۆزەکانـی جیهـان لەسـەر مێـزی دیالـۆگ چارەسـەر کـراون، بـۆ

چارەسـەری ئـەم کێشـەیەش دیالـۆگ باشـترین ڕێگایـە.

ئێمـە ئـەو هێـزو لایەنـە سیاسـییانەی کـە لـە خـوارەوە ناومـان هاتـووە زۆر بـە تونـدی ناڕەزایـی خۆمـان بەرامبـەر هەڕەشـەکانی دەوڵەتـی تورکیـا دەردەبڕیـن و دژی هــەر لەشکرکێشـیەکین بـۆ سـەر سـەروەری هەرێمـی کوردسـتان و داوا لـە هێـزی هاوپەیمانـان دەکەیـن جـدی بـن لـە پاراسـتنی ئاسایشـی کوردسـتان و عێـراق و داوا لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و پەرلەمانـی ئەورووپـا و ڕێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ و کۆمـکاری وڵاتانـی عەرەبـی و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەکەیـن دژی هەڕەشـەکانی تورکیـا هەڵوێسـت دەربـڕن، داواش لـە سـەرکردایەتی PKK دەکەیـن رەچـاوی بارودۆخـی باشـووری کوردسـتان بـکات، هـەروا پاڵپشـتی خۆمـان بـۆ هەڵوێسـتی سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان دەردەبڕیـن بـۆ داکۆکیکـردن لەسـەروەری وڵاتەکەمـان و پاراسـتنی گیانـی هاوڵاتییـانی هەرێمـی کوردسـتان لەهـەر جـۆرە دەسـتدرێژییەکی ئەقلیمـی کـە بکرێتـە سـەرمان، ئێمـەی حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان وەك هەمیشـە پێشـمەرگەی پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی گەلـی کوردسـتان دەبیـن و لەهەمـان کاتـدا داوا لەجەمـاوەری وڵاتپارێـزی کوردسـتان دەکەیـن وەك هەمیشـە یەکڕیـزو یەکدەنـگ بـن بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیـی کوردسـتان و ڕووبەڕووبوونـەوەی هـەر لەشکرکێشـییەك.

حیزب و لایەنە سیاسییەکان:

١. حزبی شیوعی کوردستان.

٢. حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٣. حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان

٤. کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان

٥. پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

٦. حزبی دیموکراتی بیت نەهرێن

٧. بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان

٨. حزبی یەکێتی تورکمان

٩. حزبی رزگاری کوردستان

١٠. کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان لە کوردستان

١١. بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

١٢. پارتی نیشتمانی ئاشووری

١٣. بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمان لە کوردستان

١٤. پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان

١٥. حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان

١٦. کۆمەڵەی لیبرالی تورکمان

١٧. بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان

١٨. پارتی پارێزگارانی کوردستان

١٩. پارتی رزگاری نەتەوەیی تورکمان

٢٠. کۆمەڵەی رۆشنبیری کلدان

٢١. پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٢. یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

هەولێر- باشووری کوردستان

٢١-١٠-٢٠٠٧

***

تێبینـــی: ئــەم وتــارە لــە ژمــارە (٣١٢)ی ڕۆژی سێشــەممە، ٢٠٠٧/١٠/٣٠ ی رۆژنامــەی (میدیــا)دا بڵاوبۆتــەوە.

# پێشنیاری ستیڤان دیمستۆرا بۆ ماددەی ٢٤ فێڵێکی دیکەیە لە گەلی کوردستان

مــاددەی ٢٤ی پــرۆژە یاســای هەڵبژاردنــی ئەنجوومەنــی پارێزگاکانــی ئێــراق کــە لــە ٢٠٠٨/٧/٢٢ لەلایــەن ئەنجوومەنــی نوێنەرانــی ئێــراق بەدەنگدانــی نهێنــی پەســند را، نیــازی گڵاوی دەســەڵاتی عەرەبــی ئێســتای ئێراقــی بــۆ گەلــی کوردســتان وەدەرخســت کــە تاچەنــد دژی خواســتەکانی گەلــی کوردســتانن و ئەگــەر دەســەڵاتیان هەبێــت لــە ســەدام خراپــتر بــە کوردســتان دەکــەن، ئەمــەش ئەوەمــان بــۆ دەخاتــەروو کــە هــەر عەرەبێکــی ئێــراق دەســەڵاتی هەبێــت ســەدامێکە بــۆ خــۆی و ئــەوەی لەدەســتی بێــت دژی کوردســتان دەیــکات.

ئەگــەر ســەیر بکەیــن لەرابــردوودا تــەواوی دەســەڵاتەکانی ئێــراق لەســەرەتای گرتنــە دەســتی جلــەوی دەســەڵات جــۆرە نەرمییەکیــان نوانــدووەو پاشــان کــە دەســەڵاتەکەیان بــەرەو بەهێــزی رۆیشــتووە دژی گەلــی کوردســتان وەســتاونەتەوە، ئەوەتــا کــە عەبدولکەریــم قاســم هاتــە ســەر حوکــم لــە ١٩٥٨ تــا ١٩٦١ جــۆرە نەرمییەکــی نوانــد، بــەڵام پاشــتر لــە ١٩٦١ لــە بەڵێنەکانــی پەشــیمان بــۆوەو ئەوەبــوو لــە ١١-٩-١٩٦١ شۆڕشــی ئەیلــول بەســەرۆکایەتی ژەنــەراڵ بارزانــی نەمــر بەرپــا بــوو، دەســەڵاتی قاســم ئــەوەی توانــی لەکــورد کوشــتن و هێــرش و بومبــاران

و سوتاندنی شارو گوندی کوردستان درێخی نەکرد، ئەگەر نموونەیەکی دیکە وەربگرین؛ بەعس لە ١٩٦٨ کە کودەتای کردو دەسەڵاتی گرتە دەست جۆرە نەرمییەکی نواند و لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دەستی بە دیالۆگ کرد و لە ئەنجامدا ناچار بوو کە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ مۆر بکات و ڕابگەیەنێت و لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ هێمنییەك باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت، لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە بەعس دەسەڵاتی بەرەو بەهێز بوون رۆیشت لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەزبۆوەو کەوتەوە شەڕی کوردستان و جۆرەها پیلانی بەکارهێنا، هەر لە بەعەرەبکردن و کیمیابارانکردن و بێسەرو شوێنکردن و تا دەگاتە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و، لەمەشدا ئامانجی بەعس نەهێشتنی گەلی کوردستان بوو بە خاك و خەڵکەوە، دوا نموونەش ئەزموونی رووخانی بەعسە لە ٩-٤-٢٠٠٣دا، کە بەعس رووخێنرا ئەوانەی ناوی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقیان لەخۆ نابوو خودان پێگەیەکی ئەوتۆی جەماوەری نەبوون لەناو ئێراقدا، کاتێ گەڕانەوە ئێراق بەهاوکاری وڵاتانی هاوپەیمان و وڵاتانی دەوروبەری ئێراق بنکەو پێگەی خۆیان بەهێز کرد و لە هەموو شتێکدا هانایان بۆ سەرکردایەتی کوردستان دەهێنا و سەرکردایەتی کوردستانیش لەهاوکاری و پشتگیریان درێخی نەکرد و ئەوەی بۆ ئەو لایەنە عەرەبییە ئێراقییانەی کرد چارەکی ئەوەی بۆ هێز و لایەنە کوردستانییەکان نەکرد، هێندە بەپیر ئەوانەوە چوون لایەنە کوردستانییەکانیان پەراوێز خست، کە دەبووا سەرکردایەتی کوردستان زیاتر هاوکاری و پشتگیری لایەنە کوردستانییەکانی بکردبووا، بەڵام بەداخەوە وای نەکرد؛ ئەوەتا ئێستاش دەبینین لایەنە عەرەبییەکان چۆن دژی خواستەکانی گەلی کوردستان وسەرکردایەتییەکەی دەوەستنەوەو لایەنە کوردستانییەکانیش چۆن بەرەڤانی لە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان دەکەن، هەقە لەمەودوا سەرکردایەتی

کوردستان چاو بەهەڵوێست و سیاسەتەکانیدا بخشێنێتەوە و زیاتر ناوەندی سیاسی کوردستان ڕێکبخاتەوە و بەهێزی بکات و قسەو بیروڕا و بۆچوونی وڵاتپارێزو دڵسۆزانیش بەهەند وەربگرێت و بەسینگێکی فراوانیشەوە بەپیر ڕەخنەو گازندەکانی خەڵکەوە بچێت و لەخەمی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵکدا بێت، ئەوەی کە بۆ ئەملاو ئەولای دەکەین با بۆ خەڵکی کوردستانی بکەین.

پەسەندکردنی مادەی ٢٤ی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ئێراق لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراقەوە پەیامێکە ئەو راستییەمان بەبیر دێنێتەوە کە دەسەڵاتی ئێراق چ لەرابردوو چ لەئێستادا و چ لە داهاتوودا بەهەمان عەقلییەت بیر دەکاتەوە، ئەوەی بۆ کوردستان رەوا بێت ئەوان بە ناڕەوای دەزانن، ئەوەتا ئێستاش ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق مشتومڕ لەسەر مانەوەی مادەی ٢٤ دەکەن و ناوە ناوەش باس لەئەلتەرناتیڤی مادەکە دەکرێت، لەو ناوەندەشدا پێشنیاری ستیڤان دیمستۆرا کراوەتە بنچینەی گفتوگۆکان و هەوڵدەدرێت ئەوە پەسەند بکرێ، بەپێی خوێندنەوەی خۆم پێشنیارەکانی ستیڤان دیمستۆرا دژی خواستەکانی گەلی کوردستانە و ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ ئەوە نییە، ئەگەر ئێمە بە پێشنیارەکانی دیمستۆرا رازی بین فاولێك دەدەینە لایەنی بەرانبەر لەبەرئەوەی:

یەکەم: دیمستۆرا داوا دەکات هەڵبژاردن لە کەرکوك بۆ دیسەمبەری ٢٠٠٩ دوابخرێت و باشە بۆ لەهەموو ئێراق هەڵبژاردن بکرێت و لە کەرکوك دوا بخرێت؟

دووەم: داوا دەکات ئەو ئەنجوومەنەی ئێستای پارێزگای کەرکوك لەسەر کاری خۆی بەردەوام بێت، باشە بە چ ماددەیەکی دەستووری ئەو ئەنجوومەنە بەردەوام بێت و کام بەند و مادەی دەستووری ئەم رێگایە دەدات؟ لایەنی

بەرانبـەر لەداهاتـوودا دەتوانێـت بڵێـت ئـەوە لادانـە لـە دەسـتوور.

سـێیەم: دیمسـتۆرا داوا دەکات کـە چـاو بەتۆمارەکانـی دیموگرافیـدا بخشـێندرێتەوە ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە کـە ئـەو کوردسـتانیانەی گەڕاونەتـەوە کەرکـوك دەریـان بکەنـەوە !

چـوارەم: دیمسـتۆرا لەخاڵێکـی دیکـەی پێشـنیارەکانیدا دەڵێـت دەبێـت رێـز لەتـەواوی ئـەو ماددانـە بگیرێـت کـە لەدەسـتووردا هاتـوون و پەیوەندییـان بـە کەرکـوك هەیـە، نـاوی مـاددەی ١٤٠ی بەنـاو نەهێنـاوە ئەمـە خاڵێـك، خاڵێکـی دیکـە دەبـووا دیمسـتۆا لەجیاتـی رێزگرتـن داوای ئیلتزامـی بکردبـوا لەبەرئـەوەی لـە دەسـتووردا دەتوانرێـت بنووسرێـت رێـز لـە ئیـدارەی گـەل دەگیرێـت، بـەڵام لـە یاسـادا دەبێـت ئیلتـزام بـە دەسـتوور بکرێـت، کـە دایکـی یاسـاییەکانە نـەك رێزگرتـن بـێ ئیلتـزام یانـی چـی؟

پێنجـەم: دیمسـتۆرا پێشـنیار دەکات گفتوگـۆکان لـە ئەنجوومەنـی نوێنـەران بـەردەوام بـن تـا یاسـایەکی تایبـەت بـە کەرکـوك دەردەچێـت لەکاتێکـدا کـە لـە ٣١ی ئۆکتۆبـەری ٢٠٠٨ تێنەپەرێـت، ئەمـەش واتـا دانانـی ئەلتەرنانتیڤـە بـۆ مـادەی ١٤٠، ئەگەرنـا بـۆ یاسـای تایبـەت؟.

شەشـەم: دیمسـتۆرا هـەر لـە پێشـنیارەکانیدا بـۆ دوا چارەسـەر و دوا رەشـنووس تۆپەکـە دەخاتـە گۆرەپانـی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنـی نوێنـەران و حکومەتـی ئێـراق و بێئـەوەی نـاوی حکومەتـی کوردسـتان بهێنێـت کـە لایەنـی سـەرەکی چارەسـەرکردنی ئـەم پرسـەیە، ئەمـەش دیـارە تەنهـا بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی حکومەتـی ئێـراق و رازیکردنـی وڵاتانـی دەوروبـەرە.

بەڵـێ پێشـنیارەکانی دیمسـتۆرا بـەم شـێوەن و خوێندنـەوەی جیاجیـا هەڵدەگـرن و لـە تـەواوی جیهانیشـدا UN چووبێتـە نـاو هـەر کێشـەیەکەوە ئاڵۆزتـری کـردووە، ئێسـتاش ئەگـەر سـەیر بکەیـن UN لـە رێـی دیمسـتۆرا هەوڵـدەدات کێشـەکە

ئالۆزتـر بـكات، ئامانجـی دیمسـتۆرا لەمـەدا چییـە؟

بـۆ خولـی ئەمجـارەی UN سـكرتێری گشـتی UN لـە كیشـوەری ئەوروپـا هەڵدەبژدرێـت، ئـەوەی بـۆ ئـەو پۆسـتەش دەپاڵێورێـت دەبێـت ماوەیەكـی زۆر لەدەزگاكانـی UNدا كاری كردبێـت و وڵاتانیـش لێـی رازیـبن و ئـەو كەسـە كێشـەیەكی ئالۆزیشـی چارەسـەر كردبێـت، دیمسـتۆراش نزیكـەی ٣٧ سـاڵە لـە UNدا كار دەكات و لەدایـك و باوكێكـی سـوێدی و ئیتالییـە و خێزانەكەشـی فەرەنسـییە، هەوڵـدەدات لەپرسـی مـادەی ١٤٠ دا وڵاتانـی دەوروبـەری ئێـراق و ئەوانـەی بەرژەوەندییـان لـە ئێراقـە رازیبـكات، دیمسـتۆرا بـەو چـاوە سـەیری كوردسـتان دەكات كـە دەوڵـەت نییـە بۆیـە بـەلای ئـەوەوە گرنـگ نییـە كوردسـتان رازی بێـت یـان نـا، ئـەوەی لای ئـەو گرنگـە وڵاتـان رازی بیـن، بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەیەكی ئالۆزیـش پرسـی كەركـوك و مـادەی ١٤٠ی وەرگرتـووە و هەوڵـدەدات بەرەچاوكردنـی پاراسـتنی بەرژەوەنـدی وڵاتـان و رازیكردنیـان پرسـەكە چارەسـەر بـكات، بـۆ ئـەوەش دەبـێ ئێمـەی خەڵكـی كوردسـتان بـاش لـەو راسـتییە بگەیـن و بـواری ئـەوە نەدەیـن یـاری بـە چارەنووسـی ئێمـە بكـرێ و خەڵكێـك لەسـەر پشـتی ئێمـە بـگات بـە ئارەزووەكانـی خـۆی ! ئەگـەر تێبینـی بكەیـن سـتیڤان دیمسـتۆرا زۆر رەچـاوی بەرژەوەندییەكانـی توركیـا دەكات، ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی كـە راوێـژكاری یەكەمـی دیمسـتۆرا یـوس هیتلەرمـان سـەرۆكی (International Crisis Group _ ئەنتەرناسـیۆنال كرایـزس گـرووپ)ە كـە بارەگایەكیـان لـە توركیایـە، ئـەو كەسـە زۆر نزیكـی توركیایـە و هەوڵـدەدات لەرێـی سـەرنج و بۆچوونەكانـی كاریگـەری بكاتـە سـەر بیروڕاكانـی دیمسـتۆرا و تـا ئێسـتا سـەركەوتووش بـووە.

ئەوانـەی باسـمان كـردن چەنـد راسـتییەكن و پێویسـتە سـەركردایەتی كوردسـتان هەڵوەسـتەی لەسـەر بـكات و لێیوردبێتـەوە تـا گۆلـی دیكەیـان لێنەكردوویـن !

بـۆ دەربـاز كردنـی ئـەم رەوشـە پێویسـتە بەزووتریـن كات پەرلەمانـی

کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی ئاشکراو تایبەتدا داواکاری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك پەسەند بکات و کەرکوك بگێڕێتەوە سەر کوردستان، لەبەرئەوەی ئەگەر ئێمە چاوەڕێی ئەوە بین لە ڕێی دەستوور و یاسا و UN کەرکوك وەربگرینەوە دەبێ هەر چاوەڕوان بین و وردە وردەش لەو نێوانەدا حکومەتی ئێراق بەهێز دەبێت و پڕ چەك دەکرێت و ئەوکاتیش ئەرکی ئێمە قورستر دەبێت، ئەوەتە لەرەشنووسی ڕێککەوتنامەی ستراتیژی نێوان ئەمریکا و ئێراقدا، لەماددەی چوارەمدا هاتووە کە ئەمریکا هاوکاری ئیراق دەکات بۆ لێدانی میلیشا و ئەوانەی لەیاسا دەرچوونە، نوری مالیکی ماوەیەکە ناوە بە ناوە لە دەزگایەکانی راگەیاندن رایدەگەیەنێت کە پێشمەرگە لە دەرەوەی سنووری حکومەتی کوردستاندا میلیشیایە ئەمەش زەنگێکی ترسناکەو دەبێ بە وشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

زۆر لە پێشمەرگەکانی کوردستان بە قەد بەژنی نوری مالیکی پێلاوی لاستیکییان لە چیاکانی کوردستاندا دڕاندووە، ئەویش خەوتووی هوتێلەکانی تاران بووە، ئێستاش خۆی لێ گۆراوە و پێشمەرگە بە میلیشیا ناودەبات، لەبیری چووە کە لە دوای رووخانی بەعس پێشمەرگە ئەوی بردەوە بەغدا، جا ئێراقێك ئەو جۆرە عەقڵیەتانە بەرێوەی ببەن گەلی کوردستان چ ئومێدێکی بەو ئێراقە هەبێت؟.

بۆیە تا زووە دەبێ بڕیاری بوێرانەی خۆمان بدەین و، هەڵسوکەوتی خۆمان لەگەڵ ئێراقدا بگۆڕین، دەبێ ئەو راستییەش بزانین کە ئێمەی کوردستانی ئەمڕۆ بەهێزترین لایەنی ناوچەکەین و پاراستنی هێمنی و ئارامی ناوچەکە لە دەستی ئێمەدایە، بۆیە نابێت بترسین و دەبێت زیرەکانە و بوێرانە یاری بە کارتەکانمان بکەین و، نابێ چیتر چاوەرێ بکەین و هەڵ لەدەست بدەین، لەهەمووی گرنگتر ئەگەر خۆمان هەبین و خودان بڕیاری بوێرانە

بیــن خاوەنــی هەمــوو شــتین، ئەگــەر بەتەمــای خەڵکیــش بیــن کێشــەکانمان زیاتــر ئالــۆز دەبێــت و هــەڵ لــەدوای هــەڵ لەدەســت دەدەیــن، جــا بۆیــە تــا زووە و لــەوە درەنگــتر نەکەوتوویــن بــا هەنــگاو بنێــن و بڕیــاری بوێرانــەی خۆمــان بدەیــن و چیــتر لــە چاوەڕوانــی گــۆدۆدا نەمێنیــن.

بێگومــان ئەگــەر لــە ٢٠٠٣دا ســەربەخۆیی خۆمــان رابگەیاندبــووا ئــەوا بەدڵنیاییــەوە ئێســتا دەوڵــەت بوویــن و ببووینــە دیفاکتــۆ و مامەڵەشــمان لەگەڵــدا دەکــرا، ٢٠٠٣ هەلێکــی زێڕیــن بــوو لەدەســتماندا، زۆر هەڵــمان لەدەســتداوە بــا چیــتر خزمەتــی خەڵــك نەکەیــن و بیــر لــە خۆمــان بکەینــەوە و لــە جیاتــی ئێــراق بــا کوردســتانێکی ســەربەخۆو ئــازاد بنیــاد بنێیــن و خەونــی چەندیــن ســاڵەی گەلــی کوردســتان بەدیبێنیــن.

٢٠٠٨-٩-١١

هەولێر- باشووری کوردستان

***

**تێبینــی:** ئــەم وتــارە لــە ژمــارە (٣٥٦)ی ڕۆژی سێشــەممە، ٢٠٠٨/٩/١٦ ی رۆژنامــەی (میدیــا)دا بڵاوبۆتــەوە.

# گۆڕینی دیموگرافیای قەڵای هەولێر لەلایەن بەعس زوڵمێک بوو لە قەڵا و خەڵکی هەولێر کرا

بابەتیکـــی بەڕێــز (د.ئیحســـان فەتحـــی) بەنـــاوی (دەروازەی قەڵاتـــی هەولێـــر چیرۆکـی تـەواو . چییـە و چـی لەسـەر وتـراوە)، لەلاپـەڕە ٦ی ژمـارە ٤٠٧ی رۆژی ١٣-١٠-٢٠٠٩ی رۆژنامــەی (میدیـا)دا بڵاوبۆتــەوە، وتارەکــە بەرگریکردنــە لــەو گۆڕینــە دیموگرافیــەی لــە جەســتەی قــەڵای هەولێــردا ئەنجامــدراوە، قــەڵای هەولێــر و هەمــوو ئــەو قەڵایانــەی کــە لەشــارەکانی کوردســتاندان ئەگــەر ســەیریان بکەیــن لــە قــەڵای شــوێنانی دیکــە جیــان و خــودان تایبەتمەنــدی کوردانــەی خۆیانــن، بــۆ ســڕینەوەی مۆرکــی نەتەوەیــی قــەڵای هەولێــرو گۆڕینــی دیموگرافیەکــەی رژێمــی رووخــاوی ئێــراق بــەو کارە هەســتا و کارەکەشــی لەژێــر نــاوی نۆژەنکردنــەوەی قــەڵای هەولێــر ئەنجامــدا.

کــە لەراســتیدا نۆژەنکردنــەوەی قــەڵا نەبــوو بەڵکــو گۆڕینــی دیموگرافیــای قــەڵا بــوو، حکومەتــی ئێــراق ئەگــەر بیویســتبا قەڵاکــە نــۆژەن بکاتــەوە دەبــووا رەچــاوی تایبەتمەنــدی نەتەوەیــی قــەڵای هەولێــری بکردبــووا کــە نەیکــردووە، لــە نووســینەکەی بەڕێــز (د. ئیحســان فەتحی)یشــدا هاتــووە: (چــوارەم: لەمەرجەکانــی پێشــبرکێیەکەدا ئــەوە نەهاتبــوو کــە هــەر دەبــێ بنیاتنانــەوەی دەروازەی قــەڵا

لەسەر شێوە کۆنەکە بێت ..) واتە حکومەتی ئێراق نەیویستووە قەڵا بەمۆرکی کوردانەی خۆی نۆژەن بکاتەوە بەڵکو ئامانجەکەی شێواندنی شارستانیەت و کەلەپووری قەڵا و کوردستان بووە، هەر بۆیەشە ئەوکات ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیرانی کوردستان دژی ئەو گۆڕانکارییەی بەعس وەستانەوەو چەندین یاداشتیان پێشکەش حکومەتی ئێراق و دەستەی شوێنەوارەکانی ئێراق کرد بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکە ئەنجام نەدرێت، بەڵام گوێ لە کەس نەگیراو کارەکە بەم شێوەیەی ئێستا ئەنجامدرا، مامۆستای شوێنەوارناس (عەبدولڕەقیب یوسف) یەکێك بوو لەو کەسایەتییانەی کە دژی ئەو گۆڕینە دیموگرافیە وەستایەوەو ئیمزاکانیش لەرێی ئەوەوە کۆکراونەوە و گەیەنرانە شوێنی خۆیان (کە بەندەش یەکیک بووم لەوانەی دژی ئەو گۆڕینە دیموگرافییەی قەڵا یاداداشتەکەم ئیمزا کردبوو)، بەعسی رووخاو ئەوەی بەسەر قەڵای هەولێری هێنا دەیویست هەمان شتیش بەسەر قەڵای کەرکوك بهێنێ، گۆڕینی شێواز و تەلارسازی و جەستەی قەڵاکانی کوردستان لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە بە بەرنامەکراوەو هەندێ ئەندازیاریش بەئاگا و بێئاگا بوونەتە ئامرازی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی حکومەتی ئێراق، بۆیە بەرگریکردن لەو سیاسەتەی ئێراق درێژەدانە بەهەمان بەرنامەو عەقلیەتی بەعس بۆ شێواندنی رووی راستی شارستانییەتی کوردستان، هەقە بەڕێز (د.ئیحسان فەتحی) کە ئەندازیارێکی دێرینی ئێراقە لە بواری پارێزگاریکردن لە کەلەپووری تەلارسازی و شارستانی ئەو راستیانە لەبەرچاو بگرێت و بەوردیش سەیرێکی قەڵای هەولێر بکات بزانێ چ غەدرێکی لێکراوە، لەهەمان کاتدا پێویستە بە پێی تایبەتمەندییەکەی خۆی هاوکاری کۆمسیۆنی باڵای بوژاندنەوەی قەڵای هەولێر بکات بۆ گەڕاندنەوەی رووی راستەقینەی بیناسازی و تەلارسازی شارستانییانەی قەڵا و پێدانەوەی مۆرکی تایبەتی خۆی،

نــەك بەرگــری لــەو گۆرینــە دیموگرافیــەی قــەڵا بــكات كــە زوڵمێكــە كاتــی خــۆی بەرامبــەر بــە قــەڵا و خەڵكــی هەولێــر كــراوە، ئــەو چەنــد دێــرەم وەكــو بەرگریكـردن لـەرووی راسـتەقینەی قـەڵا و خسـتنەرووی چەنـد راسـتییەك نووسـی، هیــوادارم بەهەنــد وەربگیــرێ و هەمــوو لایەكــمان كار بكەیــن بــۆ ســڕینەوەی شــوێنەواری سیاســەتە شــۆفینییەكانی بەعــس لەهەمــوو بوارێكــدا.

***

**تێبینــی:** ئــەم وتــارە لــە ژمــارە (٤٠٨)ی ڕۆژی سێشــەممە، ٢٠٠٩/١٠/٢٠ ی رۆژنامــەی (میدیــا)دا بڵاوبۆتــەوە.

# سوپای تونس ..
# سوپای شۆڕش و گەل

لەرۆژانــی رابــردوودا هەموومــان راپەڕینــی جەمــاوەری گەلــی تونســمان بینــی، کــە لەئەنجامــدا ســەرۆکی ئــەو وڵاتــە وڵاتەکــەی جێهێشــت و لــەدوای ئەوەشــدا حکومەتــی کاتــی تونــس پێکهــات و لەژێــر پاڵەپەســتۆی جەماوەریــی ئــەو وڵاتــە کۆمەڵــێ گۆڕانــکاری لــە حکومەتــی کاتیشــدا کــرا، بــەڵام هێشــتا گەلــی تونــس داواکاری دیکــەی هەیــەو چاوەڕێــی زیاتــرە.

بەدڵنیاییــەوە ئــەو گۆڕانکارییانــەی کــە لەتونــس روویانــدا گۆڕانــکاری گەورەتــر بــە دوای خۆیانــدا دێنــن و ئــەوە ســەرەتایەکە بــۆ گۆڕانــکاری مــەزن لــە رۆژهەڵاتــی ناڤینــدا، ئەگــەر ســەیر بکەیــن خۆپیشــاندانەکانی میــسر و یەمــەن و هەنــدێ شــوێنی دی زۆر شــتمان بــۆ روون دەکەنــەوە و ئامــاژەن بــۆ رابوونێکــی مــەزن لــە رۆژهەڵاتــدا، دەکــرێ نەتــەوەی کوردیــش لــە پارچەکانــی دیکــەی کوردســتان کــە هێشــتا دان بــە بوونیــان دانانــرێ و لــە ژێــر زوڵــم و زۆری و چەوســاندنەوەی داگیرکەرانــدان ســوود لــەو گۆڕانکارییانــە وەربگــرن و بگــەن بــە ئــاوات.

ئــەوەی مــن لێــرەدا دەمــەوێ باســی بکــەم رۆڵــی ســوپای تونســە لــەو گۆڕانــەی کــە لەوێــدا روویــدا، ســوپا لەهــەر وڵاتێکــدا لەکاتــی گۆڕانکارییەکانــدا رۆڵێکــی کارا

دەگێـڕێ چ بـە جوولەکـردن بـۆ سـەرکوتکردنی گـەل و چ بەهەڵبژاردنـی بێلایەنـی بێـت، لەکاتـی هێـرش و سـەرکوتکردنی گـەل دەبێتـە دێوەزمـە و خـۆی ناشـیرین دەکات و لەکاتـی هەڵبژاردنـی بێلایەنیشـدا دەبێتـە هیـوا و خۆشەویسـتی گـەل و خـۆی جـوان دەکات، سـوپای تونـس لـە تـەواوی رۆژانـی راپەڕینەکـەی گەلـی تونـس بێلایەنـی هەڵبـژارد و رووبـەڕووی جەمـاوەری راپەڕیـو نەبـۆوە، ئەمـەش وایکـرد گەلـی تونـس زیاتـر سـوپاکەیان خۆشـبوێت و لەکاتـی لێدوانەکانیانـدا بـۆ کەناڵەکانـی راگەیانـدن بڵێـن: (سـوپای تونـس خاوەنـی راسـتەقینەی شۆڕشـی تونسـە)، بەڵـێ سـوپای تونـس بـەم کارەی نموونەیەکـی شارسـتانییانەی نیشـانی هەمـوو دونیـادا و سـەلماندی ئەگـەر سـوپا دژی گەلەکـەی نەوەسـتێتەوە گـەل گۆڕانـکاری گـەورە ئەنجـام دەدات و خواسـتەکانی دێنێتـەدی، مـن کـە بـەوردی لەرێـی کەناڵەکانـی راگەیاندنـەوە رۆژانـە سـەیری راپەرینەکـەم دەکـرد، ئـەوەی زۆر سـەرنجی راکێشـام هەڵوێسـتی سـوپای ئـەو وڵاتـە بـوو، کاری سـەرەکی ئـەو سـوپایە لـەو گۆڕانکارییانـەی تونـس زیاتـر پاراسـتنی دەزگا و دامـەزراوە نیشـتمانییەکانی ئـەو وڵاتـە بـوو، کـە لەراسـتیدا ئەمـەش نموونەیەکـی دەگمەنـە لـە جیهانـی عەرەبـی و رۆژهەڵاتـی ناڤینـدا، لەبەرئـەوەی؛ ئـەوەی لـە رابـردوودا بینیومانـە لـە زۆربـەی وڵاتـە عەرەبییـەکان و وڵاتانـی رۆژهەڵاتـی ناڤینـدا سـوپا رۆڵێکـی زۆر نێگەتیڤـی بینیـوە لـە سـەرکوتکردنی راپەریـن و سـەرهەڵدانە جەماوەرییەکانـدا، هەمومـان لـە بیرمانـە کـە سـوپای ئێـراق لـە بەهـاری ١٩٩١ چـۆن رووبـەرووی گەلـی کوردسـتان و خەڵکـی باشـووری ئێـراق وەسـتایەوەو کەوتـە کوشـت و بـڕی خەڵکـی سـڤیل و وێرانکردنـی کوردسـتان و باشـوری ئێـراق، کـە لەئەنجامـدا کـۆڕەوی ملیۆنـی گەلـی کوردسـتانی لێکەوتـەوە، بۆیـە بـە بـەراورد ئـەو هەڵوێسـتەی سـوپای تونـس بەرامبـەر گەلـی تونـس جێگـەی رێـزە و دەکـرێ وەك سـوپایەکی نیشـتمانی سـەیر بکرێـت.

بێگومـان ئەرکـی سـەرەکی سـوپا پاراسـتنی سـەروەری وڵات و پاراسـتنی سـنووری وڵاتەکەیەتـی لـە دەسـتدرێژییە دەرەکییـەکان، ئەرکـی سـوپای هیـچ ولاتێـك نییـە گەلەکـەی کوشـت و بـڕ بـکات و ڵاتەکـەی وێـران بـکات (وەك ئـەوەی کـە سـوپای ئێـراق کـردی)، ئـەو هەڵوێسـتەی سـوپای تونـس هەسـتکردنە بـە بەرپرسـیارێتی مێژوویـی و پەیامێکیشـە بـۆ وڵاتانـی دی کـە دەبـێ سـوپا لەگـەل ویسـتی گەلەکەیـدا بێـت و چارەنووسـی سـوپا پەیوەسـتە بـە هەڵوێسـتی سـوپا، ئەگـەر بەراوردێـك لەنێـوان سـوپای تونـس و سـوپای جارانـی ئێـراق بکەیـن دەبینیـن سـوپای ئێـراق بـەردەوام شـەڕی گەلـی ئێراقـی دەکـرد بۆیـە لای گـەل بێـزراو و نامـۆ بـوو چارەنووسـی خـۆی بـە چارەنووسـی دەسـەڵاتی بەعـس بەسـتەوە بۆیـە لەگـەڵ نەمانـی دەسـەڵاتی بەعـس سـوپای ئێراقیـش نەمـاو هەڵوەشـێندرایەوە، بـەڵام ئەگـەر چارەنووسـی خـۆی بـە چارەنووسـی گەلـی ئێـراق ببەسـتابایەوە ئـەوا شـتێکی دی دەبـوو، وەك ئـەوەی کـە ئێسـتا لـە تونـس دەیبینیـن.

ئـەو هەڵوێسـتەی سـوپای تونـس ئاسـتی تێگەیشـتنی سـوپاکە دەخاتـە روو بـۆ ئەرکەکانـی و، لێهاتوویـی و تێگەیشـتوویی فەرمانـدە و ئەفسـەرەکانی سـوپاکەش هـۆکارو پاڵنـەرن بـۆ وەرگرتنـی ئـەو هەڵوێسـتە لەلایـەن سـوپاکەوە، ئـەو سـوپایە جێگـەی ئەوەیـە کـە گەلـی تونـس شـانازی پێـوە بـکات و گوڵبارانـی بـکات و، نـاوی بنـێ سـوپای گـەل و شـۆڕش.

***

**تێبینـی:** ئـەم وتـارە لـە ژمـارە (٤٦٩)ی ڕۆژی سێشـەممە، ٢٠١١/٢/١ ی ڕۆژنامـەی (میدیـا)دا بڵاوبۆتـەوە.

# بیستەمین ساڵیادی راپەڕین و چەند سەرنجێك

■ **قۆناخێکی نوێ**

دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی گەلی کوردستان، قۆناخیکی نوێ لە ژیانی سیاسی باشووری کوردستان دەستپێدەکات کە جیاوازە لە ژیانی سیاسی پێشتر، لەبەرئەوەی راپەڕین بووە هۆی هەڵتەکاندنی تەواوی دەزگاو دامەزراوەکانی بەعس لە کوردستان و، بۆ یەکەم جار توانرا زۆربەی هەرەزۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە کەرکوکیشەوە رزگار بکرێ و بکەوێتە دەست گەلی کوردستان، هەرچەندە سەرەتا راپەڕین لەلایەن رژێمی بەعسەوە سەرکوتکراو کۆڕەوی خەڵکی کوردستان دەستپێکرد، بەڵام کۆڕەو سەرەڕای ئازارو مەینەتییەکانی دەرگایەکی مەزنتری بۆ گەلی کوردستان کردەوە، ئەویش دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ بوو لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ پاراستنی گەلی کوردستان لە هەڕەشەکانی بەعس، ئەمە وایکرد خەڵکی کوردستان بگەڕێنەوە سەر ماڵو حاڵی خۆیان.

پاشتر لە ١٩٩٢/٥/١٩ بۆ یەکەم جار گەلی کوردستان ئازادانە روویان کردە سندوقەکانی دەنگدانو یەکەم پەرلەمانی کوردستانیان هەڵبژاردو

پاشــان پەرلەمانیــش متمانــەی بــە یەکــەم کابینــەی حکومەتــدا، لێــرەوە گەلــی کوردســتان رووبــەڕووی ئەزموونێکــی نــوێ و ژیانێکــی سیاســی نــوێ بــۆوە کــە ئەویــش بەڕێوەبردنــی وڵات و حوکمدارییــە، ئەوەبــوو ئەرکــی رێکخســتنەوەی دەزگاو دامــەزراوەکان و داڕشــتن و دانانــی یاســاو کاری خــۆ بەڕێوەبــردن بــەو پەرلەمــان و حکومەتــە ســپێردرا، ئــەو دامەزراوانەیــش کەوتنــە کارو خەبــات بــۆ بەڕێوەبردنــی وڵات، بۆیــە دەتوانیــن بڵێیــن راپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ خاڵــی وەرچەرخــان بــوو لــە مێــژووی کوردســتان و گەلــی کوردســتانی خســتە قۆناخێکــی نــوێ بــە هەمــوو ماناکانییــەوە، بــەڵام ئــەوەی جێگــەی داخــە لــە ســاڵی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ شــەڕی ناوخــۆ لــە نێــوان پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان روویــداو، دەتوانیــن بڵێیــن ئــەو شــەڕە هەڵەیەکــی گــەورە بــوو لەهەمــان کاتــدا کاریگەرییەکــی زۆر خراپــی کردەســەر ژیانــی سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتــی کوردســتان و بــۆ ماوەیەکــی درێــژ تواناکانــی کوردســتانی پەکخســت و تاڕادەیەکیــش شــیرازەی سیاســی و کۆمەڵایەتــی کوردســتانی تێکــدا، ئەگــەر شــەڕی ناوخــۆ نەبــوا ئــەوا ئێمــە ئێســتا لــە رەوشــێکی دی دابوویــن و لەلایــەن دۆســت و دوژمنــەوە خوێندنــەوەی ترمــان بــۆ دەکــراو ژمارەیەکــی بەهێزتریــش دەبوویــن لــە نێــو هاوکێشــە سیاســییەکانی ناوچەکــەدا، بێگومــان شــەڕی ناوخــۆ بــووە هــۆی تێکدانــی ئەجێنــدای کــورد لــە رووی سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و ئیــداری و زۆربــەی بوارەکانــی دی و تــا ئێســتاش ئەمــە کاریگــەری مــاوەو کاتێکــی زۆری دەوێ تــا خاڵــە نێگەتیفەکانــی شــەڕی ناوخــۆ نەمێنــن، بۆیــە دەبــێ هەمــوو لایەکــمان هەوڵبدەیــن و کار بکەیــن کــە جارێکــی دی هەڵــەی وا روونەداتــەوە.

### ■ لەدەستدانی هەڵێکی زێڕین

لــەدوای راپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ دروشــمی سیاســی کوردســتان گــۆڕاو بــووە فیدراڵییــەت، پێشــتر تــەواوی دانوســتاندنەکانی ســەرکردایەتی کوردســتان و حکومەتەکانــی ئێــراق لەســەر بنەمــای ئۆتۆنۆمــی بــوو، ئــەم گۆڕانکارییــە لــە خواســتەکانی کــورد هەنگاوێکــی پۆزەتیــڤ بــوو لــە زۆر لاوەش وەك هەنگاوێــك بــەرەو ســەربەخۆیی کوردســتان ســەیر دەکــرا، جگــە لــەوە تــا ســاڵی ٢٠٠٣ هەســتی کوردســتانی بــوون لــە هەڵکشــاندا بــوو، بــەڵام لــەدوای رووخانــی رژێمــی بەعســەوە ســەرکردایەتی سیاســیی کوردســتان لــە جیاتــی راگەیاندنــی ســەربەخۆیی کــە رووی لــە بەغــدا کــردەوە و کەوتــە کارکــردن بــۆ ئێراقێکــی گوایــە یەکگرتــوو (کــە هەرگیــز ئەمــە روونــادات)، وردە وردە هەســتی ئێراقــی بــوون لای هەنــدێ لا ســەری هەڵدایــەوە، بێگومــان ئەمــەش کارێکــی بــاش نەبــوو، لەبەرئــەوەی بــووە هــۆی لاوازی هەســتی نەتەوەیــی، هەمــوو لایەکــمان دەزانیــن کــە ئێــراق وڵاتێکــی داتــاشراوو دەســتکردەو بــەزۆر باشــووری کوردســتانی پێــوە لکێــنراوە، بۆیــە ئەگــەر لــە دیدگایەکــی نەتەوەیــی ســەیری ئــەم پرســە بکەیــن نــە خاکــی کوردســتان بەشــێکە لــە خاکــی ئێــراق و نــە گەلــی کوردســتانیش بەشــێکە لــە گەلــی ئێــراق، ئــەوە زوڵمێکــی مێژوویــی گەورەیــە لــە گەلــی کوردســتان کــراوەو بــە ئێراقــی عەرەبییــەوە لکێــنراوە، لــە ٢٠٠٣ کــورد هەلێکــی زێڕینــی لــە دەســتدا بــەوەی کــە رووی کــردەوە بەغــدا، ئــەو بەغدایــەی کــە نەمابــوو ئــەو دروســتی کــردەوە و، ئێســتایش دەبینیــن لــە پاداشــتی ئەمــەدا لایەنــە ئێراقییــەکان چــی بــە کــورد دەکــەن !! ٢٠٠٣ دەمانتوانــی بچینــە کەرکــوك و بیکەیــن بــە ســەنتەری بڕیــاری سیاســیی کوردســتان بــەڵام بەداخــەوە ئەوەمــان نەکــرد و چووینــە بەغــداو بــۆ کــێ بــۆ کەســانێك کــە هیچیــان بــە دەســت نەبــوو دژی خواســتەکانی کــورد بــوون!!

هەموومــان لــە بیرمانــە ئۆپۆزســیۆنی ئێــراق پێــش رووخانــی رژێمــی بەعــس



چۆن دژی خواستەکانی کورد بوون تەنها بۆ مجامەلە هەندێ جار دەیانگوت رێز لە خواستی گەلی کوردستان دەگرین، بۆ نموونە لە کۆنگرەی سەلاحەددین کە لە راگەیاندنی کۆتاییدا هاتبوو: (رێز لە خواستی گەلی کورد دەگرین)، ناوی فیدرالییەتیشیان نەهێنابوو لەگەڵ ئەوەشدا پاشان

زۆربـەی لایەنـەکان مانشـێتی سـەرەکی رۆژنامەکانیـان (رفـض نتائـج مؤتمـر صـلاح الدیـن) بـوو، بەڵـێ ئـەوە هەڵوێسـتی لایەنـە ئێراقییـەکان بـووە، ئـەو هێزانـەی کـە ئەمـڕۆ حوکمـی ئێـراق دەکـەن ئەوانـەن کـە دوێنـێ ئۆپۆزسـیۆن بـوون، جـا لـە کاتێکـدا کـە ئۆپۆزسـیۆن بـوون و هیـچ دەسـەڵاتێکیان نەبـوو دژی خواسـتەکانی کـورد بـوون، ئـەی کـە دەسـەڵاتیان بـوو دەبـێ چـۆن بـن؟! بێگومـان ئـەوەن کـە ئەمـڕۆ دەیبینیـن کـەوا دژی هـەر شـتێکن کـورد داوای بـکات و لـە بەرژەوەنـدی کـورددا بێـت، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە عەقڵیەتـی عەرەبـی ئێـراق قابیلـی گـۆڕان نییـە و نابـێ لـەم رووەوە فێـڵ لـە خۆمـان بکەیـن، هەشـتا سـاڵەی ئەزموونمـان لەگـەڵ دەسـەڵاتی عەرەبیـی ئێـراق روون و ئاشـکرایە کـە جگـە لـە سـتەم و ماڵوێرانـی چیترمـان دەسـت نەکەوتـووەو ئـەوە ئێسـتایش هەرەشـەکانیان دەبینیـن.

## ■ کاری حیزبایەتی

لـەدوای راپەڕینـەوە کـەش و هەوایـەك هاتـە ئـارا بـۆ کاری سیاسـی و لـەو کـەش و هەوایـەدا کۆمەڵـێ حیـزب و لایەنـی سیاسـی بـە ئایدۆلۆژیـای جیاجیـا لـە دایکبـوون و هەندێکیـان زوو گۆڕەپانەکەیـان چۆلکـردو هەندێکیشـیان تـا ئێسـتا لـە کارو خەباتـدا بەردەوامـن، بـەڵام نەیانتوانیـوە ببنـە هێزێکـی تـەواو کاریگـەر ئەمـەش هـۆکاری خـۆی هەبـووە، لەسـەرووی هەموویانـەوە هـۆکاری ئابـووری بـووە لەبەرئـەوەی تـەواوی توانـا ئابوورییەکانـی کوردسـتان لـە دەسـتی هـەردوو حیزبـی دەسـەڵاتداری کوردسـتان پارتـی و یەکێتـی دایـە و بـەو هۆیـەوە پێگـەی خۆیـان بەهێزتـر کـردووەو، وەکـو پێویسـتیش هـاوکاری حیزبەکانـی دی نەکـراوە، لـەم رووەوە ناعەدالەتییەکـی زۆر کـراوە لەبەرئـەوەی بەپێـی میزاجـی شەخسـی هـاوکاری حیزبـەکان کـراوە و، زۆر جاریـش ئـەو هاوکارییـە بـڕاوە و وەکـو

سـزایەك بەرامبـەر هەنـدێ لایـەن بەكارهێـنراوە، ئەمـە هۆكارێكـی سـەرەكی بـووە بـۆ گەشـە نەكردنـی هەنـدێ لایەنـی سیاسـی لـە كوردسـتان.

سیســـتەمی كاری حیزبایەتـــی لـــە كوردســـتاندا پێویســـتی بـــە گۆڕانـــكاری هەیـە، بـەڵام تـا ئێسـتایش لـەم رووەوە گۆڕانـكاری تـەواو رووی نـەداوەو لـە سـەرەتادابن، بێگومـان كاتـێ گوڕانـی تـەواو رودەدات كـە شـێوازی بیركردنەوەمـان بـۆ كاری سیاسـی گۆڕانـی گـەورەی بەسـەردا بێـت، تـا ئێسـتایش لـە دیدگایەكـی كلاسـیكییەوە سـەیری حیـزب دەكـرێ و بـاس لـە حیزبـی بچـوك و حیزبـی گـەورە دەكـرێ، كـە لـە راسـتیدا ئـەوە بۆچوونێكـی دروسـت نییـە لەرئـەوەی گەورەیـی و بچوكـی حیـزب لـە هەڵوێسـتی حیـزب دایـە نـەك ژمـارەی ئەندامـانی، دواتـر زۆر حیزبـی گـەورە هەبـوون بچـوك بوونەتـەوە و زۆر حیزبـی بچوكیـش هەبـوون گــەورە بــوون، بۆیــە دەبــێ روانگەیەكــی ســەردەمییانەمان هەبــێ بــو كاری حیزبایەتـی لـە كوردسـتاندا.

■ **ئۆپۆزسیۆن**

لـەدوای راپەڕینـەوە تـا ئێسـتاش ئۆپۆزسـیۆنێكی تەندروسـت لـە كوردسـتان دروسـت نەبـووە، لەبەرئـەوەی كەشـی سیاسـی لـە كوردسـتان بـە كۆمەڵـێ هەڵكشـان و داكشـاندا تێپەڕیـوە و كوردسـتان نەبۆتـە دەوڵـەت، بێگومـان بـێ بوونـی ئۆپۆزسـیۆنیش پرۆسـەی دیموكراتیزەكردنـی كوردسـتان تـەواو نابێـت، بـە مانایەكـی دی هـەر وڵاتێـك یـا هـەر شـوێنێك كـە ئۆپۆزسـیۆنی نەبـوو، واتـە ئـەو وڵاتـە یـا ئـەو شـوێنە دیموكراسـییەتی تـەواوی لـێ نییـە، لەبەرئـەوەی بوونـی ئۆپۆزسـیۆنی كارا و تەندروسـت هـۆكارە بـۆ كامڵبوونـی پرۆسـەی بـە دیموكراسـی بـوون.

ئۆپۆزسـیۆن و دەسـەڵات دوو دیـدی جیایـان هەیـە بـەڵام لـە ئەنجامـدا

دەبێ هەردوولا مەبەستیان خزمەتکردن بێت نەك سڕینەوەی یەکتر، پێویستە هەردوولا تەواوکەری یەکتربن و کاربکەن بۆ بیناکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ خەڵك، بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی نیشتمانی کارا لە کوردستان پێویستییەکی مێژوویی و بابەتییە بۆ بەرەو پێشڤەبردنی کۆمەڵگە.

## ■ نەوەی دوای راپەڕین

نەوەی دوای راپەڕین نەوەیەکی کراوە و ئازادترن لە پێشتر، خۆیان دووری ژیانی حیزبایەتی دەگرن و زۆر ناڕازی و نیگەرانن لە رەوشی سیاسی کوردستان، کە دەبینن لە ژیانی سیاسیدا بەشدارییان پێنەکراوە و وەک پێویست بواریان بۆ نەڕەخساوە تواناکانی خۆیان تاقیبکەنەوە، کە دەبێت بواری تەواویان پێبدرێت بۆ ئەوەی رۆڵی خۆیان ببینن لە بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە، نەوەی دوای راپەڕین نەوەیەکی چاوکراوە و رەخنەگرن و جێگەی ئومێدن، هەقە لە توڕەبوون و ناڕازی بوونیان بگەین کە وەك پێویست بواریان پێنەدراوە، لەسەر دەسەڵاتیشە گوێ لە خواستەکانیان بگرێت و بواری کاریان بۆ بڕەخسێنێت و لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی بەرپرسیارێتییان بخاتە ئەستۆو بەپێی پرەنسیپی ئەرك و ماف ئەرکیان پێ بسپێرێت و مافییان پێبدات.

## ■ عەقڵیەتی شاخ و عەقڵیەتی شار

کە باس لە عەقڵیەتی شاخ دەکەین مەبەستمان عەقڵیەتی شوڕشگێڕییە، کلتوری خەباتی شاخ کلتورێکی شۆڕشگێڕی پڕ بەخودان و خۆڕاگرییەو پێویستە هەمیشە بە چاوی رێزەوە لێی بڕوانین، لەبەرئەوەی بەشێکە

لــە دیــرۆك و ســەروەرییەکانی نەتەوەکەمــان و لــە ســەرهەڵدان و کەوتــن و هەڵســانەوەی هــەر شــۆڕش و بەرخودانێکــی گەلــی کوردســتاندا شــاخ پشــت و پەنامــان بــووە و ئــەو کەســەی کــە رووی لــە شــاخیش کــردووە بۆئــەوە بــووە زوڵــم و ســتەم لەســەر گەلەکــەی لاببــات و ژیانێکــی باشــتری بــۆ دەســتەبەر بــکات، شــاریش کــە بــە مانــای مەدەنییــەت دێــت پێویســتە عەقڵیەتێکــی مەدەنــی ئیــدارەی بــکات و دەزگاو فەرمانگەکانــی دامەزراوەیــی بــن بەپێــی سیســتەم کار بکــەن نــەك بــە میزاجــی شەخســی، ئەگــەر ســەیر بکەیــن لــە مــاوەی ئــەو بیســت ســاڵەی رابــردوودا ســەرەڕای ئــەوەی کــە هەســتدەکرێ وردە وردە دەمانــەوێ بــەرەو کۆمەڵگایەکــی مەدەنــی هەنــگاو بنێیــن بــەڵام تائێســتاش عەقڵیەتــی شــاخ زاڵــە بەســەر بیرکردنــەوەی مەدەنییانــەدا، بــە بــڕوای مــن ئــەوەش دەگەڕێتــەوە بۆئــەوەی کــە تــا ئێســتا ئێمــە لــە قۆناخــی رزگاری نیشــتمانیداین و هەســت بــەو مەترســییانە دەکەیــن کــە لەســەرمانن.

### ■ سەربەخۆیی تاکە چارەسەرە

بیســتەمین ســاڵیادی راپەڕیــن هاوکاتــە لەگــەڵ ئــەو گۆڕانکارییانــەی کــە لــە رۆژهەڵاتــی ناڤینــدا روودەدەن، ئــەوا باشــووری ســودان دەنگیــان بــۆ ســەربەخۆیی خۆیانــدا، دەســەڵاتی تونــس و میــسر گــۆڕان و گۆڕانــکاری مەزنتریــش لــە ناوچەکــەدا بەڕێــوەن، بۆیــە هەقــە ئێمەیــش ریزەکانــی خۆمــان یەکبخەیــن و ناکۆکییەکانمــان بــەلاوە بنێیــن و کار بــۆ پــڕۆژەی گــەورەی نەتەوەیــی بکەیــن و بیــر لــەوە بکەینــەوە وەك نەتەوەکانــی دی بڕیــار لــە چارەنووســی خۆمــان بدەیــن و داهاتــووی خۆمــان بنیــات بنێیــن و، بــە دەســتی خۆمــان کەرکــوك و مەخمــوور و خانەقیــن و شــنگال و شــێخان و دەڤەرەکانــی دی بگەڕێنینــەوە ســەر کوردســتان، ئەگــەر خۆمــان ئــەوە نەکەیــن دەبــێ هــەر بەدیــار جێبەجێکردنــی مــاددەی (١٤٠)ەوە باوێشــك بدەیــن،

لەبەرئـەوەی هیـچ دەسـەڵاتێکی عەرەبـی ئێراقـی ئامـادە نییـە ئـەو دەڤەرانـە بگەڕێنێتـەوە سـەر کوردسـتان، بۆیـە دەبـێ خۆمـان ئـەوە بکەیـن و، ئنجـا بڕیـاری بوێرانـە و نەتەوەییانـەی خۆمـان بدەیـن بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان و، بیسـتەمین ساڵیادی راپەڕیـن بکەینـە سـاڵی دامەزرانـدن و راگەیاندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان.

٢٠١١/٣/٥

هەولێر _ کوردستان

***

**تێبینـی:** ئــەم وتــارە لــە ژمــارە (٤٧٤)ی ئەمــڕۆ سێشــەممە، ٢٠١١/٣/٨ ی رۆژنامــەی (میدیــا)دا بڵاوبۆتــەوە.

# بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی زامنی پێشڤەچوون و سەرکەوتنمانە

بوونــی چەترێکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی بــۆ بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان پێویســتییەکی بابەتــی و دیرۆکییــە و زۆر جــاری دیکــەش لەســەر ئــەم بابەتــە گفتوگۆمــان کــردووەو هەوڵمانــداوە ئــەم کارە نەتەوەییــە بــە ئەنجــام بگەیەنیــن، بــەڵام بەهــۆی کۆمەڵــێ هــۆکار هەوڵــەکان بــێ ئەنجــام مــاون، ئــەوەی مایــەی خۆشــحاڵییە ماوەیەکــە دیســان بــاس لەئەنجامدانــی ئــەو کارە نەتەوەییــە دەکرێــت، پێویســتە ئەمجــارە هەمــوو لایەکــمان هــاوکار بیــن بــۆ سەرخســتنی ئــەم کارە.

بەســتنی کۆنگرەیەکــی نەتەوەیــی سەرتاســەری بــۆ تــەواوی هێــز و لایەنــە سیاســییەکانی هەرچــوار بــەشی کوردســتان ئەرکێکــی نەتەوەیــی و بــە پەلــەی ئــەم قۆناخــەی خەباتــی گەلەکەمانــە و تــا رۆژێــك زووتــر ببەســترێت باشــترە، لەبەرئــەوەی رۆژهەڵاتــی ناڤیــن لەبــەردەم کۆمەڵــێ گۆڕانــکاری مەزندایــە، پێویســتە ئێمەیــش وەك نەتەوەیەکــی مــاف زەوتکــراو بەرنامــە و کارنامــەی نەتەوەیــی خۆمــان لەســەر ئاســتی نەتەوەیــی هەبێــت بــۆ چۆنیەتــی مامەڵەکــردن لەگــەڵ گۆڕانــکاری و پێشــتهاتەکاندا نــەك شــتی لابــەلا، بــۆ ئەمەیــش پێویســتە بەزووتریــن کات

کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی ببەسـتین بـۆ ئـەوەی نەکەوینـە دوای خەڵکـی دیکـەوە، ئێسـتا کـورد کارتێکـی بەهێـزە لـە گۆڕانکارییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤینـدا، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی داخـە بەرنامەیەکـی نەتەوەیـی یەکگرتوومـان نییـە بـۆ چۆنییەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ گۆڕانکارییەکانـدا.

بــە بــڕوا ئێمــە پێویســتە گۆنکــرەی نەتەوەیــی کوردســتان ببەســترێت و هێزەکانــی هــەر چــوار بــەشی کوردســتانیش ڕۆڵــی تــەواوی تێــدا ببینــن و ئــەم گۆنکرەیــە بکەنــە ســەنتەری بڕیــاری نەتەوەیــی و لەوێــوە بڕیــارە نەتەوەییــە چارەنووســازەکان بدرێــن بەمەیــش بڕیــارەکان شــەرعییەتی نەتەوەییــان دەبێــت و ئێمەیــش دەتوانیــن بەهێــزەوە مامەڵــە لەگــەڵ پێشــهات و گۆڕانکارییەکانــدا بکەیــن، لەکاتــی بەســتنی گۆنکرەیەکــی وادا دەکــرێ بــەم شــێوەیە کاربکــرێ: لایەنــە سیاســییەکانی هــەر بەشــێکی کوردســتان داخوازییەکانــی خۆیــان بــۆ ئــەم قۆناخــەی خەبــات یەکبخــەن و لەژێــر تیشــکی ئەمەشــدا پێویســتە ســتراتیژێکی نەتەوەیــی یەکگرتــوو لەســەر ئاســتی نەتەوەیــی دابرێژیــن، بێگومــان دیــارە ســتراتیژی نەتەوەیــی واتــە ســەربەخۆیی و دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســتان، لەهەمـان کاتـدا بـۆ هـەر بەشـێکی کوردسـتانیش چـی لـەم قۆناخـەدا وەدەسـتدێ وەدەسـتی بێنیـن و وەك هەنگاوێـك بـەرەو سـەربەخۆیی و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان لێـی بڕوانیـن، واتـە ئـەم کۆنگرەیـە جگـە لـەوەی دەبێتـە چەترێکـی نەتەوەیـی؛ داخوازییەکانـی گەلـی کوردسـتانیش یەکدەخـات و لەوپـەڕش و بڵاوییـە ڕزگاری دەکات، کـە هــەر لایەنــەو شــتێك دەخوازێــت، بــۆ ئەمەیــش پێویســتە هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان بەشـداربن و بەبیانووی جیـا جیـا و بـۆ ڕازیکردنـی ئـەم و ئـەو ڕێگـری لـە هیـچ لایەنێـك نەکـرێ لەبەرئـەوەی ئەگـەر لایەنێکـی سـەرەکی لەبەشـێکی کوردسـتان بەشـداری کۆنگرەیەکـی وا نەبـوو یـا ڕێگـری لێکـرا ئـەوا ئەوکاتـە کۆنگرەکـە نابێتـە کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی، بۆیـە پێویسـتە لـە ئێسـتاوە



ئـەم بابەتـە بەهەنـد وەربگریـن و بەبایەخـەوە لێـی بروانیـن.

ئێمـەی کـورد پێویسـتە بـە گرنگییـەوە سـەیری یەکێتـی کـوردان بکەیـن و لەجیاتـی بایەخـدان بەپەیوەنـدی لەگـەڵ داگیرکەرانـی کوردسـتان بایـەخ بـە پەیوەنـدی نەتەوەیـی لەگـەڵ بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان بدەیـن، لەبەرئـەوەی کاری راسـت ئەوەیـە کـە ئێمـەی کـورد لـە یەکـتر نزیـك بیـن نـەك لـە داگیرکـەران، بـۆ ئەمەیـش پێویسـتە هەنـگاوی پراکتیکـی بهاوێیـن و بـە کـردەوە هـاوکاری یەکـدی بکەیـن، لەرابـردوو کـە ئەمـە نەکـراوە زیانـی زۆرمـان پێگەیشـتووە بـا لـە ئێسـتادا ئەمـە بکەیـن بـۆ ئـەوەی زیانـی زیاترمـان پێنـەگات، ئـەوە دەزانیـن لـە پـەرش و بـڵاوی جگـە لـە زیـان هیچـمان دەسـت نەکەوتـووە بـا لەیەکـدی نزیکبوونەوەیـش تاقیبکەینـەوە بـە دڵنیاییـەوە لەمەیانـدا سـوودمەند دەبیـن.

تـا ئێسـتا نەخۆشـی گـەورەی کـوردان یەکـدی قبووڵنەکردنـە بـە بـاوەڕی ئێمـە بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی بـۆ هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان سـەرەتایەك دەبێـت بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم نەخۆشـییە و زۆر نەخۆشـی دیکـەش،



لەبەرئــەوەی زۆر جــار کــە مــرۆڤ لەیەکــدی دوور دەبێــت و لەرێــی کەســی سێیەمەوە شـتی پێـدەگات شـتی دروسـتی پێنـاگات، زۆر لـە لایەنـە سیاسییەکانی کوردســتانیش وان، بــەڵام ئەگــەر چەترێکــی نەتەوەیــی هەبــوو هەمــوو لایەنــەکان لــەوێ کۆبوونــەوە و یەکدییــان بینــی وردە وردە تەمــی گومانەکانیــش دەڕەوێنــەوەو خەمــی نەتەوەیــی و کاری نەتەوەییــش وادەکات لەیەکــدی نزیــك ببینــەوەو گیانــی یەکــدی قبوڵکردنیشــمان زیاتــر دەبێــت.

بێگومــان بەســتنی کۆنگرەیەکــی نەتەوەیــی بــەم شــێوەیەی کــە باســمانکرد؛

لــەم قۆناخـــەی خەباتـــی گەلـــی کوردســـتاندا وەچەرخانێکـــی مـــەزن دەبێـــت لــە دیرۆکـــی بزاڤـــی رزگاریخـــوازی نیشـــتمانی کوردســـتاندا و دەبێتــە هــۆکاری پێشــڤەچوونی زیاتــری پرســی کــورد لەســەر ئاســتی نەتەوەیــی و لــە ناوچەکــەو جیهانــدا، لەهەمــان کاتــدا وزەبەخــش دەبێــت بــۆ خەباتــی بەشــەکانی دیکــەی کوردســـتان بۆیــە پێویســـتە ئــەم ئەرکــە نەتەوەیــی و نیشــتمانییە دوا نەخرێــت و بەزووتریــن کات ئەنجــام بدرێــت، بــۆ ئەمەیــش پێویســتیمان بــە ئیــرادەی بەهێــز و بڕیــاری بوێرانــەی نەتەوەییــە.

٢٠١١-٨-٥

***

**تێبینـــی:** ئـــەم وتـــارە لـــە ژمـــارە (٤٩٥)ی ڕۆژی سێشـــەممە، ٢٠١١/٨/٩ ی ڕۆژنامـــەی (میدیـــا)دا بڵاوبۆتـــەوە.

# میدیا و
# خەمی خاک و خەڵک

■ **بەرایی**

رۆژنامــەی میدیــا کــە یەکــەم ژمــارەی لــە ٢١-٣-١٩٩٦دا بڵاوبۆتــەوە و تــا ئەمـڕۆ ٢٠-٩-٢٠١١ کـە ژمـارە (٥٠٠)ی لێدەردەچێـت، بـەردەوام لەخزمەتـی پرسـی ڕەوای گەلـی کوردسـتان بـووە، بێگومـان پرسـی گەلـی کوردسـتانیش پرسـی خـاك و خەڵکـە، بۆیـە میدیـا بـە بەردەوامـی لـە سـەنگەری بەرەڤانیکـردن لەگـەل و خاکـی کوردسـتان بـووە و بۆتـە هەڵگـری پەیامـی نەتەوەیـی و جێـی متمانـەی خوێنـەر.

دیـارە ڕۆژنامەیەکـی وەکـو میدیـا کـە هەڵگـری پەیامێکـی ڕاشـکاوانە بێـت هـەم دۆسـتی دەبێـت و هـەم نەیاریـش، دۆسـتەکان بـەردەوام هاوکاربوونـە بـۆ سـەرکەوتن و پێشــڤەچوونی میدیــا و نەیارەکانیــش لــە هەوڵــی داخســتن و بێدەنگکردنــی میدیـادا بوونـە، بـەڵام میدیـا سـەرەڕای ئـەو کۆسـپ و ئاسـتەنگانەی خرانـە ڕێـی کارو خەباتـی خۆڕاگرانـە درێـژەی بەکاروانـی خەباتـی خۆیـدا و سـەربەرزانە لـە گۆڕەپانەکـەدا مایـەوەو وەك ڕۆژنامەیەکـی بوێـرو هەقگـۆ بناخەیەکـی پتـەوی بـۆ ئـازادی بیـروڕا و ئـازادی ڕۆژنامەگـەری لـە کوردسـتان داڕشـت، میدیـا وێنەیەکـی

دەگمەنـە لـە مێـژووی بزاڤـی رۆژنامەگـەری کوردسـتان، راسـتە میدیـا رۆژنامـەی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDKه، بـەڵام YNDK لەروانگـەی باوەڕبوونـی بـە ئـازادی بیـروڕاو ئـازادی رۆژنامەگـەری ئازادییەکـی تـەواوی بـە میدیـا بەخشـیوە و وایکـردووە کـە میدیـا وەکـو رۆژنامەیەکـی ئەهلـی مامەڵـە بـکات و ببێتـە سـەکۆیەکی ئـازاد بـۆ دەنگـە ئـازاو بوێـرو ئـازادەکان و لـە گواسـتنەوەو خسـتنەڕووی راسـتییەکانیش سـڵ نەکاتـەوە.

**■میدیا و پەیامی نەتەوەیی**

میدیـا لەسـەرەتای دەرچوونییـەوە هەڵگـری پەیامـی نەتەوەیـی بـووەو لـە کاروانـی خەباتـی خۆیـدا سـەرخۆبوونی کوردسـتانی بەخاڵـی بنچینەیـی گرتـووە، (کوردسـتانێکی سـەربەخۆ و ئـازادو یەکگرتـوو و دیموکـرات) کـە سـتراتیژیەتی YNDKه بۆتـە دروشـمی سـەرەکی میدیـا، پاشـان کـە میدیـا ئـازادی تـەواوی پێـدراوە دروشـمی تایبەتـی خـۆی بەرزکردۆتـەوە (بێلایەنـی پیشـەیی و سـەربەخۆیی کوردسـتان) لـەڕووی پیشـەییەوە میدیـا تاڕادەیەکـی زۆر بێلایەنـی خـۆی پاراسـتووە و لەبـواری بڵاوکردنـەوەی هـزری نەتەوەیـش پێشـەنگ بـووە و هەمـوو کوردسـتانی بـە یـەك چـاو سـەیر کـردووە و بـەردەوام هـەواڵ و چالاکـی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتانی بڵاوکردۆتـەوە و پەیوەنـدی لەگـەڵ هێـزو لایەنـە سیاسـییەکان و رۆشـنبیرانی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان بەسـتووە و بەردەوامـە لـەو پەیوەندییانـەدا، میدیـا ژمـارە ٢٤ی ١٥-١١-١٩٩٧ خـۆی تەرخانکـرد بـۆ رۆژئـاوای کوردسـتان و، باکـوور و رۆژهەڵاتیـش بێبـەش نەبوونـە لـەو کارانـەی میدیـا و تـا ئێسـتاش لاپـەڕەی چـواری میدیـا تەرخانکـراوە بـۆ هـەواڵ و چالاکـی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان، جگـە لـەوەی میدیـا هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتانی وەك یـەک سـەیر کـردووە، داگیرکەرانـی کوردستانیشـی وەك یـەك سـەیر کـردووە کـە دوژمـن و داگیرکـەری کوردسـتانن.

■ **میدیا و  کێشەی خەڵك**

میدیـا بــەردەوام لەخەمــی خەڵکدابــووە و هەوڵیــداوە کێشــە وگرفتەکانــی خەڵــك وەك خــۆی بگوازێتــەوە و بیخاتــە بەرچــاوی لایەنــی بەرپــرس بەمەبەســتی بەدواداچــوون و چارەســەرکردن، لــەم رووەوە میدیــا بۆتــە داکۆکیکارێکــی بوێــری خەڵــك و چەندیــن کێشــە و گرفتــی خەڵکــی کوردســتانی خســتۆتەڕوو کــە پاشــتر چارەســەرکراون، زۆر جاریــش لــەم پێنــاوەدا میدیــا رووبــەرووی دادگا کراوەتــەوە، هــەم لــەم رووەوە میدیــا هەوڵیــداوە رۆڵــی پــردی نێــوان خەڵــك و دەســەڵات ببینــێ و لەڕێــی خۆیــەوە کێشــە و گرفتەکانــی خەڵــك بــۆ دەســەڵات بگوازێتــەوە، لــەم رێگەیەشــەوە دەیــان کێشــەو گرفــت چارەســەرکراون.

■ **میدیا و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران**

میدیـا بەدرێژایـی تەمەنـی خـۆی بـەردەوام لەهەوڵـی هەڵوەشـاندنەوەی پیلانـی داگیرکەرانـی کوردسـتان بـووەو پیلانەکانـی ریسـوا کـردوون و زۆر بوێرانـە رووبـەرووی شــاڵاوی بەعەرەبکردنــی کوردســتان بۆتــەوە و مەترســییەکانی ئــەو سیاســەتەی داگیرکەرانــی خســتۆتەڕوو، لــەم رووەوە دەیــان وتــارو لێکۆڵینــەوە و دیکۆمێنتــی دەگمەنــی بڵاوکردۆتــەوە کــە ئێســتا بوونەتــە ســەرچاوە، لەلایەکــی دییــەوە بـەردەوام ئیدانـەی لەشکرکێشـی داگیرکەرانـی کوردسـتانی بـۆ سـەرە باشـووری وڵات کـردووە، ئەوەتـا مانشـێتی سـەرەکی ژمـارە ٥ی تەمـووزی ١٩٩٦ی میدیـا ئـەوە بـووە (هێرشـەکانی سـوپای تورکیـا بـۆ باشـووری کوردسـتان بەتونـدی ئیدانـەو مەحکـوم دەکەیـن) هەروەهـا مانشـێتی ژمـارە ٦ی ئابـی ١٩٩٦ی میدیـا بـەم شـێوەیە بـووە (هێرشــەکانی ســوپای رژێمــی ئێــران ریســوا و مەحکــوم دەکەیــن) ئــەوە رێبــازی نەتەوەیـی میدیـا بـووە لەسـەرەتای دەرچوونییـەوە تائێسـتا، ئێسـتاش میدیـا بایەخـی تـەواو بـەم بـوارە دەدات و بەبایەخـەوە کێشـەو گرفتەکانـی ناوچـە دابڕێندراوەکانـی کوردسـتان دەخاتـەروو، زوڵـم و زۆرییەکانـی عـەرەب و رۆم و عەجـەم ریسـوا دەکات.

## ■ میدیا و نەتەوەکانی کوردستان

میدیـا لـە روانگـەی باوەڕبـوون بـە برایەتـی و بەیەکـەوە ژیـان لـە کوردسـتان هــەر لــە ســەرەتای دەرچوونییــەوە بایەخــی تــەواوی بــە پرســی نەتــەوەو ئایینەکانــی دیکـەی کوردسـتان داوەو بیروبۆچوونـی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکان و کەسـایەتییە ئایینـی و رۆشـنبیرییەکانی ئـەو نەتـەوەو ئایینانـەی خسـتۆتەڕوو، میدیـا بــەم کارەی واقیعــی سیاســی و نەتەوەیــی و ئایینــی کوردســتانی خســتۆتەڕوو، هـەر بۆیـە لەسـەرەتاوە میدیـا پاشـکۆیەکی بەزمانـی عەرەبـی بڵاوکـردەوە پاشـان بەهـۆی نەبوونـی ئیمکانیەتـەوە ئـەم پاشـکۆیە وەسـتا، ئـەم پاشـکۆ عەرەبییـەی میدیـا لەوکاتـدا رۆڵـی خـۆی بینـی و پەیامـی خـۆی گەیانـد، کـە ئەویـش پەیامـی برایەتــی و بەیەکــەوە ژیــان بــوو، بەمــەش میدیــا رۆڵیکــی کارای هەبــووە لــە قوڵکردنــەوەی گیــانی برایــەتی و بەیەکەوەژیــان لــە کوردســتان.

## ■ شەهید سەربەست و میدیا

شــەهید سەربەســت مەحمــود کــە بــووە سەرنووســەری میدیــا؛ بەرنامەیەکــی نوێــی هەبــوو بــۆ زیاتــر پێشــڤەبردنی رۆژنامەکــە و لەســەر دەســتی ئــەودا میدیــا دەیویســت ببێتــە رۆژنامەیەکــی زیاتــر رەخنەیــی و لەهەمــان کاتیشــدا بایەخــی زیاتــر بــە بابەتــی هــزری بــدات و ئایدۆلۆژیــا هــاوردەکان لــە دیدێکــی کوردانــە شــیبکاتەوە و کاریگەرییەکانیــان لەســەر هــزری نەتەوەیــی بخاتــەڕوو، بــۆ ئەمەیـش هەڤاڵـی شـەهیدمان کارنامـەی خـۆی هەبـوو بـەڵام بەداخـەوە ئەوانـەی چاویــان بــە رووناکــی هەڵنایــەت زۆر نامەردانــە و نامرۆڤانــە کاکــە سەربەســتیان شــەهید کــرد و نەیانهێشــت بەرنامەکانــی جێبەجــێ بــکات، میدیــا لەســەر دەســتی شــەهید سەربەســت زیاتــر بــەرەو کرانــەوە هەنــگاوی نــاوەو تێکــەڵ بــە خەڵــك بــوو، بەدڵنیاییــەوە شــەهید سەربەســت بمابــووا میدیــا خێراتــر دەچــووە پێــش و ناودارتــر دەبــوو، نەفــرەت و رووڕەشــی بــۆ ئەوانــەی قەڵەمــی بوێــرو هەقگــۆ و

سـەردەمییانەی وەك شـەهید سەربەرسـتمان لـێ ون دەكـەن.

ئـەم سـەرە قەڵەمانـە هەڵوەسـتە و رامانێكـی كورتـن لەسـەر كاروانـی خەباتـی پـڕ سـەروەری میدیـا و دەكـرێ هەڵسـەنگاندنی نـاوەڕۆك و لایەنـی تەكنیكـی میدیـا و هەڵوێسـتەكانی بـۆ شـارەزایان و خوێنـەر و خۆشەویسـتانی دیكـە بەجێبهێڵیـن بـۆ ئـەوەی بەدیدێكـی رەخنەگرانـە لێیبكۆڵنـەوە.

***

**تێبینـی:** ئـەم وتـارە لـە ژمـارە (٥٠٠)ی ڕۆژی سێشـەممە، ٢٠١١/٩/٢٠ ی رۆژنامـەی (میدیـا)دا بڵاوبۆتـەوە.

# کۆنگرەی نەتەوەیی ...
# هەنگاو بەرەو یەکێتی کوردان و
# ئایندەیەکی گەش

سەددەی بیست و یەك سەددەی گۆڕانکارییەکانە، زۆر نەتەوەی بندەست سوودیان لەو گۆڕانکارییانە وەرگرتووەو بە خەونی نەتەوەیی خۆیان گەیشتوون، ئێمەی کوردیش پێویستە سوود لەو گۆڕانکارییانە وەربگرین، بەتایبەت ئێستا کەوا رۆژهەڵاتی ناڤین هەر هەمووی لە رەوشێکی زۆر هەستیارو ناسك و لەبەردەم هاتنە پێشی کۆمەڵێ ئەگەرو پێشهات و گۆڕانکاری گرنگدایە، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە بیر لە بەرژەوەندی نەتەوەییمان بکەینەوەو خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەو ئەگەرو پێشهات و گۆڕانکارییانەی کە دێنەپێشەوە، بۆ ئەمەش دەبێ هەموو لایەکمان کار بۆ یەکێتی و یەکڕیزی کوردان بکەین بۆئەوەی لە ناوچەکەدا بوونی کاریگەری خۆمان بسەلمێنین و بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاو بنێین و لە داهاتووی نزیکدا بە مافە رەواکانمان بگەین، فاکتەری سەرەکیش بۆ گەیشتنمان بە دوارۆژێکی گەش یەکێتی و یەکڕیزی و یەکدەنگیمانە.

بێگومان ئەمڕۆ سەردەم سەردەمی رزگاری و ئازادی نەتەوە چەوساوەکانە لەژێردەستی و دکتاتۆرییەت، لە سەددەی رابردوودا هەڵوەشانەوەی یەکێتی

سۆڤیەتی پێشوو هەلی بۆ کۆمەڵێ نەتەوەی چەوساوەو ژێردەست رەخساند کە ئازاد بن و سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن و ببنە خودان دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، لەم سەددەیەشدا شۆڕش و راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی دژی زوڵم و نایەکسانی و دکتاتۆرییەت کە لە ئەفریقاوە دەستی پێکردووەو تا ئەو دەوروبەرەی ئێمە هاتووەو بەردەوامە، کاریگەری خۆی دەبێت بۆ سەر کاروانی خەباتی نەتەوە ژێردەستەکان، بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن دەتوانێت سوود لەم هەل و گۆڕانکارییانە وەربگرێت و، بە کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەردەمییانە بەرەو رزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو بنێت، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە چەترێکی نەتەوەیی هاوبەشە، بوونی چەترێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن پێویستییەکی بابەتی و دیرۆکییە و، بۆ ئەمەش بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بە بەشداری تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی باشترین کاری نەتەوەیی و نیشتمانییە، لە کۆنگرەیەکی وادا پێویستە رەچاوی رەوشی کوردانی ئاسیای ناڤین و کوردانی لوبنان و ئوردەن و فەلەستین و میسر بکرێت و نوێنەری ئەوانیش بۆ کۆنگرەکە بانگهێشت بکرێن، لەبەرئەوەی ئەوانیش خوشك و براو کەس و کاری ئێمەن و نابێت لەبیریان بکەین، هەروەها بە باشی دەزانین کەسایەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیش بانگهێشت بکرێن بە تایبەت بەڕێزان بیرمەندی نەتەوەییمان پرۆفیسۆر د. جەمال نەبەز و د. جەواد مەلا و هەموو ئەوانەی کەوا کار بۆ یەکێتی کوردان دەکەن، پێویستە لە کۆنگرەکەدا نوێنەری نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستانیش ئامادەبن لەبەرئەوەی ئەوانیش لەگەڵ ئێمە

دەژیــن و هاونیشــتمانی ئێمــەن.

بێگومــان بەســتنی کۆنگــرەی نەتەوەیــی بــۆ خۆئامادەکردنــی کــوردان لەســەر ئاســتی نەتەوەیــی و داڕشــتنی ســتراتیژێکی نەتەوەیــی بــۆ بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان یەکێکــە لــە ئەرکــە بەپەلەکانــی ئــەم قۆناخــەی خەباتــی کــوردان، کۆبوونــەوەی فراوانــی حــزب و لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتانی مــەزن لــە ٢٠١٣/٧/٢٢ کــە لەســەر بانگهێشــتی فەرمــی بەڕێــز ســەرۆک مەســعود بارزانــی ســەرۆکی کوردســتان و رێبــەری بزاڤــی رزگاریخــوازی نیشــتمانی کوردســتان لــە کۆشــکی ســەرۆکایەتی کوردســتان ئەنجامــدرا، دانانــی بــەردی بناخــەی ئــەم چەتــرە نەتەوەییــە بــوو، لەهەمــان کاتــدا رووداوێکــی نموونەیــی و مێژوویــی بــوو لــە دیرۆکــی کوردســتاندا، لەبەرئــەوەی ئــەوە یەکــەم جــارە لەســەر خاکــی کوردســتان و لەســەر ئــەو ئاســتەو بــەو شــێوەیە کــورد بــۆ یەکێتــی کــوردان کۆدەبنــەوەو بڕیــار لەســەر بەســتنی کۆنگــرەی نەتەوەیــی دەدەن، نەتــەوەی کــورد دوای چاوەڕوانییەکــی زۆر خەونــی چەندیــن ســاڵەی دێتــەدی و بەچــاوی هیــواوە لــەم کۆنگرەیــە دەڕوانێــت، بۆیــە پێویســتە کۆنگــرەی نەتەوەیــی زۆ بــەوردی لەســەر ئــەم خاڵانــە بوەســتێ و کاریــان بــۆ بــکات:

١. داڕشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی یەکگرتوو بۆ کوردستانی مەزن.

٢. داڕشتنی (پەیمانی نەتەوەیی).

٣. گەیاندنی پەیامی ئاشتی.

٤. دامەزراندنی (ئەنجوومەنی نەتەوەیی) یا (سەنتەری بڕیاری نەتەوەیی).

٥. دیاریکردنی رێبەری نەتەوەیی کورد.

داڕشــتنی (ســتراتیژی نەتەوەیــی) بــۆ کــوردان لــەم کاتــەدا پێویســتییەکی دیرۆکــی و بابەتییــە، بۆیــە پێویســتە لــەم کۆنگرەیــەدا بــە رەچاوکردنــی تایبەتمەنــدی هــەر بەشــێکی کوردســتان ســتراتیژێکی نەتەوەیــی یەکگرتــوو بــۆ قۆناخــی داهاتــووی کارو

خەباتــی گەلــی کوردســتان دابڕێژرێــت و، بکرێتــە کارنامــەی هەمــوو لایــەك، لــە کاتــی بەســتنی کۆنگرەیەکــی وادا پێویســتە لایەنــە سیاســییەکانی هــەر بەشــێکی کوردســتان داخوازییەکانــی خۆیــان بــۆ ئــەم قۆناخــەی خەبــات یەکبخــەن و لــە ژێــر تیشــکی ئەمەشــدا ســتراتیژێکی نەتەوەیــی یەکگرتــوو لەســەر ئاســتی نەتەوەیــی دابڕێژیــن، بێگومــان دیــارە ســتراتیژی نەتەوەیــی واتــە ســەربەخۆیی و دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســتان، لەهەمــان کاتــدا بــۆ هــەر بەشــێکی کوردســتانیش چــی لــەم قۆناخــەدا وەدەســتدێ وەدەســتی بێنیــن و، وەك هەنگاوێــك بــەرەو ســەربەخۆیی و دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســتان لێبڕوانیــن، ئەگــەر بــەم شــێوەیە کاربکەیــن ئــەم کۆنگرەیــە جگــە لــەوەی دەبێتــە چەترێکــی نەتەوەیــی، داخوازییەکانــی گەلــی کوردســتانیش یەکدەخــات و لــەو پــەرش و بڵاوییــە رزگاری دەکات کــە هــەر لایەنــەو شــتێك دەخوازێــت، بــۆ ئەمەیــش پێویســتە هەمــوو لایەنــە سیاســییەکان بەشــدار بــن و بــە بیانــووی جیــا جیــا خۆیــان لــەم ئەرکــە نەتەوەییــە نەدزنــەوە.

ئیمــەی کــورد پێویســتە بەگرنگییــەوە ســەیری یەکێتــی کــوردان بکەیــن و بایــەخ بــە پەیوەنــدی نەتەوەیــی لەگــەڵ بەشــەکانی دیکــەی کوردســتان بدەیــن، لەبەرئــەوەی کاری راســت ئەوەیــە کــە ئێمــەی کــورد لــە یەکــدی نزیــك بیــن، بــۆ ئەمەیــش پێویســتە هەنــگاوی پراکتیکــی بهاوێیــن و بەکــردەوە هــاوکاری یەکــدی بکەیــن، لــە رابــردوودا کــە ئەمەمــان نەکــردووە زیانــی زۆرمــان پێگەیشــتووە بــا لــە ئێســتادا ئەمــە بکەیــن بــۆ ئــەوەی زیانــی زیاترمــان پێنــەگات، ئــەوە دەزانیــن لــە پــەرش و بــڵاوی جگــە لــە زیــان هیچــمان دەســت نەکەوتــووە بــا لەیەکــدی نزیکبوونەوەیــش تاقیبکەینــەوە، کــە بــە دڵنیاییــەوە لەمەیانــدا ســوودمەند دەبیــن.

داڕشــتنی (پەیمانــی نەتەوەیــی) زۆر پێویســتە لەبەرئــەوەی تــا ئێســتا نەخۆشــی گــەورەی کــوردان یەکــدی قبوڵنەکردنــە، بۆیــە پێویســتە پەیمانێکــی نەتەوەیــی لــە کۆنگــرەی نەتەوەیــی دابڕێژرێــت و لــەو پەیمانــەدا پرەنســیپە نەتەوەییــە

سـەرەکییەکان دیاربکرێـن و هەمـوو لایەکیـش پەیمانبـدەن کـە پێیـەوە پابەندبـن، خاڵـی سـەرەکیش لـەو پەیماننامەیـەدا پێویسـتە تەحریـم و تەجریمکردنـی شـەڕی کـورد و کـورد واتـە (کـورد کوشـتن) بێـت و، پێویسـتە شـەڕی کـوردو کـورد وەکـو خیانەتـی نەتەوەیـی سـەیر بکرێـت، هەروەهـا لـە پەیمانـی نەتەوەییـدا پێویسـتە لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان پەیـمان بـە کـورد بـدەن کـەوا لەکاتـی کێشـەو ململانێـی حزبـی پەنـا بـۆ چـەك نەبـەن و لەڕێـی دیالـۆگ کێشـەکانیان یەکلایـی بکەنــەوە، بەبــاوەڕی ئێمــە بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی بـۆ هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان سـەرەتایەك دەبێـت بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم نەخۆشـی یەکـتر قبوڵنەکردنـە و زۆر نەخۆشـی دیکـەش، لەبەرئـەوەی زۆر جـار کـە مـرۆڤ لەیەکـدی دوور دەبێـت و لەڕێـی کەسـی سـێیەمەوە شـتی پێـدەگات، لەمڕێیـەوە زۆر جاریـش شـتی دروسـتی پێنـاگات، زۆر لـە لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتانیش وان، بــەڵام ئەگــەر چەترێکــی نەتەوەیــی هەبــوو هەمــوو لایەنــەکان لەژێریــدا کۆبوونـەوەو یەکدییـان بینـی وردە وردە تەمـی گومانەکانیـش دەڕەونـەوەو خەمـی نەتەوەیـی و کاری نەتەوەییـش وادەکات لـە یەکـدی نزیکببینـەوەو گیانـی یەکـدی قبوڵکردنیشـمان زیاتـر بێـت.

سـەردەمی ئێسـتا سـەردەمی دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتنە و زۆربـەی کێشـە هەڵواسراوەکانـی جیهـان لەسـەر مێـزی دیالـۆگ و لەسـەر بنەمـای لەیەکترگەیشـتن یـەکلا کراونەتـەوە، بـۆ ئێمـەی کـورد زۆر گرنگـە لـەم کۆنگرەیـەدا (پەیامـی ئاشـتی) بەهەمـوو لایـەك رابگەیەنیـن و وەك هەمیشـە بـە وڵاتانـی ناوچەکـەو کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی رابگەیەنیـن کـەوا ئێمـەی کـورد دەمانـەوی بـە شـێوازی ئاشـتییانە و بەزمانـی سـەردەم واتـە زمانـی ئاشـتی و زمانـی دیالـۆگ درێـژە بەخەبـات و تێکۆشـانی خۆمـان بدەیـن، ئەمـەش پێگـەی کـورد لەسـەر ئاسـتی ناوچەکـە و لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی بەهێزتـر دەکات و کـورد دەکاتـە ژمارەیەکـی بەهێـزو

کاریگەرتـر لـە هاوکێشـە سیاسـییە ناوچەیـی و نێودەوڵەتییەکانـدا، پەیامێکیشـە بـۆ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی کـەوا ئێمـەی کـورد ئامادەیـن بـۆ هێنانـەدی ئـەو هێمنـی و ئارامییـەی کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـۆ رۆژهەڵاتـی ناڤینـی دەخوازێـت، لەهەمـان کاتـدا جگـە لـە ئاشـتی لەگـەڵ دەوڵـەت و نەتەوەکانـی ناوچەکـە، ئاشـتی ناوخۆیشـمان پێویسـتە ئەمـەش هۆکارێکـە بـۆ رێکخسـتنەوەی نێوماڵـی گـەورەی کـوردان، بۆیـە پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان ناکۆکـی و ململانێـی سیاسـی بخەینـە لاوەو لەجیاتـی حزبایەتـی کوردایەتـی بکەیـن و، هـاوکار بیـن و کاربکەیـن بـۆ بەسـتن و سەرخسـتنی کۆنگرەکـە.

بـۆ بەدواداچـوون و جێبەجێکردنـی بڕیـارو راسـپاردەکانی کۆنگـرەو وەرگرتنـی بڕیـاری نەتەوەیـی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مەزنـدا پێویسـتە کۆنگـرە کۆمیتەیەکـی هەمیشـەیی هەڵبژێرێـت و کۆمەڵـێ ئـەرك و کارو دەسـەڵاتی پێبسـپێرێت، ئـەو کۆمیتـە هەمیشـەییە دەکـرێ وەکـو (ئەنجوومەنـی نەتەوەیـی) یـا (سـەنتەری بڕیـاری نەتەوەیـی) مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت و لەسـەر پرسـە نەتەوەییـە چارەنووسسـازەکاندا بڕیـاری خـۆی هەبێـت، بێگومـان ئەمـەش دڵنیایـی و گەشـبینییەکی زیاتـر بـە کـوردان دەدات.

یەکـێ لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی بەدەوڵـەت نەبوونـی کـورد دەگەڕێتـەوە بـۆ یەکنەبوونـی کـوردان، ئەمـەش وای کـردووە کـەوا کـورد لەرۆژهەڵاتـی ناڤینـدا وەك گەورەتریـن نەتـەوەی بێدەوڵـەت بمێنێتـەوە، بۆیـە بـۆ یەکخسـتنی گوتـارو بڕیـارو رێبەرایەتـی کـوردان، پێویسـتە لـە کۆنگـرەی نەتەوەیـی دوور لەبەرژەوەنـدی حزبـی و بەرەچاوکردنـی بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی بیـر لـەوە بکەینـەوە کـەوا (رێبـەری نەتەوەیـی کـورد) دیـاری بکەیـن، بۆئـەوەی رێبەرایەتیـی بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانیی کوردسـتان بـکات، بۆئەمـەش پێویسـتیمان بـە کەسـایەتییەکی بەهێـزی نەتەوەیـی و وڵاتپارێـز هەیـە کـە لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی و ناوچەیـی و

نێودەوڵەتیـدا نـاسراوو حیسـاب بۆکـراوو مامەڵـە لەگـەڵ کـراو بێـت، (ڕێبـەری نەتەوەیـی کـورد) واتـە سـیمبۆڵی نەتەوەیـی کـورد، ئێمـەی کوردیـش لـەم کاتـە هەسـتیارەدا پێویسـتیمان بـەو سـیمبۆڵە نەتەوەییـە هەیـە، پێویسـتە کۆنگـرەی نەتەوەیـی دەسـەڵات بـە ڕێبـەری نەتەوەیـی بـدات بەڕاوێـژ لەگـەڵ سـەنتەری بڕیـاری نەتەوەیـی لەکاتـی پێویسـتدا و لـە پرسـە نەتەوەییـە چارەنووسسـازەکاندا بڕیـاری نەتەوەیـی وەربگـرن، ئەمـەش فاکتەرێکـی سـەرەکی دەبێـت بـۆ یەکێتـی و یەکدەنگـی کـوردان و لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی هیـواو هێزێکـی مـەزن بـە گەلـی کوردسـتان دەبەخشـێت و، لەسـەر ئاسـتی ناوچەیـی و نێودەوڵەتیشـدا کـورد بەهێزتـر دەکات و پرسـی گەلـی کوردسـتانیش ڕەهەندێکـی دیکـە وەردەگرێـت، بۆیـە پێویسـتە لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتانی مـەزن دوور لـە بەرژەوەنـدی حزبـی و لـە دیدگایەکـی نەتەوەییـەوە لـەم پرسـە بڕوانـن و بەبایەخـەوە لەسـەر ئـەم خاڵـە بوەسـتن و کاری بـۆ بکـەن.

بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی لـەم قۆناخـەی خەباتـی گەلـی کوردسـتاندا وەرچەرخانێکـی مـەزن دەبێـت لـە دیرۆکـی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتاندا و دەبێتـە هـۆکاری پێشـڤەچوونی زیاتـری پرسـی کـورد لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی و ناوچەکـەو جیهانـدا، لەهەمـان کاتـدا ورەبەخـش دەبێـت بـۆ خەباتـی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان، بۆیـە پێویسـتە ئـەم ئەرکـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییە دوا نەخرێـت و بـە زووتریـن کات ئەنجـام بدرێـت، لەبەرئـەوەی دواخسـتنی ئـەم کارە نەتەوەییـە زیانێکـی زۆر بـە دۆزی ڕەوای گەلـی کوردسـتان دەگەیەنێـت.

ئێمـە وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK لەمـاوەی ڕابـردوودا بـەردەوام کارمـان بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـردووەو بـە بەشـێك لـەکارو خەباتـی خۆمانمـان زانیـوە، بۆیـە لێـرەدا وەک هەمیشـە تـەوای هـاوکاری و پشـتیوانی خۆمـان بـۆ بەسـتن و سەرخسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی رادەگەیەنیـن



و، بەهیــچ شــێوەیەك لەگــەڵ دواخســتنی كۆنگرەكــە نیــن و، وایدەبینیــن كــەوا بەســتنی ئــەم كۆنگرەیــە لــەم بارودۆخــەدا جگــە لــەوەی فاكتەرێكــی گرنگــە بــۆ یەكێتــی كــوردان هەنگاوێكیشــە بــەرەو ئــازادی كــوردو ســەربەخۆیی كوردســتان.

لەســەر ئێمــەی كــورد پێویســتە بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجەكانمــان گوتــاری سیاســیمان یەكبخەیــن و بــە بیــرو ســتراتیژێكی نەتەوەییانــە هەڵســوكەوت لەگــەڵ ئــەم بارودۆخــە هەســتیارە بكەیــن، لەبەرئــەوەی بارودۆخــی ئەمــڕۆی جیهــان بــۆ كارو خەبــات زۆر لەجــاران گونجاوتــرو لەبارتــرە و زۆربــەی وڵاتانــی جیهانیــش بەدیدێكــی دیكــە پرســی كــورد دەخوێننــەوە و پرســی كــورد وەك پرســێكی سیاســی گرنــگ دەبینــن، بۆیــە لەســەر ئێمــەی كوردیــش پێویســتە بەرژەوەنــدی

نەتەوەییــمان لەبەرچــاو بگریــن و وەکــو کــورد ســوود لــەو رەوشــە وەربگریــن، بۆئــەوەی ئــازادو ســەربەخۆ بیــن و بگەیــن بــە خەونــی نەتەوەیــی خۆمــان کــە راگەیاندنــی ســەربەخۆیی و دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســتانە.

***

**تێبینــی:** ئــەم وتــارە لــە رۆژنامەکانــی (خەبــات، کوردســتانی نــوێ، ئاوێنــە، میدیــا) و گۆڤــاری (شــەپۆڵ)دا بڵاوبۆتــەوە.

١- رۆژنامەی (خەبات)، ژمارە: (٤٣٧٤)ی رۆژی سێشەممە ٢٠١٣/٧/٣٠

٢- رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٦١٤٣)ی رۆژی سێشەممە ٢٠١٣/٧/٣٠

٣- رۆژنامەی (ئاوێنە)، ژمارە (٣٨٨)ی رۆژی سێشەممە ٢٠١٣/٧/٣٠

٤- رۆژنامەی (میدیا)، ژمارە (٥٩٠)ی رۆژی سێشەممە ٢٠١٣/٧/٣٠

٥- گۆڤاری (شەپۆل)، ژمارە (٢٧)ی ئابی ٢٠١٣

# ئەرکە هەنووکەییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن

لـە وتـاری پێشـووماندا سـەبارەت بـە گرنگـی بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد لـەم هـەل و مەرجـە ناوچەیـی و نێودەوڵەتییـەدا روانینـی خۆمـان خسـتەڕوو، لەهەمـان وتـاردا کـە لـە ژمـارەی رۆژی ٢٠١٣/٧/٣٠ ی هـەر یـەك لـە رۆژنامەکانـی (خەبـات، کوردسـتانی نـوێ، ئاوێنـە و میدیـا)دا بڵاوبۆتـەوە، ئەرکـە سـتراتیژی و بنەڕەتییەکانـی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردمـان خسـتۆتەڕوو، لێرەشـدا بەپێویسـتی دەزانیـن کـەوا بـاس لـە ئەرکـە هەنووکەییەکانـی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی بکەیـن، لـەم رەوشـە هەسـتیارو ناسـکەی کـەوا بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتانی تێدایـە پێویسـتە کـورد لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی و لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن سـەبارەت بـە هـەر بەشـێکی کوردسـتان کارنامـەی خـۆی هەبێـت و بزانێـت چـی دەکات، بێگومـان بەجێگەیاندنـی ئەرکـە هەنووکەییـەکان زەمینەسـازییەکن بـۆ گەیشـتن و بەجێگەیاندنـی ئەرکـە سـتراتیژییەکان، بۆیـە پێویسـتە ئێمـەی کـورد بەبایەخـەوە کار لەسـەر بەجێگەیاندنـی ئەرکـە هەنووکەییەکانمـان بکەیـن، بـە بـاوەڕی ئێمـە لـەم قۆناخـەی خەباتمانـدا بـۆ هـەر بەشـێکی کوردسـتان پێویسـتە بـەم شـێوەیە کاربکەیـن:

باكــووری كوردســـتان: لــە باكــووری وڵاتــدا پرۆســـەی ئاشــتی لــە رۆژەڤدایــە، لەســـەر هەمـــوو لایەكمانـــە كـــەوا هـــاوكارو پشـــتیوان بیـــن بـــۆ پێشـــڤەبردن و سەرخستنی پرۆسـەی ئاشـتی و، وەهـا سـەیری بكەیـن كـەوا سـەركەوتنی پرۆسـەی ئاشـتی لـە باكـووری كوردسـتان، دەبێتـە هـۆی پێشـڤەچوونی پرسـی كـورد لەسـەر ئاسـتی كوردسـتانی مـەزن و، لەهەمـان كاتـدا فاكتـەری چەسـپاندنی ئاشـتییە لـە رۆژهەڵاتــی ناڤینــدا.

رۆژئــاوای كوردســتان: رۆژئــاوای وڵات لــە رەوشــێكی زۆر ناســك و هەســتیارو دژواردایــە، بۆیــە پێویســـتە هەمـــوو لایەكـــمان ئاســـانكارییان بـــۆ بكەیـــن و بـــەم شــێوەیە هاوكارییــان بیــن:

یەكـــەم: كاربكەیـــن بـــۆ راگرتنـــی ئـــەو خوێنرێژییـــەی كـــەوا لـــە رۆژئـــاوای كوردســـتان لـــەدژی نەتەوەكەمـــان هەیـــەو بەردەوامـــە.

دووەم: هــاوكاری و پشــتگیری هەمــوو بەشــەكانی دیكــەی وڵات بــۆ رۆژئــاوای كوردسـتان دەسـتەبەر بكەیـن، ئەمـەش بكرێـت بـە ئەركـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی هەمــوو لایــەك.

ســێیەم: پێكهێنانـــی كۆمیتەیەكـــی نەتەوەیـــی بـــۆ یەكلاییكردنـــەوەی كێشـــە و گرفتــی نێــوان هێــزە سیاســییەكانی رۆژئــاوای كوردســـتان و، هێنانــەدی ســازانێكی نیشــتمانی و نەتەوەیــی لــە نێوانیانــدا.

رۆژهەڵاتــی كوردسـتان: پێویسـتە هەمـوو لایەكـمان كاربكەیـن بـۆ دۆزینـەوەی رێگایــەك بــۆ پێشــڤەبردنی كاروخەباتــی ئــەو بەشــەی وڵات بەشــێوازێكی ئاشــتییانە و كردنـــەوەی دەرگایـــەك بـــۆ پرۆســـەیەكی ئاشـــتەوایی بـــۆ وەدەســـتهێنانی مافـــە رەواكانــی كــورد لــە رۆژهەڵاتــی كوردســتاندا.

باشــووری كوردســتان: لــە باشــووری وڵاتــدا دەســەڵاتێكی كوردســتانی هەیــە و هەمــوو كــورد بــە چــاوی ئومێــدەوە لێیدەڕوانــن، بۆیــە پێویســتە لەســەر ئاســتی




نەتەوەیـی و نیشـتمانی پشـتیوانی لـە ئەزموونـی باشـووری وڵات بکـرێ و، هەمـوو لایـەك خەبـات بکەیـن بـۆ پاراسـتن و چەسـپاندن و پێشـڤەبردن و سیسـتماتیککردنی دەزگاو دامەزراوەکانـی باشـووری کوردسـتان.

کوردانـی ئاسـیای ناڤیـن: ژمارەیەکـی زۆری کـوردان لـە کۆمارەکانـی یەکێتـی سـۆڤیەتی پێشـوو و ئاسـیای ناڤیـن هـەن، پێویسـتە لـەو خوشـك و برایانەمـان خـودان دەرکەویـن و هـاوکار و پشـتیوانیان بیـن بـۆ پاراسـتنی ناسـنامەی نەتەوەیـی



و پاراستن و پێشڤەبردنی زمان و کلتورو چاند و هونەری کوردی لە نێو کوردانی ئاسیای ناڤین، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هاوکاری تەواوی دەزگاو دامەزراوە کلتوری و چاندی و هونەرییەکانیان بکەین.

کوردانی لوبنان و ئوردەن: کورد لە نێو کۆمەڵگەی لوبنان و ئوردەن ژمارەیەکی بەرچاون، پێویستە لەوانیش خودان دەرکەڤین و هاوکاریان بین بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان و پێشڤەبردنی زمان و کلتورو چاند و هونەرییان و هاوکاریکردنی سازییە کلتوری و مەدەنییەکانیان.

رەڤەندی کورد لەدەرەوەی وڵات: ژمارەیەکی زۆری کوردان لە وڵاتانی جیهان هەن و دەکرێ وەکو لوبی کورد سەیر بکرێن، بێگومان لوبی کورد لەدەرەوەی وڵات پەرش و بڵاوە، بۆیە پێویستە بەزووترین کات کار لەسەر ئەوەبکەین کەوا سازییەکی نەتەوەیی بۆ لوبی کورد دامەزرێنین و، وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی و بەشێوازێکی سیستماتیك ئاراستەی کارو خەباتیان بکەین، ئەگەر لوبی کورد بە یەکگرتوویی کاربکات، کاریگەری مەزنی دەبێت لە

گەیاندنــی پەیامــی کــوردان بــە کەناڵــە بڕیاربەدەســتەکانی جیهــان.

بــۆ بەجێگەیاندنــی ئــەم کارنامەیــەش پێویســتە هەمــوو لایەکــمان بەرژەوەنــدی نەتەوەیـــی و نیشـــتمانی لەبەرچـــاو بگریـــن و لـــە ململانێـــی حزبایەتـــی دوور بکەوینــەوەو، وابکەیــن کــەوا حــزب هــۆکار بێــت بــۆ بەجێگەیاندنــی ئــەو ئەرکــە نەتەوەییانـــە، لەبەرئـــەوەی ئـــەم ڕەوشـــە هەســـتیارەی کوردســـتان و ناوچەکـــە کوردایەتیــمان لێدەخوازێــت نــەك حزبایەتــی، ئەگــەر بــەم شــێوەیە لەســەر ئاســتی نەتەوەیــی و لەســەر ئاســتی کوردســتانی مــەزن کاربکەیــن و ئەمــە بکەینــە بنەمــاو نەخشــە ڕێگایــەك بــۆ ئــەم قۆناخــەی کارو خەباتمــان، ئــەوا بەدڵنیاییــەوە بــەرەو داهاتوویەکــی گــەش هەنــگاو دەنێیــن و لــە ســەرکەوتن نزیکدەبینــەوە.

***

**تێبینی:** ئەم وتارە لە هەردوو ڕۆژنامەی (ئاوێنە) و (میدیا)دا بڵاوبۆتەوە:

- ڕۆژنامەی (ئاوێنە)، ژمارە (٣٩١)ی ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٣/٨/٢٠
- ڕۆژنامەی (میدیا)، ژمارە (٥٩٢)ی ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٣/٨/٢٠

# کورد لەم ڕەوشەی ئێستای ئێراقدا پێویستە چی بکات؟

لــەدوای رووخاندنــی رژێمــی بەعــس لــە ئێراقــدا هەمــوو لایــەك چاوەڕوانــی ئــەوە بوویــن کــەوا سیســتەمێکی دیموکراســی حوکمــی ئێــراق بــکات و، هەڵەکانــی رژێمەکانــی پێشــوو بەرامبــەر گەلانــی ئێــراق دووبــارە نەکاتــەوە، بــەڵام ســەیر دەکەیــن دەســەڵاتدارانی ئێســتای ئێــراق بەهەمــان عەقلییەتــی پێشــوو بیریانکــردەوەو بیــر دەکەنــەوەو هەوڵــدەدەن هەمــان سیاســەتی رژێمەکانــی پێشــوو پراکتیــك بکــەن، ئــەم شــێوازەی حوکــم لــە ئێراقــدا زیانــی بەهەمــوو لایــەك گەیانــدو دەگەیەنێــت و دەبێتــە هــۆی دووبارەبوونــەوەی کارەســاتەکانی رابــردوو، بۆیــە لەســەر هەمــوو لایەکــمان پێویســتە دژی ئــەو شــێوازەی حوکمــی ئێســتا بوەســتینەوەو رەتیبکەینــەوە.

ئێــراق بــەو هەڵــس و کەوتانــەی ئێســتای بــەرەو تاکــڕەوی و دکتاتۆرییــەت هەنگاوی نــاو وەکــو رژێمەکانــی پێشــووی ئێــراق لــە دژی کــوردو خواســتەکانی وەســتایەوە، لەهەمــان کاتــدا دژی عەرەبــی ســوننەی ئێــراق کەوتــە جولــەو ســەرەڕای دژایەتیکــردن و راوەدوونــان و کوشــتنیان لــە پرۆســەی سیاسیشــدا بێکاریگــەری کــردن و پەراوێــزی خســتن، سیاســەتی هەڵــەو دژایەتــی حکومەتــی ئێســتای ئێــراق بــۆ پێکهاتەکانــی نــاو نەخشــەی داتــاشراوی ئێــراق، ئێراقــی رووبــەڕووی کۆمەڵــێ کێشــەی سیاســی و ئەمنــی و

ئیداری کردەوە، ئەوەی کەوا لە پارێزگای موسڵ و سەلاحەددین روویداو خەریکە لە پارێزگاکانی دیکەش رووبدات ئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵەو فاشیلانەی حکومەتەکەی نوری مالیکی بوو، دیارە کۆنترۆڵکردنی ئەم رەوشە هەروا سانا نییەو تا ماوەیەك بەردەوام دەبێت و زیانی زۆریش بە سەرخان و ژێرخانی ئێراق دەگەیەنێت، ئەوەش باجی سیاسەتی هەڵەو تائیفییانەو تاکڕەوانەی نوری مالیکییە، ئەو خوێنەی دەرژێش لە ئەستۆی ئەودایە.

ئێمەی کورد پێویستە چاودێری رەوشەکە بکەین و بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا بکەین و نەکەوینە ژێر کاریگەری هیچ لایەك، بۆئەمەش پێویستە پەند لە رابردوو وەربگرین، لەم رووەوە زۆر جاری دیکەش باسم لە ئەزموونی تاڵی کورد لەگەڵ حکومەتەکانی ئێراق کردووە، لێرەشدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بەبیر هەموو لایەك بێنمەوە کەوا ئێمەی کورد ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراقدا هەیە، هەرکاتێ ئێراق بێهێزو توانا بووبێت پەنای بۆ کورد هێناوەو دیالۆگی لەگەڵدا کردووە، کە هێزو توانای پەیدا کردبێت دژی کوردو خواستەکانی وەستاوەتەوە، ئەگەر سەیر بکەین لەڕابردوودا تەواوی دەسەڵاتەکانی ئێراق لەسەرەتای گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات جۆرە نەرمییەکیان نواندووەو پاشان کە دەسەڵاتەکەیان بەرەو بەهێزی رۆیشتووە دژی گەلی کوردستان وەستاونەتەوە، ئەوەتا کە عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم لە ١٩٥٨ تا ١٩٦١ جۆرە نەرمییەکی نواند، بەڵام پاشتر لە ١٩٦١ لە بەڵێنەکانی پەشیمان بۆوەو ئەوەبوو لە ١٩٦١/٩/١١ شۆڕشی ئەیلول بەسەرۆکایەتی ژەنەراڵ بارزانی نەمر بەرپا بوو، دەسەڵاتی قاسم ئەوەی توانی لە کوردکوشتن و هێرش و بۆمباران و سوتاندنی شارو گوندی کوردستان درێخی نەکرد، ئەگەر نموونەیەکی تر وەربگرین بەعس لە ١٩٦٨ کە کودەتای کردو دەسەڵاتی گرتە دەست جۆرە نەرمییەکی نواندو لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دەستی بەدیالۆگ

کـردو لەئەنجامـدا ناچـار بـوو کـە ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ مـۆر بـکات و رایبگەیەنێـت و لـە ١٩٧٠ تـا ١٩٧٤ هێمنییـەك بـاڵ بەسـەر کوردسـتاندا بکێشـێت و، لەمـاوەی ئـەو چـوار ساڵەدا کـە بەعـس دەسـەڵاتی بـەرەو بەهێـز بـوون رۆیشـت لـە بەڵێنەکانـی خـۆی پاشـگەز بـۆوە و کەوتـەوە شـەڕی کوردسـتان و جۆرەهـا پیلانـی بەکارهێنـا، هـەر لـە بەعەرەبکـردن و کیمیابارانکـردن و بێسەروشـوێنکردن و تادەگاتـە شـاڵاوە بەدناوەکانـی ئەنفـال، ئامانجـی بەعسـیش نەهێشـتنی گەلـی کوردسـتان بـوو بەخـاكو خەڵکـەوە، دوا نموونـەش ئەزموونـی رووخانـی بەعسـە لـە ٢٠٠٣/٤/٩دا، کـە بەعـس رووخێـنرا ئەوانـەی نـاوی ئۆپۆزسـیۆنی ئێراقیـان لەخـۆ نابـوو خـودان پێگەیەکـی ئەوتـۆی جەمـاوەری نەبـوون لەنـاو ئێراقـدا، کـە گەڕانـەوە ئێـراق بەهـاوکاری وڵاتانـی هاوپەیـمان و وڵاتانـی دەوروبـەری ئێـراق بنکـەو پێگـەی خۆیـان بەهێـز کـردو، لـە هەمـوو شـتێکدا هانایـان بـۆ سـەرکردایەتی کوردسـتان دەهێنـا و سـەرکردایەتی کوردسـتانیش لەهـاوکاری و پشـتگیریيان درێخـی نەکـردو ئـەوەی بـۆ ئـەو لایەنـە عەرەبییـە ئێراقییانـەی کـرد چارەکـی ئـەوەی بـۆ هێـزو لایەنـە کوردسـتانییەکان نەکـرد، هێنـدە بەپیـر ئەوانـەوە چـوون لایەنـە کوردسـتانییەکانیان پەراوێـز خسـت، کـە دەبـووا سـەرکردایەتی کوردسـتان زیاتـر هـاوکاری و پشـتگیری لایەنـە کوردسـتانییەکانی بکردبـوواو بەهێـزی بکردبـووان و ئـەوەی بـۆ لایەنـە عەرەبییـە ئێراقییەکانـی کـرد بـۆ لایەنـە کوردسـتانییەکانی بکردبـووا، بـەڵام بەداخـەوە وای نەکـرد، ئەوەتـا بینیـمان دوای رووخانـی رژێمـی بەعـس لایەنـە عەرەبییـەکان چـۆن دژی خواسـتەکانی گەلـی کوردسـتان و سـەرکردایەتییەکەی وەسـتانەوەو لایەنـە کوردسـتانییەکانیش چـۆن بەرەڤانییـان لـە دەسـتکەوتەکانی گەلـی کوردسـتان کـردو پشـتگیری سـەرکردایەتی کوردسـتانیان کـرد، هەقـە لەمـەودوا سـەرکردایەتی کوردسـتان چـاو بەهەڵوێسـت و سیاسـەتەکانیدا بخشـێنێتەوەو زیاتـر ناوەندی سیاسـی کوردسـتان ڕێبکخاتـەوەو بەهێزی بـکات و، قسـەو بیـروڕاو بۆچوونـی وڵاتپارێـزو دڵسـۆزانیش بەهەنـد وەربگرێـتو




بەسینگێکی فراوانیشەوە بەپیر رەخنەو گازندەکانی خەڵکەوە بچێت و لەخەمی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵکدا بێت، ئەوەی کە بۆ ئەملاو ئەولای دەکات با بۆ خەڵکی کوردستانی بکات، ئەمە واقیعێکە و پێویستە دانی پێدابنێین، لەم رەوشەدا پێویستە راوێژی تەواو لەنێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکاندا هەبێت.

ئێمەی گەلی کوردستان پێویستە سوود لەو رەوشە وەربگرین، بەتایبەت لەم رووەوەی کەوا هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتۆتە تەواوی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان، پێویستە هێزی پێشمەرگە لەو دەڤەرانەدا نەکشێتەوەو بیکاتە ئەمری واقیع، ئەگەر لە ١٩٩١ و ٢٠٠٣ دا ئەوەمان نەکرد با ئێستا بیکەین و ئێستایش رەوشەکە بۆ ئەم مەبەستە لەبارە، لەبەرئەوەی بەکردەیی ئەوە بەدەرکەوت

کـەوا سـوپای ئێـراق ناتوانێـت ئـەو ناوچانـە بپارێزێـت، لەبەرئـەوەی سـوپای ئێـراق سـوپایەکی تائیفییـە نـەك سـوپایەکی نیشـتمانی.

باشـترین چارەسـەر بـۆ دەربازبـوون لـەم ڕەوشـەی ئێسـتای ئێـراق و بـۆ بەرگرتـن لەتاکڕەوی و دکتاتۆرییـەت پێویسـتە ئێـراق بەکردەیـی بکرێتە سـێ دەوڵـەت، دەوڵەتێك بـۆ گەلـی کوردسـتان و دەوڵەتێـك بـۆ عەرەبـی سـوننەو دەوڵەتێـك بـۆ عەرەبـی شـیعە دروسـتبکرێت، ئەمـە چارەسـەرێکی واقیعـی گونجـاوە بـۆ ڕەوشـی ئێـراق، لەبەرئـەوەی ئەزموونـی زیاتـر لـە هەشـتا ساڵەی رابـردووی ئێـراق ئـەوەی بـۆ سـەلماندووینە کـەوا زۆر زەحمەتـە پێکهاتـەکان تاسـەر بتوانیـن لەچوارچێـوەی نەخشـەی داتـاشراوی ئێراقـدا بژیـن، بەتایبـەت ئێمـەی گەلـی کوردسـتان پێویسـتە سـوود لەڕابـردوو وەربگریـن و چیدیکـە کات بەفیـڕۆ نەدەیـن، ئەزموونـی کـورد لەگـەڵ رژێمەکانـی ئێـراق ئەوەمـان پێدەڵێـت کـەوا متمانـە بـە دەسـەڵاتەکانی ئێـراق نەکەیـن، بۆیـە پێویسـتە لـە ئێسـتاوە خۆمـان بـۆ ئـەو ئەگـەرو پێشـهاتانە ئامـادە بکەیـن کـە دێنـە پێشـەوەو کاریگەرییـان لەسـەر گەلـی کوردسـتان دەبێـت، لـەم پێناوەشـدا پێویسـتە:

١. ئێمـەی کـورد لـە سـەنگەری بەرگریدابیـن و خۆمـان نەکەینـە قوربانـی بەرژەوەنـدی هیـچ لایـەك و بـەرەی شـەڕ لەگـەڵ لایەنـە دژ بەیەکەکانـی عێـراق نەکەینـەوە، پێویسـتە سیاسـەتی خۆپارێـزی پراکتیـك بکەیـن، واتـە بەرگریکاربیـن نـەك هێرشـبەر.

٢. هێـزی پێشـمەرگە لـە کەرکـوك و مەخمـوورو خانەقیـن و شـنگاڵ و زومـمارو هەمـوو ئـەو شـوێنانە بهێڵینـەوە کـە ئێسـتاکە پێیگەیشـتوون و، پارێـزگاری لەتـەواوی ناوچـە دابڕێنراوەکانـی کوردسـتان بکەیـن، بـەم شـێوەیە دەتوانیـن ئـەو دەڤەرانـە بگەڕێنینـەوە بـۆ باوەشـی کوردسـتان.

٣. ئەنجوومەنێکـی سیاسـی لـە نوێنەرانـی تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان پێکبهێنیـن، بۆئـەوەی هەمـوو لایەنـەکان هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی تـەواو

بکـەن و رۆڵـی خۆیـان لـەم ئەنجوومەنـەدا ببینـن.

٤. لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی پێویسـتە بەسـتنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسـەری بـۆ تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی هەرچـوار پارچـەی کوردسـتان بکرێتـە ئەرکێکی نەتەوەیـی و بـە پەلـەی ئـەم قۆناخـەی خەباتـی گەلەکەمـان و تـا رۆژێـك زووتـر بەسـترێت باشـترە، لەبەرئـەوەی رۆژهەڵاتـی ناڤیـن لەبـەردەم کۆمەڵـێ گۆڕانـکاری مەزندایـە، پێویسـتە ئێمەیـش وەك نەتەوەیەکـی مـاف زەوتکـراو بەرنامـە و کارنامـەی نەتەوەیـی خۆمـان لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی هەبێت بـۆ چۆنییەتی مامەڵەکـردن لەگەڵ گۆڕانـکاری و پێشـهاتەکاندا نـەك شـتی لابـەلا، بـۆ ئەمەیـش پێویسـتە بـە زووتریـن کات کۆنگـرەی نەتەوەیـی ببەسـتین بۆئـەوەی نەکەوینـە دوای خەڵکـی دیکـەوە، بەتایبـەت ئیسـتا کـەوا کـورد کارتێکـی بەهێـزە لـە گۆڕانکارییەکانـی رۆژهەڵاتـی ناڤینـدا، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی داخـە بەرنامەیەکـی نەتەوەیـی یەکگرتوومـان نییـە بـۆ چۆنییەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ گۆڕانکارییەکانـدا.

بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی لـەم قۆناخـەی خەباتـی گەلـی کوردسـتاندا وەرچەرخانێکـی مـەزن دەبێـت لـە دیرۆکـی بزاڤـی رزگاریخوازی نیشـتمانی کوردسـتاندا و دەبێتـە هـۆکاری پێشـڤەچوونی زیاتـری پرسـی کـورد لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی و ناوچەکـەو جیهانـدا، لەهەمـان کاتـدا وەرەبەخـش دەبێـت بـۆ خەباتـی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان، بۆیـە پێویسـتە ئـەم ئەرکـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییە دوانەخرێـت و بـە زووتریـن کات ئەنجـام بدرێـت، بـۆ ئەمەیـش پێویسـتیمان بـە ئیـرادەی بەهێـزو بڕیـاری بوێرانـەی نەتەوەییـە.

٥. هەڵوێسـتی نەتەوەییانـەی HPG و YPG و KODAR و لایەنـە سیاسـییەکانی باکـوورو رۆژهـەڵات و رۆژئـاوای کوردسـتان بـۆ پشـتیوانیکردنیان لـە باشـووری کوردسـتان لـەم رەوشـەدا، جێگـەی رێـزەو پێویسـتە بەهەنـد وەربگیرێـت و بکرێتـە هەنگاوێـك بـۆ یەکدەنگـی نەتەوەیـی لەپرسـە چارەنووسـازەکاندا.

٦. بەردەوامبــوون لەســەر هەناردەکــردن و فرۆشــتنی نەوتــی کوردســتان بۆئــەوەی لــەڕووی ئابوورییــەوە پشــت بەخۆمــان ببەســتین و ببینــە خــاوەن ئابوورییەکــی ســەربەخۆ.

لـەم رەوشـەی ئێسـتای ئێراقـدا، پێویسـتە کـورد بـە یەکگرتوویـی بـەو شـێوەیەی کـە باسـمانکرد کار بـکات و بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بخاتـە سـەرووی هەمـوو بەرژەوەندییەکـی دیکـە، بەمـەش پێگـەی کـورد بەهێزتـرو ئایندەشـمان رۆشـنتر دەبێـت.

٢٠١٤/٦/١٧

هەولێر _ کوردستان

***

ئــەم وتــارە لــە ژمــارە (١٩٢٤)ی ڕۆژی چوارشــەممە، ٢٠١٤/٦/١٨ ی رۆژنامــەی (هەولێــر) و، ژمــارە (٦٢١)ی رۆژی سێشــەممە، ٢٠١٤/٦/٢٤ ی رۆژنامــەی (میدیــا)دا بڵاوبۆتــەوە..

# بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەردی کورد دەرمان دەکات

ماوەیەکــە کوردســـتان رووبــەڕووی هەرەشـــەیەکی گـــەورەی تیرۆریســـتان بۆتـــەوە، تیرۆریســـتان لـــەو شـــاڵاوەیاندا ئامانجیـــان داگیرکردنـــی خـــاك و وێرانکردنـی ژێرخـان و سـەرخانی کوردسـتان و جینۆسـایدکردنی نەتـەوەی کـوردو پێکهاتەکانــی کوردســـتانە، واتـــە دەیانەوێـــت کوردســـتان بەخـــاك و خەڵکـــەوە وێـران و جینۆسـاید بکـەن، تیرۆریسـتان لـەم شـاڵاوەیاندا روویـان لـە کوردسـتان وەك خــاك و کــورد وەك نەتــەوە کــردووە، بیــر لــەوە ناکەنــەوە کــورد چەنــد حــزب و چەنــد رەنگــە، ئــەوان بەیــەك چــاو ســەیری هەمــوو کــورد دەکــەن و لەهەوڵــدان بــۆ جینۆســایدکردنی، لەســەر ئێمــەی کوردیــش پێویســتە وەکــو کــورد بەرەنگاریــان ببینــەوە، واتــە خۆمــان لــە گیانــی حزبایەتــی بــەدوور بگریــن و بەگیانێکـــی کوردانـــە لەبەرامبەریانـــدا ســـەنگەر بگریـــن.

ســـەرەڕای هەڕەشـــەی تیرۆریســـتان لـــەزۆر لاوەش هەوڵدەدرێـــت یەکڕیـــزی و یەکدەنگـــی کـــوردان لاوازبکـــەن و نەیهێلـــن، بەداخـــەوە هەنـــدێ لـــە دەزگاکانـــی راگەیاندنـــی کوردســـتانیش لـــەم رووەوە رۆڵێکـــی نێگەتیـــف دەبینـــن و، هەوڵـــدەدەن بچوکتریـــن ناکۆکـــی لەنیـــوان لایەنەکانـــدا زەقبکەنـــەوەو

گەورەتـــری بکـــەن، لەکاتێکـــدا ئەرکـــی راگەیانـــدن و راگەیاندنـــکاران ئەوەیـــە کـــەوا رووداوەکان وەکـــو خۆیـــان بگوازنـــەوەو زانیـــاری دروســـت بـــە هاوڵاتیـــان بـــدەن، بەداخـــەوە راگەیاندنـــی کـــوردی زۆر جـــار ئەرکـــی راســـتەقینەی خـــۆی لەبیـــر دەچێـــت و، کاری وادەکات کـــەوا بەشـــێوەیەك لـــە شـــێوەکان دەکەوێتـــە خزمەتـــی دوژمنـــەوە، لـــەم بارودۆخـــە هەســـتیارو ناســـکەی کوردســـتاندا هەقـــە دەزگاکانـــی راگەیانـــدن بەوریاییـــەوە مامەڵـــە لەگـــەڵ رووداوەکانـــدا بکـــەن و ئاسایشـــی نەتەوەیـــی بپارێـــزن و بەرژەوەنـــدی بـــاڵای نەتەوەیـــی لەبەرچـــاو بگـــرن.

لـــەم کاتـــەدا زۆر پێویســـتە دەزگاو کەناڵەکانـــی راگەیاندنـــی کوردســـتان هۆکاربـــن بـــۆ یەکڕیـــزی و یەکدەنگـــی گەلـــی کوردســـتان، بـــۆ بەرەڤانیکـــردن لـــە خـــاك و خەڵکـــی کوردســـتان، پێویســـتە لـــەم رەوشـــەدا راگەیاندنـــکاران بـــە گیانـــی پێشـــمەرگایەتی هەڵـــس و کـــەوت لەگـــەڵ بویەرەکانـــدا بکـــەن و، هـــەر وشـــەو وتەیەکیـــان گوللەیـــەك بێـــت بـــۆ دوژمنـــان، بێگومـــان کەنـــاڵ و دەزگاکانـــی راگەیانـــدن دەتوانـــن فاکتەرێکـــی بەهێزبـــن بـــۆ هێنانـــەدی یەکڕیـــزی و یەکدەنگـــی، پێویســـتە ئـــەم رۆڵـــە ببینـــن و ببنـــە هەوێنـــی یەکێتـــی و یەکدەنگـــی گەلـــی کوردســـتان.

لەهەمـــان کاتـــدا پێویســـتە ســـەرکردایەتی سیاســـی کوردســـتان ئـــەم درزانـــە پڕبکاتـــەوە کـــە ئێســـتا کەوتوونەتـــە نێـــو یەکڕیـــزی و یەکدەنگـــی لایەنـــە سیاســـییەکانی کوردســـتان، ئەمـــەش بـــەوە دەبێـــت کـــەوا ناوەنـــدی سیاســـی کوردســـتان رێکبخرێتـــەوەو راوێـــژو گفتوگـــۆ لەنێـــوان تـــەواوی لایەنـــە سیاســـییەکاندا هەبێـــت و کـــەس پەراوێـــز نەخرێـــت، نادیدەگرتنـــی یەکـــدی و پەراوێزخســـتنی هەنـــدێ لایـــەن و هێنانـــە پێشـــی هەنـــدێ لایـــەن لـــەم قۆناخـــەدا زیانـــی بـــۆ یەکڕیـــزی و یەکدەنگـــی کـــورد دەبێـــت، پێویســـتە لـــەم رەوشـــە

ناسـك و هەسـتیارەدا بەرژەوەنـدی بـاڵای نەتەوەیـی لەبەرچـاو بگیرێـت و، ناکۆکـی و ململانێـی حزبـی بخرێتـەلاوە.

ئێمـەی کـورد لەهەمـوو لایەکـەوە هەڕەشـەمان لەسـەرە ئەوەتـا لـە باشـووری کوردسـتان بەرەیەکـی فراوانـی تیرۆریسـتان لـە دژمـان کراوەتـەوە، بەدڕندانەتریـن شـێوە خەڵکـی شـنگاڵ جینۆسـاید کـران، لـە رۆژئـاوای کوردسـتان بەهەمـان شـێوە تیرۆریسـتان بەردەوامـن لـە هێرشـکردنە سـەر شـارو شـارۆچکە و گوندەکانـی رۆژئـاوای وڵات، ئەوەتـا دەبینیـن بەشـێوەیەکی دڕندانـە هێـرش دەکەنـە سـەر کانتۆنـی کۆبانـی و خەڵکەکـەی دەکـوژن و ئـاوارە دەکـەن، لـە باکـووری کوردسـتان پرۆسـەی ئاشـتی بـە بنبەسـت گەیشـتووەو لەوانەیـە شـەڕ دەسـتپێبکاتەوە، لـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان رژێمـی ئێـران رۆژانـە گەنجـانی کـورد دەگرێـت و لـە سێدارەیان دەدا، لـەم ماوەیـەدا لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان چاڵاکـی چەکـداری خەریکـە دەسـتپێدەکاتەوە، ئەمانـە هەمـوو ئـەوە دەگەیەنـن کـەوا پرسـی کـورد دەربـازی قۆناخێکـی هەسـتیارو چارەنووسسـاز بـووە، ئـەم قۆناخـە هەسـتیارو چارەنووسسـازەش پێویسـتی بـە یەکدەنگـی و یەکڕیـزی کـوردان هەیـە، بۆئـەوەی ئـەو یەکڕیـزی و یەکدەنگییـە دروسـتبێت پێویسـتە بیـر لـە ئامرازێـك بکەینـەوە، کـە ببێتـە چەترێکـی نەتەوەیـی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مەزنـدا و هەموومـان لەژێریـدا کۆببینـەوە.

بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی کوردسـتانی بـۆ تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکان لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن پێویسـتییەکی بابەتـی و دیرۆکـی و ئەرکێکـی بەپەلـەی ئـەم قۆناخـەی خەباتـی گەلـی کوردسـتانە، کۆنگـرەی نەتەوەیـی لـەم کاتـەدا دەبێتـە ماڵـی گـەورەی کـوردان و چەتـری هاوبەشـی لایەنـە سیاسـییەکان و فاکتەرێکـی سـەرەکی و بەهێزیـش دەبێـت بـۆ یەکڕیـزی و یەکدەنگـی کـوردان و، لەهەمـان کاتـدا دەبێتـە هێزێکـی

وره بەخـــش بـــۆ گەلـــی کوردســـتان لەشـــەڕی تیرۆریســـتاندا، لەســـەر ئاســـتی دەرەوەشـــدا خوێندنەوەیەکـــی دیکـــە بـــۆ پرســـی کـــورد دەکـــرێ و کـــورد دەبێتـــە ژمارەیەکـــی بەهێزتـــر لەنێـــو هاوکێشـــە سیاســـییەکانی ناوچەکـــەو جیهانـــدا.

لـــەم رەوشـــەی ئێســـتای کوردســـتاندا پێویســـتیمان بـــە کۆکردنـــەوەی هێـــزو توانـــاکان هەیـــە نـــەك پـــەرت و بڵاوکردنیـــان، بۆئەمـــەش پێویســـتە بەرگـــی غـــرورو خـــۆ بەزلزانیـــن فڕێبدەیـــن و بەرگـــی خاکـــی و بەرگـــی پێشـــمەرگایەتی راســـتەقینە بپۆشـــین و وەکـــو کـــوردو کوردســـتانی بیربکەینـــەوەو بەچاوێکـــی کـــراوەو کوردســـتانییانە هەمـــوو خەڵـــك و هەمـــوو لایەنـــەکان ببینیـــن، کارکـــردن بـــەو ئاراســـتەیە لەســـەرکەوتن نزیکـــمان دەکاتـــەوەو دەمانگەیەنێتـــە ئامانـــج، ئەگـــەر ئـــەوە نەکەیـــن هەڵەیەکـــی ســـتراتیژی کوشـــندە دەکەیـــن.

بەســـتنی کۆنگـــرەی نەتەوەیـــی هێـــزو تواناکانمـــان کۆدەکاتـــەوە و لەهەمـــان کاتیشـــدا دەبێتـــە هۆکارێـــك بـــۆ خۆدوورگرتـــن لـــە پەراوێزخســـتنی یەکـــدی، بەمـــەش بەرپرســـیارێتی مێژوویـــی زیاتـــر دەکەوێتـــە سەرشـــانی هەمـــوو لایەنـــە کوردســـتانییەکان، ئەگـــەر لەڕابـــردوودا ئەمەمـــان نەکـــردووە، پێویســـتە لـــە ئێســـتادا بیکەیـــن، لەبەرئـــەوەی هەڕەشـــە و مەترســـییەکی گەورەمـــان لەســـەرە و دەتوانیـــن بڵێیـــن رووبـــەڕووی شـــەڕی مـــان و نەمـــان بووینەتـــەوە، ئەگـــەر لـــەو کاتـــەدا یەکـــدی قبـــوڵ نەکەیـــن و یەکنەگریـــن، ئـــەی باشـــە کـــەی بیکەیـــن؟!

ئێمـــەی کـــورد لەدێـــر زەمانـــەوە تووشـــی نەخۆشـــییەکی درێژخایەنـــی کوشـــندە بووینـــە کـــە ئەویـــش نەخۆشـــی یەکـــدی قبوڵنەکردنـــە، چارەســـەرنەکردنی ئـــەو نەخۆشـــییە زیاتـــر لاوازو بێتوانامـــان دەکات، بۆیـــە پێویســـتە بەزووتریـــن کات چارەســـەری ئـــەو نەخۆشـــییە بکەیـــن، باشـــترین چارەســـەریش بـــۆ ئـــەو نەخۆشـــییە یەکڕیـــزی و یەکدەنگـــی و یەکـــدی قبوڵکردنـــی کوردانـــە، بێگومـــان

ئەمــەش لەڕیگــەی بەســتنی کۆنگــرەی نەتەوەیــی کــورد دێتــەدی، ئیســتاش کاتەکــە گونجــاوە کــەوا تــەواوی لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتانی مــەزن دوور لەبەرژەوەنــدی حزبــی و لەدیدگایەکــی نەتەوەیــی بــەم ئەرکــە نەتەوەیــی و نیشــتمانییە رابــن و کۆنگــرەی نەتەوەیــی ببەســتن و برینــی کــورد ســاڕێژو دەردی کــورد دەرمــان بکــەن.

٢٠١٤/٩/٢٩

هەولێر _ کوردستان

***

**تێبینـی:** ئـەم وتـارە ڕۆژی سێشـەممە، ٢٠١٤/٩/٣٠ لـە ژمـارە (٦٢٨)ی رۆژنامـەی (میدیـا) و، ژمـارە (٤٤٧)ی رۆژنامـەی (ئاوێنـە)دا بڵاوبۆتـەوە.

# کۆڵەگەی سەرەکی
# هەر دەسەڵاتێک عەدالەتە

کێشــەکانی بەغـدا لەگـەڵ کوردســتان شــتێکی نــوێ نــین، بەغـدا بەهەمـوو شـێوەیەك دەیـەوێ واز لـە کـورد بێنـێ، ئـەوە کـوردە خۆی بـە ئێراقیـکی فاشـیلدا شـۆڕکردۆتەوەو وازی لێناهێنێـت، لـەدوای رووخاندنـی رژێمـی بەعـس لـە ئێراقـدا هەمـوو لایـەك چاوەڕوانـی ئــەوە بوویــن کــەوا سیســتەمێکی دیموکراســی حوکمــی ئێــراق بــکات و، هەلەکانــی رژێمەکانـی پێشـوو بەرامبـەر گەلانـی ئێـراق دووبـارە نەکاتـەوە، بـەڵام سـەیر دەکەیـن دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای ئێـراق بەهەمـان عەقلییەتـی پێشـوو بیریانکـردەوەو بیـر دەکەنەوە و هەوڵـدەدەن هەمـان سیاسـەتی فاشـیلانەی رژێمەکانـی پێشـوو پراکتیـك بکـەن، ئـەم شـێوازەی حوکـم لـە ئێراقـدا زیانـی بەهەمـوو لایـەك گەیانـدووە و دەگەیەنێـت و، دەبێتـە هـۆی دووبارەبوونـەوەی کارەسـاتەکانی رابـردوو، بۆیـە لەسـەر هەمـوو لایەکمان پێویسـتە دژی ئـەو شـێوازەی حوکمـی ئێسـتای ئێـراق بوەسـتینەوەو رەتیبکەینـەوە.

ئێـراق بـەو هەڵـس و کەوتانـەی ئێسـتای بـەرەو تاکڕەوی و دکتاتۆرییـەت هەنـگاوی نـاوەو وەکـو رژێمەکانـی پێشـووی ئێـراق لـە دژی کـورد و خواسـتەکانی وەسـتاوەتەوە، لەهەمـان کاتـدا دژایەتـی عەرەبـی سـوننەی ئێـراق دەکات، سـەرەڕای دژایەتیکـردن و راوەدوونـان و کوشـتنیان لـە پرۆسـەی سیاسیشـدا بێکاریگـەری کـردوون و پەراوێـزی

خستون، سیاسەتی هەڵەو دژایەتی حکومەتی ئێستای ئێراق بۆ پێکهاتەکانی ناو نەخشەی داتاشراوی ئێراق، ئێراقی رووبەڕووی کۆمەڵێ قەیرانی سیاسی و ئەمنی و ئیداری کردۆتەوە، ئەو ناعەدالەتی و پەراوێزخستنەی لایەن و پێکهاتەکان، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ هاتنی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و داگیرکردنی پارێزگاکانی موسڵ و سەلاحەددین و ئەنبار، خەریکە ئێستا رەوشی ئەمنی لە پارێزگاکانی دیکەش بەرەو خراپی دەڕوات، ئەمانە هەمووی ئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵەو فاشیلانەی حکومەتی ئێراق بوون، دیارە کۆنترۆڵکردنی ئەم رەوشە هەروا سانا نییە و تا ماوەیەك بەردەوام دەبێت و زیانی زۆریش بە سەرخان و ژێرخانی ئێراق دەگەیەنێت، ئەوەش باجی سیاسەتی هەڵەو تائیفییانەو تاکرەوانەی حکومەتەکەی مالیکی و حکومەتەکەی عەبادییە و، ئەو خوێنەی دەرژێش لە ئەستۆی ئەواندایە.

لەسەروبەندی پێکهێنانی حکومەتەکەی عەبادی وتارێکم نووسی و وتم راسپاردنی حەیدەر عەبادی بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی دیکەی ئێراق و پێکهێنانی ئەو حکومەتە لەلایەن عەبادی دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆکانی پێشووی عەلاوی و جەعفەری و مالیکی یەو هیچی دیکە، واتە کای کۆن بەباکردنە نەك دەوڵەتداری و بیناکردنی حکومەتێکی دامەزراوەیی و سیستماتیك و مۆدێرن، بۆچوونەکەشم راست دەرچوو، لەبەرئەوەی لە ئێراقدا خەڵك کێشەی گۆڕینی دەم و چاوەکانی نییە، بەڵکو کێشەی سەرەکی خەڵکی ئێراق گۆڕینی عەقلیەت و شێوازی بیرکردنەوەیە، گۆڕینی شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ پێکهاتەکانی چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی ئێراق، کێشەی خەڵکی ئێراق ئەوەیە کەوا پێکهاتەیەك دەبێتە کوێخاو خۆی دەکاتە دەمڕاستی هەموو لایەك و بەچاوی هاوڵاتی پلە دوو سەیری پێکهاتەکانی دیکە دەکات، ئەمەش وای کردووە کێشەکانی ئێراق بەردەوامبن و بێچارەسەر بمێننەوە، ئێمەی گەلی کوردستانیش؛ تاوەکو لەچوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی ئێراقدا بمێنینەوە کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا بەردەوام دەبن، بۆیە بۆئەوەی گەلی کوردستان

بــە ئاســوودەیی بژیــت، پێویســتە کار بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان بکەیــن.

کێشــەی ئێمــەی کــورد لەگــەڵ بەغــدا کێشــەیەکی کۆنــە، هــەردوولا دەزانــین کارتەکانمــان چــین، هــەردوولا باوەڕمــان بەیەکــدی نەمــاوە، بــاوەڕ بەیەکــدی بــوون بنچینــەی مامەڵــە لەگــەڵ یەکدیکردنــە، کــە ئــەوە نەبــوو کێشــەکان چارەســەر نابــن، بۆیــە لەجیــاتی هەرەشــەو کارت بەکارهێنــان و کات کوشــتن پێویســتە بــیر لە حاڵــی خۆمان بکەینــەوەو ناوەنــدی ســیاسی کوردســتان ڕێکبخەینــەوە و، پێویســتە ســەرکردایەتی ســیاسی کوردســتان مامەڵەیــەکی تەندروســت لەگــەڵ تــەواوی لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان بــکات و بەڕاوێــژ لەگــەڵ هەمــوو لایــەك نەخشــەرێگایەکی نەتەوەیــی و نیشــتمانی دابڕێژێــت بــۆ دەربازکــردنی ئــەم قۆناخــە هەســتیار و چارەنووســسازە، بۆئەمــەش یەکڕیــزی کــورد بەهێزتریــن فاکتــەری ســەرکەوتنی کــوردە، بــەڵام مــن لای خۆمــەوە هەســت بــەو یەکڕیزییــە ناکــەم، ناوەنــدی سیاسی کوردســتان پــەرش و بــڵاوە و پێویســتی بــە یەکخســتنەوەو ڕێکخســتنەوەیە، پێویســتە ســەرکردایەتی ســیاسی کوردســتان بەچاوێــکی یەکســان ســەیری لایەنــە سیاســییەکان بــکات و هیــچ لایــەك پەراوێــز نەخــات، ئەگــەر بــاس لــە یەکڕیــزی و یەکدەنگــی دەکەیــن تەنهــا شــەش حــەوت لایــەن لــە کوردســتان نــین، کۆمەڵــێ لایــەنی دیکــەش هــەن کــە خــاوەن بــیروڕاو بۆچــوونی خۆیانــن، پێوستە گــوێ لەوانیــش بگیرێــت، بێگومــان کۆڵەگــەی ســەرەکی هــەر دەســەڵاتێك عەدالەتــە، بۆیــە پێویســتە دەســەڵات بەشــێوازێکی عادیلانــە مامەڵــە لەگــەڵ تــەواوی لایەنــە سیاســییەکان بــکات و هیــچ لایــەك پەراوێــز نەخــات.

٢٠١٥/٥/١٨ هەولێر _ کوردستان

***

**تێبینی:** ئـەم وتـارە لـە ژمـارە (٢١٤٠)ی ڕۆژی چوارشـەممە، ڕێکەوتـی ٢٠١٥/٥/٢٠ ی ڕۆژنامـەی (هەولێـر)دا بڵاوبۆتەوە.

# پێکهێنانی
# (ئەنجوومەنی سیاسی کوردستان)
# کێشەکانمان چارەسەر دەکات

ئـەو کێشـەو گرژییانـەی کـەوا ئەمـڕۆ بـەرۆکی باشـووری کوردسـتانییان گرتـووە، بەشـێکی زۆریـان دەگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو نـا عەدالەتییـەی کـە ئەمـڕۆ لـە کوردسـتان هەیـە، بەشـێکی دیکەشـیان پەیوەنـدی بـە پـەرش و بـڵاوی ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان و یەکـدی قبوڵنەکـردن و پەراوێزخسـتنی لایەنـە سیاسـییەکانەوەیە، هۆکارێـکی دیکـەش ئەوەیـە؛ لـە کوردسـتان حـزب بەسـەر هەمـوو شـتێکدا زاڵـە و دەسـەڵاتی بەسـەر هەمـوو شـتێکدا هەیـە، حـزب کۆنترۆڵـی هەمـوو کایەکانـی ژیانـی کـردووە، ئەمـەش وایکـردووە وڵاتـی ئێمـە لـە سـەر بنەمـای سیسـتەم بەڕێـوە نەچـێ و، لەسـەر بنەمـای میزاجـی شـەخسی بەڕێوەبچێـت، ئەمانـە وایانکـردووە پەرلەمـانی کوردسـتانیش کـە سـەرچاوەی یاسادانانی کوردستانە ببێتـە دەزگایـەك بـۆ شـەرعییەتدان بـە بڕیـارەکانی حیـزب، زۆربـەی کێشـەکان بـۆ ئـەو هۆکارانـە دەگەڕێنـەوە، ئەوانـە کێشـەکانن؛ چارەسـەر چـین؟

چارەسـەری ئـەو کێشـەو گرژییانـە بـەوە دەکرێـت کـەوا مامەڵەیـەکی دادپەروەرانـە لەگـەڵ تـەواوی کۆمەڵـگای کوردسـتان بکرێـت، پێویسـتە سـەرکردایەتی سیاسی کوردسـتان مامەڵەیـەکی تەندروسـت لەگـەڵ تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بـکات و بەڕاوێـژ لەگـەڵ هەمـوو لایـەك نەخشـەرێگایەکی نەتەوەیـی و نیشـتمانی دابڕێژێـت

بـۆ دەربازکـردنی ئـەم قۆناخـە هەسـتیار و چارەنووسسـازە، بۆئەمـەش پێویسـتیمان بـە یەکڕیزییـە، لەبەرئـەوەی یەکڕیـزی کـورد بەهێزتریـن فاکتـەری سـەرکەوتنی کـوردە، بـەڵام ئێمـە ئـەو یەکڕیزییەمـان نیـە، ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان پـەرش و بـڵاوەو پێویسـتی بـە یەکخسـتنەوەو ڕێکخسـتنەوەیە، پێویسـتە سـەرکردایەتی سـیاسی کوردسـتان بەچاوێـکی یەکسـان سـەیری لایەنـە سیاسـییەکان بـکات و هیـچ لایـەك پەراوێـز نەخـات، بۆئەمـەش پێویسـتە نەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری هیـچ لایـەك و بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی ڕەچاوبـکات، ئەگـەر بـاس لـە یەکڕیـزی و یەکدەنگـی دەکەیـن تەنهـا شـەش حـەوت لایـەن لـە کوردسـتان نـین، کۆمەڵـێ لایـەنی دیکـەش هـەن کـە خـاوەن دیـرۆك و خەبـات و بـیروڕاو بۆچـوونی خۆیانـن، پێوسـتە گـوێ لەوانیـش بگیرێـت، بـۆ ڕێکخسـتنەوەی ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان پێویسـتە بەزووتریـن کات (ئەنجوومـەنی سـیاسی کوردسـتان) پێکبهێنرێـت و تـەواوی حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بگرێتەخـۆ، واتـە ئـەو حیزبانـەی کـەوا لـە پەرلەمـان و حکومەتـدان و ئـەو حیزبانـەی کـە لـە دەرەوەی پەرلەمـان و حکومەتـدان، بۆئەمـەش دەبـێ خۆمـان لەهەنـدێ چەمـکی تەقلیـدی بـەدوور بگریـن و رۆحییـەتی خۆبەزلزانـین بگۆڕیـن بـۆ ڕۆحییـەتی یەکـدی قبوڵکـردن، بـۆ نموونـە پێویسـتەی دەستەواژەی حیزبـی بچـووك و حیـزبی گـەورە بخەینـە لاوەو واقیعییانـە مامەڵـە لەگـەڵ یەکـدی بکەیـن، گەورەیـی و بچووکـی حیزبـی سیاسـی لـە هەڵوێسـتیدایە نـەك لـە قەبارەکـەی، زۆر حیزبـی گـەورە هەبـوون ئێسـتا هـەر نەمـاون، هـاوکات زۆر حیزبـی گـەورە هەبـون ئێسـتا بچـووك بوونەتـەوە، لـە هەمـان کاتـدا زۆر حیـزب هەبـوون کـە بچـوك بـوون ئێسـتا گـەورە بـوون و ڕێبەرایەتـی نەتەوەیـەك دەکـەن، مانـەوەی یـەك لایـەن لـەدەرەوەی ئـەو ئەنجوومەنـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـەوا کێشـە و گـرژی دروسـت بێتـەوە، بۆیـە پێویسـتە هەموومـان یەکـدی قبـوڵ بکەیـن و بەگیـانی برایـەتی مامەڵـە لەگـەڵ یەکـدی بکەیـن.

بـەو شـێوەیە دەتوانـین تـەواوی کێشـەو گرژییـەکان لـەو ئەنجوومەنـدا بـاس بکەیـن

و چارەسەرییان بۆ بدۆزینەوە، لەهەمان کاتدا دەتوانین لەڕێی ئەو ئەنجوومەنە (ئەنجوومەنی سیاسی کوردستان) هەم ناوەندی سیاسی کوردستان ڕێکبخەینەوەو هەمیش بگەینە سازانی نیشتمانی، بێگومان سازانی نیشتمانی و سازانی حیزبی دوو شتی لەیەك جیان، ئەوەی ئێستا لە باشووری کوردستان هەوڵی بۆ دەدرێت سازانی حیزبییە لەنێوان پێنج لایەنی سیاسی و، کۆمەڵێ لایەنی سیاسی دیکە لەو سازانە حیزبییە پرس و رایان پێنەکراوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت بەو سازانە پێنج حیزبییە بگوترێت سازانی نیشتمانی، نیشتمان هی هەمووانە نەك بە تەنیا موڵکی ئەو پێنج لایەنە، ئەگەر چاومان لەوەبێت کۆمەڵگایەکی مەدەنی و هێمن و ئارام بنیات بنێین، دەبێ یەکدی بخوێنینەوەو یەکدی قبوڵبکەین، یەکدی رەتکردنەوەو یەکدی پەراوێزخستن لەیەکدیمان دووردەخاتەوەو زیان بەهەموو لایەکمان دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە چاو بە سیاسەتی پێشوودا بخشێنرێتەوەو بەشێوازێکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکرێت، بێگومان بنچینەی دەسەڵات دادپەروەرییە، بۆیە پێویستە دەسەڵات مامەڵەیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکان بکات و هیچ لایەك پەراوێز نەخات، سیاسەتی رەتکردنەوەو پەراوێزخستن خزمەتی بارودۆخی کوردستان ناکات و کەلێنێکی گەورە دەخاتە یەکڕیزی نیشتمانی، لەهەمان کاتدا هۆکارێکە بۆئەوەی کە هەندێ وڵات سوود لەو کەلێنەوە وەربگرن و بەرنامەو ئەجێندای تایبەت بەخۆیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان پیادەبکەن، بێگومان ئەم حاڵەتەش ئێستا لە کوردستان بوونی هەیە.

۲۰۱٥/٦/۲۳ هەولێر _ باشووری کوردستان

***

**تێبینی:** ئەم وتارە لە ژمارە (۲۱٦٥)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ۲۰۱٥/٦/۲٤ی رۆژنامەی (هەولێر)دا بڵاوبۆتەوە.

# دوای سەد ساڵ
# با کۆتایی بە (سایکس _ پیکۆ) بێنین

ئەمــڕۆ (١٩١٦/٥/١٦ _ ٢٠١٦/٥/١٦) ســەد ســاڵ بەســەر ڕێکەوتننامــەی شــومی (ســـایکس _ پیکـــۆ) تێپــەڕ دەبێـــت، بەپێـــی ئـــەم ڕێکەوتننامەیـــە نەخشـــەی جیۆسیاســـی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت داڕێژرایـــەوە.

فەرەنســـا و بەریتانیـــا لەڕێـــی ڕێکەوتننامـــەی (ســـایکس _ پیکـــۆ) زوڵمێکـــی گەورەیـــان لـــە گەلـــی کوردســـتان کـــرد، بـــەوەی کـــەوا بێخواســـتی گەلـــی کوردســـتان کوردســـتانیان کـــردە چـــوار بـــەش و دابەشـــی ســـەر (عێـــراق و تورکیـــا و ئێـــران و ســـوریا)یان کـــرد، لەهەمـــان کاتـــدا زوڵمیـــان لـــە زۆر نەتـــەوەی دیکـــەش کـــرد.

لەمـــاوەی ســـەد ســـاڵی رابـــردوودا ناوچـــەی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت بـــەردەوام ناوچەیەکـــی گەرمـــی شـــەڕ و پێکـــدادان و ئاڵـــۆزی جیهـــان بـــووە، ئەمـــەش دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ناعەدالەتـــی ڕێکەوتننامـــەی (ســـایکس _ پیکـــۆ)، لەبەرئـــەوەی نەتـــەوە مـــاف زەوتکـــراوەکان بـــەردەوام چەوســـێنراونەتەوەو هەوڵـــی ســـەرکوتکردن و ســـڕینەوەیان دراوە، بـــۆ نموونـــە گەلـــی کوردســـتان بـــە درێژایـــی مێـــژوو لـــەدژی زوڵـــم و زۆری حکومەتـــە یـــەك لـــەدوای یەکەکانـــی عێـــراق و ئێـــران و توکیـــا و ســـوریا لـــە شـــۆڕش و ڕاپەڕیـــن دابـــووە، ئـــەو وڵاتانـــەی کـــەوا بەشـــێکی کوردســـتانیان

داگیرکــردووە بەدرێژایــی مێــژوو هێمنــی و ئارامیــان بەخۆیانــەوە نەبینیــوە، لەبەرئــەوەی وڵاتــی داتــاشراون و لەســەر حیســابی نەتــەوەی دیکــە دروســتکراون، کەواتــە دروســتبوونی ئــەو وڵاتانــە سروشــتی نەبــووە، هــەر شــتێکی دروســتکراویش قابیلــی هەڵوەشــانەوە و دروســتکردنەوەی ســەرلەنوێیە، ئــەو وڵاتانــەش (عێــراق و تورکیــا و ئێــران و ســوریا) کــەوا دان بــە مافەکانــی گەلــی کوردســتان نانێــن هەمــوو کات لەژێــر هەڕەشــەی هەڵوەشــانەوەو دارِشــتنەوەی دیکــەدان.

لەمــاوەی ســەد ســاڵی رابــردوودا ئــەوە بــۆ کۆمەڵــگای نێودەوڵەتــی ئاشــکرا بــوو، کــەوا نەتــەوە چەوســاوەکان تاســەر زوڵــم و زۆری قبــوڵ ناکــەن و، بــەردەوام دەبــن لــە شــۆڕش و راپەڕیــن تــا رزگاری و ئــازاد بوونیــان لــە چەوســانەوە، لەهەمــان کاتـــدا کۆمەڵـــگای نێودەوڵەتیـــش گەیشـــتۆتە ئـــەو بـــاوەڕەی بـــێ چارەســـەری ریشــەیی پرســی نەتــەوە چەوســاوەکان زەحمەتــە رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت هێمنــی و ئارامــی بەخۆیــەوە ببینــێ!

بێگومــان گەورەتریــن و هەســتیارترین پرســی رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت لەمــڕۆدا پرســـی گەلـــی کوردســـتانە، لـــەو ســـەد ســـاڵەی رابـــردوودا گەلـــی کوردســـتان زۆرتریــن قوربانیــداوەو بــەردەوام لــە بەرخــودان و شــۆڕش دابــووە و تــا ئێســتاش بەردەوامــە، بەرخــودان و قوربانیدانــی گەلــی کوردســتان وایکــردووە کــەوا جیهــان خوێندنەوەیەکــی دیکــەی بــۆ پرســی گەلــی کوردســتان هەبێــت و بــە چاوێکــی دیکــە لێــی بڕوانــێ و هەوڵبــدات ســەرلەنوێ نەخشــەی ناوچەکــە دابڕێژێتــەوە، پێویســـتە ئێمـــەی گەلـــی کوردســـتان ســـوود لـــەو رەوشـــە نوێیـــە نێودەوڵەتییـــە وەربگریـــن و بـــە کارنامەیەکـــی نەتەوەیـــی و نیشـــتمانی کار بـــۆ هەڵوەشـــانەوەی رێکەوتننامــەی (ســایکس _ پیکــۆ) بکەیــن و، رۆڵــی کارای خۆمــان هەبێــت لــە دارِشـــتنەوەی نەخشـــەی نوێـــی جیۆسیاســـی رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا، بێگومـــان ئەمــەش بــە یەکڕیــزی و یەکدەنگــی هەمــوو لایەکــمان دەبێــت.

ئەگــەر ســەیر بکەیــن ئێســتا بەکردەیــی عێــراق و ســوریا هەڵوەشــاونەتەوە، تورکیــا بەرامبــەر بــە پرســی گەلــی کوردســتان ئەگــەر چــاو بــە سیاســەتی خۆیــدا نەخشــێنێتەوە ئەویــش دەکەوێتــە ژێــر هەڕەشــەی هەڵوەشــانەوە، ســەبات بــە ئێــران لەوێــش زوڵــم و زۆری رژێــم بەردەوامــەو خەباتــی گەلــی کوردســتانیش روو لــە هەڵکشــانە، ئەمانــە هەمــوو ئامــاژەن بــۆ ئایندەیەکــی روون، بۆیــە پێویســتە بــە گیانێکــی کوردانــە و کوردســتانییانە مامەڵــە لەگــەڵ ئــەم بارودۆخــە نوێیــە بکەیــن و ســەد ســاڵ دەربازبــوون بەســەر رێکەوتننامــەی (ســایکس _ پیکــۆ) بقۆزینــەوەو بــەرەو ســەربەخۆیی هەنگاوبنێیــن و وەك یــەك تیــم بــۆ دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســـتان کاربکەیـــن، بەمـــەش دەتوانیـــن لاپەڕەیەکـــی زێڕیـــن لـــە مێـــژووی کوردســتان تۆمــار بکەیــن.

٢٠١٦/٥/١٦ هەولێر _ کوردستان

***

**تێبینـــی:** ئـــەم وتـــارە لـــە ژمـــارە (٢٣٧٠)ی ١٦ ی ئایـــاری ٢٠١٦ ی رۆژنامـــەی (هەولێـــر)دا بڵاوبۆتـــەوە.

# کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەرکی هەموو لایەکمانە

گـــەلی کوردســـتان بەدرێژایـــی مێـــژوو لـــە تێکوشـــان و بەرخـــودان دابـــووە، ســـەرەڕای هەوڵـــەکانی دوژمنـــان بـــۆ لەناوبـــردنی گـــەلی کوردســـتان بـــە خـــاک و خەڵکـــەوە، بـــەڵام توانیویـــەتی پارێـــزگاری لـــە بـــوونی خـــۆی بـــکات و رووبـــەڕووی هێـــرش و پەلامـــاری دوژمنـــان و داگیرکـــەران ببێتـــەوەو دوای هـــەر کەوتنێـــک بـــە گڕوتینێکـــی نوێـــوە هەڵســـێتەوە.

کـــورد وەک نەتەوەیەکـــی زینـــدووی رۆژهـــەڵاتی ناڤیـــن لـــە رابـــردوودا رۆڵێکـــی کارای گێـــڕاوە لـــە بیناکـــردنی شارســـتانییەتی ناوچەکـــەدا، بەدڵنیاییـــەوە ئەگـــەر بـــواری پێبدرابـــووا ئێســـتا دەیـــوانی رۆڵێکـــی کاراتـــر ببینێـــت لـــە بیناکـــردنی کۆمەڵگایەکـــی مۆدێـــرن و دیموکـــرات لـــە رۆژهـــەڵاتی ناڤینـــدا، دەیتـــوانی نموونەیەکـــی زینـــدووی حوکمـــڕانی و پێکەوەژیـــان پێشـــکەشی هەمـــوو جیهـــان بـــکات، بێگومـــان ئەمـــەش ئـــەو کاتـــە دەبێـــت کـــەوا گـــەلی کوردســـتان ســـەربەخۆو خـــاوەن دەوڵـــەتی خـــۆی بێـــت.

ســـەربەخۆبوونی کوردســـتان کـــەوا بابـــەتی گەرمـــی ئێســـتای میدیـــا جیهـــانی و ناوچەیـــی و ناوخۆییەکانـــە و بۆتـــە جێـــی بایـــەخ و لێکۆڵینـــەوەی ناوەنـــدە ســـیاسی

و ئەکادیمییــەکانی جیهــان وایکــردووە کــەوا دۆســتمان زێدەبــن و بەچــاوی هیــواوە لێـمان بڕوانــن، لەســەر ئێمــەی گــەلی کوردســتان و ســەرکردایەتی ســیاسی کوردســتانە کــەوا بــە بایەخــەوە لــەو پشــتیوانییە بڕوانیــن و ئــەو هەلــە لەدەســت خۆمــان نەدەیــن و بــە هەمــوو لایەکــمان و بــە هاوبــەشی کار بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان بکەیــن و بیکەیــن بــە پرســێکی نەتەوەیــی و نیشــتمانی، بۆئــەم مەبەســتەش پێویســتە بــە زووتریــن کات ناوەنــدی ســیاسی کوردســتان ڕێکبخرێتــەوە و لــەو پــەرشی و بڵاوییــە دەربــاز بکرێــت و (ئەنجوومــەن سیاسی کوردســتان) پێکبهێنرێــت و تــەواوی لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان بگرێتەخــۆ.

پێکهێنــانی (ئەنجوومــەنی ســیاسی کوردســتان)؛ دەبێتــە فاکتەرێکــی بەهێــز بــۆ یەکــڕی و یەکدەنگــی گــەلی کوردســتان و کۆکردنــەوە و یەکخســتنی توانــا سیاســییەکانی گــەلی کوردســتان و، ســەرەتایەک دەبێــت بــۆ خاوکردنــەوەی گرژییــە سیاســییەکان و کۆتایــی هێنــان بــە ململانێــی نێــوان لایەنــە سیاســییەکان و دەبێتــە مینبەرێکــی ســیاسی بەهێــزو مــۆراڵ بەخــش لەســەر ئاســتی ناوخــۆ و دەرەوە.

دوای پێکهێنــانی (ئەنجوومــەنی ســیاسی کوردســتان)؛ پێویســتە ســەرکردایەتی ســیاسی کوردســتان (بــۆردی ســەربەخۆیی کوردســتان) پێکبهێنێــت، بۆئــەوەی ئــەم بــۆردە بتوانێــت کارنامەیەکــی گشــتگیر دابڕێژێــت بــۆ چۆنییــەتی کارکــردن بــۆ ئەنجامــدانی ریفرانــدۆم و هەنگاونــان بــەرەو ســەربەخۆیی کوردســتان، بێگومــان بۆئەمــەش دەکــرێ ســوود لــە ئەزمــوونی زۆر لــە میللەتــان و وڵاتــان وەربگیرێــت، کــەوا چــۆن کاریــان کــردووە بــۆ ڕاگەیانــدنی ســەربەخۆیی خۆیــان.

پێویســتە پێکهاتــەی (بــۆردی ســەربەخۆیی کوردســتان)؛ بریتــی بێــت لــە کەســانی شــارەزا لــە یاســا نێودەوڵەتیــەکان و کەســانی نــاسراوو کاریگــەری کــورد و بیــانی کــەوا نــاسراو بــن لەســەر ئاســتی نێودەوڵــەتی؛ بۆئــەوەی بتوانــن لەســەر ئاســتی جیهــان و لــە ناوەنــدە بڕیاربەدەســتەکان لــوبی بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان بکــەن،

کەسـایەتی وابـن کـەوا خـودان ئەزمـوون و بەدەسـەڵات بـن بۆئـەوەی گوێیـان لێبگیرێـت، لـەم رووەوەش دۆسـتی زۆر باشـمان هـەن.

پـرسی (سـەربەخۆیی کوردسـتان)؛ پرسـێکی نەتەوەیـی و نیشـتمانییە نـەک پرسـێکی حـزبی، بۆیـە پێویسـتە تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکان و پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییـەکانی کوردسـتان لـەم پرسـەدا راوێژیـان پێبکرێـت و گوێیـان لێبگیرێـت و بۆچوونەکانیـان بەهەنـد وەربگیرێـت، ئەمـەش وادەکات کـەوا ئـەم پرسـە ببێتـە پرسـێکی میلـلی و هەمـوو لایـەک ئـەم پرسـە بـە پـرسی خـۆی بزانێـت و بـە گەرمـی کاری بـۆ بـکات.

ئـەو هەلـەی کـەوا ئێسـتا بـۆ گـەلی کوردسـتان رەخسـاوە هەلێکـی مێژوویـە و پێویسـتە سـوودی لێوەربگریـن و لەدەسـت خۆمـانی نەدەیـن و، نەیکەینـە قوربـانی بەرژەوەندییـە حزبییـەکان، لـەم پێنـاوەدا پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان بەرژەوەنـدی خۆمـان لـە بەرژەوەنـدی گشـتیدا ببینینـەوە و، جـلی تەنگـی حزبایـەتی فڕێبدەیـن و جـلی کوردایـەتی بپۆشـین، ئەگـەر هەمـوو لایەکـمان سـوودمان لـەو هەلـە مێژووییـەی ئێسـتا وەرگـرت و بەیەکـەوە کارمـان بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان کـرد، ئـەوا شـانازییەکی مێـژووی بـۆ گـەلی کوردسـتان تۆمـار دەکەیـن، ئەگـەر ئەوەشـمان نەکـرد ئـەوا مێـژوو بەزەیـی بەکەسـدا نایەتـەوە، بۆیـە پێویسـتە بـە رۆحییەتێکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی کار بکەیـن و گـەلی کوردسـتان بگەیەنیـن بـە کەنارێکـی ئـارام، ئـەو کەنـارە ئارامـەش تەنهـا سـەربەخۆیی و دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کوردسـتانە.

***

**تێبینـی:** ئـەم وتـارە لـە ژمـارە (١١١٨)ی، ڕۆژی سێشـەممە، ڕێکـەوتی ٢٠١٧/٤/١٨ ی گۆڤـاری (گـوڵان)دا؛ بڵاوبۆتـەوە.

# پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کارێکی نیشتمانییە با نەکرێتە کارێکی حزبی

■ **دەروازە**

(پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان گەیشـتۆتە قۆناخێـك دەبێـت هەنـگاوی پراکتیکـی و دووربینانـەی بـۆ هەڵبگیرێـت، پرسـەکە لـەوە دەرچـووە کـە دوو بۆچوونـی جیـاواز لەنـاو خەڵکـی کوردسـتاندا لەسـەر ئـەوە هەبێـت، ئایـا ئێمـە دەمانەوێـت سـەربەخۆبین یـان هـەر بـە پاشـکۆیەتی عێراقـی بـەزۆر دروسـتکراو بمێنینـەوە؟ نەخێـر نـەك هـەر خۆمـان بەڵکـو دەتوانیـن بڵێـن تارادەیـەك رای گشـتی جیهانیـش لـەوە دڵنیابۆتـەوە کـە جارێکـی دیکـە کوردسـتان ناتوانێـت وەك بەشـێك لـە عێـراق بمێنێتـەوە).

■ **دروستکردنی بۆردێك یان ئەنجوومەنێکی سیاسی بۆ کارکردن لەسەر پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی**

پرۆسـەی ریفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان، پرسـێکی نەتەوەیـی و نیشـتمانییە و دەبێـت بـەو ئاراسـتەیە کاری بـۆ بکرێـت کـە ببێتـە پرۆسـەیەکی دەسـتەجەمعی هەمـوو حزبـە سیاسـییەکان و پێکـەوە ئـەم بڕیـارە سیاسـییە دروسـت بکەیـن، بـەڵام بەداخـەوە هەتـا ئێسـتا ئـەم پرسـە لـە کوردسـتاندا

نەیتوانیــووە چوارچێــوەی چەنــد حزبێکــی بەشــدار لەنــاو حکومــەت تێپەڕێنێــت و هەمــوو حزبــە سیاســییەکانی کوردســتان بگرێتــەوە و بەشــداری تێــدا بکــەن، بۆیــە پێشــنیاری ئێمــە لەســەر ئــەم پرســە بــەو جۆرەیــە کــە پێویســتە کار بکرێــت بــۆ ئــەوەی بۆردێــك یــان ئەنجوومەنێکــی سیاســی دروســتبکرێت و ئــەم بــۆردە یــان ئــەم ئەنجوومەنــە سیاســیە هەمــوو لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان کۆبکاتــەوە نــەک چەنــد حزبێــک و پەراوێزخســتنی ئــەوانی دیکــە، ئەمــەش لــە پێنــاوی ئەوەیــە هەمــوو لایەنــە سیاســییەکان لــەو بڕیــارە سیاســییەدا بەشــداربن و بــە بڕیــاری خۆیانــی بزانــن، ئــەوەی تــا ئێســتا تێبینــی دەکــرێ پرۆســەکە بەشــێوازێکی حــزبی کاری بــۆ دەکــرێ و داواکــردنی نوێنەریــش بــۆ لیژنــە یــا کۆبوونــەوەکان بەپێــی میزاجــی حــزبی بــووە، پێویســتە ئــەم هەڵەیــە راســتبکرێتەوە.

پرۆســەی سیاســی لــە کوردســتاندا ئەوکاتــە دووچــاری ئیفلیجبــوون هــات کــە پرۆســەکە لــە نێــوان ٥ حزبــدا بەرتەســک و بچووکرایــەوە و حزبەکانــی دیکــە و نەتــەوە و ئایینــە جیاوازەکانــی کوردســتان خرانــە پەراوێــزەوە، لــە ئێســتادا ئــەو راســتیە بــە تەواوەتــی لای ســەرۆکی کوردســتان و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و تارادەیەکیــش یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان ئاشــکرابووە کــە ئەزموونــی بچووکردنــەوەی پرۆســەی سیاســی لــە نێــوان ٥ حزبــدا شکســتی هێنــاوەو، لەبــری ئــەوەی ئارامــی و ســەقامگیری بــۆ مــاوەی ٤ ســاڵ بــۆ کوردســتان فەراهــەم بــکات کەچــی وەك دەبینیــن جۆرێــك لــە ناســەقامگیری سیاســی و پەکخســتنی پەرلەمــان و حکومەتــی لێکەوتۆتــەوە، بۆیــە ئەگــەر لــە پرۆســەی سیاســی کوردســتاندا پارتــی و ســەرۆك بارزانــی لــە ژێــر گوشــاری چــوار لایەنەکــە (گــۆڕان و یەکێتــی و کۆمــەڵ و یەکگرتــوو) بــە ســنووردارکردنی پرۆســەی سیاســی لــە کوردســتان رازی بووبــن، ئــەوا لەســەر پرســی ریفرانــدۆم دەبێــت ئــەو هەڵەیــە راســتبکەنەوەو ئــەم پرســە نیشــتمانی و نەتەوەییــە لــەو چوارچێــوە حزبیــە تەســکە رزگار بکــەن.

پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان گەیشـتۆتە قۆناخێـك دەبێـت هەنـگاوی پراکتیکـی و دووربینانـەی بـۆ هەڵبگیرێـت، پرسـەکە لـەوە دەرچـووە کـە دوو بۆچوونـی جیـاواز لەنـاو خەڵکـی کوردسـتاندا لەسـەر ئـەوە هەبێـت، ئایـا ئێمـە دەمانەوێـت سـەربەخۆبین یـان هـەر بـە پاشـکۆیەتی عێراقـی بـەزۆر دروسـتکراو بمێنینـەوە؟ نەخێـر نـەك هـەر خۆمـان بەڵکـو دەتوانیـن بڵێـن تارادەیـەك رای گشـتی جیهانیـش لـەوە دڵنیابۆتـەوە کـە جارێکـی دیکـە کوردسـتان ناتوانێـت وەك بەشـێك لـە عێـراق بمێنێتـەوە، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە، کـورد مـاوەی ٨٠ سـاڵ حکومڕانـی عەرەبـی سـونەی تاقیکـردەوە، سـەرەنجامەکەی ئەنفـال و کیمیابـاران و کاولکردنـی کوردسـتان بـوو، هەروەهـا ئـەوە مـاوەی نزیکـەی ١٥ ساڵیشـە حکومرانـی عەرەبـی شـیعەمان تاقیکردۆتـەوە، سـەرەنجامی ئەمەشـیان بڕینـی بودجـە و مووچـەی خەڵکـی کوردسـتان بـوو و، هەروەهـا پێشـێلکردنی ئـەو دەسـتووره بـوو کـە لەسـاڵی ٢٠٠٥ بـۆ بونیادنانـەوەی عێراقێکـی نـوێ پەسـەندکراوە، کەواتـە ئـەم باکگراوەنـدە مێژووییـە ئەوەمـان پێدەڵێـت، چـۆن لـە بنەرەتـدا کوردسـتان بەشـێك نەبـووە لـە عێـراق و بـەزۆر بـە عێراقـەوە لکێـنراوە، ئـەوا سـەرچاوەی هەمـوو ئـەو نەهامەتـی و دەردەسـەریەی بەسـەر کوردسـتاندا هاتـووە ئاکامـی ئـەو غـەدرە بـووە کـە بـەزۆر کوردسـتان بەعێراقـەوە لکێـنراوە، ئـەم پێکـەوە لکاندنـە زۆرەملـێ یـەش هەمـوو کات سـەرچاوەی هەمـوو کێشـەکانی کوردسـتان بـووە و هەتـا ئـەم غـەدرەش راسـت نەکرێتـەوە ئـەوا نـە عێـراق ئارامـی بـە خۆیـەوە دەبینێـت و نـە تـەواوی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیش.

سـەرەڕای ئـەو هەمـوو غـەدرو زوڵمـەی لـە کوردسـتان کـراوە، بـەڵام کوردسـتان توانیوویەتـی لـە چوارچێـوەی حکومەتـی کوردسـتاندا، نموونەیەکـی تـازە و جـوان پیشـانی جیهـان بـدات و هەروەهـا توانیوویەتـی چەندیـن خاڵـی بەهێـز دروسـت بـکات کـە سـەرنجی جیهـان رابکێشـێت و لـە بەرامبەریشـدا جیهـان بـە شـێوەیەکی

ئەرێنــی مامەڵــە لەگــەڵ حکومەتــی کوردســتاندا دەکات، بۆیــە ئێســتا کوردســتان خاوەنــی پەیوەندییەکــی دبلۆماتــی زۆر فراوانــە لەگــەڵ زۆربــەی زۆری دەوڵەتانــی جیهــان و هەمووشــیان بەچــاوی رێــز و ســۆزداری مامەڵــە لەگــەڵ کوردســتان دەکــەن، هەروەهــا ئێســتا کوردســتان خاوەنــی هێزێکــی قارەمانــی وەك هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتانە کــە توانیوویەتــی لەشــەڕی دژی تیرۆریســتانی داعــش ســەرکەوتنی گــەورە تۆمــار بــکات و هــەر ئــەم هێــزەش ناوچــە کوردســتانییەکانی دەرەوەی ئیــدارەی کوردســتانی پاراســتووە و، لەســەر ئاســتی رێکخســتنەوەی ژێرخانــی ئابووریــش؛ لەگــەڵ ئــەوەی گەندەڵیەکــی زۆر لــە کوردســتاندا هەیــە و ســەرباری ئــەوەش ئــەوە چەندیــن ساڵە حکومەتــی بەغــدا بودجــە و مووچــەی لــە کوردســتان بڕیــووە، بــەڵام هەوڵــەکان بــەو ئاراســتەیەن کــە دەســتکراوە بــە ریفۆرمێکــی سەرتاســەری و بەرەنگاربوونــەوەی گەندەڵــی بــۆ ئــەوەی بتوانرێــت سیاســەتێکی ئابــووری ئەوتــۆ دابرێژرێتــەوە کــە ژێرخانــی ئابــووری کوردســتان ریکبخاتــەوە، ئەمانــە هەموویــان خاڵــی گرنگــن بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان و کوردســتانی گەیاندۆتــە ئــەو ئاســتەی کــە پێــی بگوترێــت دەوڵەتــی ئەمــری واقیــع یــان دەوڵەتێکــی رانەگەیەنــراو.

کەمتەرخەمــی یــان هەوڵنــەدان بــۆ ئــەوەی ئــەم فرســەتەی کــە هاتۆتــە پێشــەوە وەك خــۆی ســوودی لێوەرنەگیرێــت، غەدرێکــە دەرهــەق بــە میــژووی خەبــات و قوربانــی رابــردوو و ئێســتا و هەروەهــا غەدرێکــە دەرهــەق بــە نەوەکانــی ئایندەشــمان، بۆیــە هــەر کــەس و هێــز و لایەنێــك جــا لــە ژێــر کاریگــەری ئەجینــدای دەرەکــی بێــت یاخــود بــۆ هــەر مەبەســتێکی دیکــە دژی ریفرانــدۆم و ســەربەخۆیی کوردســتان رابوەســتێتەوە، ئــەوا میــژوو خاڵێکــی رەشــی لەســەر تۆمــار دەکات و نەوەکانــی ئاینــدەش لێــی خــۆش نابــن، لەســەر ئــەم پرســە دەخــوازم ئامــاژە بــە قســەیەکی ســەرۆک مەحمــود عەبــاس ســەرۆکی دەســەڵاتی

نیشتمانی فەلەستین بکەم کە لەیەکێك لە سەردانەکانمدا بۆ فەلەستین پێی گووتم: (پێشنیاری من بۆ جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و گەلی کوردستان ئەوەیە هەنگاوی پراکتیکی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەڵبگرن و دەمەوێت ئەم پەیامەی من بەسەرۆکی کوردستان بگەیەنێت، ئەگەر دەتوانن لەسەر تەنیا گوندێکی کوردستانیش بێت دەوڵەت رابگەیەنن، بێ دوو دڵی بریار بدەن و رای بگەیەنن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر بوونە دەوڵەت، ئەوا دواتر بە یاسای نێودەوڵەتی دەتوانن هەموو خاکی کوردستان بگەڕێننەوە بۆ ناو دەوڵەتەکەی خۆتان)، ئەم قسەیەی بەرێز مەحمود عەباس سەرۆکی فەلەستین بەرهەمی ئەزموونێکی دوور و درێژە و راستکردنەوەی چەندین هەڵەیە لە پرۆسەی راگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستیندا، هەر بۆیە کاتێك مەحمود عەباس بە ئێمە دەڵێت: (با سەرۆکی کوردستان ئەگەر لەسەر رووبەری تەنیا یەك گوندیش دەوڵەت رادەگەیەنێت با رای بگەیەنێت)، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو فرسەتەی ئێستا بۆ کوردستان هاتۆتە پێشەوە با بە هەموومان سوودی لێوەربگرین و لەدەستی نەدەین و، ئێستا کە بە وردی رەوشی باشووری کوردستان دەخوێنینەوە، هەموو چاودێرێکی زیرەك هەست بەوە دەکات کە هاوسۆزییەکی گەورەی نێودەوڵەتیمان لە پشتە بەڵام کێشەی سەرەکی نێوماڵی کوردستانە کە نەمانتوانیوەوە لەسەر ئەم پرسە نیشتمانی و نەتەوەییە یەکڕیز و یەکدەنگ و یەك ئیرادە بین.

■ **شکستی حکومڕانی ٥ حزبەکە**

**تێکەڵاوکردنی هەردوو چەمکی ئۆپۆزسیون و دەسەڵات**

ئەو ململانێ حزبییە ناتەندروستەی لەنێوان ٥ حزبەکەی دەسەڵات لەکوردستاندا هەیە، دابەشبوون و جەمسەربەندییەکی روون و ئاشکرای لە کوردستاندا دروستکردووە، لەهەمانکاتدا تێکەڵاوکردنێکی تەواوی لە نێوان

چەمکـی دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن دروسـتکردووە، ئـەو ٥ حزبـە هـەر یەکەیـان بەپێـی قەبـارەی خـۆی پشـکدارە لـە پەرلەمـان و حکومەتـی کوردسـتاندا، لەهەمانکاتـدا هـەر خۆشـیان بوونەتـەوە ئۆپۆزسـیۆن، بـەڵام ئۆپۆزسـیۆنێکی ناتەندروسـت بـۆ ناشـیرینکردنی کوردسـتان و هەڵوەشـانەوەی بنەماکانـی حکومـەت و حکومرانـی لـە کوردسـتاندا، هـۆکاری سـەرەکیش بـۆ دروسـتبوونی ئـەم دیـاردە قێزەوەنـە لـە کورسـتاندا، بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە ئـەو لایەنـە سیاسـیانەی لـە کابینـەی شەشـەم و حەوتەمـی حکومەتـی کوردسـتاندا خۆیـان وەك ئۆپۆزسـیۆن ناسـاندبوو، ڕۆڵـی ئۆپۆزسـیۆنێکی ناتەندروسـیتان پیـادە دەکـرد نـەك ئۆپۆزسـیۆنێکی ئەرێنـی کـە ململانـێ لەسـەر بەرنامـەی باشـتر لەگـەڵ حکومەتەکـەی خـۆی بـکات، لـە کابینـەی شەشـەم و حەوتەمـدا کـە بەحسـاب ئـەوان ڕۆڵـی ئۆپۆزسـیۆنیان دەگێـرا، بـە هاتنیـان بـۆ نـاو پەرلەمـان هەمـوو هەوڵیـان بـۆ ئەوەبـوو کـە بازنـەی ئـازادی سیاسـی لـە کوردسـتاندا بچـووك بکەنـەوە، ئەمـەش بـە بڕینـی بوجـەی سـەرجەم ئـەو حزبـە سیاسـیانەی لـەدەرەوەی ئـەو ٥ حزبـە بـوون، ئامانجـی ئـەم هەنـگاوە بـۆ ئەوەبـوو کـە بێجگـە لـەو پێنـج حزبـە هیـچ حزبێکـی دیکـە لـە کوردسـتان نەمێنـت و لەنـاو پێنـج حزبەکەشـدا گەلەکۆمەیـەك لـە پارتـی و شەخسـی سـەرۆکی کوردسـتان بکـەن بـۆ ئـەوەی هەردووکیـان ناشـیرین بکـەن، لـەم پرسـەدا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وەك حزبـی سـەرەکی و خاوەنـی زۆرینـەی کورسـییەکانی پەرلەمـان، نەدەبـوو لـە ژێـر گوشـاری ئـەو چـوار لایەنـە؛ پـرۆژەی پێنـج حزبـی سـەرەکی قبـوڵ بـکات و تـەواوی حزبـە سیاسـییەکان بەهێـز و لایەنـە سیاسـییەکانی نەتـەوە و ئایینـە جیاوازەکانـی کوردسـتانەوە پەراوێـز بخـات، ئەمـەش وایکـرد کـە پەرلەمانـی کوردسـتان ببێتـە سـەکۆیەك بـۆ ململانێـی حزبـی و داهێنانـی نەریتـی ناجـۆر لـە نـاو پەرلەمانـدا وەك شـەڕە جوێـن و بوتـڵ تێگرتـن و تەپڵێـدان و فیکـە لێـدان.

لــە پێکهێنانــی کابینــەی هەشتەمیشــدا کــە جارێکــی دیکــە ئــەم ٥ حزبــە ڕێککەوتــن کــە پێکــەوە حکومــەت پێکبهێنــن، لەســەر ئــەو بنەمایــە ڕێککەوتــن کــە کوردســتان پێویســتی بــە ســەقامگیری و ئارامــی هەیــە، بــەڵام پاشــان دەرکــەوت نــەك هــەر نەیانتوانــی ئارامــی و ســەقامگیری کوردســتان بپارێــزن بەڵکــو هــەر خۆیــان بوونــە هــۆکاری ئــەوەی پرۆســەی سیاســی لــە کوردســتان بــە بیانــووی هەموارکردنــەوەی (یاســای ســەرۆکایەتی هەرێمــی کوردســتان) پەکبخــەن.

لێرەدا بــۆ میــژوو، بــاس لەیەکێــك لــە کۆبوونەوەکانــی جەنابــی ســەرۆک مەســعود بــارزانی ســەرۆکی کوردســتان لەگــەڵ هێــز و لایەنــە سیاســییەکان دەکــەم کــە خــۆم لــە کۆبوونەوەکــە ئامادەبــووم، پێــش ئــەوەی چــوار لایەنەکــەی دیکــە (گــۆڕان و یەکێتــی و کۆمــەڵ و یەکگرتــوو) پرۆژەیەکــی هاوبەشــیان بــۆ هەموارکردنــەوەی یاســای ســەرۆکایەتی هەرێــم ببەنــە نــاو پەرلەمــان، لــەو کۆبوونەوەیــەدا ســەرۆکی کوردســتان رووی کــردە ســەرجەم حزبــە سیاســییەکان و پێــی گووتــن: (لەمــن ئاســانتر نیــە بــۆ دەســتاو دەســتکردنی ســەرۆکایەتی، بــەڵام ئەگــەر ئێــوە دەزانــن دەریچەیەکــی یاســایی نیــە بــۆ چارەســەکردنی ئــەم پرســە، ئــەوا ئێــوە وەك ســەرجەم لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان کەســێك دیــاری بکــەن بــۆ ئــەوەی دەور و تەســلیمی لەگــەڵ بکــەم، ئەمــەش گرنگــە مــن بزانــم کــێ دێتــە شــوێنی مــن، لەبــەر ئــەوەی پۆســتی ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان ، پۆســتێکی گرنگــە و کۆمەڵێــك ئــەرك و بەرپرســیاریەتی هەیــە دەبێــت تەســلیمی ئــەو کەســەی بکــەم کــە دێتــە شــوێنی مــن، هەروەهــا ئامــادەم پێویســت بــکات ماوەیــەك هــاوکاری بکــەم هەتــا تــەواو لــە ئەرکــەکان شــارەزا دەبێــت)، هــەر لــە کۆبوونەوەیــەدا بــووە وادەی نوێــژی عــەسر ، ســەرۆکی کوردســتان پێــی گووتیــن مــن وا دەرۆم ئێــوە خۆتــان بڕیــاری لەســەربدەن، ســەرۆکی کوردســتان بەمجــۆرە ئامادەیــی خــۆی بــە تەســلیمکردنەوەی پۆســتی ســەرۆکایەتی بــە حزبــەکان ڕاگەیانــد، بــەڵام لایەنــە



سیاسییەکان لەبەر ئەوەی بەدیلی سەرۆک مەسعود بارزانی یان نەبوو، کە رۆیشتن نە توانیان کەس دەسنیشان بکەن نە توانیشیان بریاربدەن، بەڵام دواتر ئەو لایەنانە راشکاوانە کەوتنە بەرپاکردنی شەڕێکی نارەوا دژی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان و، ویستیان وای پیشانبدەن کەوا سەرۆک بارزانی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکایەتی نابێت و ئەوان دەیانەوێ بەزۆر لایببەن و دواتر بڵێن بەزۆر سەرۆکی کوردستانمان دەرکردووە، بۆیە

ئـەو بەزمەیـان لەپەرلەمـان دروسـتکرد بـۆ ئـەوەی کەسـایەتی سـەرۆکی کوردسـتان ناشـیرین بکـەن، ئەمـەش غەدرێکـی گـەورە بـوو بەرامبـەر بـە کەسـێك کـە هەمـوو ژیانـی هـەر پێشـمەرگایەتی و خەبـات و قوربانیـدان بـووە لـە پێنـاوی گەلەکەیـدا، سـەرەنجامیش وەك هەمـوو لایـەك ئـاگادارن لـە ٢٣ی حوزەیرانـی ٢٠١٥ پەرلەمـان بەزۆرینـــەی دەنـــگ خوێندنـــەوەی یەکەمـــی بـــۆ (هەموارکردنـــەوەی پـــرۆژەی یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێـم) کـرد و لەمـاوەی نزیکـەی ٢ مانگـدا تـا وەکـو ١٩ی ئابـی ٢٠١٥ هەمـوو هەوڵێـك بـە ئامادەبوونـی ئەمریـکا و بەریتانیـا و نەتـەوە یەکگرتـووەکان خرایـە گـەڕ بـۆ ئـەوەی لایەنـە سیاسـییەکان لەسـەر ئـەم پرسـە بگەنـە رێککەوتـن، بـەڵام وەك لـە ١٩ی ئابـی ٢٠١٥ بینیـمان سـەرۆکی پەرلەمـان بەشـێوەیەکی دیکـە مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەم پرسـە گرنگـە کـرد و کۆبوونـەوەی حزبەکانـی بێبایـەخ کـرد و سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی کـە دانیشـتی پەرلەمـان هـەر بـکات، بـەڵام سـەرەنجام نیسـابی یاسـایی دروسـت نەبـوو، بەمـەش پرسـەکە گەیشـتە بنبەسـت و بەکردەیـی پەرلەمـان پەکـی کـەوت و، دوای رووداوەکانـی مانگـی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٥ ش کـە رێگـە نـەدرا سـەرۆکی پەرلەمـان بگەڕێتـەوە بـۆ هەولێـر و پەرلەمـان زیاتـر بێبایـەخ مایـەوەو پەکـی کـەوت.

لەگـەڵ ئـەوەی لـەدوای ئۆکتۆبـەری ٢٠١٥ عینـادی سیاسـی جۆرێـك لەچەقبەسـتوویی لەنـاو ٥ حزبەکـە بەگشـتی و لەنێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و بزووتنـەوەی گـۆران دروسـتکردووە، بـەڵام کردنـەوەی ئـەم چەقبەسـتووییە پێویسـتی بەوەلانانـی دووبارەکردنـەوەی ئەزموونـی شکسـت خـواردووی ئـەو ٥ حزبـە هەیـە و ، کاتێـك بـاس لـە کاراکردنـەوەی پەرلەمـان دەکرێـت، پێوسـتە بیـر لـە میکانیزمێکـی تـازەش بکرێتـەوە.

**■ کاراکردنەوەی پەرلەمان گرنگە**

**بەڵام نابێتە رێگر لەبەردەم ئەنجامدانی ریفراندۆم**

لەگـەڵ ئـەوەی بەشـێك لـە هێـز و لایەنـە سیاسـیەكانی كوردسـتان بـاس لـە كاراكردنـەوەی پەرلەمـان دەكـەن پێـش ئەنجامدانـی ریفرانـدۆم لـە كوردسـتان، بـەڵام هێنـدەی مـن تێیگەیشـتووم پرۆسـەی ئەنجامدانـی ریفرانـدۆم، هێنـدەی پێویسـتی بـە دامەزراندنـی بۆردێـك یـان ئەنجوومەنێكـی سیاسـی هەیـە كـە نوێنـەری هەمـوو لایەنـە سیاسـیەكانی كوردسـتانی تێـدا بێـت هێنـدە پێویسـتی بـە پەرلەمـان نابێـت، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە پرۆسـەی ریفرانـدۆم پێویسـتی بـە بڕیارێكـی سیاسـی هەیـە و پێویسـتە هەمـوو لایەنـەكان تێـدا بەشـداربن، دوای ئـەم بریـارە سیاسـیەش ئەگـەر لایەنـە سیاسـییەكان لەسـەر میكانیزمێـك بـۆ كاراكردنـەوەی پەرلەمـان رێكبكـەون دەكرێـت ئـەو بریـارە سیاسـییە ببردرێتـە پەرلەمـان و لـە پەرلەمانیـش پەسـەند بكرێـت.

بـۆ وەلانـانی ململانـێ حزبییـەكان و كاراكردنـەوەی پەرلەمـان پێشـنیاری مـن ئەوەیـە كـە پێویسـتە لـەم قۆناخـە پەرلەمانـی كوردسـتان كۆبوونـەوەی خـۆی ئەنجامبـدات و دەسـتەیەكی سـەرۆكایەتی كاتـی بۆخـۆی هەڵبژێرێتـەوە، ئـەو دەسـتەی سـەرۆكایەتییە سـەرۆكایەتی كۆبوونەوەكانـی پەرلەمـان بـكات و پاشـان هاوپەیمانێتییەكـی نـوێ لەبـەر رۆشـنایی بەركەوتـەی هەڵبـژاردن ئەنجامبدرێـت و پاشـان بـە دەنگـدان سـەرۆك و جێگـر و سـكرتێرێكی نـوێ بـۆ پەرلەمـان هەڵبژێرێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی گرنگـە لـەم پرۆسـەیەدا كـە بـە ئەقڵیەتێكـی نـوێ و بـە كاراكتـەری نـوێ سـەرۆكایەتی پەرلەمـان دروسـت بكرێتـەوە، راسـتە بـۆ پەرلەمـان خەڵكـی كوردسـتان دەنگـی بەحزبـەكان داوە، بـەڵام دەنگـی پێـداون بـۆ ئـەوەی پەرلەمـان دەزگایەكـی نیشـتمانی بێـت نـەك ببێتـە دەزگایەكـی حزبـی، بەمـەش لـەو پەتایـە رزگار دەبێـت كـە لـەدوو خولـی دوایـی پەرلەمانـدا، پەرلەمـان ببـوە ئامرازێـك بەدەسـت حزبەكانـەوە، لـەم حاڵەتـەدا ئـەم شـێوازە كۆتایـی دێـت و پەرلەمـان دەبێتـەوە بـە نوێنـەری خەڵكـی كوردسـتان و دەتوانێـت

لـە هەمـوو پرسـە نیشـتمانییەکان و کاراکردنـەوەی دامـەزراوەکان رۆڵـی کاریگـەری خـۆی بگێرێـت، لەهەمانکاتیشـدا بـۆ ئەنجامدانـی پرۆسـەی ریفرانـدۆم کـە بەبـێ پەرلەمانیـش دەتوانرێـت ئەنجامبدرێـت، بـەڵام بوونـی پەرلەمانێکـی کارا دەبێتـە هـۆکاری یەکڕیـزی و یەکدەنگـی و پشـتگیرییەکی بـاش بـۆ سەرخسـتنی پرۆسـەکە.

***

**تێبینــی:** ئـەم وتـارە لـە ژمـارە (١١٢١)ی ڕۆژی سێشـەممە، رێکـەوتی ٢٠١٧/٥/٩ گۆڤـاری (گـوڵان)دا؛ بڵاوبۆتـەوە.

# کورد دەبووا لەساڵی (١٩٢٠)ەوە ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی

■ **سوود وەرنەگرتن لە چەند دەرفەتێکی زێڕین**

گەلــی کوردســتان بەدرێژایــی مێــژوو لــە تێکوشــان و بەرخــودان دابــووە، ســەرەڕای هەوڵەکانــی لــە ناوبردنــی گەلــی کوردســتان بــە خــاك و خەڵکــەوە، بــەڵام خەڵکــی کوردســتان توانیویەتــی پارێــزگاری لــە بوونــی خــۆی بــکات و رووبــەڕووی هێــرش و پەلامــاری دوژمنــان و داگیرکــەران ببێتــەوە و دوای هــەر کەوتنێــك بــە گڕوتینێکــی نوێــوە هەڵســێتەوە.

گەلـی کوردسـتان کـورد یەکێکـە لەگەلـە دێرینەکانـی ئـەم ناوچەیـە و تائێسـتا خاوەنــی کیــان و دەوڵەتــی ســەربەخۆ نییــە، هەمــوو نەتەوەکانــی ئــەم دەڤــەرە خاوەنــی دەوڵەتــن، کەچــی کوردســتان بەپێــی رێککەوتننامــە نێودەوڵەتییــەکان و بەرژەوەنـدی زلهێـزان چەندیـن جـار دابەشـکرایە سـەر نەتـەوە سەردەسـتەکانی (عـەرەب و تـورك و فـارس) و خاکەکـەی بـە دەوڵەتەکانیانـەوە لکێنـدرا، کـورد بـۆ ئـازادی و سەربەسـتی و سـەربەخۆیی لـە مێـژوودا چەندیـن هەلـی بـۆ گونجـاوە، لــە بارتریــن هــەل لەپەیمانــی ســیڤەری ســاڵی١٩٢٠ بــوو کــە تیایــدا هاتبــوو کــورد لەپــاش ســاڵێك خۆبەڕێوەبــردن ببێتــە خاوەنــی دەوڵەتــی خــۆی، کەچــی

لەرێگـەی پەیماننامـەی لۆزانـەوە لەسـاڵی١٩٢٣ ئـەو خەونـەی گەلـی کوردسـتان لەباربـرا، پاشـان چەندیـن هەلـی دیکـە هاتنـە پێشـەوە لەوانـە لەڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ و رووخانـی رژێمـی بەعـس لـە٢٠٠٣ کەچـی نەمانتوانـی سـوود لـەم دەرفەتـە زێڕینانـە ببینیـن.

■ **پێویستە بۆردی سەربەخۆیی کوردستان دابمەزرێت**

ئێسـتا باشـترین دەرفەتـە بـۆ راگەیاندنـی سـەربەخۆیی و هیـچ کاتێـك وەکـو ئێسـتا نەبـووە، تەنهـا پێویسـتیمان بـە ویسـت و ئیرادەیەکـی بەهێـزە بـۆ گرتنەبـەری ئـەو رێگەیـە، مێـژووی عێـراق لەسـەرەتای دروسـتبوونیەوە تاوەکـو ئێسـتا، پـڕە لـە کارەسـات بـۆ گەلـی کوردسـتان و لەچوارچێـوەی ئـەم دەوڵەتـە دروسـتکراوە هیـچ پێکهاتـە و نەتەوەیـەك بەئاسـوودەیی نەژیـاوە، بۆیـە باشـترین کار لەبەریـەك هەڵوەشـانەوەی عێراقـە بـۆ سـێ پارچـە، هـەروەك چـۆن ئەمریکییـەکان لەرێگـەی پرۆژەکـەی بایـدن عێراقیـان بـۆ سـێ بـەش دابەشـکردووە، پرۆسـەی ریفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان، پرسـێکی نەتەوەیـی و نیشـتمانییە، دەبێـت بـەو ئاراسـتەیە کاری بـۆ بکرێـت کـە ببێتـە پرۆسـەیەکی دەستەجەمعی هەمـوو حزبـە سیاسـییەکان و پێکـەوە ئـەم بڕیـارە سیاسـییە جێبەجـێ بکەیـن، بـەڵام بەداخـەوە هەتـا ئێسـتا ئـەم پرسـە لـە کوردسـتاندا لـە چوارچێـوەی حزبـە بەشـداربووەکانی نـاو حکومـەت تێپـەڕی نەکـردووە، هیواخوازیـن هەمـوو حزبـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بگرێتـەوە و تەڤـای بزاڤـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و جەماوەرییەکانیـش بەشـداری تێـدا بکـەن، بۆیـە پێشـنیاری ئێمـە لەسـەر ئـەم پرسـە بـەو جۆرەیـە کـە پێویسـتە کار بکرێـت ناوەنـدی سیاسـی کوردسـتان رێکخرێتـەوە و ئەنجوومەنێکـی سیاسـی دروسـتبکرێت و ئـەم ئەنجوومەنـە سیاسـیە هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان کۆبکاتـەوە، نـەك چەنـد حزبێـك و پەراوێزخسـتنی ئەوانـی دیکـە، ئەمـەش لـە پێنـاوی ئەوەیـە هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان لـەو بڕیـارە سیاسـییەدا

بەشــداربن و بــە بڕیــاری خۆیانــی بزانــن، دوای دروســتکردنی ئەنجوومەنــی سیاســی پێویســتە (بــۆردی ســەربەخۆیی کوردســتان) دامەزرێــت، ئــەوەی تــا ئێســتا تێبینــی دەکــرێ پرۆســەکە بەشــێوازێکی حزبــی کاری بــۆ دەکــرێ و داواکردنــی نوێنەریــش بــۆ لیژنــە یــا کۆبوونــەوەکان بەپێــی میزاجــی حزبــی بــووە، پێویســتە ئــەم هەڵەیــە راســتبکرێتەوە، پرســی ســەربەخۆیی کوردســتان گەیشــتۆتە قۆناخێــك دەبێــت هەنــگاوی پراکتیکــی و دووربینانــەی بــۆ هەڵبگیرێــت، پرســەکە لــەوە دەرچــووە کــە دوو بۆچوونــی جیــاواز لەنــاو خەڵکــی کوردســتاندا لەســەر ئــەوە هەبێــت، ئایــا ئێمــە دەمانەوێــت ســەربەخۆبین یــان هــەر بــە پاشــکۆیەتی عێراقــی بــەزۆر دروســتکراو بمێنینــەوە؟ نەخێــر نــەك هــەر خۆمــان بەڵکــو دەتوانیــن بڵێــن تارادەیــەك رای گشــتی جیهانیــش لــەوە دڵنیــا بۆتــەوە کــە جارێکــی دیکــە کوردســتان ناتوانێــت وەك بەشــێك لــە عێــراق بمێنێتــەوە، ئەمــەش لەبــەر ئەوەیــە کــورد مــاوەی ٨٠ ســاڵ حکومڕانــی عەرەبــی سوننەی تاقیکــردەوە، ســەرەنجامەکەی ئەنفــال و کیمیابــاران و کاولکردنــی کوردســتان بــوو، هەروەهــا ئــەوە مــاوەی نزیکــەی ١٥ ساڵیشــە حکومرانــی عەرەبــی شــیعەمان تاقیکردۆتــەوە، ســەرەنجامی ئەمەشــیان پێڕەوکردنــی سیاســەتی برســیکردنی خەڵکــی کوردســتان لەڕێــی بڕینــی بودجــە و مووچــەی خەڵکــی کوردســتان و پەراوێزخســتنی کــورد بــوو لــە پرۆســەی سیاســی عێــراق و هەروەهــا پێشــێلکردنی ئــەو دەســتورە بــووە کــە لەســاڵی ٢٠٠٥ بــۆ

**■ پێویســتە هەموومــان ســوود لــەو هەلــەی ئێســتا وەربگریــن و لەدەســتی نەدەیــن**

کەمتەرخەمــی یــان هەوڵنــەدان بــۆ ئــەوەی ئــەم فرســەتەی کــە هاتۆتــە پێشــەوە وەك خــۆی ســوودی لێوەرنەگیرێــت، غەدرێکــە دەرهــەق بــە مێــژووی خەبــات و قوربانــی ڕابــردوو و ئێســتا و هەروەهــا غەدرێکــە دەرهــەق بــە

نەوەکانــی ئایندەشــمان، بۆیــە هــەر کــەس و هێــز و لایەنێــك جــا لــە ژێــر کاریگــەری ئەجینــدای دەرەکــی بێــت یاخــود بــۆ هــەر مەبەســتێکی دیکــە دژی ریفرانــدۆم و ســەربەخۆیی کوردســتان رابوەســتێتەوە، ئــەوا مێــژوو خاڵێکــی رەشــی لەســەر تۆمــار دەکات و نەوەکانــی ئاینــدەش لێــی خۆشــنابن، ئــەو فرســەتەی ئێســتا بــۆ کوردســتان هاتۆتــە پێشــەوە پێویســتە بــە هەموومــان ســوودی لێوەربگریــن و لەدەســتی نەدەیــن، ئێســتا کــە بــەوردی رەوشــی باشــووری کوردســتان دەخوێنینــەوە هەمــوو چاودێرێکــی زیــرەك هەســت بــەوە دەکات کــە هاوســۆزییەکی گــەورەی نێودەوڵەتیــمان لــە پشــتە، بــەڵام کێشــەی ســەرەکیمان نێوماڵــی کوردســتانە کــە نەمانتوانیــووە یەکڕیــز و یەکدەنگــی و یــەك ئیــرادە بیــن لەســەر ئــەم پرســە نیشــتمانی و نەتەوەییــە، ئەوەشــیان پەیوەنــدی بەخۆمانــەوە هەیــە نــەك خەڵکانــی دیکــە، بێگومــان دەبێــت خۆمــان بڕیــاری ســەربەخۆیی کوردســتان بدەیــن، ئەمــە پەیوەســتە بــە گەلــی کوردســتان نــەك وڵاتــان و خەڵکانــی دیکــە.

**■ پێویستە جلی تەنگی حزبایەتی فڕێبدەین، جلی کوردایەتی بپۆشین**

ئــەو هەلــەی کــەوا ئێســتا بــۆ گەلــی کوردســتان رەخســاوە هەلێکــی مێژوویــە و پێویســتە ســوودی لێوەربگریــن و لەدەســت خۆمانــی نەدەیــن و، نەیکەینــە قوربانــی بەرژەوەندییــە حزبییــەکان، لــەم پێنــاوەدا پێویســتە هەمــوو لایەکــمان بەرژەوەنــدی خۆمــان لــە بەرژەوەنــدی گشــتیدا ببینینــەوە و جلــی تەنگــی حزبایەتــی فڕێبدەیــن و جلــی کوردایەتــی بپۆشــین، ئەگــەر هەمــوو لایەکــمان ســوودمان لــەو هەلــە مێژووییــەی ئێســتا وەرگــرت و بەیەکــەوە کارمــان بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان کــرد، ئــەوا شــانازییەکی مێژوویــی بــۆ گەلــی کوردســتان تۆمــار دەکەیــن، ئەگــەر ئەوەشــمان نەکــرد ئــەوا مێــژوو بەزەیــی بەکەســدا نایەتــەوە، بۆیــە پێویســتە بــە رۆحییەتێکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی کاربکەیــن



و گەلـی کوردسـتان بگەیەنیـن بـە کەنارێکـی ئـارام، بێگومـان ئـەو کەنـارە ئارامـەش تەنهـا سـەربەخۆیی و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانە، بێگومـان هـەرکات دەوڵـەتی کوردسـتان دامـەزرێ رۆژهـەلاتی ناڤینیـش هیمنـی و ئارامـی بەخۆیـەوە دەبینێـت، لەبەرئـەوەی کوردسـتان لـەڕووی سیاسـییەوە دەبێتـە هـۆکاری چەسـپاندنی ئارامـی و ئاسـایش لـە ناوچەکـەدا، لـەڕووی ئابووریشـەوە دەبێتـە شـوێنێکی گرنـگ بـە حوکمـی ئـەوەی خـاوەن نـەوت و کانـزاو ئاوێکـی

زۆرە و شـوێنێکی گەشـتیاری گرنگـە و لـەڕووی کشتوکاڵیشـەوە دەوڵەمەنـدە، بۆیـە کوردســـتان وەك دەوڵەتێـك زوو دەتوانێــت لەســەر پێــی خــۆی بوەســتێت.

■ **دەوڵەتی کوردستان نابێتە هەڕەشە لەسەر هیچ لایەنێك**

ســەربەخۆیی کوردســتان کــەوا بابەتــی گەرمــی ئێســتای میدیــا جیهانــی و ناوچەیــی و ناوخۆییەکانــە و بۆتــە جێــی بایــەخ و لێکۆڵینــەوەی ناوەنــدە سیاســی و ئەکادیمییەکانــی جیهــان وایکــردووە کــەوا دۆســتمان زێدەبــن و بەچــاوی هیـواوە لێـمان بڕوانـن، لەسـەر ئێمـەی گەلـی کوردسـتان و سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتانە کـەوا بـە بایەخـەوە لـە و پشـتیوانییە بڕوانیـن و ئـەو هەلـە لەدەسـت خۆمـان نەدەیـن و بـە هەمـوو لایەکـمان و بـە هاوبەشـی کار بـۆ سـەربەخۆیی کوردســتان بکەیــن و بیکەیــن بــە پرســێکی نەتەوەیــی و نیشــتمانی، بۆئــەم مەبەسـتەش وەك لـە پێشـەوە ئامـاژەم پێـدا پێویسـتە بـە زووتریـن کات ناوەنـدی سیاســی کوردســتان ڕێکبخرێتــەوە و لــەو پەرشــی و بڵاوییــە دەربــاز بکرێــت و (ئەنجوومەنـی سیاسـی کوردسـتان) پێکبهێنرێـت و تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکان و نەتــەوە و پێکهاتەکانــی کوردســتان بگرێتەخــۆ.

بێگومــان دروســتبوونی دەوڵەتــی کوردســتان دەبێتــەی مایــەی خۆشــی بــۆ هەمـوو لایـەك و بـۆ هیـچ دەوڵەتێـك هەڕەشـە نیـە، لەهەمـان کاتـدا هۆکارێکـە بــۆ ســەقامگیری و پاراســتنی ئاسایشــی ناوچەکــە، بەهــۆی ئــەوەی دەســەڵاتی سیاســی کوردســتان هەمــوو کات دژایەتــی تیــرۆری کــردووە و هۆکارێــك بــووە بــۆ ئاشــتی و پێکەوەژیانــی ســەرجەم نەتــەوە و ئایینــەکان و، لــە ئێستاشــدا پەیوەنــدی بەهێــزی لەگــەڵ دەوڵەتانــی ناوچەکــە و جیهــان هەیــە، بەهــۆی بوونـی بەرژەوەنـدی هاوبـەش پێویسـتە هەمـوو گەلانـی ناوچەکـە ئـەوە بزانـن کــەوا ڕاگەیاندنــی ســەربەخۆیی و دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســتان دەبێتــە فاکتەرێکـی سـەرەکی بـۆ دابینکردنـی هێمنـی و ئارامـی بـۆ ناوچەکـەو جیهانیـش،

بێگومــان ئەمــەش خواســتی کۆمەڵــگای نێودەوڵەتییــە، بۆیــە پێویســتە هەمــوو لایــەک ئــەوە بزانــن کــەوا دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســتان نابێتــە هەڕەشــە لەســەر هیــچ لایــەك و، دەبێتــە فاکتەرێکــی بەهێــز بــۆ دابینکــردنی ئارامــی و ئاســایش و پەرەپیــدانی ناوچەکــە.

***

ئــەم وتــارە لــە ژمــارەی (٥٢٨٩)ی رۆژی دووشــەممە، رێکــەوتی ٢٠١٧/٦/١٢ ی رۆژنامــەی (خەبــات)دا بڵاوبۆتــەوە.

# تەنیا چیاکان
# دۆستی گەلی کوردستانن

**بە یەکڕیزی نەتەوەییمان دەتوانین پیلانەکان تێکبشکێنین**

هێرشی دڕندانەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٦ بۆ سەر کەرکوک و توزخورماتوو و خانەقین و شنگاڵ و مەخموور بەجۆرەها چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی، جگە لەوەی بووە هۆی ئاوارەبوون و دەربەدەربوونی هەزاران هاوڵاتی سڤیل، لەهەمان کاتدا میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق چەندین تاوانیان دژ بە هاوڵاتییانی ئەو شارو شارۆچکانە ئەنجامدا، هەر لە دەربەدەرکردنی هاوڵاتیانی سڤیل تا دەگاتە کوشتن و گرتن و ماڵ سوتاندن و تاڵانکردنی ماڵ و سامانی خەڵک، بێگومان ئەمەش ئەوە وەدەردەخات کەوا دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق دەیانەوێ هەمان سیاسەتی هەڵەی حکومەتەکانی پێشووی عێراق دووبارە بکەنەوە، ئەو ڕاستییەشیان سەلماند کەوا ڕوانینی دەسەڵاتی ئێستای عێراق هەمان ڕوانینی دەسەڵاتەکانی پێشووە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کەوا عەقلیەتی دەسەلاتداری عێراقی چەقبەستووەو ناگۆڕێت و، ڕوانینی حەیدەر عەبادی و سەددام حوسین بۆ چارەسەری پرسی کورد هەمان ڕوانینە! هەردوو لۆژیکی سەربازی دەخەنە پێش لۆژیکی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن، ئەم ڕوانین و هێرش و پەلامارانە پەیامێکن بۆ

هەمـوو لایـەک کـەوا تائێسـتاش گـەلی کوردسـتان هەڕەشـەی لەسـەرە و پێویسـتی بـە پاراسـتن هەیـە.

ئـەم پیلان و هەڕەشـانەی لەسـەر گەلی کوردسـتان و ئەزموونەکـەی بەڕێوەدەچێت، پیلانێکـی ناوچەیـی بەرنامـە بـۆ داریـژراوی گەورەیـە دژ بـە گـەلی کوردسـتان، ئـەم پیلانانـە دەمێکـە کاری لەسـەر دەکرێـت و هەوڵـی جێبەجێکـردنی دەدرێـت، هەمـوو لایـەک بـاش دەمانـزانی دوای شـەڕی داعـش هێـزە عێراقییـەکان رووی چەکەکانیـان لـە کوردسـتان دەکـەن، ئەنجامـدانی ریفرانـدۆم بـۆ رێگرتـن بـوو لـەو پیلانانـە، واتـە ئـەو پیلانانـە بـەر لـە ریفرانـدۆم هەبـوون، لەوانەیـە ریفرانـدۆم تەنهـا کاریگـەری لەسـەر کاتی جێبەجێکـردنی پیلانــەکان هەبووبێــت، عێراقییــەکان ئازادکــردنی حەویجەیــان دواخســت بۆئــەوەی بــەو بیانــووە زۆرتریــن هێــز بهێننــە دەوروبــەری کەرکــوک و، دوای حەویجــە هــەڵ بقۆزنــەوە بــۆ داگیرکــردنی کەرکــووک و دەورووبــەری، پێــش شــەڕی داعشــیش چەندیــن جــار و لــە چەندیــن بۆنــەدا هەڕەشــەی داگیرکردنــەوەی کەرکوکیـان دەکـرد، کاتی خۆیـشی بـۆ ئـەم مەبەسـتە (سرکردایـەتی ئۆپەراسـیۆنی دجلـە) یـان پێکهێنا.

واتــە ئــەوەی ئەمــڕۆ لــە کوردســتان و ناوچەکــە دەگــوزەرێ پیلانێکــی پێشــوەختە بــووەو ســەرکردایەتی گــەلی کوردســتان درکــی بــەو پیلانــە کــردووە بۆیــە بڕیــاری ئەنجامـدانی ریفراندۆمـی داوە، پێشـووتریش هێـزەکانی هاوپەیمانـان لـەو مەترسـییانە ئاگادارکراونەتــەوە، بــەڵام بێهەڵوێســت بــوون، بێهەڵوێســتی هێــزەکانی هاوپەیمانــان لــەو مەترســییانەی لەســەر گــەلی کوردســتان هەبــوون وای لەســەرکردایەتی گــەلی کوردســتان کــرد کــەوا پشــت بــە گــەلی کوردســتان ببەســتێت، ئــەوەش راســتییەکەو نکوڵــی لێناکرێــت، بێدەنگــی ئێســتای وڵاتــانی (هاوپەیــمان لەشــەڕی دژی داعــش) بەرامبــەر بــە لەشــکرکێشی عێــراق بــۆ ســەر کوردســتان ئــەو راســتتیە دەســەڵمێنێت، بەتایبــەت بێهەڵوێســتی ئەمریــکا لــەم کارەســاتەدا ئەوەمــان وەبیردێنێتــەوە کــەوا

ئەمریـکا هەمیشـە گـەلانی چەوسـاوەی کردۆتـە قوربـانی بەرژەوەندییـەکانی خـۆی، ئەمەریـکا ئـەوە چەندیـن جـارە زوڵـم لـە گـەلی کوردسـتان دەکات، بێگومـان دەبـووا ئێمـە هەمـوو کات ئـەو زوڵمـەی ئەمریکامـان لەبیربێـت کـەوا لـە سـاڵی ١٩٧٥ لـە گـەلی کوردسـتانی کـرد و رووی کـردە بەرژەوەندییـەکانی خـۆی و پشـتی کـردە گـەلی کوردسـتان، ئەوەتـا لـە ٢٠١٧ هەمـان شـتی دووبـارە کـردەوە دیسـان گـەلی کوردسـتانی کـردە قوربـانی بەرژەوندییـەکانی خـۆی، ئەمـەش ئـەو راسـتییە دەسـەلمێنێت کـەوا ئەمریـکا تەنهـا دۆسـتی بەرژەوەندییـەکانی خۆیـەتی و، بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکانی هەمـوو کات ئامادەیـە دەسـتبەرداری پرەنسـیپە مرۆڤایەتییـەکان بێـت.

ئەنجامـدانی ریفرانـدۆم لەلایـەن گـەلی کوردسـتان وەکـو پرۆسـەیەکی دیموکراسـییانە بەپێـی پرەنسـیپەکانی (مـافی مـرۆڤ و مـافی چـارەی خۆنووسـین و بنەما دیموکراتییـەکان) ئەنجامـدراوە، واتـە گـەلی کوردسـتان پرۆسـەیەکی دیموکراسـییانەی ئەنجامـداوەو تاوانێکـی نەکـردووە تاکـو سـزا بدرێـت و پشـتی تێبکرێـت، نابـووا رێ بـە عێـراق و وڵاتـانی ناوچەکـە بدرابـووا کـەوا گەلەکۆمەکـی لـە گـەلی کوردسـتان بکەن و سـزای بـە کۆمەڵـی بەسـەردا بسـەپێنن و کۆمەڵـگای نێودەوڵەتیـش سـەیرکەر بێـت و بێهەڵوێسـت بمێنێتـەوە.

بێدەنگـی کۆمەڵـگای نێودەوڵـەتی و نەتەوە یەکگرتـووەکان و ئەنجوومەنی ئاسـایش و وڵاتـانی زلهێـز لـە ئاسـت تـاوان و دەسـتدرێژییەکانی حەشـدی شـیعی و سـوپای عێـراق بەرامبـەر بـە گـەلی کوردسـتان لـە ٢٠١٧/١٠/١٦ ، باوەڕبـوونی کۆمەڵـگای نێـو دەوڵـەتی و وڵاتـانی ئەنـدام لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و خـودی رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان UN بـە پرەنسـیپەکانی (مـافی مـرۆڤ و مـافی چـارەی خۆنووسـین و بنەمـا دیموکراتییـەکان) دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە، بێدەنگـی ئـەو لایەنانـە بەرامبـەر بـەو زوڵمـەی لـە گـەلی کوردسـتان دەکرێـت ئەوەمـان پێدەڵێـن کـەوا پرەنسـیپەکانی (مـافی مـرۆڤ و مـافی چـارەی خۆنووسـین و بنەمـا دیموکراتییـەکان) لەلایـەن ئـەو

وڵات و لایەنانـەی بانگەشـەی بـۆ دەکـەن تەنهـا دروشـمن و هیچـی دیکـە!!

ئـەو بێهەڵوێسـتییەی کۆمەڵـگای نێودەوڵـەتی جارێکـی دیکـە ئـەو راسـتییەی سـەڵماندەوە کـەوا ئێمـەی گـەلی کوردسـتان بێدۆسـتین و تەنهـا چیـاکان دۆسـتمانن، ئـەم واقیعـە تاڵـە لەسـەر سـەرکردایەتی سیاسی کوردسـتان و هەمـوو لایەکمان فـەرز دەکات کـەوا وردبینانەتـر لەجـاران بیـر بکەینـەوەو بـە مامەڵـەو سیاسـەتی خۆمـان بەرامبـەر بـە هەمـوو لایـەک دابچینـەوەو، کارنامەیەکـی نوێـتر بـۆ کارو خەبـاتی داهاتوومـان دابڕێژیـن و مامەڵەیەکـی تەندروسـت لەگـەڵ ئـەم واقیعـە بکەیـن و بـۆ کاری داهاتوومـان سـوودی لێوەربگریـن.

ئـەو ڕووداوانـەی ئێسـتا کاتیـن و تێدەپـەڕن، لـە رابردووشـدا چەندیـن کارەسـات و ڕووداوی لـەوەش ناخۆشـترمان بینیـوە، داگیرکـردنی کەرکوکیـش نابێتـە ئەمـری واقیـع، وەک هەمـوو لایەکمان دەزانیـن سـاڵی ١٩٩١ هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان کەرکوکی ئـازاد کـرد دواتـر بـە چـرای سـەوزی ئەمریـکا و وڵاتـە بەرژەوەندیخـوازەکان عێـراق کەرکوکـی داگیرکـردەوە، لـە سـاڵی ٢٠٠٣ دا جارێکـی دیکـە کەرکـوک لەلایـەن هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان ئـازاد کرایـەوەو پاشـان هاوپەیمانـان وایانکـرد بکەوێتـەوە دەسـت عێـراق، لـە ٢٠١٤ دا جارێکـی دیکـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان کەرکوکـی ئـازاد کـردەوە، تـا لـە رۆژی ٢٠١٧/١٠/١٦ جارێکـی دیکـە بەپێـی پیلانێکـی ناوچەیـی و بـە هـاوکاری بکـەری ناوخۆیـی و بـە چـرای سـەوزی هاوپەیمانـان لەلایـەن حەشـدی شـەعبی و هێـزە عێراقییـەکان داگیرکرایـەوە، ئـەو راسـتییانە ئەوەمـان پێدەڵێـن کـەوا گـەلی کوردسـتان هیـچ کاتێـک دەسبەرداری کەرکـوک نابێـت و ئـەم حاڵەتـەی ئێسـتاش نابێتـە ئەمـری واقیـع.

تـەواوی مێژووی کوردسـتان بەرخـودان و کەوتن و هەڵسـانەوە و تێهەڵچوونەوەیە، گـەلی کوردسـتان هەمیشـە لـە نائومێدییـەوە مەزنتریـن ئومێـدی بـۆ داهاتـوو بیناکردۆتـەوە، بۆیـە ئـەم حاڵەتـەی ئێسـتاش بەرامبـەر ویسـتی هەقخوازانـەی گـەلی

کوردستان دەپوکێتەوەو کۆتایی پێدێت، بەڵام لێرەدا پێویستە لەخۆمان بپرسین بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو پیلان و هەڕەشانە و، دەربازکردنی ئەم رەوشە چی بکەین؟ لە وەڵامدا پێویسە:

- بۆ وەستانەوە بەڕووی ئەو پیلان و هەڕەشانە لەسەر هەموو لایەکمانە یەکدەنگ و یەکڕیز بین و ناوماڵی کوردستان بەزووترین کات رێکبخەینەوە، ئەمەش ئەرکی بەپەلەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەموو لایەکمانە و، پێویستە بەجدی کاری بۆ بکەین، لەم پێناوەدا پێویستە بە زووترین کات چەترێکی هاوبەش بۆ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکبهێنرێت و هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەژێر ئەم چەترەدا کۆببنەوەو هیچ لایەک پەراوێز نەخرێت، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ رێکخستنەوەی ناوماڵی کوردستان و هێنانە کایەی یەکڕیزی و یەکدەنگی و، لە هەمان کاتدا دڵنیاییەک بە گەلی کوردستان دەدات بۆ داهاتوو.

- رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن بکەینە بنەمایەکی پتەو بۆ کاری داهاتوومان، لەبەر ئەوەی رەخنە میکانیزمی پێشکەوتنی هەر دامەزراوەو کۆمەڵگایەکە، لە رێگەی رەخنەوە ئیمە ناتەواوی و هەڵەکانی خۆمان دەبینین، بێگومان دۆزینەوەی هەڵە و ناتەواوییەکان وامان لێدەکات بەدوای چارەسەردا بگەڕێین، لەم روانگەیەوە پێویستە لەسەر هەموو ئاستەکان بەخۆداچینەوەو دان بەوە دابنێین کەوا شێوازی کارکردنمان لە رابردوودا کەم و کوڕی زۆری تێدابووە، لەڕووی سیاسی و لەڕووی دیبلۆماسی و لەڕووی ئیداری و بازرگانی و تەواوی کایەکانی ژیان حیزب هێندە باڵادەست بووە شکۆی بۆ دامەزراوەکانی کوردستان نەهێشتۆتەوە، ئەم شێوازە کارکردنە کاریگەری نێگەتیفی هەبووەو لەناوخۆ و لەدەرەوەش رووبەڕووی رەخنە بۆتەوە، بۆیە پێویستە لەم رووەوە هەوڵی سیسماتیککردن و تەکنۆکراتکردنی دەزگاو دامەزراوەکانی کوردستان بدەین.

- نەبـوونی عەدالـەتی سـیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئابـووری و پەراوێزخسـتنی بەشـێکی زۆری لایەنـە سیاسـییەکان لـە پرۆسـەی سیاسی و بڕیاروەرگرتـن لـە کوردسـتان، ببـووە هـۆی دووبەرەکـی و لێکـترازانی سـیاسی و کۆمەڵایـەتی کوردسـتان، پێویسـتە ئـەم خاڵـە بەهەنـد وەربگیرێـت و چارەسـەر بکرێـت، چارەسـەرکردنی ئـەم گرفتـە کلیـلی کردنـەوەی زۆربـەی دەرگا داخراوەکانـەو فاکتەرێکـی بەهێزیشـە بـۆ رێکخسـتنەوەی ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان، بـۆ ئەمـەش پێویسـتیمان بـە بڕیـاری سـیاسی بوێرانـە و خۆنەویسـتانە هەیـە.

- ئـەم پەلامـارو هێرشـانە ئێسـتای هێـزە عێراقییـەکان بـۆ سـەر گـەلی کوردسـتان ئـەو راسـتییە دەسـەلمێنن کـەوا هیـچ حکومەتێکـی عێـراق چ لـە ئێسـتا و چ لـە داهاتـوودا ئامـادە نینـە مافـە رەواکانی گـەلی کوردسـتان بسـەلمێنن، بۆیـە کارکـردن بـۆ بـە ئەنجامگەیانـدنی ئەنجامـی ریفراندۆمـی گـەلی کوردسـتان ئەرکێکـی بەپەلـەی ئـەم قۆناخـەی کار و خەبـاتی سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتانە، بـۆ ئەمـەش پێویسـتە سـەرکردایەتی سـیاسی کوردسـتان (بـۆردی سـەربەخۆیی کوردسـتان) پێکبهێنێـت، بۆئـەوەی ئـەم بـۆردە بتوانێـت کارنامەیەکـی گشـتگیر دابڕێژێـت بـۆ چۆنییـەتی کارکـردن و هەنگاونـان بـەرەو سـەربەخۆیی کوردسـتان، بێگومـان بۆئەمـەش دەکـرێ سـوود لـە ئەزمـوونی زۆر لـە میللەتـان و وڵاتـان وەربگیرێـت، کـەوا چـۆن کاریـان کـردووە بـۆ راگەیانـدنی سـەربەخۆیی خۆیـان، پێویسـتە پێکهاتـەی (بـۆردی سـەربەخۆیی کوردسـتان)؛ بریتـی بێـت لـە کەسـانی شـارەزا لـە یاسـا نێودەوڵەتییـەکان و کەسـانی نـاسراوو کاریگـەری کـورد و بیـانی کـەوا نـاسراو بـن لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی؛ بۆئـەوەی بتوانـن لەسـەر ئاسـتی جیهـان و لە ناوەنـدە بڕیاربەدەسـتەکان لـوبی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان بکـەن، کەسـایەتی وابـن کـەوا خـودان ئەزمـوون و بەدەسـەڵات بـن بۆئـەوەی گوێیـان لێبگیرێـت، لـەم رووەوە پێویسـتە خۆمـان لـە کەسـانی بـازرگانی سـیاسی بـەدوور بگریـن.

- ئـەو هاوسـۆزییە نەتەوەییـەی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن بەرامبـەر رەوشی باشـووری کوردسـتان هەیـە هەنگاوێکـی گرنگـە بـە ئاراسـتەی هاتنـەدی یەکێتییەکـی نەتەوەیـی، پێویسـتە سـوود لـەم دەرفەتـە وەربگریـن و بەزووتریـن کات کار بـۆ بەسـتنی (کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان) بکەیـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پێویسـتە نەکەوینـە ژێـر کاریگـەری وڵاتـانی داگیرکـەری کوردسـتان و بڕیـاری بوێرانـەی خۆمـان هەبێـت، لـە ئێسـتادا هەمـوو داگیرکـەرانی کوردسـتان لـە دژی گـەلی کوردسـتان یەکیـان گرتـووە و کوردسـتانیان گەمـارۆداوە، ئـەوەی هەیـە تەنهـا گـەلی کوردسـتانە لـە تـەواوی بەشـەکانی کوردسـتان پشـتیوانی باشـووری کوردسـتان دەکـەن، ئـەم واقیعـە لـە هەمـوو لایەکـمان دەخوازێـت بـەرەو یەکێتـی نەتەوەیـی هەنـگاو بنێیـن و (کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان) ببەسـتین، ئەمـەش دەبێتـە باشـترین وەڵام بـۆ داگیرکـەرانی کوردسـتان.

- ئـەم هێـرش و پەلامارانـەی حەشـدی شـەعبی و هێـزە عێراقییـەکان و هەوڵدانیان بـۆ گەیشـتن خاڵـە سـنوورییەکان بـۆ لاوازکـردنی پێگـەی باشـووری کوردسـتان و داخسـتنی دەرگا لەسـەر رۆژئـاوای کوردسـتان و لێـدانی بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی باکـوور و رۆژهـەڵاتی کوردسـتانە، ئەمـەش ئـەو راسـتییەمان پێدەڵێـت کـەوا پیلانەکـە زۆر لـەوە گەورەتـرە کـەوا هەنـدێ لایـەنی ناوخـۆ ئـەم پیـلان و هێرشـانە تەنهـا بـە ریفرانـدۆم دەبەسـتنەوە، بێگومـان ئـەو رەوشـەی ئێسـتا ئـەوە دەسـەلمێنێت کـەوا ئەنجامـدانی ریفرانـدۆم بـۆ رێگرتـن بـووە لـەم پیلانـە گەورەیـە، ئـەم واقیعـەش ئـەوە دەخوازێـت کـەوا بەزووتریـن کات کاربکرێـت بـۆ پێکهێنـانی (هێـزی بەرگـری نەتەوەیـی کوردسـتان)، بـۆ ئەمـەش پێویسـتە کار بـۆ پێکهێنـانی سـەرکردایەتییەکی هاوبـەشی تـەواوی هێـزە سـەربازییە کوردسـتانییەکان بکرێـت، ئەمـەش وادەکات باڵانـسی هێـز لـە ناوچەکـەدا بگۆڕێـت.

- گەیانـدنی راسـتییەکان و پیـلان و هەڕەشـەکان بـە ناوەنـدە نێودەوڵـەتی و



دەزگا نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان پێویستی بە کاری دبلۆماسیەتی نەتەوەیی هەیە، بۆئەمەش پێویستیمان بەوە هەیە کەوا (کۆمیتەی نەتەوەیی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان) دابمەزرێنین و لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی جیهان بکەوینە کارکردن و، دەنگمان بەهەموو لایەک بگەیەنین، بۆ پشتیوانی کاری ئەم کۆمیتەیە رێکخستنی رەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات لە دامەزراوەیەکی نەتەوەیی بەهەند وەربگیرێت و بەردەوام هەوڵبدرێت لە کارو چالاکی جۆراو جۆردابن بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخەنە سەر ناوەندەکانی بڕیار لەسەرتاسەری جیهان.

ئەگەر ئێمە توانیمان لە ماوەیەکی کەمدا بەم شێوەیەی کە باسمانکرد خۆمان رێکبخەینەوە و بکەوینە کارو خەبات، بەدڵنیاییەوە بەرەو ئایندەیەکی

گـەش هەنـگاو دەنێیـن و لەماوەیەکـی کورتـدا دەتوانیـن ئـەو پیـلان و گەمارۆیانـەی سـەر کوردسـتان تێکبشـکێنین، بـۆ ئەمـەش پێویسـتیمان بەوەیـە رەچـاوی بەرژەوەندی بـاڵای نەتەوەیـی و نیشـتمانی بکەیـن و دەسـتبەرداری بەرژەوەندییـە کـەسی و حزبییـەکان بیـن.

***

**تێبینی:** ئەم وتارە ڕۆژی سێشەممە، رێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٣١ لە؛

- ژمارە (١١٤٤)ی گۆڤاری (گوڵان)
- ژمارە (٢٧١٧)ی رۆژنامەی (هەولێر)
- ژمارە (٣٥٦)ی رۆژنامەی (باس)دا، بڵاوبۆتەوە.

بۆ دەربازکردنی ڕەوشی ئێستای کوردستان:

# پێویستە لەسەر هەموو ئاستەکان بەخۆماندابچینەوە

هێـرشی میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی و سـوپای ئێـراق و ئـەو گەمـارۆ سـیاسی و سـەربازی و ئابوورییـەی کـە خراوەتـە سـەر باشـووری کوردسـتان و تـا ئێسـتا بەردەوامە، ئـەو ڕەوشـە پێویسـتی بـە بەخۆداچوونەوەیەکـی تـەواو هەیـە، ئـەو هێرشـەی ١٦ی ئۆکتۆبـەر لەلایـەن میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی و هێـزە ئێراقییـەکان بـۆ سـەر کەرکـوك و ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان لـە مەخمـوور و شـنگاڵ و لەهەمانکاتـدا لـە خانەقیـن و دوزخورماتـوو جارێکـی دیکـە ئـەوەی بەئێمـە گوتـەوە کـە ئێـراق تائێسـتا لۆژیکـی شـەڕ دەسـەپێنێتە سـەر لۆژیکـی دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتن، ئـەوە پەیامێکـە بۆ سـەرکردایەتی سیاسـیی کوردسـتان و بـۆ هەمـوو جیهانیـش کـە دەسـەڵاتدارانی ئێـراق هیـچ کاتێـك ئامـادە نیـن دان بەمافـە ڕەواکانـی گەلـی کوردسـتان دابنێن، بۆیە پێویسـتە ئێمـە سـوود لـە دیـرۆك وەربگریـن، بەدرێژایـی مـاوەی ڕابـردوو حکومەتـە یـەك لەدوای یەکەکانـی ئێـراق بـەردەوام لەکاتـی لاوازی پەنایـان بـۆ کـورد هێنـاوەو داوای دیالۆگیـان کـردووە، بـەڵام کـە خۆیـان گرتۆتـەوە هێرشـیان کردۆتـە سـەر کوردسـتان، ئـەم یـاری (مشـك و پشـیلە)یە بەدرێژایـی مێـژوو لەنێـوان گـەلی کوردسـتان و حکومەتـە یـەك لـەدوای یەکـەکانی ئێـراق دووبارەبۆتـەوە، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن کێشـەی ئێمـە لەگـەڵ

عێـراق لەگـەڵ کەسـایەتییەکان نیـە و کێشـەمان لەگـەڵ جـۆری بیرکردنـەوەو عەقلییـەتی ئێراقییەکانـە بـۆ چارەسـەری پـرسی گـەلی کوردسـتان، لـە مـاوەی سـەد سـاڵی رابـردوودا ئێراقییـەکان یـەک جـۆر بیرکردنەوەیـان هەبـووە بـۆ چۆنییـەتی مامەڵەکـردن لەگـەڵ پـرسی گـەلی کوردسـتان و گـۆڕانی بەسـەردا نەهاتـووە، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن عەقلییـەتی ئێراقـی؛ عەقلیەتێکـی چەقبەسـتووە و قابیـلی گـۆڕان نییـە.

ئـەو شـێوازی بیرکردنـەوەو عەقلیەتـەی ئێـراق و ئـەو دیـرۆک و ئەزموونـەی کـەوا لەگـەڵ ئێـراق هەمانبـووەو هەمانـە؛ دەمانگەیەنێتـە ئـەو ئەنجامـەی کـەوا هـەر چارەسـەرییەک لـە چوارچێـوەی نەخشـەی داتـاشراوی ئێـراق بـۆ پـرسی کـورد شـتێکی کاتییـە و هەمـوو کات مەتـرسی هەڵوەشـانەوەی لەسـەرە، بۆیـە پێویسـتە سـەرکردایەتی سیاسـیی کوردسـتان نەخشـە ڕێگایەکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی و دوور لـە دەمارگیـری حـزبی دابڕێژێـت بـۆ چۆنیـەتی چارەسـەرکردنی تـەواوی کێشـەکان بەشـێوەیەکی ریشـەیی، ئەمـەش بـەوە دەکرێـت کـەوا بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بخرێتـە سـەرووی بەرژەوەندییـە حزبییـەکان، بـە سـوود وەرگرتـن لـە هەڵـەکانی رابـردوو لـە شـێوازی کارکـردن و مامەڵەکـردن لەگـەڵ لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان و بـە بەخۆداچوونەوەیەکـی تـەواو لەسـەر هەمـوو ئاستەکان دەتوانیـن کارنامەیەکـی گونجاو بـۆ کارو خەبـاتی داهاتوومـان دابڕێژیـن، ئەگـەر ئـەوە نەکەیـن زیاتـر زیانمەنـد دەبیـن.

لـەم رووەوە پێویسـتە لێکوڵینەوەیەکـی ورد بکەیـن و بزانیـن سـەرچاوەی کێشـەو گرفتـەکانی کوردسـتان چیـن و بـۆ بـەم رەوشـەی ئێسـتا گەیشـتووین؟ لـەم پێناوەشـدا پێویسـتە راشـکاوانە پەنجـە بخەینـە سـەر برینـەکان و رەخنـە بگریـن و دەردەکانمـان دەستنیشـان بکەیـن و دەرمانیـان بـۆ بدۆزینـەوە، بـە بـاوەڕی مـن هـۆکاری سـەرەکی کێشـەو گرفتـەکانی کوردسـتان دەگەڕێتـەوە بـۆ ناعەدالـەتی سـیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئابـووری و نەبـوونی سیسـتمێکی روونی بەڕێوەبـردن و دارایـی و دەستبەسـەرداگرتنی هەمـوو کایـەکانی ژیـان لەلایـەن حزبـە دەسـەڵاتدارەکان و پەراوێزخسـتنی لایەنـە

سیاسییەکانی دیکە، ئەم واقیعە و ئەم شێوازە کاردنە وایکرد ناوەندی سیاسی کوردستان پەرش و بڵاو بێت و بەم رەوشەی ئێستای گەیاندین.

بێگومان ئەو ناعەدالەتییەی لە کوردستاندا هەیە لە دونیادا وێنەی نیە، ناعەدالەتی سیاسیی، ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و ناعەدالەتی ئابووری لە کوردستان وایکردووە دەسەڵات و خەڵکی لێکدابڕیوە، پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان چاو بەو خاڵەدا بگێڕنەوە و عەدالەتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و عەدالەتی ئابووری فەراهەم بکەن و بەیەك چاو سەیری هەموو خەڵکەکە بکەن، ناکرێ لەم وڵاتەدا هەرچی ئیمتیازات هەیە هەرچی دامەزراندن و بواری کار هەیە تەنها بۆ دوو حیزب بێت! و هەموو کایەکانی ژیان لەلایەن ئەم دوو حزبەوە دەستی بەسەر دابگیرێت و، تەواوی هاوڵاتانی نا ئەندام لەو دوو حزبە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەش پەراوێز بخرێن! بۆنموونە گەورەترین ناعەدالەتی ئەوەیە لە کاتێکدا مووچەی فەرمانبەران کەمدەکرێتەوەو بە ملیۆنان دۆلاریش بۆ هەندێ حزب و دەزگای راگەیاندن سەرف دەکرێت، دەسەڵات بە ئارەزووی خۆی کام حزبی بوێ بیهێنێتە پێشەوەو کام حزبی نەوێ لە هەموو شتێک دووری بخاتەوە، ئەم شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ هاوڵاتیان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان؛ کوردستانی بەم رۆژگارە گەیاند، بۆیە پێویستە ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێت و چارەسەر بکرێت، چارەسەرکردنی ئەم خاڵە دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی زۆر کێشەی دیکە.

لە لایەکی دیکەوە؛ نەبوونی سیستمێکی روون بۆ بەڕێوەبردن و دارایی وایکردووە کوردستان بەپێی میزاجی شەخسی بەڕێوەببرێت، ئەمەش کوردستانی نوقمی گەندەڵی بەڕێوەردن و دارایی کردووە، بۆیە پێویستە بەزووترین کات هەوڵی سیستماتیککردنی دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستان بدرێت، بۆئەوەی کوردستان لەسەر بنەمای سیستمێکی هاوچەرخ بەڕێوەببرێت.

وەک ئاماژەمـان پێـدا حزبـە دەسـەڵاتدارەکان دەسـتیان بەسـەر هەمـوو کایـەکانی ژیـان داگرتـووەو، حیـزب هەمـوو کارێکـی ئـەو وڵاتـەی بەڕێوەبـردووە و وایکـردووە هیـچ رۆڵێکـی وای بـۆ پەرلەمـان و حکومـەت نەهێشـتۆتەوە، دیالـۆگ لەگـەڵ بەغـدا حیـزب کردوویەتـی، کاری دیبلۆماسـیی لەگـەڵ وڵاتـان حیـزب کردوویەتـی، بازرگانـی حیـزب کردوویەتـی، ئیـدارە حیـزب کردوویەتـی، پاراسـتنی ئاسـایشی کوردسـتان حیـزب کردوویەتـی، شـەڕ حـزب کردوویـەتی، حـزب وایکـردووە تـەواوی کارەکانی پەرلەمـان و حکومـەت و دامـەزراوەکان خـۆی بیـکات و کردوویـەتی، بۆیـە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم گرفتـە ئێمـە پێویسـتیمان بـە سیسـتماتیکردنی دەزگا و دامـەزراوەکانی کوردسـتانە، بۆئەمـەش پێویسـتە دەسـەڵات بدرێتـەوە دەزگا و دامەزراوەکانـی کوردسـتان، حیـزب لـەدەرەوەی دەزگاو دامـەزراوەکان حیزبایەتـی خـۆی بـکات و حکومەتیـش حکومەتایەتـی خـۆی بـکات، ناکرێـت تـۆ دیالـۆگ لەگـەڵ بەغـدا یـا لایەنێکـی دیکـە بکەیـت و چەنـد حزبێـک بنێری و کەسـانی شـارەزاو ئەهـلی کار پەراوێز بخەیـت، ئەوەی لـە کوردسـتان کـراوەو دەکرێـت لەهیـچ شـوێنێک نموونـەی نەبـووەو نییـە، بـۆ نمونـە کـە لەگـەڵ حکومـەتی ئێـراق دیالـۆگ دەکـرێ پێویسـە بەرپرسـانی حکومـەتی کوردسـتان بچـن، لـە دونیـای سیاسـەتدا وەزیـر بەرامبـەر وەزیـرە، سـەرۆکی حکومـەت بەرامبـەر سـەرۆکی حکومەتـە، سـەرۆکی وڵات بەرامبـەر سـەرۆکی وڵاتـە، ناکـرێ کۆمەڵـێ حیزبـی سیاسـیی لـە فڕۆکـە بکـەی و ڕەوانـەی بەغـدای بکـەی لـەوێ لەگـەڵ حکومەتـی ئێـراق و لەگـەڵ پەرلەمانـی ئێـراق دابنیشـێت، ئێمەیـش پەرلەمـان و حکومەتمـان هەیـە، لەنـاو حکومـەت کادیـری حیزبـی دانـراون ئەوانـە بنێـرن بـا دیالـۆگ بکـەن، پێویسـتە ئەهـلی کار کارەکـە ئەنجامبـدات، شـێوازی تەندروسـت بـۆ پەیوەنـدی نێـوان حـزب و حکومـەت ئەمەیـە؛ حیـزب تێکـەڵ بـە کاری حکومـەت نەبێـت و هـاوکاری بـکات و پـرۆژەی بداتـێ و ڕێنوێنـی بـکات و پشـتگیری بـکات و، هـاوکار بێـت بۆئـەوەی ئەگـەر لـە ئیـش و کارەکانـی لەشـوێنێکدا هەڵەیـەك هەبـوو ئـاگاداری بکاتـەوە، نـەك دەسـت

لـە ئیـش و کارەکانی وەربـدات.

لـە پێشـەوە ئاماژەمـان بـە شـێوازی کاری رابـردوودا و رەخنەمـان کـرد، پێویسـتە بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـەکان و چۆنییـەتی کارکـردنی داهاتوومـان هەڵوەسـتەیەک بکەیـن و بزانیـن چـی بکەیـن؟ بـۆ ئەمـەش پێویسـتە بزانیـن لەسـەر ئاسـتی ناوەخـۆ و، ئێـراق و، لەسـەر ئاسـتی ناوچەیـی و، لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی چـی بکەیـن؟

لەســەر ئاســتی ناوخۆیــی؛ بــۆ رێکخســتنەوەی ناوەنــدی سیاســیی کوردســتان و بـۆ پاراسـتنی یەکڕیـزی لایەنـە سیاسـییەکان؛ پێویسـتە کـەوا چەترێکـی هاوبـەش دروسـتبکرێت و، تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکان لەژێریـدا کۆببنـەوە، هەروەهـا پێویسـتە لـە وەرگرتنـی بڕیـاری سیاسـی کوردسـتاندا لایەنـە سیاسـییەکان بەشـدار بـن و پـرس و رایـان پێبکرێـت و راشـیان وەربگیرێـت، (نـەک پرسـە خەسـوانەیان پێبکرێـت)، نـەك را بـدەن و گوێشـیان لـێ نەگیرێـت، لەهەمانکاتـدا پێویسـتە دەزگاو دامـەزراوەکان کارا و سیسـتماتیک بکەیـن و حکومـەت و پەرلەمانـی کوردسـتان بـۆ هـەر دیالۆگێك سەرپشـك بکەیـن، جـا لەگـەڵ بەغـدا یـان وڵاتانـی ناوچەکـە یـان دەرەوە بێـت، هەروەها پێویسـتە لـەرووی دبلۆماسـییەوە بـوار بـە حکومـەت بدرێـت کاری خۆی بـکات، لە رابـردوودا و تا ئێسـتاش دبلۆماسـییەتی ئێمـە دبلۆماسـییەتێکی حیزبـی بـووەو نەتەوەیـی و نیشـتمانی نەبـووە و، زیاتـر بـۆ بەرژەوەنـدی حـزبی بـووە، بۆیـە پێویسـتە ئێمـە ئـەو دەسـەڵاتە بدەینـەوە حکومەتـی کوردسـتان، بۆئـەوەی لەرێگـەی دەزگا و دامەزراوەکانـی خـۆی کار لەسـەر ئـەو بـوارە بـکات و دەنگـی خەڵکـی کوردسـتان بـە دەرەوە بگەیەنێـت.

خاڵێکـی دیکـە کـە لەهەمـووی گرینگـترە ئێسـتا هاوسـۆزییەکی نەتەوەیـی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن هەیـە، پێویسـتە سـەرکردایەتی سیاسـیی کوردسـتان لێـرەوە بتوانێـت کار بـکات بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان، کـە ئـەوەش لـە داهاتـوودا دەبێتـە هۆکارێـك بـۆ بەرزکردنـەوەی مۆرالـی نەتەوەیـی و فاکتەرێکـی بەهێزیـش بـۆ یەکدەنگییەکـی نەتەوەیـی کـە پشـتیوانی یەکـدی بکەیـن.

لەسەر ئاستی ئێراق؛ پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بڕیار بدات لە پرۆسەی سیاسی ئێراق بکشێتەوە و خەریکی ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کوردستان بێت، لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئێراق کۆمەڵێ بڕیاری سزائامێزی بەرامبەر کوردستان وەرگرت، نوێنەرانی کوردستان نەیانتوانی بەرامبەر بڕیارەکان بوەستنەوەو هەڵیانبوەشێننەوە، لە ئێستادا بوونی کورد لە بەغدا چ کاریگەرییەکی هەیە؟ ڕۆژانە پەرلەمانی ئێراق بەئامادەبوون و بێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کوردستان کۆدەبێتەوەو بڕیار دەردەکات و دەیسەپێنێتە سەر کوردستان، ئەنجوومەنی ئاسایشی ئێراق کۆدەبێتەوە بێ هەبوونی نوێنەری کوردستان لەو ئەنجوومەنەدا بڕیار دەردەکات و دەیسەپێنێتە سەر کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران کۆدەبێتەوە بڕیار دەردەکات و دەیسەپێنێتە سەر کوردستان، دادگای فیدرالی لە دژی کوردستان بڕیار دەردەکات، باشە بوونی کورد لەو بەغدایە بۆ چییە؟ لەوێ بێت و لەوێ نەبێت چ کاریگەرییەکی هەیە؟ فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا بێکاریگەری ماون و، سەرۆك کۆماریش لە بەغدا بێکاریگەرییە؟ فڕۆکەخانەکانی کوردستان لەلایەن ئێراقەوە داخراون، سەرۆکی کۆمار کە کوردە ناتوانێ فڕۆکەخانەکان بکاتەوە، سەرۆکی کۆمار ناتوانێ دژی یەک بڕیاری حکوومەتی ئێراق بوەستێتەوە کە دژی کوردستان وەرگیراون، ئەی باشە بۆ لە بەغدا ماوەتەوە؟! ئەو واقیعە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێین لەداهاتووشدا کورد ئەو کاریگەرییەی نابێ لە بەغدا بۆیە کشانەوەی باشترە لە مانەوەی.

لەسەر ئاستی ناوچەیی؛ پێویستە ئێمەش کارتی خۆمان هەبێت کەوا کار لە بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە بکات، ئەمەش بە پشتیوانیمان دەبێت بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێویستە ئەوەش بزانین، ئەو گەلەکۆمەکییەی ئێراق و ئێران و تورکیا کە ئێستا لەسەر ئێمەیە تەنها دژی باشووری کوردستان نییە، بەڵکو بۆ لێدانی تەواوی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی



کوردستانە، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن هەوڵبدات هێزی پاراستنی نەتەوەیی لە پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤانانی (YPG و YPJ) پێکبهێنێت، لەبەرئەوەی ئامانجی سوپای عێراق لە گەیشتن بە خاڵە سنوورییەکان لێکدابڕینی باشووری کوردستانە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان! بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەگەر ئێراق گەیشتە دەروازەی (فیشخابوور) ئەوا باشووری کوردستان لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان لێکدادەبرێت و هێڵی هاوکاری رۆژئاوا لەگەڵ باشوور ناهێڵێت، لەهەمان کاتدا ئەگەر گەیشتە دەروازەی (ئیبراهیم خەلیل) باکوور لە باشوور دادەبرێت، بەهەمان شێوە گەیشتنی ئێراق بە دەروازەی (حاجی ئۆمەران) باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان لێکدادەبڕێت، ئەم پیلانەی ئێراق وا دەکات باشووری کوردستان لە هەموو رووێکەوە ئابلووقە بدات و، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دابیبڕێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەم پیلانە بۆ لێکدابڕینی تەواوی بەشەکانی کوردستانە، ئەوەی لە ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە کەرکورک و مەخموورو دوزخورماتوو و شنگاڵ روویدا و، ئەوەی ئێستا لە عفرین و رۆژئاوای کوردستان رووەدات جێبەجێکردنی بەشێکی ئەو پیلانە گڵاوەیە لە دژی گەلی کوردستان، ئەم رەوشە لە هەموو لایەکمان دەخوازێت کەوا بە یەکێتی و یەکڕیزیمان دژی ئەو پیلانە نەگریسانە بوەستینەوە.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؛ پێویستە بزاڤێکی خورتی دبلۆماسی بکەین و، کەسانی شارەزاو کاریگەر بخەینە ستافە دبلۆماسییەکان و نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لەلایەکی دیکەوە ئێمە ریفراندۆممان ئەنجامداوە،



ریفرانـدۆم ئەنجامـی بەدەسـتهێناوە، بـە ڕێـژەی ٩٢,٧٣٪ خەڵکـی کوردسـتان بـە (بەڵـێ) دەنگـی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان داوە، بۆیـە پێویسـتە ئێمـە (بـۆردی سـەربەخۆیی کوردسـتان) دابمەزرێنیـن، بۆئـەوەی ئـەم بـۆردە بـۆ چۆنییـەتی وەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی کوردسـتان کار بـکات، پێویسـتە ئەندامـانی ئـەو بـۆردەش لـە کۆمەڵـێ کەسـایەتی کـورد و کەسـایەتی کاریگـەری نێودەوڵەتـی پێکبهێرێـت، کـەوا شـارەزای یاسـا و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان بـن، بۆئـەوەی بـە سـوود وەرگرتـن لـە ئەزمـوونی گـەلانی دیکـەی جیهـان ئێمـەش بـە سـەربەخۆیی کوردسـتان بگەیـن.

لـە کۆتاییـدا؛ ئایـا دەتوانیـن ئـەم کارانـە بکەیـن و ئـەم قۆناخـە سـەختە

دەربازبکەیـن؟ بێگومـان بەڵـێ؛ بـەڵام بەمەرجێـک بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بخەینــە ســەرووی بەرژەوەندییــە حــزبی و کەســییەکان و، جــلی تەنگــی حزبایــەتی فڕێبدەیــن و جــلی کوردایــەتی بپۆشــین، ئەگــەر ئەوەمــان کــرد داهاتوویەکــی گــەش چاوەڕوانمانــە، ئەگــەر ئەوەشــمان نەکــرد ئــەوا داتوویەکــی نادیــار چاوەڕوانمانــە! بۆیــە پێویســتە بــە ئاراســتەی یەکڕیــزی و یەکدەنگــی هەنــگاو بنێیــن بۆئــەوەی داهاتوویەکــی گــەش بــۆ گــەلی کوردســتان دەســتەبەربکەین و بگەیــن بــە کەنارێکــی ئــارام و خــەونی نەتەوەییــمان کــەوا ســەربەخۆیی کوردســتانە، بێگومــان یەکڕیــزی و یەکدەنگیــمان زامنــی وەدیهێنــانی ئــەم خەونەمانــە، بۆیــە لەســەر هەمــوو لایەکمانــە کار بــۆ یەکڕیــزی و یەکدەنگــی بکەیــن.

***

**تێبینــی:** ئــەم وتــارە لــە ژمــارە (١١٥٥)ی رۆژی ٢٠١٨/١/٢٣ ی گۆڤــاری (گــوڵان)دا بڵاوبۆتــەوە.

# ئەو خیانەتەی لەپرۆسەی ریفراندم کراو

## ئەو ئاستەنگانەی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دروستکران

لەوانەیە هـۆکاری سـەرەکی بـۆ پێکـەوە گرێدانـی ئـەو (خیانەتـەی لـە پرۆسـەی ریفرانـدۆم کـراو ئـەو ئاسـتەنگانەی بـۆ کۆنگـرەی نەتەوەیـی دروسـت کـران) لەنـاو نیشـانی ئـەم بابەتـەدا، بـۆ ئـەوە بگەڕێتـەوە کـە سـاڵی پـار هـەر لـەو مانگـەدا کـۆی حزبـە سیاسـییەکانی باشـوری کوردسـتان بێجگـە (لـە گـۆڕان و کۆمەڵـی ئیسـلامی) بڕیاریانـدا رۆژێـك بـۆ ئەنجامدانـی ریفرانـدۆم دیـاری بکرێـت و لەکاتـی بەڕێوەچوونـی پرۆسەکەشـدا ئـەو دوو لایەنـەش بـە (بەڵـێ) بەشـداریان لـە پرۆسـەکەدا کـرد، بـەڵام دوای ئـەوەی لـە ١٦ی ئۆکتۆبـەر خیانـەت لـەم پرۆسـە پیـرۆزە کـرا، بەشـی زۆری حزبـە سیاسـییەکان خۆیـان وا پیشـاندەدا کـە ئـەوان لەگـەڵ پرۆسـەکە نەبـوون، سـەبارەت بـە شکسـتهێنانی هەوڵـەکانی بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەییـش کـە ئەویـش هـەر لـە باشـوری کوردسـتان کار بـۆ بەسـتنی کـرا و هەوڵـدرا هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکانی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان لەسـەر سیاسـەت و سـتراتیژێك ریکبکـەون و ببینـە خاوەنـی گوتارێکـی کوردسـتانی لەبەرامبـەر ئـەو دەوڵەتانەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە و هەروەهـا بەرامبـەر بـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـش، بـەڵام بەهـۆی کاریگـەری هەردوو دەوڵەتـی تورکیـا و ئێـران بەسـتنی کۆنگرەکـە شکسـتی هێنـاو، ئێسـتاش ئاکامەکـەی

ئەوەیـە کـە دەبینیـن هـەر رۆژێـك و بـە بیانوویـەك ئـەو وڵاتانـەی کـە کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە لـە هـەر پارچەیـەك فرسـەتێك بـۆ کـورد بێتـە پێشـەوە دەسـتێوەردان دەکـەن و ئـەو فرسـەتە لـە کـورد هەڵدەوەشـێننەوە، لەبەرامبەریشـدا هێـز و لایەنـە سیاسـییەکانی هـەر چـوار پارچـە هەڵوێسـتێکی هاوبەشـیان نیـە.

ئـەم دوو پرۆسـە گرنگـە (ریفرانـدۆم و کۆنگـرەی نەتەوەیـی) دوو پرسـی گـەورەن و شایسـتەی ئـەوەن پێکـەوە گرێیـان بدەیـن و هەڵوەسـتە لەسـەر دروسـتکردنی ئـەو ئاسـتەنگانە بکەیـن کـە بـە هاندانـی دەوڵەتانـی دەرەکـی و بـە بکـەری ناوخـۆی هەوڵـدراوە کـە لـەم قۆناخـەدا بێ ئـاکام بن، بۆیـە لێرەوە هەوڵـدەدەم هەڵوەسـتەیەکی خێـرا لەسـەر هەردووکیـان بکـەم:

### ■ ١. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ سەرکەتوو نەبوو؟

مـن وەك یەکێـك لـە ئەندامانـی لیژنـەی ئامـادەکاری کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد کـە لـە باشـوری کوردسـتان و بەبەشـداری لایەنـە سیاسـییەکانی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان کۆبوونـەوەکانی بەڕێوەچـوو ، ئامـادەی هەمـوو کۆبوونەوەکانـی لێژنـەی ئامـادەکاری کۆنگرەکـە بـووم ، لێـرەدا دەبێـت بـۆ میـژوو ئـەوە بڵێـم بـە پلـەی یەکـەم گوشـار و کاریگـەری هـەردوو دەوڵەتـی ئێـران و تورکیـا بـووە هـۆکاری ئـەوەی کـەوا کۆنگـرە دوابخرێـت، هەروەهـا هـەر سـێ لایەنـە دەسـەڵاتدارەکانی کوردسـتانیەکانیش پـارتی و یەکێتـی و بـە تایبەتی(پەکەکـە) بەرپرسـن لەسـەرنەکەوتنی کۆنگرەکـە.

لـە نـاو لێژنـەی ئامـادەکاری کۆنگـرە چەندیـن کێشـە هەبـوون، لەوانـە کێشـەی ئـاڵای کوردسـتان هەبـوو کـە توانـرا چارەسـەر بکرێـت بـەوەی کـە هاوشـانی ئـاڵای کوردسـتان ئـەو ئاڵایـەی پەکەکـەش لـە باکـووری کوردسـتان بـە ئـاڵای کوردسـتانی دەزانێـت هەڵبکرێـت، هەروەهـا لەسـەر پرسـی سـەرۆکایەتی کۆنگـرە (سـەرۆکی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کورد)یـش سـێ پێشـنیار لەلایـەن (پارتـی و یەکێتـی و پەکەکـە) هەبـوون بەمجـۆرە:

١. پێشـنیاری پارتـی دیموکـراتی کوردسـتان ئـەوە بـوو سیسـتمی سـەرۆکایەتی پەیـڕەو بکرێـت واتـە (سـەرۆکی کۆنگـرەی نەتەوەیـی) هەبێـت.

٢. پێشـنیاری یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان ئـەوە بـوو سیسـتمی سـکرتارییەت پەیـڕەو بکرێـت واتـە (سـکرتاریەتی کۆنگـرەی نەتەوەیـی) هەبێـت.

٣. پێشـنیاری پـارتی کرێـکارانی کوردسـتان PKK ئەوەبـوو سیسـتمی هاوسـەرۆکایەتی پەیـڕەو بکرێـت واتـە (هـاو سـەرۆکی کۆنگـرەی نەتەوەیـی) هەبێـت.

لەسـەر ئـەم پرسـە و لـە ئاکامـی گفتوگۆکـردن لەسـەر ئـەم پێشـنیارانە هەندێـك کێشـە دروسـت بـوو، بـەڵام پاشـان بەڕێـز عەبـدوڵا ئۆجـەلان هاتـە سـەرخەت و بەرێـگای پارێزەرەکانـی نامەیەکـی بـۆ جەنابـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی نـارد، لـەو نامەیـەدا ئۆجـەلان بـە سـەرۆك بارزانـی گوتبـوو، بەڕێزتـان بـرا گـەورە بـن چیتـان پێباشـە ئێمـە پشـتگیریتان دەکەیـن.

دوای ئـەم نامەیـەی ئۆجـەلان پەکەکـە هاتـەوە سـەر خـەت، بـەڵام بـە تێڕوانینێکـی حزبیانـە و بـە هەوڵـدان بـۆ دەسـتەبەرکردنی زۆرتریـن ڕێـژەی ئەندامـانی کۆنگـرە بەشـداریکردەوە، کـە ئەمـەش خاڵێکـی سـەرەکی کێشـەکە بـوو، هـەر بـۆ نموونـە ئەگـەر وای دابنێـن بـۆ باکـووری کوردسـتان ژمارەیـەك کورسـی بـۆ تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکانی باکـوور دیـاری کرابێـت و، بـۆ ئـەوەی هـەر لایەنێکـی سیاسـی باکـوور بـە قەبـارەی خـۆی کورسـی بەربکەوێـت، پەکەکـە ئەمـەی ڕەتدەکـردەوە و داوای دەکـرد بـە تەنیـا ٥٠٪ کورسـیەکان بدرێتـە پەکەکـە و لـە ٥٠ ٪ دیکـەش ئـەو حزبانـەی دیکـە کورسـیان بەربکەوێـت کـە بـە نزیکـی لـە پەکەکـە ناسرابـوون، هەروەهـا لەرۆژئـاوا و رۆژهەڵاتیـش هەمـان پێداگیریـان دەکـرد، ئەمـەش مانـای ئەوەبـوو کـە پەکەکـە ئامادەنەبـوو لـە سـێ پارچـەی کوردسـتان لایەنەکانـی بەرامبـەری بەپێـی قەبـارەی خۆیـان قبـوڵ بـکات.

دیـارە پەکەکـە بـەم تێروانینـە ئایدلۆژییـەی لـە نـاو بزاڤـی رزگاریخـوازی

نیشـتمانی کوردسـتاندا، سیاسـەتەکانی بـە کۆمەڵێـك هەڵکشـان و داکشـاندا بـردووە ، سـەرەتا داوای سـەربەخۆی کوردسـتانی گـەورەی دەکـرد، پـاش ماوەیـەك گـۆڕی بـۆ فیدرالیەتـی هەرێمـی ، ئێسـتاش گۆریووبەتـی نەتـەوەی دیموکـرات، ئـەم گۆڕانکاریانـەش هەموویـان دەگەڕێنـەوە بـۆ بـاش نەخوێندنـەوەی پرسـی کـورد لەسـەر ئاسـتی سیاسـی و لەشـکری لـە ناوچەکـەدا، هەروەهـا دەگەڕێتـەوە بـۆ هەوڵدانـی بەردەوامـی پەکەکـە بـۆ دروسـتکردنی حزبـی نزیـک لـە خـۆی لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان و دەسـتێوەردانی لـە هەرچـوار پارچـەی کوردسـتان و رەتکردنـەوەی لایەنـە سیاسـییەکانی دیکـە، ئەمـەش جۆرێـك لـە پاشـاگەردانی سیاسـی و لیکترازانـی لـە نـاو بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان دروسـتکردووە، ژینگەیـەك دروسـت بـووە کـە لایەنـە سیاسـیەکانی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان نەتوانـن لەسـەر سـتراتیژ و سیاسـەت و گوتارێکـی هاوبـەش رێکبکـەون.

ئاکامـی سـەرنەکەوتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی ئەوەیـە کـە ئێسـتا لـە رۆژئـاوای کوردسـتان دەبینیـن و تورکیـا بەبەرچـاوی هەمـوو جیهانـەوە هێرشـی کردە سـەر عفرین و داگیـری کـرد و هەمـوو جیهانیـش بێدەنـگ بـوون و ئێسـتا لـە مەنبـج پاشەکشـەیان پێدەکـەن، هەروەهـا ئەوەیـە کـە لـە باکـووری کوردسـتان دەبینیـن نەتوانـرا سـوود لـەو دەرفەتـە وەربگیرێـت کـە بـۆ یەکەمجـار کـوردی باکـوور توانیـان بەرێگـەی هەڵبـژاردن وەك فراکسـیۆنێکی پەرلەمانـی بچنـە نـاو پەرلەمانـی تورکیـا، ئێسـتا لـە ئاکامـی ئـەو سیاسـەتەی پەکەکـە و حسـاب نەکردنـی بـۆ حکومەتـی کوردسـتان، ئەوەیـە کـە سوپای تورکیـا لەشکرکێشـی دەکات بـۆ سـەر خاکـی باشـور و دەیەوێـت هێـرش بـۆ سـەر قەندیـل بـکات، بێگومـان هەمـوو لایەکـمان دژی ئـەو لەشکرکێشـییەی تورکیایـن، لـە هەمـان کاتـدا هەمـوو لایەکـمان ئـەو راسـتییەیش دەزانیـن کـەوا قەندیـل لەسـنوری تورکیـا نیـە هەتـا بڵێـن پەکەکـە لـە قەندیلـە بـۆ ئـەوەی بتوانێـت خەبـات لـە باکـوور بەردەوامـی پێبـدات.

بەڵام ئەگەر بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی سەرکەتوو بوایە، پەکەکە سیاسەتێکی نەرم و واقیعبینانەی پیادە بکردبووا، ئەوا ئێستا لەهەر پارچەیەکی کوردستان کێشەیەك هەبووایە، لانی کەم رایەڵەیەکی هاوخەباتی و هاوپشتی لەنێوان تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەبوو، ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی سەرکەتوو بوایە، لە رۆژئاوای کوردستان، لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوا هاوشانی پارتی یەکێتی دیموکرات PYD لە رۆژئاوا بوونیان دەبوو، ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی سەرکەتوو بوایە، جیهان قبوڵی نەدەکرد کە پەکەکە لەسەر خواستی تورکیا لە لیستی تیرۆردا بێت، پەکەکە لەو لیستە دەردەهێنرا.

**■ ٢. ریفراندۆم سەرکەتوو بوو، بە چ ئامانجێك خیانەتی لێکرا؟**

ساڵی پار کە لەم مانگەدا، رۆژی ٢٥ی ئەیلوول بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دیاریکرا، ئەمە وایکرد بۆ یەکەمجار لە میژووی کوردستاندا، دۆزی کوردستان ببێتە رووداوێکی گەورە لە ناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بۆیە وەك رووداوێکی مێژوویی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم بە گەورەترین رووداوی مێژوویی لە خەباتی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لە سەدەی بیست و یەك دادەنرێت، هەروەها لەمە گرنگتر ئەوەبوو کە ئەم پرۆسەیە بەسەرکەتوویی و بەبەشداری چاودێری نێودەوڵەتی ئەنجامدرا و ، یەکەمجار بوو لە مێژوودا گەلی کوردستان بە رێژەی ٩٣٪ و بەشداری کۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پەیامی خۆیان بە جیهان رابگەیەنن کە ئەم گەلە سەربەخۆی دەوێت و نایەوێت بەشێك بێت لەو عێراقەی ئێستا بوونی هەیە.

لە پرۆسەی ریفراندۆمیشدا بە هاوشێوەی کۆنگرەی نەتەوەیی گوشارێکی گەورەی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران هەبوو بۆ ئەوەی پرۆسەی ریفراندۆمیش دوابخرێت، بەڵام چۆن نەیانتوانی رێگە لە پرۆسەی ریفراندۆم بگرن و پێداگیری سەرۆك مسعود بارزانی سەرکەوتووانە پرۆسەکەی گەیاندە ئامانج، ئەوا دوای

سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆمیش بیجگە لە گرتنە بەری چەند هەنگاوێك بۆ گوشار خستنە سەر کوردستان نەیانتوانی هیچ هەنگاوێکی دیکە هەڵبگرن، بۆیە هەموو هەوڵی خۆیان چڕکردەوە بۆ ئەوەی بەدوای بکەرێکی ناوخۆیی بگەڕێن بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێن و رێگە نەدەن ئەو خەونەی کوردستان ببێتە واقیع، دیسانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئەگەر ئەو بکەرە ناوخۆییە نەبوایە نە کۆنگرەی نەتەوەیی دوادەخرا نە لە ١٦ی ئۆکتۆبەریشدا ئەو خیانەتە گەورەیە لە کوردستان دەکرا.

هۆکار و ئامانجی سەرەکی ئەم خیانەتەی لە ریفراندۆم کرا، پێش هەموو شت غەدرێکی گەورە بوو بەرامبەر بەسەرۆك مەسعود بارزانی ئەنجامدرا، لەبەر ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەم خیانەتە تەنیا ئامانجیان ئەوەبوو کە دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی دانەمەزرێت.

هەندێك لەوانەی کە خیانەتەکەیان ئەنجامداوە و پێش دەبابەکانی حەشدی شەعبی کەوتن و کەرکوکیان تەسلیم کرد، بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە هێزی دوژمن نابەرانبەر بووە و نەیانوویستووە شەڕێکی دۆڕاو بکەن، بەڵام هەر تەنیا چوار رۆژ دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و لە کاتیکدا بەهۆی خیانەتەکەوە مۆراڵی پێشمەرگەش وەك رۆژانی پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر نەبوو، کاتێك هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی ویستیان بەرەو دهۆك و هەولێر پێشرەوی بکەن، هێزی پێشمەرگەی کوردستان پیشانی جیهانی دایەوە کە چۆن مقاوەمەت دەکات، هەر لەو شەڕانەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی سەدان تانك و زرێپۆش و هەمەر و هامڤی لە مەخموور و پردێ و سحێلا بە هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی بەجێبهێڵێت، لەدوای ئەم بەرگرییە قارەمانانەیەش باردۆخەکە بەتەواوەتی گۆڕا و زەمینەیەکی تازە هاتە پێشەوە.

هەر بۆیە ئەگەر ئەو خیانەتە نەبوایە و لە کەرکوك بەرگری بکرابووایە، ئەوا

چـۆن بـە چەنـد رۆژێـك دوای مقاوەمەتـی پـردێ و مەخمـوور و سـحێلا باردۆخەکـە گـۆڕا وتەنانـەت وتوێژیـش لەنێـوان هەولێـر و بەغـدا دەسـتی پێکـردەوە و دوای ئەویش پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانی کوردسـتان و جیهـان وردە وردە گەڕایـەوە و، دواتریـش گەمـارۆی ئاسـمانی لەسـەر کوردسـتان هەڵگیـرا، ئـەوا لـەدوای بەرگرییەکـی ئـاواش لـە کەرکـوك دوای چەنـد رۆژێـك جارێکـی دیکـە باردۆخەکـە دەگـۆڕا و ئێسـتا لەگـەڵ عێـراق دانوسـتاندنی ئەوەمـان دەکـرد سـنوری نێـوان کوردسـتان و عێـراق چـۆن بێـت.

لـەم دوو فرسـە مێژووییـەدا (ریفرانـدۆم و کۆنگـرەی نەتەوەیی) کە دوو دەسـکەوتی گـەورە و پیـرۆز بـوون بـۆ هەمـوو کوردسـتان و بـە پلـەی یەکـەم بـە هـۆکاری بکـەری ناوخۆیـی ئاسـتەنگیان بـۆ دروسـتکراوە، دەبێـت بنـە دوو وانـەی گـەورە و گرنـگ بـۆ هەمـوو حزبـە سیاسـییەکانی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان، ئـەو وانەیـەش ئەوەیـە ئیـرادەی گەلـی کوردسـتان توانـای ئـەوەی هەیـە خەبـات سـەربخات و هەنـگاو بـەرەو یەکریـزی و یەکگوتـاری و دەوڵەتـی سـەربەخۆ هەڵبگرێـت، بـەڵام ئـەوەی بۆتـە ئاسـتەنگ کـە ناهێڵێـت ئاواتەکانمـان بێتـەدی، بەهێـزی دوژمنەکانمـان نیـن، بەڵکـو خۆخـۆری و یەکـتری رەتکردنـەوە و تێڕوانینـی تەسـکی حزبیانـەی بەشـێکی لایەنـە سیاسـیەکانی کوردسـتانە.

***

**تێبینـی:** ئـەم وتـارە لـە ژمـارە (١١٧٤)ی ڕۆژی سێشـەممە، رێکـەوتی ٢٠١٨/٦/١٢ ی گۆڤـاری (گـوڵان)دا؛ بڵاوبۆتـەوە.

# گەڕانەوە بۆ بەغدا و
# کای کۆن بەباکردن

دوای هەڵبژاردنــەکانی پەرلەمــانی ئێــراق و، لــە یەکــەم دانیشــتنی پەرلەمــانی ئێــراق جارێکــی دیکــە کــورد گەڕایــەوە بەغــدا و، بەنیــازە لــە حکومــەتی داهاتــووی ئێراقــدا بەشــدار بێتــەوە، هەمــوو لایــەک بینیــمان لــە چەنــد ڕۆژی ڕابــردوودا کــەوا لایەنــە ئێراقییــەکان چــۆن ســەرۆکی کۆمــاری ئێراقیــان هەڵبــژارد، کــەوا بــەدەر بــوو لــە ســازانی کوردســتانی، لــە خولــەکانی ڕابــردووی هەڵبــژاردنی ســەرۆک کۆمــاردا هەمیشــە پەیــڕەوی ســازانی نیشــتمانی کوردســتانی دەکــراو لایەنــە کوردســتانییەکان بەیەکــەوە پاڵێوراوێکیــان بــۆ ســەرۆک کۆمــاری ئێــراق دەپــاڵاوت، بــەڵام شــێوازی ئەمجــارە وایکــرد کــەوا ئــەم ســازانە کوردســتانییە نەمێنێــت و لایەنــە ئێراقییــەکان و کەســانی دیکــە لــە جیــاتی گــەلی کوردســتان بڕیاربــدەن کــێ بکــەن بــە ســەرۆک کۆمــاری ئێــراق، بێگومــان ئەمــەش پێشــینەیەکی بــاش نییــە بــۆ داهاتــوو، (مــن وەک خــۆم بــاوەڕم بــە ئێــراق نیــە و بــاوەڕم بەهیــچ دەســەڵاتێکی ڕابــردووی ئێــراق نەبــووەو بــاوەڕم بەهیــچ دەســەڵاتێکی ئێســتا و ئاینــدەی ئێراقیــش نابێــت)، بــەڵام لــەو ڕوانگەیــەی کــە تــا ئێســتاش ئێمــەی گــەلی کوردســتان لــە چوارچێــوەی نەخشــەی داتــاشراوی ئێراقــدا ماوینەتــەوە، پێویســە لەســەر تــەواوی ئــەو پرســانەی پەیوەســتن بــە کوردســتان و ئێــراق ســازانی نیشــتمانی کوردســتانیمان هەبێــت.

بێگومـان دوای دەسـتبەکاربوونی سـەرۆکی پەرلەمـان و سـەرۆکی کۆمـار، بەڕێـز عـادل عەبدولمەهـدی بـۆ پێکهێنانـی حکومەتـی نوێـی ئێـراق راسـپێرراوە، لـە رۆژانی داهاتـوودا پێکهێنانـی ئـەو حکومەتـە لەلایـەن (عەبدولمەهدی)ییـەوە دەبینیـن، بێگومانـم لـەوەی کــەوا دووبارەکردنــەوەی هەمــان ســیناریۆکانی پێشــووی (عــەلاوی و جەعفــەری و مالیکـی و عەبـادی) یـەو هیچـی دیکـە، واتـە کای کـۆن بەباکردنـە نـەك دەوڵەتـداری و بیناکردنـی حکومەتێکـی دامەزراوەیـی و سیسـتماتیك و مۆدێـرن، لـە ئێراقـدا خەڵـك کێشــەی گۆڕینــی دەم و چاوەکانــی نییــە، بەڵکــو کێشــەی ســەرەکی خەڵکــی ئێــراق گۆڕینـــی عەقلیـــەت و شـــێوازی بیرکردنەوەیـــە، گۆڕینـــی شـــێوازی مامەڵەکردنـــە لەگـــەڵ پێکهاتەکانـــی چوارچێـــوەی نەخشـــەی داتـــاشراوی ئێـــراق، کێشـــەی خەڵکـــی ئێـراق ئەوەیـە کـەوا پێکهاتەیـەك دەبێتـە کوێخـاو خـۆی دەکاتـە دەمڕاسـتی هەمـوو لایــەك و بەچــاوی هاوڵاتــی پلــە دوو ســەیری پێکهاتەکانــی دیکــە دەکات، ئەمــەش وای کــردووە کێشــەکانی ئێــراق بەردەوامــبن و بێچارەســەر بمێننــەوە.

گەڕانـەوەی کـورد بـۆ بەغـدا و بەشـدار بوونـەوەی لـە پرۆسـەی سـیاسی ئێـراق بـەو رەوشـەی ئێسـتای کـەوا زۆربـەی لایەنـە کوردسـتانییەکان لەگـەڵ یـەک ناکۆکـن و سـازانی کوردســتانی وەک جــاران نەمــاوە، ئــەوە وادەکات کــورد لــە بەغــدا بــە لاوازی ســەیر بکرێــت، ئەمــە لــە لایــەک لــە لایەکــی دیکــەوە رووداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبــەری ٢٠١٧ و ٢ی ئۆکتۆبــەری ٢٠١٨ درزیــان خســتە یەکڕیــزی کوردســتانی و ســازانی کوردســتانییان نەهێشــت، ئەمــەش وایکــردووە بەغــدا بــە چــاوی کاراکتەرێکــی لاواز و پێکناکــۆک لــە کــورد بڕوانێــت، بەتایبــەت هەڵبــژاردنی ســەرۆک کۆمــاری ئێــراق بــەم شــێوازەی ئێســتا وایکــردووە لایەنــە ئێراقییــەکان بــە چاوێکــی نزمــتر لــە جــاران ســەیری کــورد بکــەن، بۆیـە پێویسـتە سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان هەڵوەسـتەی جـددی لەسـەر ئـەم خاڵانـە بـکات ئنجـا بەشـداری حکومـەتی داهاتـووی ئێـراق بـکات.

ئەگـەر کـورد وەك جارانـی پێشـوو بـێ سـوود وەرگرتـن لەڕابـردوو ئەمجـارەش بـەم

ڕەوشـەی ئێسـتای لـەم حکومەتـەی ئێراقـدا بەشـداربێت، ئـەوا کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی نابێـت، لەبەرئـەوەی سـەرکردایەتی کـورد لـە کاتـی ڕووخانـی ڕژێمـی پێشـووی ئێـراق لــە ٢٠٠٣ هوە تــا ئێســتا لــە حکومەتــە یــەك لــەدوای یەکەکانــی ئێراقــدا بەشــدار دەبێــت و، بــەردەوام لــە دانوســتان و گفتوگۆدایــە بــۆ وەدەســتهێنانی خواســتەکانی گەلــی کوردســتان کەچــی تائێســتا پرســەکان بەهەڵــواسراوی ماونەتــەوەو چارەســەر نەکــراون، کاتــی خــۆی عــەلاوی چارەســەری دۆســیەی کــوردی بــۆ جەعفــەری بەجێهێشــت، جەعفــەری دۆســیەی کــوردی بــۆ مالیکــی بەجێهێشــت، هەمــوو لایەکیــش دەزانیــن مالیکــی لــە جیاتــی چارەســەر دۆسـیەکەی پڕکێشـەو ئاڵۆزتـر کـردو بــۆ عەبــادی جێهێشــت، عەبادیــش گۆڵمەزێکــی ناوەتــەوە کێشــەکانی قوڵترکردۆتــەوەو بــۆ عــادل عەبدوملەهــدی جێدەهێڵێــت، دڵنیابــن عەبدوملەهدیــش بــۆ ئــەوەی دوای خـۆی جێدەهێڵێـت، واتـە ئـەم یارییـە سـەرەتای هەیـە و کۆتایـی نییـە، بۆیـە پێویسـتە سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان هیچـی دیکـە کات بەفیـڕۆ نـەدات و بـەو دەسـتی دەسـتییە ڕازی نەبێـت و، بەڕاوێـژ لەگـەڵ تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکانی باشـووری کوردســتان بڕیــاری نەتەوەیــی و نیشــتمانی و یەکلاییکــەرەوەی خــۆی بــدات و، بــە زووتریــن کات ئەنجوومەنێکــی ســیاسی لــە تــەواوی لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان پێکبهێنێـت و بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئێـراق ئـەو ئەنجوومەنـە بڕیاربـدات، نـەک هـەر کـەس و لایەنێـک چـی بخوازێـت ئـەوە بـکات، پـرسی ئێمـە لەگـەڵ بەغـدا پرسـێکی نەتەوەیـی و نیشـتمانییە، بۆیـە پێویسـتیمان بـە کۆدەنگـی هەیـە، نـەک کەسـانێک بـە ئـارەزووی خۆیـان و بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بـازرگانی بـەم پرسـە بکـەن.

ئــەو ڕەوشــەی ئێســتا کــەوا کــوردی تێدایــە لــە ســەرکردایەتی ســیاسی کوردســتان دەخوازێــت ســوودی لێوەربگرێــت و لەدەســتی نــەدات و، بەهــاوکاری و پشــتیوانی لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان وەک لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا ئەنجوومـەنی سـیاسی یــا بەرەیەکــی فراوانــی کوردســتانی پێکبهێنێــت و هیــچ لایەنێــك پەراوێــز نەخــات،

لەبەرئــەوەی هەمــوو لایەکــمان دڵســۆزی بەشــێکی زۆری لایەنــە سیاســییەکانی کوردستان دەبینیـن کـەوا چـۆن بەرەڤانـی لەدەسـتکەوتەکانی گەلـی کوردسـتان دەکـەن و پشـتیوانی سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتانن، هەقـە لەمـەودوا سـەرکردایەتی کوردسـتان ئەمــە بەهەنــد وەربگرێــت و چــاو بەهەڵوێســت و سیاســەتەکانیدا بخشــێنێتەوەو زیاتـر ناوەنـدی سیاسـی کوردسـتان رێبکخاتــەوەو بەهێـزی بـکات و، قسـەو بیـرورِاو بۆچوونـی وڵاتپارێـزو دڵسـۆزانیش بەبایەخـەوە وەربگرێـت و بەسـینگێکی فراوانیشـەوە بەپیـر رەخنـە و گازندەکانـی خەڵکـەوە بچێـت و لەخەمـی چارەسـەرکردنی گرفتەکانـی خەڵکـدا بێـت، ئـەوەی کـە بـۆ ئەمـلاو ئـەولای دەکات بـا بـۆ خەڵکـی کوردسـتانی بـکات، ناعەدالەتـی و پەراوێزخسـتن لـە کوردسـتان هەیـە، ئەمـە واقیعێکـەو پێویسـتە دانـی پێدابنێیـن و، کار بـۆ نەمانـی ئـەو دیاردانـە بکەیـن، لـەم رەوشـەدا پێویسـتە بەگیانێکــی کوردســتانییانە کار بکەیــن و راوێــژی تــەواو لەنێــوان هەمــوو لایەنــە سیاسـییە کوردسـتانییەکاندا هەبێـت، بێگومـان ئەگـەر بـەو ئاراسـتەیە کار نەکەیـن لـە ناوخـۆی کوردسـتان و لەسـەر ئاسـتی ئێـراق و ناوچەکـەش بـە لاوازی سـەیر دەکرێیـن.

لێـرەدا جارێکـی دیکـەش جەختدەکەمـەوە سـەر ئـەوەی کـەوا پێویسـتە هەمـوو لایەکــمان لــەم قۆنــاخ و رەوشــە هەســتیارو ناســکەدا جلــی حزبایەتــی فرِێبدەیــن و جلــی کوردایەتــی بپۆشــین، لەبەرئــەوەی ئــەو هەرِەشــانەی کــە هــەن لەســەر کــوردن نــەك ئــەم حــزب و ئــەو حــزب، کــە دەمانکــوژن ناپرســن: کام حزبــن؟ بەڵکــو کــە ســەیر دەکــەن کوردیــن بەچاوێکــی دیکــە ســەیرمان دەکــەن و دەمانکــوژن، بەدرێژایــی مێــژوو پرســی ئێمــە پرســی نەتەوەیــی و نیشــتمانی بــووە، لــە رابــردوودا دەســەڵاتدارانی ئێــراق بــەردەوام هەوڵیانــداوە کــورد وەکــو نەتــەوە بەخــاك و خەڵکــەوە نەهێڵــن، ئەمــرِۆش بەهەمــان شــێوە دەســەڵاتدارانی ئێــراق چاویــان بــە پێشــکەوتنەکانی گەلــی کوردســتان هەڵنایــەت و شــەرِی کــورد و پێکهاتەکانــی گەلــی کوردسـتان دەکـەن، لـە هەوڵـی لاوازکـردن و سـنووردارکردنی دەسـەڵاتی کوردسـتاندان، بۆیـە

لەســـەر هەمـــوو لایەکمانـــە کـــەوا بەخۆمانـــدا بچینـــەوەو سیاســـەتێکی نەتەوەیـــی و نیشـــتمانی پێـــڕەو بکەیـــن و کار بـــۆ نەتـــەوەو نیشـــتمان بکەیـــن نـــەك حـــزب، پێویســـتە حـــزب بکەینـــە هۆکارێـــك بـــۆ خزمەتکردنـــی گەلـــی کوردســـتان، نـــەك گەلـــی کوردســـتان بخەینـــە خزمەتـــی حـــزب.

لایەنـــە ئێراقییـــەکان ســـەرەڕای ناکۆکـــی نێوانیـــان هەموویـــان لەســـەر لاوازکـــردنی پێگـــەی کـــورد یەکهەڵوێســـتن و بـــەردەوام کار لەســـەر ناکۆکـــی و دووبەرەکـــی لایەنـــە کوردســـتانییەکان دەکـــەن بۆئـــەوەی لـــەم ڕێگەیـــەوە هەوڵبـــدەن پێگـــەی کـــورد لاواز و بێکاریگـەر بکـەن، بێگومـان باشـترین چەکـی ئێمـەش بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەم پیلانـە یەکڕیـــزی و یەکدەنگیمانـــە، یەکدەنگـــی و یەکڕیزیمـــان دەبێتـــە چەکـــی کاریگـــەرو فاکتـــەری ســـەرەکی ســـەرکەوتن و گەیشـــتن بـــە ئامانجەکانمـــان و پوچەڵکردنـــەوەی پیلانـــەکانی ناحەزانمـــان .

کارکردنـــی هەمـــوو لایەکـــمان بـــەو ئاراســـتەیەی کـــە باســـمان کـــرد ســـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان زیاتـر دەکەنـە جێـی ئومێـدی جەمـاوەرو بوونێکـی کاریگەرتریشـمان دەبـێ لەناوەنـدە سیاسـییەکان و هەمیشـە بـە بایەخـەوە لـە هەڵوێسـت و کارەکانمـان دەڕوانـری و، ئێـراق و وڵاتانیـش بـەردەوام بیـرو بۆچوونەکانمـان بەهەنـد وەردەگـرن و مامەڵەیەکـی گونجاوترمـان لەگـەڵ دەکـەن، بـەدەر لەمـە هەمـوو لایەکـمان زیانمەنـد دەبیـن و لـە ڕەوتی نیشـتمانی و نەتەوەیـی دەردەچیـن، بۆیـە پێویسـتە بـە وریاییـەوە هەنـگاو بـەرەو یەکدەنگـی و یەکڕیـزی بنێـن و، ئەوەمـان لەبەرچـاو بێـت کـە هەمـوو لایەکـمان کارمـان بنیاتنانـە نـەك تێکـدان.

***

**تێبینـی:** ئـەم وتـارە لـە ژمـارە (١١٨٩)ی، ڕۆژی سێشـەممە، ڕێکـەوتی ٢٠١٨/١٠/٩ ی گۆڤـاری (گـوڵان)دا؛ بڵاوبۆتـەوە.

با ڕەچاوی بەرژەوەندی
نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین

لای هەمـوو لایەکـمان روونـە کـەوا تەنهـا بـە یەکڕیـزی و تەبایـی دەتوانیـن هەنـگاو بـەرەو ئایندەیەکـی گـەش بهاوێیـن، بەتایبـەت لـەم کاتـەدا کـە کوردسـتان و ناوچەکـە لـە رەوشـێکی ناسـک و هەسـتیاردان و، گەلـی کوردسـتان بـە قۆناخێکـی زۆر چارەنووسـازدا دەربـاز دەبێـت، ئـەم قۆناخـە چارەنووسـازە پێویسـتی بـە یەکێتـی نەتەوەیـی یەکڕیـزی نیشـتمانی هەیـە، ئەمـڕۆ بارودۆخـی نێودەوڵەتـی بـۆ گەلـی کوردسـتان زۆر گونجـاوە لـەڕووی خەباتـی سیاسـی و دبلۆماسـی، هەمـوو جیهـان بـە چـاوی هیـواوە سـەیری کوردسـتان دەکـەن، بـەڵام بەداخـەوە بارودۆخـی ناوخۆیـی کوردسـتان بـاش نییـەو پەیوەنـدی نێـوان پارچەکانـی کوردسـتان و حیزبـەکان لـە ئاسـتێکی خراپدایـە، لایەنـە سیاسـییەکانی بەشـدار لـە دەسـەڵاتی باشـووری کوردسـتان ناکۆکـن و ئەوەنـدەی رەچـاوی بەرژەوەنـدی حیزبـی دەکـەن نیـو ئەوەنـدە رەچـاوی بەرژەوەنـدی بـاڵای نەتەوەیـی و نیشـتمانی ناکـەن، لایەنەکانـی رۆژئـاوای کوردسـتان کێشـەیان هەیـە و لەهـەڤ نایـەن، لـە باکـووری کوردسـتان رژێمـی تورکیـا پرۆسـەی ئاشـتی بـە بنبەسـت گەیانـدووە و، خەباتـی گەلـی کوردسـتان لـە باکـووردا لـە هەڵکشـان و

پێشـڤەچووندایە، لـێ مخابـن هەماهەنگـی نەتەوەیـی بـۆ پشـتیوانی و هـاوکاری وەکـو پێویسـت نابینرێـت، لـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش سـەرەڕای پێشـڤەچوونی خەبـات و تێکۆشـان، یەکڕیـزی و هەماهەنگـی و کارنامەیەکـی هاوبـەش نییـە، بـۆ دەربازکردنـی ئـەم رەوشـە نالەبـارە پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لەبەرچـاو بگریـن و کار بـۆ یەکێتـی نەتەوەیـی و یەکڕیـزی نیشـتمانی بکەیـن.

بێگومـان ئـەم بارودۆخـەی کوردسـتان لـە هەمـوو لایەکـمان دەخـوازێ کـەوا نزیکـی یەکـدی بیـن، بۆیـە پێویسـتە لـە نزیکتریـن کاتـدا کاربکەیـن بـۆ ئەنجامدانـی کۆبوونەوەیەکـی فـراوان بـۆ تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکان و بۆئـەوەی لـە کۆبوونەوەکـەدا نەخشـە رێگایـەک بـۆ دەربازبـوون لـە قەیرانـەکان دابڕێژیـن.

ناوەنــدی سیاســی باشــووری کوردســتان پــەرش و بــڵاو و لێکــترازاوە، بــە پێویسـتی دەزانیـن لـەم رووەوە روانینـی خۆمـان سـەبارەت بـەم پرسـە بخەینـەڕوو؛ باشــووری کوردســتان لــەدوای راپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ بــە کۆمەڵــێ هــەورازو نشـێودا تێپەڕیـوە، وەکـو ئەزموونـی حوکمـداری گەلـی کوردسـتان بـێ کێشـەو بـێ گرفـت نەبـووە، بـەڵام سـەرەڕای ئاسـتەنگەکان توانیویەتـی لەسـەر پێـی خـۆی بوەسـتێ، بێگومـان لـە تـەواوی جیهانـدا حکومـەت نیـە بـێ گرفـت و بـێ کێشـە بێــت، بــەڵام کێشــەو گرفتــەکان لــە کۆمەڵگایەکــەوە بــۆ کۆمەڵگایەکــی دیکــە جیـان، ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئاسـتی تێگەشـتن لـە سیسـتەمی حوکمـداری لـە هــەر کۆمەڵگایەکـدا.

کێشــەو گرفتەکانــی ئێســتای کوردســتان باکگراوندێکــی سیاســی و مێژوویــان هەیــە، رەنگدانــەوەی واقیعــی دووبەرەکــی وناکۆکــی سیاســی نێــوان لایەنــە سیاسـییەکانی کوردسـتانن، بۆیـە چارەسـەری ئـەم پرسـە پەیوەسـتە بـە چارەسـەری گرفــت و ناکۆکــی مێــژووی نێــوان لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان، بۆئەمــەش



پێویســتە لایەنــە سیاســییە ناکۆکــەکان بــە دیدگایەکــی ســەردەمییانە سیاســەتی نوێــی جیهــان بخوێننــەوە و لەجیاتــی بەرژەوەنــدی تەســکی حیزبــی ڕەچــاوی بەرژەوەنــدی نەتەوەیــی و نیشــتمانی بکــەن.

پێویســتە لایەنــە ناکۆکەکانــی باشــووری کوردســتان دەکەیــن، ڕەچــاوی هەســتیاری بارودۆخــی کوردســتان بکــەن و، وەکــو ڕیزگرتــن لــە خوێنــی پاکــی شــەهیدان و قارەمانێتــی پێشــمەرگە و خۆڕاگــری گەلــی کوردســتان؛ ناکۆکییەکانیــان بخەنــە لاوەو بگەڕێنــەوە ســەر مێــزی دیالــۆگ و لەیەکترگەیشــتن، لەبەرئــەوەی ســەردەم ســەردەمی دیالــۆگ و لەیەکترگەیشــتن و لەهەڤهاتنــە، لــەم پێنــاوەدا پێشــنیار دەکەیــن کــەوا:



یەکـــەم: بـــۆ ڕێکخســـتنەوەی ناوەنـــدی سیاســـی کوردســـتان و دەربازکردنـــی لـــەو پـــەرش و بڵاوییـــەی کـــە تێیدایـــە پێویســـتە بەزووتریـــن کات (ئەنجوومەنـــی سیاســـی کوردســـتان) لەتـــەواوی هێـــزو لایەنـــە سیاســـییەکانی باشـــووری کوردســـتان پێکبهێندرێـــت و، ئـــەم ئەنجوومەنـــە وەکـــو پاڵپشـــتێکی سیاســـی بـــۆ دەســـەڵاتی سیاســـی کوردســـتان لـــە کاردابێـــت و ڕۆڵـــی ڕاوێـــژکاری ببینێـــت و، لـــە کاتـــی هاتنەپێشـــی قەیرانەکانـــدا بـــە پـــڕۆژەو کارنامـــەی هاوبەشـــی سیاســـی هاوکاربێـــت.

دووەم: ئەنجامدانـــی کۆنگرەیەکـــی ڕاوێـــژکاری بـــۆ شـــارەزا و پشـــپۆڕان بـــۆ داڕشـــتنی نەخشـــەڕێگایەکی گشـــتگیر بـــۆ دەربازکردنـــی باشـــووری کوردســـتان لـــەو قەیرانانـــەی کـــە تێیکەوتـــووە.

سـێیەم: سیسـتمانیکردنی دەزگا و دامەزراوەکانـی کوردسـتان، دوورخسـتنەوەی کاری حیزبـی لـە دەزگاو دامـەزراوەکان، بۆئـەوەی حکومەتـی کوردسـتان ببێتـە حکومەتـی خەڵکـی کوردسـتان نـەک حکومەتـی ئـەم حیـزب و ئـەو حیـزب.

چـوارەم: قوڵکردنـەوەی گیانـی یەکـدی قبوڵکـردن و ڕەتکردنـەوەی خۆسـەپاندن و قۆرخـکاری لـە ناوەنـدی سیاسـی کوردسـتان و تـەواوی بوارەکانـی ژیانـدا.

پێنجـەم: لـە جیاتـی حزبـەکان؛ پێویسـتە پەرلەمـان و حکومەتـی کوردسـتان وەکـو دوو دامـەزراوەی نەتەوەیـی نوێنەرایەتـی گەلـی کوردسـتان لـە تـەواوی ناوەندەکانـی ناوخـۆ و ناوچەکـە و جیهـان.

شەشـەم: گوێگرتـن لـە داخوازییەکانـی خەڵکـی کوردسـتان و باشـترکردنی ژیـان و گوزەرانیـان.

حەوتـەم: یەکخسـتنەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە بـە کردەیـی و باشـترکردنی ژیـان و گوزەرانیـان.

هەشـتەم: یەکخسـتنەوەی دەزگا ئەمنـی و هەواڵگرییـەکان بەکردەیـی و کردنیـان بـە دامـەزراوەی نەتەوەیـی و نیشـتمانی و دوور لـە دەسـتێوەردانی حیزبـی و، دەوڵەمەندکردنیـان بـە کەسـانی پسـپۆڕ و شـارەزا.

نۆیـەم: بەشـدارکردنی تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان لـە داڕشـتنی بڕیـاری سیاسـی و وازهێنـان لـە پەراوێزخسـتنی ئـەم لایـەن و ئـەو لایـەن.

دەیـەم: پێویسـتە لایەنـە ناکۆکـەکان واز لەیەکـدی ناشـیرینکردن و شـەڕی ڕاگەیانـدن بهێنـن و بـە زمانـی سـەردەم زمانـی لۆژیـک لەگـەڵ یەکـدی بدوێـن.

یازدەهـەم: پێکهێنانـی (بـۆردی سـەربەخۆیی کوردسـتان) کـەوا کار بـکات بـۆ جولاندنـی ئەنجامـی ریفرانـدۆم و چۆنیەتـی هەنگاونـان بـەرەو سـەربەخۆیی کوردسـتان، ئـەم پرسـە پرسـێکی نەتەوەیـی و نیشـتمانییە و پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان لەسـەری هـاوکار و یەکدەنـگ بیـن.

ئـەم خاڵانـە وەکـو هەنگاوێـک بـەرەو هێورکردنـەوەی ناکۆکـی لایەنەکانـی دەسـەڵات دەخەینـەڕوو، بۆئـەوەی ببێتـە فاکتەرێـک بـۆ لەهەڤهاتـن و ئاشـتبوونەوەی نیشـتمانی و ئەنجامدانـی چاکسـازی بـۆ دەربازکردنـی باشـووری کوردسـتان لـەو قەیرانانـەی تێیکەوتـووە، ئەمـەش پێویسـتی بـە نیـەت پاکـی و هـاوکاری و کاری هاوبەشـی هەمـوو لایەکمانـە.

# ژياننامەی غەفوور مەخمووری

- غەفوور تاهير سەعيد سارمەمی ناسراو بە (غەفوور مەخمووری).

- ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی کەندی قەلان (وادي الغراب)ی سەر بە قەزای مەخموور لەدايکبووە.

- خوێندنی سەرەتايی لە قوتابخانەی ميجانی سەرەتايی لە گوندی (مشار) تەواوکردووە.

- خوێندنی ناوەندی و ئامادەيی لە مەخموور و هەولێر تەواو کردووە.

- دەرچووی کۆلێژی ئادابی – زانکۆی سەلاحەددين – هەولێرە.

- لە ساڵی ١٩٩٥ بە هاوکاری کۆمەڵێ کەسايەتی نەتەوەيی و وڵاتپارێز يەکێتی نەتەوەيی ديموکراتی کوردستان YNDKی دامەزراندووە.

- سکرتێری گشتيی يەکێتی نەتەوەيی ديموکراتی کوردستان YNDKە.

- ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە لە خولی دووەم (٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩).

- ئەندامی کارای سەنديکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

- ئەندامی فيدراسيۆنی رۆژنامەنووسانی جيهانە IFJ.

- ئەندامی يەکێتی نووسەرانی کوردە.

- ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەيی کوردستان KNK ە.

- ئەندامی گەڕی يەکەمی ديالۆگی کوردی – عەرەبی بوو کە لە مايسی ١٩٩٨ لە قاهيرەی پايتەختی ميسر بەسترا.

- کارگێری لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستانە.

- ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەيی کوردە.

- خاوەن ئيمتيازی رۆژنامەی (ميديا)يە.

- ئەندامی زۆربەی زۆری کۆنگرە و کۆنفرانسە سياسی و ئەکاديمييەکان بووە کە لە کوردستان و دەرەوە بەستراون.

- کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی هزری و رۆشنبیری و ئەدەبی لە گۆڤار و رۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە.

**- تا ئێستا چەند کتێبێکی بەچاپ گەیاندووە، کە ئەمانەن:**

١- سەرەتایەك بۆ حەیران کورتەیەك لە ژیانی حەمەد بەگی ، چاپی یەکەم، ١٩٨٩

٢- بناری قەرەچووغ ، چاپی یەکەم، ١٩٩٠

٣- سێ تیشك لە پەنجەرەی شیعرەوە ، چاپی یەکەم، ١٩٩١

٤- حوارات حول القضية الكوردية ، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠

٥- حەیران (چەمك – ناوەڕۆك – سەرهەڵدان) ، چاپی یەکەم، ٢٠٠١

٦- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢

٧- تعريب كوردستان ،الطبعة الأولى، ٢٠٠٦

٨- بەعەرەبکردنی کوردستان ، چاپی دووەم، ٢٠٠٦

٩- بصراحة ، الجزء الاول، الطبعة الأولى، ٢٠١٠

١٠- هەگبەی مەخمووری، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

١١- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی سێیەم ، ٢٠١٠

١٢- عومەر خامۆش ( کۆشیعر )، چاپی یەکەم ، ٢٠١٢

١٣- تعريب كوردستان ، الطبعة الثانية ، ٢٠١٣

١٤- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ... ئەرکە هەنووکەیی و ئامانجە ستراتیژییەکان ، چاپی یەکەم، ٢٠١٦

١٥- الحيران (مفهوما ومضمونا و ظهورا)، الطبعة الأولى، ٢٠١٧

١٦- نحو حرية واستقلال كوردستان، الطبعة الأولى، ٢٠١٧

١٧- مسعود البارزاني رمز الپێشمەرگايتي والمقاومة القومية، الطبعة الأولى، ٢٠١٨

١٨- هزر و رامان ، چاپی یەکەم، ٢٠١٩

# Hizir u Raman

**Xefur Mexmurî**

ئـەم کتێبـەی بەردەسـتتان (هـزر و رامـان)؛ کۆمەڵـێ وتـاری سـیاسی و هزرییـە، رامـان و خوێندنەوەیەکـی واقیعبینانەیـە بـۆ ئـەو رووداو و بویەرانـەی کـە لـە چەنـد سـاڵی رابــردوودا لــە کوردســتاندا روویانــداوە، لەهەمـان کاتـدا هەوڵێکـە بـۆ هێنانـەدی یەکرێـزی و یەکدەنگـی کـوردان لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی، بۆئـەوەی بتوانیـن لـە بەرامبـەر رووداو و پێشـهات و ئەگەرەکانـدا خوێندنەوەیەکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی دروسـتمان هەبێـت و وەک کـورد و وەک کوردسـتانییەک بـۆ پرسـەکان بڕوانیـن.